# ژیان بە دەم زریانەوە

بەرگی ١و ٢

تەیفوور بەتحایی

ISBN 91-630-1599-4

نێوی کتێب: ژیان بە دەم زریانەوە

نووسەر: تەیفوور بەتحایی

چاپی یەکەم: ستۆکهۆڵم ۱۹۹۳

چاپی دووهەم: ۲۰۱۹

تێبینی: ئەم بەرگە بازنووس کراوەتەوە و لە گوتارەکاندا جیاوزی زاراوەیی هەیە لە گەڵ چاپی یەکەم. ئەمەش بۆ یەکدەست بوونە لەگەڵ بەرگی دووهەمی کتێبەکە کە پاش ١٦ ساڵ نووسراوە.

لە شەوێکی ڕەشی مانگی ڕەشەمەدا، دوو ڕیز پێشمەرگە دووبەری ڕێگای "ژاوەرۆ- چەم شار̈یان" گرتبوو بەرەو شاری "سنە" دەچوون. هەرچیٚ چاویان لە تاریکییەکە دەبڕی و ئاوی چاویان بە لەپ دەسڕییەوە، جگە لە ڕێگا سپیەکەی بەرپێیان و کەندە پڕ لە ئاوەکان کە پەڵە پەڵەی ڕەشیان لەو پایەنازە ڕاخراوەدا پێکهێنابوو، هیجی تریان نەدەدیت. کە چاویان لەبەر پێیان هەڵدەگرت و دەیانڕوانییە قوڵایی تاریکییەکە، لەو شوێنانە کە هەورەکان تەنکتر بوون، ئاسۆی تەپکە بەرز و نزمەکانیان دەدیت و دەیانزانی چەند ڕویشتوون و چەندی ماوە.

تەنیا خشەی هاوپەرای هەنگاوەکان و قرەی تاک و تەرای قورواق بێدەنگی قورسی شەوەکەی دەشکاند و هەستی سام گرتووی تاریکی دەڕەواندەوە.

کاتێک گەیشتنە ئەو ناوچەیە کە ئەرتەش و پاسداری تێیدا مۆڵدرابوو، تفەنگەکان فیشەکیان لەبەر نرا. دەستێک بناملی

قونداخی تفەنگی گرت و باسکێک بوو بە پاڵپشتی لوولەی تفەنگەکە. چوار کەس لە پێشەوە بۆ تاقی کردنەوەی رێگا پێشکەوتن. دوو کەسیتر. دوو بە دوو، هەرکام بە مەودای بیست هەنگاو، بە پارێزەوە بە دوویاندا دەرۆیشتن. دەیانزانی تاریکی هەر ئەوەندە کە تۆ دادەپۆشی، دوژمنیش دادەپۆشێ و نەدیوی دەکا. کە لە پێگەکان نزیک بوونەوە، ریگا سەرەکییەکەیان بەردا و کەوتنە بزنەرێی نێوان تەپکەکان.

"حەمە رەش" و کادرێکی هێز شان بە شان هەنگاویان دەنا و بە سرتە دەدوان.

- کاک حەمە نەتووت گەرەکمانە چە بکەین؟
- ئەچینە سەر "حاجی مەنسوور".
- تاقی کریاگەسەو؟
- ژنێک قەوڵی داگە بیخاتە داو. بێرێتیە ماڵ خوەیان.

خەوەری بۆمان ناردگە. قەرارە ئیمشەو لەینا بێ.

- نەمژنەفتو خانمبازیشە. دەیانوت بەچەبازە؟
- خوەی لە سەگیش ناپارێزێ. گەرەکتە عاشقی ئیمام

چۆن بێ؟

حاجی مەنسوور لە کوردستاندا نوێنەری ئیمام و دەستڕاستی بەپرسی "سپای پاسداران" و بەرپرسی مەواد و خەبات دژی

"دژ بە شۆڕش" بوو. کاتێک قازانجی ئیسلامەکەی (کە پێشتر نەیبوو) لە گۆڕدا بوایە، بەزەیی بە منداڵی نێو لانکەشدا نەدەهاتەوە. گەرچی بۆ خۆشی سنەیی بوو، بەڵام رقێکی تایبەتی لە خەڵکی سنە هەبوو. کەس نەمابوو نەیچزێنێ. بە بیانووی پڕوپووچ لە دەستفرۆش و دووکاندارەوە بگرە هەتا مامۆستای قوتابخانەی تاوانبار کردبوو. زەختی دەکردە سەر بنەماڵەی پێشمەرگەکان و ئەگەر پارەیان پێی نەدابا، حوکمی شارەودەرکردنیانی لە سپا وەردەگرت. خەڵک نێویان نابوو "حاجی سەگ سوور". دوو جار پێشمەرگە پەلاماریان دابوو، بەڵام بەو جۆرە نەپێکیا بوو کە بمرێ. هەر جارە چەند مانگ لە نەخۆشخانە بوو و دیسان هاتبووەوە بۆ تۆڵە سەندنەوە.

- نەتووت ژنەکە کێیە؟
- بێوەژنەکەی عەلی نەفتی، "چیمەن".
- خەوەری بۆ کێ ناردگە، حەمە؟ نەکا تەڵە بێ کورە؟
- بۆ خوەمی ناردگە. زەمانێک یەکترمان خوەشگەرەک بوو. وەلێ ئاخری من چووم بۆ گروبانی و ئەویش شووی کرد بە عەلی.
- ئەو کەنیشکە یا کوژیا "نازێ" خوەیشکی ئەو نەو؟
- ئەرێ، ئەوە.

- باوەڕی پێ ئەکەی؟
- ترسیت لێ نیشتگە؟ هەر نەو چوار تەقە ئەکەین و ئەگەرینەو.

کاتێک شەڕ لە کوردستانی ئێمەدا دەستی پێکرد، هێندێک لەو کوردانە کە لە ریزی ئەرتەشدا بوون ئەرتەشیان بەجێ هێشت و هاتنە ناو هێزە سیاسییەکانەوە. حەمەش یەکێک لەوانە بوو. لە پێشدا پێیان دەگوت "حەمە گروبان" پاشان بوو بە حەمە رەش. نە لەبەر ئەوە کە رەش بی، تەنها بە هۆی ئەوە کە دایمە رەشی لەبەر دەکرد. لێی دەکاڵییەوە، باڵابەرز و قژ لوول و ناوشان پان بوو و قەت جامەدانێ و شەدەی نەدەبەستەوە. خۆی دەیگوت. جلی ڕەش زیرگی پێوە دیار نییە. گەر مرۆڤ مانگێ جارێ، ئەویش لەسەر چۆم خۆی بشوا کوا کراسی سپی بۆ دەبێ؟

هێندێک بەزم و رەزمی نیزامی دەزانی، چالاک و بەجەرگ بوو. لە دوو سێ دەستوەشاندندا ئازایەتی نواندبوو، بۆیە کرابوو بە سەرپەل، بەڵام پەلەکەی پێی بەڕێوە نەدەچوو. پێشمەرگەکان گوێیان پێی نەدەدا. بە تایبەت ئەو کاتانە کە وەکوو ئەرتەش هەڵسوکەوتی دەکرد و هەلومەرجی کوێستانی رەچاو نەدەکرد.

دیار نەبوو ئەو شەو چی لە دڵدایە. ئەم ڕێکخستنە چەندی بە هۆی چیمەنەوە بوو و چەندی بۆ کوشتنی حاجی مەنسوور؟ بە تایبەت کە خۆی پەتەکەی بە سووژنەوە کردبوو.

خاکی نەرمی دەشتە جووتکراوەکان بە بارانی "سێ شەش" ببوو بە قوڕە سوورە و بە گالۆشەکانەوە دەنووسا و هەر جار کە پێشمەرگەکان لاقیان هەڵدێناوە لەقە فڕەیەکیان دەکرد کە قوڕەکە فڕێدەن و لەبەر خۆیانەوە جنێویکیان بە بەختی رەش و شەوی رەش و وڵاتی رەش و حەمەرەش دەدا. لوولەی تفەنگەکان شەونمی لێنیشتبوو و قۆڵی کراسەکانی تەڕ دەکرد و دەبوو جار و بار دەستێکی پێیدا بهێنن. نەکا دوایە گیر بکا. ترسی لە بۆسەکەوتنیش دڵەڕەپێیەکی بێ بڕانەوە بوو کە ڕێگای درێژ دەکردەوە.

"نەبی" بە دووی حەمە دا دەڕویشت. ملی درێژی بەسەر شانی تەسک و قەدی درێژییەوە دەلەقا. ئارەقچنێکی لەسەر نابوو و جەمەدانێیەکی بە نێو قەدییەوە بەستبوو. براکەی جاش بوو. جارێک لە ماڵی خۆیان لە "سەربەرزاو" خۆی دەشاریتەوە و براکەی کە دیتەوە لە پێش چاوی دایکییەوە دەسڕێژی لێدەکا. دایک دەزریکێنێ و نەبی دەچڵەکێتەوە و هەڵدێ. براکەی نەمرد. قۆلێکیان بڕییەوە. یارمەتی شەڕی وەردەگرت، بەشێکی

به بەرتیل بۆ نەبی دەنارد کە وازی لێ بێنێ. دایکی هیچکامیانی لە ماڵی خۆی رێ نەدەدا. دەیگوت خۆزگە خودا هەردووکیانم لێ بستێنێ".

"سمایل" داکوتراوێکی ناوچاوگرژی تۆپەخڕ بوو. نیوەی بیست و شەش ساڵی ژیانی لەسەر دزی لە زینداندا گوزەراندبوو. زۆر نەترس و سەرشێت بوو و کۆڵان و شەقامەکانی شاری وەکوو بەری دەستی دەناسی.

"مزێ" رەشاشەکەی وەکوو گۆپاڵ لەسەر شانی دانابوو و هەرچی قەتارە فیشەکی بوو لە خۆی هاڵاندبوو. شاگرد میکانیک بوو و لەباتی سەربازی هاتبووە پێشمەرگایەتی.

"سیامەک" نەختێک خۆی دەپاراست. خۆی خستبووە ئاخرەوە. خوێندەوار بوو و جوانخاس و چوارشانە و چاوبرۆ رەش. وریا بوو و گاڵتەی بە هەموو شتێکی دنیا دەکرد. دەتگوت هەموو شتی ئەو دنیا بۆ ئەو کایەی منداڵانەیە و ئەویش لە کایە تێر نابێ.گاڵتەچی بوونەکەی کردبووی بە خۆشەویستی پێشمەرگەکان.

هەر کامیان تایبەتییەکیان هەبوو و بۆ ئەو شەو گوڵبژێر کرابوون. هەموو پێیان خۆشبوو جارێکی دیکە شەقامەکانی شار

ببینن. ئەو شارە کە کاتێک بە جێیان هێشت پڕ بوو لە خوێن و دووکەڵ و تەقە و هەرا.

گەیشتبوونە تەپکەکانی دەور و بەری شار. لە بنی تاشەبەردە رەشەکانی "کوچکە رەشی قەرەیان" دا وچانێکیان دا. ئەو قوڕ شێلانە بە فیشەکدانی زیادییەوە ئارەقەی هەمووانی دەرێنا بوو. لەوێیەوە دەبووا هەموو چراکانی شار دیار بان، بەڵام هیچ دیار نەبوو. شار لە تاریکیدا ون ببوو. بەهۆی شەڕی ئێران و عێراقەوە، چرای شارەکانیان دەکوژاندەوە.

- چۆن چرای ئەو شارە زەریفەمانیان کوژانگەسەو. چۆن دەنگی گۆرانی مەستانەی کوڕەکانیان لە کووچەکانا خنکانگە!

دەنگی کوندەبەبوو بۆڵەبۆڵی سیامەکی بڕییەوە. دوا پێشمەرگەکان گەیشبوونە پۆلی تاقیکردنەوەی رێگا.

حەمە کۆی کردنەوە و چیرۆکەکەی بۆ باس کردن. هەتا ئەودەم نەیاندەزانی بۆ دەچنە شار. کۆڵان بە کۆڵان شوێنی رویشتن و پاشەکشە و جێگای کۆبوونەوەی پاش تەقە و... مەبەستی دەست وەشاندنەکەی بۆ باس کردن. قومپارەیەکی ئاوردار لە ئاسمانی "باخەزاڵە"دا تەقییەوە. هەموو بە رفان خۆیان بە ناو دارەکانی "گریاشان"دا کرد و بەناو باخەکاندا گەییشتنە "کانی دووشەم". لە کووچەکانی "ئاغەزەمان" و پردەکەی

"مەڵاوەیسی" تێپەڕین و خۆیان گەیاندە "کووجی ڕەزان". لەوێ دابەش بوون بەسەر سێ پۆلدا و هەرکام بە شوێنێکدا رویشتن.

موزیکی شەوانەی شار دەستی پێکردبوو. دەسرێژ، تەکتیر، وەڵامی تەقە لەوبەرەوە. دۆشکەی کالیبر پەنجا دەیچریکاند و ریزە فیشەکی ئاوردار بەسەر شاردا کەوانەی دەکرد.

- نەکا پەلێکیتریش لە لایکترەو هاتویێتنە ناو شار کاک حەمە؟

- گۆرانی وتنی پیاگ لە شەوا لە دەنگخوەشی نییە. لە ترسە. ئەوانیش بەم تەقەکردنە ترس خوەیان ئەشکنن. هیچ نییە.

چرای ماشینە نیزامییەکان جار جار لە سووچێکەوە دیار دەبوو و ون دەبووەوە.

- باوەحیزگەلە بە مەردم ئەیژن چرا رۆشن مەکەن، تەیارەی عێراقی ئەتان وینێ، خوەیان قومپارەی منەوەر ئەخەنە حەوا.

سیامەک بوو لە ژێر لێوەوە بۆڵەی دەهات.

لە پەنا ئەم دەرکە بۆ پەنای ئەو دارتێلەکە و لەوێیەوە بۆ ناو دەرکەیەکی دیکە. گوێ گرتن بۆ دەنگی دوور و نزیک، جار جار ورتە ورتی خەڵک لەناو ماڵەکانەوە دەبیسترا. بە خۆ لە پەناو

پەسێو هاویشتن، یەک بە دوای یەکدا لە کووچەکانی "قەتارچیان" تیپەڕین و گەییشتنە "بان خەنەق" لە "شەفەقەت شاوە" ماشینێک بە توندی تێپەڕی. لەسەر زگ راکشان هەتا دەنگی دوور کەوتەوە. شەقامی دوایی ماڵی چیمەنی لێیبوو. یەکەم پۆل بۆ دانانی بۆسەی ئەوسەر گەڕەک بەڕێ کەوت. تاوێک دواتر کەمینی ئەم سەر دامەزرا. پۆلی ئاخر دەبووا لەگەڵ حەمە بچنە ماڵی چیمەن.

لە پەنا دیوارێک راوەستان، دنیا کش و مات بوو. دڵەخورپە و ترس و سام دایگرتبوون. پەڕۆیەک لە شەقڵی دەرکەکە دانرابوو. ئەمە نیشانە بوو کە نێچیر لە داو دایە. حەمە دەست و دڵی یەکی نەدەگرت. مات راوەستابوو، بە دەنگی عەباس داچڵەکی:

- داو لە داو نەبێ حەمە؟

تاوێکیتریش لە تاریکیدا گوێیان شل کرد. شەو خنکابوو. تەنانەت تەقەی پێگەکانیش راگیرابوون. ئاخری حەمە بەسەر دوودڵیدا زاڵ بوو. بە پچە گوتی:

- رەحمان! تۆ و مزێ لەبەر درگا بێسن. من و نەبی و حوسەین ئەچینە ژوورەو.

خانووی چیمەن لە سووچی کووچە و خیابانێکدا بوو، ڕووی دەرکەکە لە ناو کوچەکە بوو. ئەم دەرکە دوو ساڵ لەمەبەر خوێنێکی دیبوو. نازێ خۆشکە چکۆلەکەی چیمەن، لێرەدا کوژرا. دایکیان "مرواری" سەروچاوی خۆی دەڕنی و هاواری دەکرد و خۆی بەسەر تەرمەکەی نازێدا دەکێشا و دەیلستەوە. سەردەمی شۆڕش بوو و هەر منداڵێکت دەدیت چەکێکی لە خۆی بەستبوو. نازێ تازە شازدە ساڵی پڕ کردبووەوە. زۆر منداڵ بوو کە بابیان مرد و مرواری بە کۆنەفرۆشی گەورەیانی کرد. چیمەن تەنیا شەش ساڵی خوێند و دوایە شووی کرد، بەڵام نازێ کلاسی دە بوو کە شۆڕش دەستیپێکرد و خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکان و شایان دەرکرد. نازێش وەکوو لاوەکانی دیکە ڕابواردنێکی تازەی دیتبووەوە و شەو و ڕۆژ کاری دروشم نووسین لەسەر دیواران بوو. دەیانگوت دوو پێشمەرگە خۆشیان ویستووە و لە ڕقی یەکتردا کوشتوویانە. ئێوارەیەک لە دەرکە دەدەن. نازێ دەرکە دەکاتەوە. ماوەیەکی پێدەچێ مرواری لە ژوورەوە بانگ دەکا:

- نازێ! کێیە ڕۆڵە بۆ نایتە ماڵەو؟

بۆ خۆی بە نسکەی گریانەوە دەیگێڕایەوە:

- فره وەخت یەک دوو سەعات لەبەر درگا ئەوێسا و لەتەک ژنگەل ناو کوچا قسەی ئەکرد. ملم بشکێ وەمزانی وەک جارانە. تەقەی دوو گوللەم ژنەفت، هاتم، دیم خوەزگە کوێر بوایم و نەمبینیای. گوللەکان سینە ناسکەکەی نازێیان هەڵدڕیبوو.

دەسەویەخە لێیاندا بوو، کەس شایەتی نەدا کێ بووە. چیمەن یەک دوو جار نازێ لەگەڵ پێشمەرگەیەکدا دیبوو. هەموو مەقەڕەکان گەڕا، بەڵام نەیدیتەوە. دوایە شەڕ بەسەردا هات و خوێنی نازێ ونبوو. پاش ئەوە مرواری ژوورێکی لە تەنشت زیارەتان گرت و نیوەی ژیانی لەسەر گڵکوێ نازێ دەبوو. گوڵی بۆ دەبرد، ئاوپژێنی دەوری دەکرد. دەیلاواندەوە، چیرۆکی بۆ دەگێڕایەوە و ئێوارە چاو بە فرمیسک بەجێی دەهێشت.

حەمە و نەبی و حوسەین لەسەر لێوارەی دیوارەکە راکشابوون، رپەڕپی لێدانی دڵی خۆیان دەبیست، رووناکییەکی کز لە تاکە پەنجەرەی ژوورەکەی چیمەنەوە دەبینرا.

رەحمان و مزێ لە دووبەری کووچەکە خۆیان لە پەنا گرتبوو، هێندە چاویان لە تاریکی زەق کردبووەوە ئاو زابووە چاویان و بەسەر قۆڵی کراسەکەیان دەیانسڕییەوە. ترپەی پێی سێ کەسی سەر دیوارەکە بیسترا، دەنگی دەرکە، دەنگی تفەنگی

یوزی و شکانی شیشەکان، زریکەی چیمەن و جنێودانی حوسەین، چریکەی دەسرێژی کلاشینکۆف، رەحمان لە دەرەوە پەشۆکا بوو، دەیەویست دەرکەی ماڵەکە بە شان بشکێنێ، پێی نەکرا. هات و هاواری چیمەن، دوو سێ تەقەی یەک لە دوای یەک. نەڕەی حاجی مەنسوور... تەقەی ئەڵقەزوونەی دەرگای حەوش.

- چ بوو حەمە؟ سڵامەتن؟
- ئەرێ کورە باوحیز دەسی کردەو.
- تواو؟
- تواو.

حەمە بەسەر چیمەندا گوڕاندی

- بکەفە بەر ماڵوێران.
- بێسە جفتی کەوش بکەمە پام.

شەوقی چرای ماشینێک لەسەر لێوارەی سووچی خیابانەکە کەوت. رەحمان دیتی و دەستی لە پێش سینگی ئەوانیتر بڵاو کردەوە:

- بێسن!

حەمە و چیمەن بۆ ناو کوچەکە گەڕانەوە. سێ پێشمەرگە لەناو جۆگەی خیابانەکەدا دانیشتنە پارێز و مزێ رەشاشەکەی

سوار کرد. دەنگی دەسرێژی دوو تفەنگ و پاشان سێ تفەنگ لە بۆسەی ئەو لاوە بیسترا. ماشینی تویوتای "سپای پاسداران" لەسەر پێچی کۆڵانەکە لە دیواری کوتا. پێشمەرگەیەک گورج نارنجۆکێکی تێهاویشت. دووکەڵ و ئاگر لە ماشینەکە بەرز بووەوە. حەمە بە نیشانەی گەڕانەوە چوار گوللەی لە هەوا کرد. باڵی چیمەنی گرت و کێشای.

- دەڕوین!

شوێنی خۆیان بەجێ هێشت و هەر پۆلێک بە لایەکدا هەڵاتن.

ئەگەر کەسێکیش لەو گەڕەکە نووستبوو بەخەبەر هات، یەک لە پەنجەرەوە سەری دەرێنابوو، یەک لای دەرکەی حەوشی کردبووەوە و یەک وێرابووی هەتا سەر کوچە بێت. هەموو دەیانەویست بزانن چ قەوماوە.

- ماندوو نەبن...

- - پێشمەرگەکانن...

- حاجی سەگ سوورمان سەگ تۆپێن کرد...

- لە کوێنەتان دا؟

- لە حاجی...

- دەسخوەش

- خوا هۆشی پێتانەو بێ رۆڵە...

قومپارەی ئاوردار یەک بە دوای یەکدا شەویان بە شەوقێکی زەرد دەشکاند و ریگای هەڵاتنی پێشمەرگەیان روون دەکردەوە.

ریگای لەشار هاتنە دەرەوە نزیکتر بوو. بە " قەوپاڵ" و لە ناو "شەریف ئاوا"وە بۆ "وێڵە". حەمە چیمەنی بە رەحمان ئەسپارد.

- تۆ چیمەن بۆە، من پیشمەرگەکان ئەوینمەو.

پێشمەرگە یەک یەک و دوو دوو دەگەییشتن. مزێ ئاخر کەس بوو. گیرفانەکانی پڕ کردبوو لە میوە، دۆست و ئاشنای لەبەر دەرکە دیبووەوە. لە زیارەتانەکەی شەریف ئاوا لە پاڵ کێلەکان دانیشتن. پشوویەک.

- لێرەو هەرتا وێلە چکێ سەختە. لەولاترەو دوو پایگا هەس. هیچێکتر. ئامادە؟ ... برۆ.

حوسەین هەڵات و سەد هەنگاو لەولاترەوە خۆی بە زەویدا دا. عەباس بە شوێنیدا، چیمەن دوایە. هەتا بگەنە دیوی نادیار چارەکێکی کێشا. هەموو گیانیان قوڕاوی ببوو. دوو سێ کەسیان جامەدانییەکەیان کرابووەوە و لە دەور ملیان هاڵابوو. لەکاتی ئاساییدا هیچیان نیوەی ئەو هەڵبەز و دابەزەیان پێ نەدەکرا. هاژەی قومپارەیەک:

- پاڵکەفن! یەک دوو، سێ چوار

شڵەپ... بە مەودایەکی کەم لە پاڵی تەپکەکە بە ڕەنگی زەرد و سوور و شین تەقییەوە. ڕیزێک گوللەی ئاوردار ئاسمانی ڕەشی خانووەکانی سەرتەپی بڕی. هەموو پشوو سوار وەها خۆیان بە زەویەوە نووساندبوو کە کەپۆیان قوڕاوی ببوو.

- بڕۆ!...

دیار نەبوو حەمە لەگەڵ کێیەتی، بەڵام هەموو پێکەوە هەڵاتن. قومپارەی دووهەم زۆر لەولاترەوە تەقییەوە. وا دیار بوو ڕێگای "تازاوا"یان دەکوتا. بە شێوەی ئاسایی دەبوا پێشمەرگەکان بەو ڕێگادا دەرچووبان. بە هەزار مەینەت خۆیان گەیاندە دۆڵەکەی دەراوی "قار" و ئاخر پێگەی دەور شاریان بەجێ هێشت.

- نەبی کوای؟

حەمە جارێکی دیکەش بە چاو بژاردیانی. بە چیمەنەوە چواردە کەس بوون.

- لە تەک کێیا بوو؟

سیامەک گوتی:

- لە پشت منەو بوو، لە ئاخر کووچە هاتینە دەرەو ئیتر نەمزانی چەی پێهات. وابزانم چووگە بۆ هەسارە دزین.

- تاوێک بێسن. ئەگەر نەهاتەو، ئەچین.

- كاكە حەمە من ئەچم بە شۆنیا.

سمایل بوو خۆی دەستنیشان دەكرد.

- نا، ئەشێ ریگای گوم كردوێ. خوەی تێتەو. تۆ چۆن ئەیدۆزیتەو؟

- شایەت زەخمی بووگە.

- ئەگەر وا بوای ئەمانزانی.

تاوێک لە بێدەنگیدا گوزەرا، لەودیوی تەپكەكەوە موزیكی شەوانەی شار بەردەوام بوو. هەرا و تەق و هۆڕی چەكی جۆر بە جۆر.

- بڕوین!

بەناو كەنداوەكاندا و لە شیوی نادیاری تەپكەكانەوە دۆڵ بە دۆڵ و پسكە پسک هەتا بە جێهێشتنی ئاخر پێگە كەس ورتەی پێیەوە نەهات.

ریزی پێشمەرگە قوڕاوی و شەكەت سەریان بەردابووەوە و پێیان لە زەوی دەخشاند. دەستی راست ملی قۆنداخی تفەنگی گرتبوو و لوولەی تفەنگ بەرەو زەوی. رەنگە هەر كەسە لە فكر و خەیاڵی خۆیدا ئەو رووداوەی دووپاتە دەكردەوە. جار و بار بەرەو دواوە ئاوریان دەداوە، بە بیانووی شەوقدانەوەی

قومپارەیەک یان گرمەی دووری تەقینەوەیەک، بەڵام دیار بوو کە چاوەچاوی دیتنی نەبی یانە.

- خوەشیەکەی لیمان تاڵ کرد، دریژ تا ئێوارە.

چیمەن چاوی لە هەنگاوەکانی خۆی بڕیبوو و بیرێکی دووری بە داهاتوویەکی نادیارەوە گرێ دەدا. پێش شەڕ عەلی پێیگوتبوو: "با شار بەجێ بهێڵین و بچینە دێ، خزمە کەس و کارمان لەوێ زۆرە، ئەگەر کشتوکاڵمان پێنەکرا، ئەوە بە وانێتەکەم بار دێنم و دەبەم. هەرچۆنێک بێ لەم هەڵا و هوریا دوور دەبین". چیمەن ترسابوو، لە ئاوارە بوون ترسابوو.
بیرەوەرییەکی ناخۆشی زۆر دوور، بیرەوەری سەردەمی منداڵی لە مێشکیدا مابوو. ئەو کاتەی کە مرواری ئەوی بە پێش خۆی دابوو و نازێی بە باوشەوە گرتبوو و بەناو قوڕ و چڵپاودا، بە ناهومێدی هەر بەم ڕێگایەدا هاتبوونە شار، ئەو کاتەی کە خەڵک پێیان دەگوت "چیمەنی خولە چەتە". بابی بەبیر نەدەهاتەوە، ئەوەندەی بیستبوو زستان ژاندارمە هاتوون بیگرن و ئەو هەڵاتبوو، دەیانگوت لە شاخی "نژمەڕ" لە رنوو کەوتووە. گەرچی بەهاریش کە بەفر پەڕییەوە تەرمەکەیان نەدیتبووەوە. لە ئاخرانەدا دەیانگوت بابی کوردایەتی کردووە. "داخۆ سۆزی مرواری بژنەوێتەو چاکا... چۆن ئەو دایکە پیرەم بێبەزییانە

بەجێ هێشت. کێ هۆسی پێەو ئەوێ؟ حەتمن ئەیوەن عەزیەتی ئەکەن... باشە چەم کربا؟... کێ بەزەیی بە منا هاتەو؟... ئای عەلی شۆڕش کردنت ئیتر چەو؟"

لۆی سەرپۆشەکەی بە بەر زاریدا لە دەور ملی هاڵاندبوو و بە دوای پێشمەرگەکاندا خۆی کێش دەکرد. فرمیسکی گەرم بەسەر گۆنای ساردیدا دەخزا و لە کونجی لێویەوە خۆی دەگرتەوە. لەو کاتەوە هەواڵی کوژرانی عەلی‌یان پێیدابوو، نەگریابوو.

کاتی شەڕی شارە، عەلی بە وانێتەکەی بریندار دەباتە دەرەوەی شار. چەند شەو و رۆژە نەیدیتووە. شەوە، سێ پێشمەرگە ماندوو و خەواڵوو لە کوچەوە بانگی دەکەن. گوللە وەکوو دانە برێشکە لە سەر ئاسفاڵتی جادەکەی بەرماڵیان هەڵدەتۆقێ، هەژدە رۆژە شەڕ بەردەوامە، بەڵام هێشتا شار نەکەوتووەتە دەست ئەرتەش و پاسداران. لە ژێرخانی ماڵی جیرانەکەیاندا لەگەڵ هاوسێیەکانی دیکە خۆیان حەشار داوە. "یۆنس"ە هەروا لەبەر دەرکە دەڵێ:

- خوەیشکە چیمەن، خۆەت خوەشبی، عەلی قومپارە دایلێ. تەک دوو زەخمیترا شەل و پەت بووگن.

هەر کەست دەدیت هەواڵی کوژرانی سێ چوار کەسی پێیە. مەرگ بێبایەخ بووە. کەس بە تەمای خۆی نییە. وڕوکاس نازانێ چ بکا. تەنانەت شەرم دەکا شیوەن بکا. هەر وەک ئێستا، فرمیسکی گەرمی گریانی بێ نسکە بەسەر گۆنایدا دادەباری و لێوی دەلەرزێ، ئەژنۆی دەشکێ و لە سووچی دەرگاکە دادەنیشێ. ژنان دەورەی دەدەن. پێشمەرگەکان رۆیشتوون.

کازیوەی بەیانی رووناکییەکی نەرم و بێ سێبەری داپژاندبوو. نەرمە بایەک لکوپۆی دارەکانی دەشەکاندەوە، بەڵام نە ئەوەندە کە خەونی مەلیچکەکان بشێوێنێ. هەنگاوەکان قورسایی خەویان پێیەوە دیارە.

- کێی؟
- ئاشنا

دەنگی حەمەیان ناسییەوە. گەیشتبوونە "کەڕەسی" یەکەم ئاوایی ناوچەی پێشمەرگە. رەنگە لە دوورەوە زانیبێتیان پێشمەرگەکانن، بەڵام ویستوویانە نیشان بدەن کە نگابانیان هەیە. سڵاو و چاک و خۆشی و ماندوو نەبی. پێشمەرگەی نووستوو لە مەقەڕ هەموو بەخەبەر هاتوون.

- ئەم ژنە کێیە ها لە تەکتانا، لە کوێنا هاوردگتانە؟

سیامەک گوتی:

- دەسکەوتە، نەبی مان داگە، ئەمەمان سەندگە.

حەمە مۆڕی لێبردەوە، بەڵام ئەوانی دیکە پێکەنین.

هەموو روویان لە مزگەوت کرد. سەرمای بەرەبەیان و بێخەوی، کەس نەیپەرژا بیرێک بۆ چیمەن بکاتەوە، حوسەین نەبێ. بردی لە ماڵێک دایمەزراند.

سۆبەی ناو مزگەوت داگیرسا بوو و نێڵەی دەهات. دوو پێشمەرگە بەر لەوە رەختەکانیان لە خۆیان بکەنەوە خەویان لێکەوت.

*

حەمە بە تەقەی دووری دوو قومپارە لە خەو راچڵەکی. تاوی نیوەڕۆ لە چاویدا، چەند پەڵە هەوری سپی لە شینایی ئاسماندا مەلەیان دەکرد و سێبەریان بە پەلە بەسەر چیا و دۆڵەکاندا تێدەپەڕی.

- کاکە حەمە دەسخوەش.
- خەوەر چەس؟ کوێنە ئەکوتێ؟
- دەوروبەر جادەکە ئەکوتێ. نەبیش گەڕیاگەسەو کاکە.
- ها لە کوێنا؟

- له مەقەڕا خەفتگە. باوڕ ناکەم ئیمڕۆ بێڵن ماشین له شارەو بێتە دەرەو. نزیک ئێوارە حاڵیمان ئەوێ. مەردم پیادەش بووگە تێن، خەوەرمان بۆ تێرن.

چیمەن بۆ ژنی خاوەن ماڵەکەی دەگێڕایەوە کە چۆن کاتێک حاجی مەنسوور ترپەی پێی پێشمەرگەکانی بیست یوزییەکەی لە ژێر باڵشتەکەی هەڵگرت و دەسرێژی لە دەرکە پەنجەرە کرد و چۆن ئەو خۆی پێیدا داوە و گوللەکان میچی ماڵەکەیان کون کون کردووە و پاشان باوەشی بە ملیدا کردووە کە نەتوانێ ڕاست بێتەوە.

- کنا جا ئەو کاورا لە ماڵ تۆا چەی ئەکرد؟

- چەن دەفعە یەخەمی گرتوو، ئەیوت عەلی زدی ئینقلاب بووگە، ئەشێ ماڵەکەی زەبت بکرگێ. دوو دەفعە پاسداری هاوردە ماڵەو، هەڕەشەی لێم کرد. لەولایشەوە بە دزییەوە ئەیوت" ئەشێ تەکما خوەش بی" ئاخری منیش ئەو داوەم بۆی نیاوە. ئیتر ئاوای لێهات.

حەمە پێشمەرگەکانی کۆ کردبووەوە و بۆیانی دەگێڕایەوە:

- ئەگەر یەکسەر تەقەم لێکردبا هەردووکیان ئەکوژیان. چیمەن باوشی پیا کردوو و بەری نادا. دەسرێژم بۆ ترساندنی کرد. یوزییەکەی بەردابوو و چیمەنی کردووە سپەری خوەی و

بەری نادا. من ئەمکێشا و ئەو ئەیکێشا، هەرتا نەبی لوولەی کلاشینکۆفەکەی بە سکیەوە نیا و سێ فیشەکی لێیدا و خستیە گۆشەی ماڵەکەو... ئەرێ نەبی لە کوێ بووی؟

- چووم نارنجەکێکم خستە ناو ماڵ "حاجی عوبەید".
- بۆچە؟
- سەرگەورەی جاشەکان "سەربناو"ە.
- بۆچە بە ئێمەت نەوت؟ ئەگەر بە شۆنتا بگەڕیاین و تووش بواین چە ئەو... ها؟

نەبی سەری داخستبوو و لە ژێر لێوەوە بۆڵەی دەهات.

- بڕۆ ئەسڵەحەکەت دابنە، حەفتەیک چەک ئەکرگی.
- تەنیا ئامرهێز ئەتوانێ چەکم کا.
- جارێ لەیرا منم کە تەسمیم ئەگرم. ئەگەر ئامرهێز گەرەکی بوو با بیاتەو پێت.
- خاسە هەر وەخت گەیینەو هێز دایئەنم.

حەمە زیاتر لەسەری نەڕویشت. دەمەو ئێوارە مینیبووسێک لە لای شارەوە پەیدا بوو. پێشمەرگەکان بەرەو مەقەڕی ڕێکخراو سوار بوون.

- خەوەرات شار چەس؟

شۆفێرەکە چڵمەکەی هەڵلووشی و گوتی:

- هەرچێ ڕێگاس گرتگیانە. بە هەزار تکا و خوایش هاتمە دەرەو.

یەیکی دیکە لەولاوە دەنگی بەرز کردەوە:

- ئەیژی باوکیان مردگە. وەک سەگ هاریان لێهاتگە.

- دەستان خوەش بێ، وەها ترسیاگن لە سێوەر خوەیشیان دائەچڵەکن.

- داخم ئەوەسە نەمرد.

- نەمرد؟!... حاجی مەنسوور نەمرد؟

- نا، ئیمڕۆ بە تەیارە بردیان بۆ تاران. وەلێ چوار پاسدار لە ماشینەکا بووگنە سوخاڵ.

نەبی بە ڕانی خۆیدا کێشا.

- دەسم بشکێ ئەشیا یەک ڕەگبارم لە دەمی کردبا.

حەمە ئەونە عەجەلەی کرد، دەس و پام گوم کرد.

- سەگ حەفت گیانی هەس.

- خاس بوو شەهید و زەخمیمان نەدا، ئەگەر نا حەیامان ئەچوو.

گەییشتنە ڕێکخراو. بەرپرسی ڕێکخراو و چەند پێشمەرگە بە پیریانەوە هاتن. مزێ رووی لە بەرپرسی ڕێکخراو کرد و گوتی:

- کاک "شەریف" بێرەو دەسکەوتمان بۆت هاوردگە.

ئەوجار قاقا پێکەنی. چیمەن سوور هەڵگەڕا بوو و چاوی بڕیبووە بەر پێیەکانی. جارێکیتریش کاک شەریفی دیتبوو. ئەو ڕۆژە کە ڕۆیشتبووە دەفتەری حیزب بەشکەم قاتڵەکەی نازێ بدۆزێتەوە. کاک شەریف پێی گوتبوو " کەنیشکی وێڵ بە گوللەی وێڵەوە ئەچێ" ئێستاش ئێشی ئەو قسەیەی هەر لە دڵدا مابوو. پێوابوو کاک شەریف شتێکی لێی شاردوەتەوە. " ئەیدۆزمەو، ئاخری هەر ئەیدۆزمەو". چاوی هەڵێنا، بە تووڕەییەوە لەناو چاوی هەمووانی ڕوانی هەتا بزە بەسەر لێویانەوە مەیی. بڕیاری بەرەنگار بوونەوەی دابوو.

ئەو شەوە چیمەنیان ناردبووە ماڵی "سەی کەریم". لە دیوی ژنان دانیشتبوو و دەبوا وەڵامی هەزار پرسیاری جۆربەجۆری ژنانی دێ بداتەوە کە بە هەر بیانوویەک دەهاتن و دادەنیشتن و دەیانەویست بزانن ئەم مەخلۆقە سەیرە کێیە وا نێوی لەسەر زارانە. چەند جار چیرۆکەکەی بۆ گێڕانەوە، هێشتا هەر ڕازی نەبوون.

- بەر لەوە دەستم لێبا پێشمەرگەکان هاتن.

نا، باوەڕیان نەدەکرد. یەکێک بەشخوا بەشخوای دەکرد و یەیکی دیکە لێوی خۆی دەگەست. بە گشتی تێنەدەگەیشتن چۆن دەکرێ ژن کاری ئاوەها بکا. پرسیارەکان و درێژدادڕی

ژنان چیمەنی لەوە گەیاند کە لێرەش ئەوەی بۆ پیاوان پاڵەوانی و ناوبانگە، بۆ ژن شەرم و شوورەییە. ئەوە بوو کە قسەکانی دەبردەوە سەر خراپەی جاشەکان و ماڵوێرانی و بێدەسەڵاتی خەڵک.

*

چیمەن بوو بە گرێیە کوێرەی کاک شەریف. دەینارده هەر ماڵێک، دوو یان سێ ڕۆژی پێدەچوو، خاوەن ماڵەکە تیکلەیەک ماستی دەهێنا و دەیگوت " کاک شەریف هەر خزمەتێکی دیکەتان هەبێ بەسەر چاو، بەڵام بۆ خۆت دەزانی لەگەڵ دایکی منداڵەکاندا هەڵ ناکا. بۆخۆتان ژنی دێهات دەناسن." ئەوانەی هاتووچووی شاریان دەکرد لە تۆڵە ئەستاندنەوەی جاشەکان دەترسان و نەیاندەوێرا ژوورێک بدەن بە چیمەن. هەژارەکانیش ژووری زیادییان نەبوو. باویش نەبوو ژن لە مەقەڕی پێشمەرگەدا بخەوێ.

چیمەن کاری ژنی لادێیی نەدەزانی، نە نانکردنی دەزانی نە مەڕدۆشین. نە فێری گەوڕ و تەپاڵە ببوو نە نیوەشەو لە خەو هەستان و تەنوور داخستن. تەنیا خەیاتی دەزانی و ئەویش لەوێ نەدەکرا. نە چەرخی خەیاتی هەبوو، نە جلی کوردی باوی

دێهاتی دەزانی بدروێ. ڕێکخراویش ئەو دەستوبردەی نەبوو ئیمکانی بۆ پێک بێنێ. گەرچی ئەوە تەنیا چیمەن نەبوو کە هیچ کارێکی نەبوو. ژنی پێشمەرگە و کادرەکانیش هەر هیچیان نەدەکرد. بەڵام وەکوو چیمەن بێ لانە نەمابوونەوە. چیمەن چیرۆکێکی هەبوو کە بۆ ژنان تازە بوو. چوونکە سەریان لێ دەرنەدەهێنا، بەخێڵییان پێی دەبرد. دڵ چەپەڵییان لێیدەکرد و هەموو ئەم شتانە دەبوون بە ژەهری قسەکانیان.

- ژنێکی خراوە ئەم گشتە کڕ و فڕەی بۆچەس؟... ئەگەر خراو نەوای حاجی مەنسوور لە ماڵ ئەوا چەی ئەکرد؟

کچە لاوەکان بە دەورو پشتیدا دەهاتن و پێیان خۆشبوو هاودەمی بن و بە هەر بیانوویەک لە دەوری کۆ دەبوونەوە. ئەمەش ببوو بە مەترسییەکی دیکە بۆ باب و دایکەکان و هۆی دژایەتی لەگەڵ ئەو.

دڵچەپەڵی و گومان لێکردنی ژنانی ڕێکخراو لە مێردەکانیان، لە ژنانی گوند زیاتر بوو. ئەوانەی کە بە بێ هیچ کردەوەی سیاسی بە دوای مێردەکانیان کەوتبوون و لە شار هاتبوونە دەرەوە، باسی چیمەن ببوو بە چەقە خۆشەی زاریان. لەو کاتەوە کە چیمەن هاتبوو کەس بە شەو لە ڕێکخراو نەدەمایەوە. هەموو

سەر ئێوارە دەچوونەوە ماڵەکانیان، نەکا ژنەکانیان بیکەنە شەڕ و هەڵا.

جلی کوردی لە باڵای چیمەن دەکاڵییەوە. قژە درێژەکەی کە وەک چاوەکانی لە ڕەنگی بەڕووی برژاو بوو بە لەچکێکی ناسک لە پشت ملە سپیەکەیەوە دەیبەستەوە. پەلکەکانی دەخستەوە سەرشان و سینگی. دوو خەتی نێوچاوان و لووتی باریک و لێوی ناسک و چەنەی داکێشراو تەرحێکی زەریف و فیزێکی تایبەتی پێیدەدا کە هیچکەس نەیدەتوانی بە سووکی بگرێ. هەرچەند پەرژینێکی نادیاری بە دەوری خۆیدا کێشابوو، بەڵام لەوە کۆی نەدەخواردەوە کە لە کۆڵان ڕاوەستێ و لەگەڵ پیاوێک بدوێ. ئەمەش بۆ لاوە تامەزرۆوەکانی ئەو لادێیە ڕاکێشەر بوو. گەنجەکانی دێ دەهاتن و دەچوون و جلە تازەکانیان لەبەر دەکرد و خۆیان پیشانی چیمەن دەدا، بەڵام زۆر زوو لە روو دەچوون و دەکشانەوە. پێشمەرگەکان دەیانزانی حەمە چاوی لێیە، خۆیان لە قەرەی نەدەدا. چیمەن بە دڵ خەمین و بە رواڵەت بێباک جارجار دەچووە مەقەڕی ڕێکخراو، تاوێک بە وردەکاری گسکدان و چێشت لێنانەوە خۆی دەخلافاند و دوایە دەچووە سەر کانیژنان. بە هەر زبانێک بوایە خۆی لە یەکێک نزیک دەکردەوە و لە ماڵێک خۆی میوان دەکرد. دەیەویست

سەر لەم دنیا تازەیە دەربێنێ. دنیای مات و بێدەنگی لادێ و چاوەڕوانی خەڵک لە بەرانبەر دنیای شۆڕشدا. دنیای چەک و تەقە و پێشمەرگە و هەرا و بگرە و بەردەی هێزە سیاسییەکان. هێندەی پێنەچوو بۆی دەرکەوت کە دنیایەکی چڕ و بێبەزەییە.

- لەم ئەم ماڵ و ئەو ماڵ کردنە خەسە بووم کاک شەریف بەشکەم فکرێکم بی بکەیتەو.

ژوورێکی ئەو مەدرەسەیە کە ڕێکخراوی لێیبوو بە نێو بۆ یەکێتی لاوان تەرخان کرابوو، بەڵام هەر نێوەکەی مابوو. کاک شەریف لاوەکانی پەرش و بڵاو کردبووەوە. شت و مەکی چاپەمەنی شکاو نەبێ هیچی تێیدا نەبوو. کاک شەریف کوتە کاغەزی سەردەرکەی لێکردەوە و دیوەکەی دا بە چیمەن. چیمەن پێی رازی بوو. دەیەویست کولانەیەکی هەبێ لاقی تێیدا راکشێ و کەس چاوی لێنەبێ و لە سەرلێشێواوی رزگاری بێ.

ژن و مناڵەکەی کاک شەریف لە شاردا مابوونە و بۆخۆی لە مەقەڕ دەژیا و پێی خۆشبوو نان و چێشتەکەی تەیار ببوو، بەڵام سەرقاڵبوونێکی تازەشی بۆ ساز ببوو.

- گونگەڵەکە لە دەرەوە بوو من هاوردمە ژوورەو.

پێشمەرگە بە بیانووی پڕ و پووچەوە لە مەقەڕەکانی دیکەوە دەهاتن و لە مەقەڕی ڕێکخراو بۆی دەکەوتن. " دەستاوی

خوەیشکە چیمەن خوەشە."... سەر و چاوە ئاوڵەرووەکەی کاک شەریف لە توورەییدا رەش هەڵدەگەڕا. سمێڵی بە ددان دەقرتاند و پفی دەکرد. نەشیدەتوانی هیچ بە چیمەن بڵێ. ئەو هیچ کردەوەیەکی نا ئاسایی نەبوو.

- جاران بە تەقەی تفەنگیش کەست نادۆزییەو، ئیسە بە تەڕە شەقیش ناچنە دەرەو. ئەیرە تەمەڵخانە نییە، هەڕە بۆ دەرەو، یاڵا.

سەری سپی و بەرپرس بوون و رابردووی کاک شەریف رێگای بە پێشمەرگەکان نەدەدا بەرەو روو هیچی پێی بڵێن. دەچوون لە چایخانە دادەنیشتن و قسەکانیان بە گاڵتەوە دەگێڕایەوە.

حەمە لە مەقەڕەکەی خۆیەوە کە سێ چوار کیلومەتر لە رێکخراو دوور بوو، هەموو رۆژێ دەهاتە رێکخراو. کاک شەریف تەشەری پێیدا دەدا.

- بۆچە هاتگی؟ گورگ نەیخواردگە.

- برا بۆ ئارد و رۆن هاتگم.

- یەک رۆژ لە حەفتا بێ و گشت چتەکانت بوە و بڕۆ. عەجەب دەردیسەرێکم بۆ خوەم دروست کرگە.

*

شتومەک و ماڵەکەی چیمەن لە شاردا زەبت کرابوو. دایکیشیان لە زیندان کردبوو. خزم و کەس و کاری عەلی نەفتی لە ترسی گرتن و کوشت و بڕ هەڵاتبوون و چووبوونە ناوچەی ژاوەرۆ. پەیتا پەیتا پەیغامیان بۆ چیمەن دەنارد کە بڕواتەوە خۆی تەسلیم بکا.

- بۆچە ڕۆژڕەشمانۆ کرد؟ بۆچە ئاوارەمانۆ کرد؟.. ئەم کارە چەو کردت؟...

- ئەرێ. من بچم خوەم تەسلیم کەم کە کوچک بارانم کەن؟ یانێ چە؟ بۆ ئەوە ئێوە تۆزتان لێ نەنیشێ. کوێر بن، ئەم گشتە مەردمە ئاوارەس، ئێوەش تەکیانا.

دەگوترا حاجی مەنسوور خەریکە چاک دەبێتەوە و هاکا بگەڕێتەوە. ئەمەش ترسی ئەوانی زیاتر کردبوو و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر هەڕەشەیان دەناردە سەر چیمەن و تەنگیان پێی هەڵدەچنی.

بە هۆی شەڕی ئێران و عێراقەوە هێرش بۆ سەر ناوچە کەم ببووەوە و فەرماندەی هێز داهێزا بوو و لە بێکاریدا سەری کردبووە کەوڵی کاک شەریف.

- ئەوە بۆچە هەرتا ئیسە هیچ ژنێک لەبەر تۆ نەیتوانیگە لەم ڕێکخراوا بمێنێتەو، وەلێ چیمەنت نگا هێشتگە.

دوایە بە تەشەرەوە پێدەکەنی.

- دەی تۆ بیوە... تفەنگێکی پێ بە با سنەت بۆ بگریتەو.

کاتێک شار لە پێشمەرگە چۆڵکرا، کچێکی زۆر هاتبوونە دەرەوە. بەشی حیزب لە هەموو ریکخراوێکیتر کەمتر بوو و لە نەخۆشخانە نەبی جێگایان نەبوو. ریکخراو ئاخریشی نەیتوانی کار بۆ ژنان پەیدا بکا و جێگای تایبەتی خۆیانیان بۆ ببینێتەوە. کاک شەریفیش نە دەیزانی و نە پێی خۆشبوو کە کچان هاتووچووی ریکخراو بکەن.

- گونگەڵ دروس ئەکەن گونگەڵ. چوار رۆژتر ئەشێ هەتیمخانەیکیش دانم.

هێندەی پێنەچوو بەشێکیانی بەرێکردەوە بۆ شار و بەشێک کە ئاشکرا بوو ئەگەر بڕۆنەوە دەیانگرن و دەیانکوژن رەوانەی بەشی ناوەندییانی کران.

- ئەوانە کە ئەیژن ژن ئەشێ لە ناو موبارزەا بن، با خوەیان کاریان بۆ پەیا کەن.

پێکەنین و چاوداگرتنی فەرماندەی هێز لە کاک شەریف، قسەی دەخستە سەر زاری پێشمەرگەکان کە بە کاک شەریفدا هەڵ بڵێن. کاک شەریف دەیزانی ئەگەر بە وەخت پێشی پێنەگرێ بەرە بەرە، شۆخی دەبێتە راست. ئەو خۆی پێ

لەوە زیاتر و وریاتر بوو کە کۆنە ژاندارمێک بتوانێ داوی بۆ دانێ و نێوی بزڕێنێ.

- ئەو وەختە ئەمانە بە جوقەی ئالاحەزرەتەکەیان قەسەمیان ئەخوارد ئێمە لەسەر ئەم حیزبە لە زیندانا بووین و دەسەبرای ئەمانە شەلاخیان لێمان ئەدا.

کاک شەریف پاش زیندان گەچکاری و بەردتاشی کردبوو و لە پەناشەوە پەیوەندی لەگەڵ حیزب مابووەوە، بۆیە پاش هاتنەوەی حێزب بۆ ناو وڵات لە کاتی شۆڕشی ئێراندا، کردیانە بەرپرسی رێکخراو و ئێستاش سەر و سمێڵەکەی هەر بە شێوەی ستالین رادەگرت. هەتا بڵێی دڵسۆزی حێزب بوو، بەڵام بە شێوەی خۆی.

- کاکە من سەر لەم لافاوە تازە دەرنایرم. ئەمە شۆڕشە، هەرِگ شێلانە یا خۆ ملشکانە؟

"بارام" ئەندامی بەڕیوەبەری رێکخراو دەیەویست لەگەڵ خێزانی بڕوا بۆ ناوەند و کاک شەریف بیانوویەکی بە دەست کەوت کە کۆبوونەوەی بەڕێوەبەری پێکبێنێ.

قسە لە هەموو بابەتێک کرا، نیوەی کۆبوونەوە بە گاڵتە و گەپ رابرد. کەس خۆی لە کێشەی تایبەتی نەدەدا. کاک شەریف پێی خۆشبوو بارامی لە کۆڵ دەبووەوە. "نانخۆرێکی

تەوەزەلی خۆ بە زل زان کەمتر" ئەوە قسەی دڵی بوو، بەڵام بە ڕواڵەت داوای سەفەرێکی سەرکەوتووی بۆ کرد و خەرجی ڕێگاشی پێی نەدا.

- کاکە چەنێکت جەمەو کردگە تا چەنێکی خوەت بیوەی. خوەت خاستر ئەزانی کە حێزب بە نانەرەقەی مەردم زینگی ئەکا. وا بزانە بۆ جەولە ئەچی.

دوایە قسەکەی گۆڕی و بردیە سەر دامەزراندنی شەورای دێ و دابەشکردنی پێشمەرگە بەسەر ماڵاندا و ڕەخنە لە بێتەنزیمی پێشمەرگە کە فەرماندەی هێزی دەگرتەوە.

فەرماندەی هێز بە پێکەنین و تەشەرەوە گوتی:

- باشە کارو بەوە نەوێ. ئیمشەو مەیمانی توین، داخم خۆیشکە چیمەن چەی بۆمان دروس کردگە؟

کاک شەریف بێ ئەوە کە خۆی بدۆڕێنێ بە فرسەتی زانی و باسی چیمەنی هێنایە گۆڕێ.

- کاک بارام با لەتەک خوەیا بیوا بۆ ناوەندی!

بارام ماتڵی نۆبە نەوەستا و قسەکەی پێی بڕی.

- دابزانە خێزانم لێم ناتۆرێنی. نە برا من غەلەت وا ناکەم.

هەموو پێکەنین. کاک شەریف تەزبێحە سی و دوو دانەکەی لە قامکی هاڵاند و بە بزەیەکەوە گوتی:

- ئەی بۆچە هەڵئەسی و دائەنیشی باسی حەقی ژن ئەکەی؟

فەرماندەی هێز لێی قۆزتەوە:

- پێیئەکەن کاکە تۆ بۆچە وازانی راستییە.

" مامۆستا کەماڵ" کە لە هەموویان بە تەمەنتر بوو و خۆی بە قسەزان دەزانی و چاویلکەی لەچاو نەدەکەوت و کارزانی شەرع بوو و لە مزگەوتان ئایەتی لەسەر ئایەتان دەکوتا هاتە نێو قسەکانیان کە ناخۆشی پەیدا نەبێ.

- ئەرێ کاک شەریف! ئەو ژنە سێ مانگ و دە شەوی گوزەریاگە؟

- بۆچە کاکە گەرکتە بیەیتە شوو؟

- بەخوا وازانم ئاخر چارە هەر ئەوە بێ.

- کەسێک شک ئەوەی مامۆسا؟ خۆ لە حێزبا دوو ژنە قەدەغەنە.

فەرماندەی هێز بوو ئەوەی گوت و چاوی لە کاک شەریف داگرت. کاک شەریف بە ڕووی خۆی نەهێنا و گوتی:

- وەڵا خۆ منیش ئەمە بە خاس ئەزانم. قسە و پرتە وبۆڵەی بێتامیش ئەورگێتەو.

- جا گێل و گەوجێک شک ئەوەی؟

- گێل و گەوج نە، ئەمما وابزانم حەمە پێ ناخوەش نییە. خوەی هاوردگیە با خوەی جەوری بکێشێ.

- جا ئەمە رێکخستنە و وەزیفەی رێکخراوە!

- نەخەیر، حەمە پێشمەرگەس و کاری ئامرهێزە.

- نا، وەزیفەی شەرعیە، ئەشێ مامۆسا بکەفێتە بەر.

- وەزیفەی هەرکەس بێ هین من نییە، چوونکە سۆزی ئەچم.

بارام لە کاتی هەڵکێشانی پێڵاوەکانیدا درێژەی بە قسەکەی دا:

- ئێوە هەر قسەی کورەکە ئەکەن، کەسێکتان ناپرسێ داخم ژنەکە رازییە یا نە؟ گەرەکیە شوو بکا یا نە؟

کۆبوونەوە شێوا، کاک شەریف دەست نیشان کرا کە کارەکە جێبەجێ بکا، پێشی خۆش نەبوو کەسی دیکە خۆی تێوەردا.

*

کاک شەریف پاڵی بە سەندوقە ئاسنییە خاڵییەکەی ڕێکخراوەوە دابوو کە هەموو پێیان وابوو ئاخۆ چەندە سڕی حیزبی تێیدایە. تەزبێحەکەی جوت جوت دادەخست و بە ئاهەنگێکی باوکانەوە گوتی:

- کچم! نایژی پێم ئاخری گەرەکتە چە بکەی؟

چیمەن سەری داخستبوو و لۆی کراسە سورمەییە گوڵدارەکەی ئەمدیو و ئەودیو دەکرد. زەردەخەنە دایمییەکەی لەسەر لێوێ ونبوو، هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

- چازانم کاک شەریف. ئیسە ئێوە گەورەی منن. هەرچێ ئێوە بە خاس بزانن.

کاک شەریف بە دڵسۆزییەوە دەستیکرد بە ئامۆژگاری کردن و ژماردنی گیرو گرفتەکانی ئاوارەیی و شۆڕش و جارجاریش خۆی لە مەبەستەکە نزیک دەکردەوە. چیمەن چاوە پڕ لە پرس و خەمەکەی جار هەڵدێنا و جار دایدەخست و دەستی بە کەزیەکەیدا دێنا کە کە لە دوو لاوە بەسەر نێوچاوانیدا گەڕابووەوە پشت گوێ. وای نیشاندەدا کە گوێی بۆ کاک شەریف شلکردووە، بەڵام لە دنیایەکی دیکەدا گێژی دەخواردەوە. دنیای ئارەزوو و بێکەسی و لێقەومان. بە ئاخر قسەی کاک شەریف داچڵەکا.

- گەرەکتە شووێکی خاست بۆ بدۆزمەوە بۆ خوەت دامەزری و قسەی لات و لووتیش بورِگێ هەرتا بزانین دنیا چەی پێتێ؟

هیچ شتێک لە چاوی چیمەندا نەدەخوێندرایەوە. بەتاڵی بەتاڵ بوو.

- هەرچێ ئێوە بە خاس بزانن، وەلێ هەر کەسێکیش نەوێ.

- خوەت کەسێکت ها لە نەزەرا؟

- نازانم.

- ئەگەر لە من ئەپرسی جەماعەت پێشمەرگە وێڵ کە. ناوێتە نان و ئاو بۆ تۆ.

- ئەگەر سۆزی و دوسۆ پاسدارەکان گەینە ئەیرە چ خاکێک بەسەر خوەما بکەم.

- ئەی گەرەکتە ژنی پێشمەرگە بی، ئاوارە وماڵکاوڵ؟

- ئەی ئەمە ماڵکاولی نییە؟ لەمە زیاتر چەئەوێ.

بە لوێ سەرپۆشەکەی نمی چاوەکانی ئیشک کردەوە، کاک شەریف زیاتر لەسەری نەرِویشت.

- گەرەکتە شوو بە حەمە بکەی؟

چیمەن چاوێکی لە کاک شەریف کرد و سەری داخست. بە ئاهەنگێک کە دڵسەردی و ڕەزای تێیدا بوو گوتی:

- نازانم

کاتێک عەلی ناردبوویە خوازبێنی، دایک و خۆشکی و دوو ژنی دیکەی ناردبوو کە مرواری ڕازی بکەن. مرواری دە هەزار تمەن مارەیی داوا کردبوو. "کەنیشکەکەم شەش کلاس دەرسی خوەندگە و خەیاتی ئەزانێ. خانمێکە بۆ خوەی". عەلی سفارشی ناردبوو کە گارییەکەم دەفرۆشم وانیێت دەکرم. دەتبەم بۆ سەفەر. ماڵیشم کڕیوە... ئەودەم هێشتا حەمەی خۆشدەویست. حەمە گۆرانی بێژی سەرخۆشی شەوی کۆڵانان بوو. حەمە ئاواتی لاوەتی بوو، حەمە ئارەزووی بەدی نەهاتوو بوو.

ژیان یاسای خۆی سەلماندبوو. کە ژیانی هاوبەش دەستی پێکرد ئەو خۆشەویستییە رویشتبوو و وەکوو خەیاڵێک، وەکوو بیرەوەرییەکی دوور لە قووڵایی دەروونیدا مابووەوە، بەڵام سەر ڕێگای پێنەگرتبوو، دڵی نەگوشیبوو، ژیانی لێی تێک نەدابوو، تەنیا جار و بار بە هەناسەیەکەوە دەهاتەوە و ون دەبووەوە.

حەوت هەزار مارەیی و دوو دەس جل بۆ خۆی و کراسێک بۆ مرواری و کراسێک بۆ نازێ و هەزار تمەن شیربایی. عەلی زەماوەندێکی خۆشی گرتبوو.

عەلی خۆش نەویستبوو، بەڵام لەگەڵی راهاتبوو. مێردی بوو و ڕێزی لێیدەگرت. کار و باری عەلی باشبوو و دڵی بە ماڵ و حاڵی خۆی خۆشبوو. مرواری و نازیَشی هێنابووە بنپاڵی خۆی. ژوورێکی پێدابوون و ئاگادارییانی دەکرد. لەم ئاخرانەوە هێندێک پەرۆشی ئەوە بوو کە منداڵی نابیَ و کات نە کات مات دەبوو.

مات بوونی چیمەن کاک شەریفی تێگەیاند کە گوێی لە قسەکانی نییە. "هەڵمەت"ی بانگ کرد. کە پێشمەرگەی بەردەستی بوو.

- دابڕۆ هەرتا خوارەوە بە حەمە بێژە نووکە پایەک بێت بۆ ئێرە.

بڕۆ کچم. من تەک ئەویشا قساکەم تا بزانم چۆن ئەویَ.

هەواڵ وەکوو تۆپ لە ئاواییدا تەقییەوە. "دەیانەویَ چیمەن بدەن بە حەمە". حەمە هێشتا نەهاتبوو دەیزانی کاک شەریف بۆ بانگی کردووە.

کاک شەریف بە ئاهەنگی بەرپرسی رێکخراو روو لە حەمە گوتی:

- ئاخری گەرەکتە چە بکەی بەم دەسکەوتەت.

- کاک شەریف، ئەگەر خەشابە فیشەکێک بوایە هەرتا ئاخر فیشەک ئەتشمارد. ئیسە بۆچە بووگە بە دەسکەت من؟ دەسکەوت حیزبە، بە من چە. چەی پێ ئەکا با بیکا.

- من نەموتوو بیەی بە کۆڵتا بێریتیە ئەیرە.

- شەرتمان لە بەرا وا بوو. ناکریا ئەو بەسەزوانە بنێرینە پای ئێعدام.

- خوەت شەرتت دانیاگە، ئیسەیش فکرێکی بۆ بکەرەو.

- ژنەفتگمە گەرەکتە بیکەی بە ریش منەو؟

- حەفتەیک هەشت دەفعە وەک سەگ پا سووتیاگ سەر و خوار ئەکەی تا چاوت پێ بکەفێ، ئیسە من ئەیکەم بە ریشتەو سەرگروبان؟ لە خوات بێ ژن لەمە خاسترو بۆ پەیا ناوێ.

- من قەوڵم داگە بە کەنیشکەکەی شەهید سمایل.

- ئەو هێشتا مناڵە. هەرتا ئەو گەورە بێ تۆ دە کەفەنت زەرد کردگە. مەگەر زینگی پێشمەرگە چەنێکە؟

حەمە بێدەنگ ببوو، کایەی بە زامنی تفەنگەکەی دەکرد. دومشقی دانیشتبوو، هەستایە سەر چۆکان.

- بۆ نایەی بە پێشمەرگەیکتر، گشتیان لە خوایان گەرەکە، لەم موجەڕەدیا و لەم کێف و دەشتا هاوسەرێکیان بێ.

- ئاخر ئەویش حەز بە تۆ ئەکا. رازی بوون ئەویش شەرتە. تویش ئەزانم دڵت وەک قنگ مامر لێئا.

- دوایە ئەیژن "حەمە لەبەر چیمەن خوەی خستە خەتەر" نە لەبەر لیدان حاجی مەنسوور.

- ئیسەیش هەر وا ئەیژن، خەفەت مەخوە. ئەگەریش نەیخوازی دوایە ئەیژن " چیمەنی هاورد بۆ خوەی، وەلێ دایە باوش یەکێترەو.

- ئەم زوان توە ئاخری هەرگ ئەکا بەسەرمانا. خاسە قەبووڵ وەلێ من ماڵ و پوڵم نییە، بە چە ژن بێرم؟

- ئەوانە لە پای من. تۆ ماڵێک پەیا کە منیش کەمێ ئەسپاو ماڵت بۆ پەیا ئەکەم. موارەکە دەی.

*

"حەمە غەریب"ی خەیات، پێشمەرگەی زۆر خۆشدەویست. خۆی و براکانی چەکە کۆنەکانیان لەناو کادێن دەرهێنابوو و لە ژووری دانیشتن بە دیواریانەوە کوتا بوو. دەیگوت " نەمردین و بە چاو خوەمان دیمان مەردم چەک بکەن بە شانیانا". ژوورێکی دا بە حەمە و چیمەن و فەرشێکیشی بۆ راخستن. بە بڕوای کاک شەریف لەو رۆژەدا کارێکی پاڵەوانانە بوو. هەر بە تۆڵەی

ئەو پاڵەوانییە کاتێک جاش و پاسدار ئەو گوندەیان گرتبوو، میزیان لە دەمی کردبوو.

چیمەن دەیەویست بیرەوەری دووری حەمە زیندوو بکاتەوە. لە تاریکی خەیاڵ دەری بێنێ، بیخاتە رووناکی ژیانەوە. دەیەویست لانی کەم لە دڵی خۆیدا بەناچاری نەبووبێتە ژنی حەمە. دەیەویست تروسکەیەک خۆشەویستی هەڵایسێنێتەوە. دوو رۆژ کپ و بێدەنگ خەریکی ئەم شەڕە نهێنییە بوو.

حەمە لە چایخانە بۆی دانیشتبوو و بیری لە هیچ نەدەکردەوە." دەسکەوتی پێبراوە، ئیتر چی دەوێ"؟ شەوی یەکەم مامۆستا کەماڵ ئەو چوار وشە عەرەبییەی گوت و حەمە گوتیەوە و کاک شەریفیش وەکیلی چیمەن بوو و دەستی لەناو دەستی حەمە نابوو. مەعاملە بڕایەوە. بێ مارەیی و بێ شیربایی و بێ جل و بێ هیچ. شاخێک نەبات لە قەباڵەکەدا نووسرا. "قەرزە با بمێنێ" کەس کیشەی بۆ نەدروریوە".

زەماوەند نەبوو، شیوەنی ورچ بوو. پێشمەرگەکان لەبەر تانە و تەشەری مامۆستا و خەڵکی دێ نەیاندەوێرا شایی بگێڕن. "چلەی شەهیدەکان تەواو نەبووە... خەڵک هێشتا رەشی لەبەردایە... بێوەژن شایی بۆچییە؟" کەس نەبوو چیمەن بکا بە بووک، تەنانەت چێشتی ئەو رۆژەش بۆخۆی لێینا. ژنی

کادرەکان خۆیان لێی بێخاوەن کردبوو. لای ئێوارە چوار پێشمەرگە حەمەیان بردە ناو باخەکان. چیمەن بە تەنێ لە ژوورەکەی ڕێکخراو دانیشتبوو کە "مەعسومە" ژنی حەمە غەریب هات و بردی بۆ ماڵی خۆیان. "شلەقاورمە"یەکی لێنابوو، یەک دوو ژنی دیکەشی بانگ کردبوو، بە پەلە بەنیان خستە دەموچاوی چیمەن و ڕوومەتیان گرت و هێندێک سوراو و سپیاویان پێدا ساوی و ناردیانە ژوورەکەی خۆی، بەڵام زاوا دیار نەبوو. فەرماندەی هیز گێسکێکی بە حەمە کڕیبوو و لەگەڵ چەند کادر و پێشمەرگەدا بردبوویانە باخی "کاورەحمان".
دوکتور جەماڵ هێندێک ئارەقی دەستکردی پەیدا کردبوو و چەند کوڕی دانیشتبوون کەبابیان ساز کردبوو و کردبوویانە زەماوەندی خۆیان.

درەنگان، دەوری نیوەشەو حەمە مەست و خوڵاوی خۆی بە ژووریدا کرد. بۆڵەیەکی لێوە هات و بەر لەوە بتوانێ هەموو جلەکانی دەربێنێ خەوی لێکەوت. چیمەن وەکوو ئاوێکی ساردیان بە سەریدا کردبێ، سارد بووەوە. خەیاڵەکانی ڕەویەوە "کوا ئەو قسە خۆشانەی خۆشەویستیت حەمە؟ کوا ئەو دڵدانەوە و دڵنیا کردنانە؟... کوا ئەو تامەزرۆیە و باوەش

پێداکردنە"؟ تاڵی ژیان جارێکی دیکە ئەوکی گووشی و فرمیسکەکانی گۆنا سوورەکەیان شوشتەوە.

خۆرەتاو تازە لیزگی بەسەر چیاکاندا کێشابوو. دووکەڵی کونەوەجەی سەربانەکان هەتا دەگەیشتنە تیسکی رۆژ، هەڵدەکشان. دوایە دەڕەوینەوە و نادیار دەبوون. ئاوری بەر دەرکەی ماڵان وەکوو گوڵەزەردی نێو سەروزەڵان بە دەم سروەی بەرەبەیانەوە سەمایان دەکرد. دێ لە پەنا سێبەری نێوان کێوەکاندا هێشتا بە تەواوی لە خەو هەڵنەستابوو، "عەبە" شوانە چکۆلەکەی دێ هێشتا بەرغەلەکەی لەناو دێ دەرنەکردبوو. "دادە رابێ" تازە تەختەی بەر دەرکی کولانەی مریشکەکانی هەڵگرتبوو و دانی بۆ رۆ دەکردن کە گوللە تۆپێک بە هاژە هاژ کەوانەی کرد و خۆی بە دۆڵی ئەو دیوی ئاواییدا کرد. گرمەی تۆپ جەماعەتی رێکخراو و پێشمەرگەی لەخەو راچلەکاند. کاک شەریف سەری لە پەنجەرەوە هێنایە دەرەوە. مەیشکە چیل چیلە سەربەکڵاوەکە قرتەقرتی بوو و بانگی جووجکەکانی دەکرد. دوویان وەکوو خۆی سەر بەکڵاوە بوون. پەنجەرەکەی داخستەوە. فەرماندەی هێز هەروا کە لە ناو جێ خەوەکەیدا چاوی دەپرواند گوتی:

- ئەگەر لەشارە خستویتیان لە نیشانەیان داگە. پەنجا متر کلا کردن بە نسبەت بیست سی لیکومتر هیچ نییە.

جار و بار تۆپیان بۆ ئەو دەور و بەرە دەهاویشت، بەڵام قەت ئاوا لە نزیک ئاوایی نەکەوتبوو، تۆپی دووهەم لە پشت ماڵان لە لاپاڵی شاخەکەیدا و ئاوایی هەژاند. زریکەی منداڵی نێو لانکە و هاواری ژنان لە منداڵەکانیان کە بۆ تەواشا کردن چووبوونە نێو کۆڵان و سەربانان، مقۆمقۆی پیاوان بۆ دۆزینەوەی چارە.

چیمەن، حەمەی راشەکاند:

- دا هەڵسە قوربان بۆ ئەونە خەو قورسی؟ ئاواییان داگە بەر تۆپ.

حەمە خۆی راست کردەوە. هێشتا سەری دەسووڕا، بەڵام دەبووا هەستێ، با تازە زاواش بێ.

- جا لەتەک تۆپی دوورهاوێژدا چەمان پێئەکرگێ.

رەخت و فیشەکدانی لە خۆی بەست. کاتێک لە دەرکە دەرچوو ئاورێکی لە چیمەن دایەوە.

- هۆشۆ بە خوەتەو بێ، ئەگەر هیچ پێش نەیت ئیمشەو ئەگەڕمەو.

چیمەن وەڵامی نەداوە. نەیزانی دەبێ چ بڵێ. گرمە تۆپی سێهەم کە لەوبەری ئاوایی کەوت نەیهێشت بیر لە هیچ

بکاتەوە. بە رفان چووە قاتی خوارەوە تا بزانێ ژنی حەمە غەریب چ دەکا و دەبێ چ بکەن.

فەرماندەی هێز پەشۆکاو لە پێش رێکخراو راوەستا بوو. دەیەویست پێشمەرگە بنێرێتە سەر شاخەکەی پێش ئاوایی بەڵکوو بزانێ تۆپەکان لە کوێەوە دێن. کاک شەریف لە بەرخۆیەوە بۆڵەی دەهات.

- جا فەرقی چەس لە کوێنەو تێن؟

گوللە تۆپێکیتر کە بە مەودایەکی زۆر لەناو باخەکان کەوت لەگەڵ سمایل گەییشتە جێ. سمایل بە سواری بارگین هاتبوو و خۆی زیاتر لە بارگینەکە هەنکە هەنکی بوو.

- ستون هاتگە، ئەرتەش و جاش و پاسدار.

هێشتا بە تەواوی نەیگوتبوو کە گەیشتوونەتە کوێ و چەندن و چۆنن کە دەنگی هلیکۆپتەر و تەقەی قومپارە و دۆشکە بەرز بووەوە. وادیار بوو ستوون پێشی پێگیراوە و شەڕ توندە.

پرسیارەکانی ئامرهێز و کاک شەریف بۆ ئەوە بوو کە بزانن پێشمەرگە تاکەی بەرەنگاری پێدەکرێ.

- ئەگەر زۆر بن بەشێکیان پێشمەرگە دەخافڵێنێ و بەشێکیان خۆی دەکەینێتە نێو دێ.

فەرماندەی هیز بە سمایلدا هێندێک فیشەکی بەڕێکرد و خۆی لەگەڵ سێ چوار پێشمەرگە کە لە رێکخراودا بوون لاوەلا بەرەو سەر شاخەکەی پشتی ئاوایی کە پشتی لە ناوچەی ئازاد بوو، بەڕێکەوت.

لە رێکخراودا کاک شەریف مابوو و "سەی رەحیم"ی بریندار کە گەرچی برینەکەی چاک ببووەوە بەڵام هەر دەشەلی و خۆی کردبوو بە جانتا هەڵگری کاک شەریف.

- باشە رەحیمە شەل هەڕگی کوێنە بگرینەو، ئەم رێکخراوە چۆن بگۆزینەو؟

ریش سپییەکان لەسەر بانی مزگەوت کۆ ببوونەوە و راوێژیان دەکرد.

- جا تەکلیف چەس خالۆ حەمە؟

- وەڵاهی ئەونە ئەزانم ئەگەر پایان بگەیتە ئەیرە، گشت ماڵەکان ئاگر ئان. ئەیرە مەرکەز رێکخراوی هاتیا.

- ئەی چارە چەس؟

سۆفی عەولا دەستێکی بە ریشە سپیە زەرد بووەکەیدا هێنا و گوتی:

- با بچینە شۆن مەلا رەحمەت. هەرچێ بێ ئەو مەڵاس و شایەت ئیحترامی بگرن. با قورئانێک بوا بەرەو پیرییان.

هەموو پێکەوە بەرەو ماڵ مەلا بەڕێ کەوتن.

- هەر لە زەمان عوسمانییەکانەو هەرتا ئیسە ئەم کوردە هەر ئەمە کاری بووگە. هەر هێرشیان بۆ هاوردگە و هەر قورئانی کردگە تکاکار. کورە لە "قارنە و قەڵاتان" مەلاکەیشیان کوشت و قورئانەکەیشیان شەهید کرد. ئەمانە ئەم کەڵەکە کاریان لێ ناکا.

- جا رێگا چارەیکیترمان هەس مامۆسا؟

مەلا رەحمەت هەر لەو کاتەدا کە کەواکەی لەبەر دەکرد گوتی:

- کورە ئاخر دوو دەفعە هەناردیانە شۆنم، نەچووم. من ناتوانم، ماڵ و مناڵم بوەمە شار. وا مەزانن ئەگەر ئەو خوانەناسگەلە گەینە ئەیرە پای پێشمەرگە لەم ناوا ئەوڕگێ. کورە هەر دێنەو. هۆشتان بە خوەتانەو بێ خراوە مەکەن. ئەوە ئەیژم پێتان.

دەیگوت و قورئان و سینییەکەی بە دەستەوە گرتبوو و بەرەو مزگەوت دەڕویشت.

- بێسن با بزانین خوا چەئەکا، عەجەلە مەکەن.

کاک شەریف خەمی هیچی نەبوو، ئەمبارەکەی نەبێ کە پڕ بوو لە تفاق. لە برنج و ڕۆنەوە بگرە هەتا ئارد و نەوت کە زووتر لە پێگەی ژاندارمەیان بە دەسکەوت هێنابوو. چوار پێنج ئێستر لە دێدا پەیدا دەبوو، ئەویش چەک و چۆڵە شڕەکانی هێز و سەندووقە قورس و بەتاڵەکەی ڕێکخراوی پێیاندا بەڕێکردبوو.

خەڵک یەک یەک و دوو دوو بەماڵەوە بەرەو مەزرا و کەوێڵەکان بڵاوەیان دەکرد. دوو گوللە قومپارە کە لە ناو دێ کەوتبوو، گەرچی کەسی نەکوشتبوو، بەڵام ورەی بە کەس نەهێشتبوو. بیریان لە ڕۆژی وەکوو ئەمڕۆ نەکردبووەوە. بیریشیان لێیکردباوە ئاخر چارە هەر هەڵاتن بوو.

کاک شەریف جگەرەی بەدووی جگەرەدا تێدەکرد و جنێوی بە زەوی و زەمان دەدا. دەچووە بەر دەرکەی ئەمبار و دەگەڕایەوە ناو ڕێکخراو و لاتاوێکی بە سەی ڕەحیمدا دەدا.

– چ بکەم؟ چی لێبکەم شەلە؟... ئەو ئەمبارە بکەوێتە دەستیان حەیامان دەچێ.

دەرکەی ئەمبارەکەی دەکردەوە، چاوەی لە فەردە برنج و شەکر و لەپە و تەنەکە ڕۆن دەکرد و جەرگی، جەرگی دەخواردەوە.

- کورە بیرێکم بۆ بکەوە!... دا بزانە ئێسترێک، کەرێک، چەند پیاوم بۆ پەیدا ناکەی!

قسەکانی ئەودەم سەی رەحیمی دەهەژاند کە ریزی گوللەی دۆشکە بەسەر دێدا کەوانەی دەکرد.

چیمەن شتومەکەکانی مەعسومەی گوێستبووەوە و خۆی گەیاندبووە رێکخراو. دەنگی چیمەن کاک شەریفی داچڵەکاند.

- تۆ لێرا چاکەی کچێ؟ برۆ لە لایک خوەت بشارەو.

- بۆچە بەو مەردمە نایژی بێن چتەکان ئەمبارەکە بوەن بۆ خوەیان. ئەوان بیوەن خاسترە لە جاشە لات و لوتەکان.

- هیچ کەس نەماگە لەناو دێیا.

- بەش ئەونە هەر ماگە.

سەی رەحیم کە لە بەیانییەوە یەک قسەی نەکردبوو، هاتە دەنگ:

- راس ئەکا کاک شەریف! ئەگەر نەچووین ئەوە ئەیەنەو پێمان. ئەگەر چووین نۆش گیانیان بێ، ئەوە چەن مانگە هاین بە ملیانەو.

- ئیمرۆ هان لەتەک ئێما، سۆزی هان لەتەک پاسدارەکانا. ناوینی هیچ کەس نەماگە؟

سەی ڕەحیم ڕانەوەستا وەڵامی کاک شەریف بداتەوە. چیمەن بەرەو دەرکەی ئەنبار بەڕێکەوت.

- وەخت بەخێڵی نییە پیاگ!

بڵیندگۆی مزگەوت کەوتە خرەخڕ.

- ڕەحمەت لە باوکو دایکتان، هەر کەس ئارد و برنج و شەکەری گەرەکە با بچێ بۆ ئەمباری ڕێکخراو. گەرەکمانە خاڵی کەین.

هێشتا جاری دووهەمی بە تەواوی نەگوتبوو چەند کەس گەیشتبوونە بەر دەرکی ئەمبار. خەڵک لە مەزرا و باخەکانەوە بە ڕفان خۆیان دەگەیاند و هەر کەسە فەردەیەکی بە کۆڵەوە بوو. کەس نەیدەزانی لەکوێ دەیشارنەوە. کاک شەریف خۆی لێکردبووە تولبڕ و بە تووڕییەوە جگەرەی دەکێشا و تێکەڵ نەدەبوو. دەتکوت ماڵی بابیە و خەڵک بە تاڵانی دەبەن. تەنیا چیمەن بوو کە دەهات و دەچوو و دابەشی دەکرد و بە زەینی خۆی دەسپارد کە کێ چی بردووە.

چارەکە سەعاتێکی نەخایاند ئەمبار گسکی لێدرابوو. هلیکۆپترەکان بەسەر دێدا دەوریان دەداوە.

- ئەو چرا سوورگەلە چەس لە ژێر سکیانەو ڕۆشنیەکەن؟

- گرا ئان بە قومپارە هاوێژەکان.

دوو ماڵ دووکەڵی لێ هەستابوو و دوو کادێن ئاگری تێبەربووبوو. سێ چوار کەس بە سووکی بریندار ببوون. جەماڵ لە ژووری دەرمانگادا هەتا یەیکی برین پێچ دەکرد، دە جار لە پەنجەرەکەوە سەری دەبردە دەرێ و چاوی لە ئاسمان دەکرد. زریکە و هاواری ژنان بێدەنگییەکانی نێوان گرم و هۆڕی شەڕی پڕ دەکردەوە. مەلا و ریش سپییەکان قورئانەکەیان بردبوو و چووبونە چەق ڕێگای پێش ماڵان، ماتڵی سوپای ئیسلام بوون. بڕیار وابوو لەناو دێدا شەڕ نەکرێ و ڕێگای پاشەکشەی پێشمەرگەش بە لای دێدا دیاری نەکرابوو. کاک شەریف پێش سەی ڕەحیم کەوتبوو و ملی ڕێگای "شیان"ی گەرتبوو و دەیەویست بزانێ شتومەکەکانی ڕێکخراویان چ لێکردووە.

چیمەن دەست لە دەور ئەژنۆ گرێدراو لەناو ئەمبارە بەتاڵکەدا کزکۆڵەی کردبوو و گوێی بۆ تەقە شل کردبوو. هەتاو لە کونەرۆژنەی بن میچەکەوە لیزگی کێشابووە ژوورەوە و گوڵە رووناکییەکی لەبەر پێی چیمەندا نەخشاندبوو. ماندوو بوو. مێشکی ماندوو بوو. بیرەوەری دەیبردەوە. بە دەنگی تەقەوە لە رۆژنەکەوە هەڵدەکشا و بەسەر دەشت و دەراندا دەگەڕا و دەچووەوە شار. خەیاڵ دەیبردە ماڵی خۆیان.

ماوەیەکی زۆرە هەر بەو دەقە دانیشتووە و چاوی لە بریسکەی گوللەی پشت پەنجەرەکە بڕیوە. چەند ڕۆژە ئاو و کارەبا بڕاوە. نان لە ماڵاندا نەماوە. لە دێهاتەکانی دەور شارەوە فەردە فەردە نان دێنن بۆ شار و بە ناو خەڵکدا دابەشی دەکەن، بەڵام زۆربەی ماڵەکان هیچیان وەبەر نەکەوتووە. برسیەتی و بێئاوی لە لایەک، گوللە قومپارە و گوللە تۆپی لەناکاو لە لایەکی دیکە. پازدە شەو و ڕۆژە کە ئەرتەش و پاسدار شاریان گەمارۆ داوە و لە چوار لاوە تۆپ و قومپارە بەسەر ماڵاندا دەبارێ. خاڵە حەمە دوو منداڵی لە باخچەکەیاندا ناشتووە... لە چوارباخ دوازدە کەسی بنەماڵەیەک بە جارێک کوژراون و تەنیا منداڵێکی ناو لانکەیان لێ بەجێماوە... کەس هێزی گریان و شیوەنیشی نەماوە... عەلی پاڵ بە دەرگاکەوە دەنێ و دێتە ژوورەوە. کوڕێکی دیکەشی لەگەڵە کە چیمەن نایناسێ... تەلیسەکەی دەستی هەڵدەتەکێنێ و هێندێک نانەڕەقە لەناو ماڵەکە ڕۆ دەکا. تاوێک بەسەر پێیەوە چاو بە ناو ماڵەکەدا دەگێڕێ و دەڕواتە دەرەوە. ئیتر نەیدیتەوە.

لە شەڕی پێشوودا فڕۆکەکان تەنیا دیواری دەنگیان بەسەر شاردا شکاند. بۆمبیان بەرنەداوە. کەس نەمرد، تەنیا خەجێ و

منیره منداڵیان لەبەر چوو. شار پڕ بوو لە پاسداری هەمە رەنگ و زبانێک. کەس نەیزانی ئیمام بۆ جەهادی دابوو.

دوایە دەستی پێکرد. لاوەکان شەوانە دەچوون دینامیتیان لە بنەکەی جاش و پاسداران دەهاویشت.

- تۆ خوەت قاتی مەکە نازێ گیان!

- ئەمانە بکەینە دەرەو، پێشمەرگەکان تێنەو.

هاتنەوە، نازێیان کوشت. کوژرا.

- خوەزگە بێن مل هەرچێ پێشمەرگەس هەڵکێشن...

هاتن، ئەمەش هاتنەکەیانە.

- خوەزگە خوەیشم بکوژیایم و ئەم رۆژە رەشگەلمە نەدیای.

مەرزیە و شایستە لەناو شەقامەکەدا بە قومپارەیەک لەت و پەت بوون. کەس نازانێ کامە دەست و لاقی کامیانە. هەردووکیان لە باخچەی ماڵ عەلی میکانیکدا لە گۆڕێک نێژران.

رمەی دووری راکێتی هلیکۆپترەکان نیشانەی توندبوونی شەڕەکە بوو. ئاوایی کپ و بێدەنگ چاوەڕوان بوو. تەنانەت جریوەی چۆلەکەش نەدەهات. دار و بەرد گوێیان بۆ تەقە شلکردبوو. گوڵە خۆرەتاوەکی بەردەم چیمەن خزابوو و

گەیشتبووە سەر داوێنی و لەگەڵ گوڵە سوورە وردەکانی کراسەکەیدا کایەی دەکرد و دەیبردەوە شەڕی شار.

بێدەنگییەکی سامناک دنیای داگرتووە، کپ و گەرم و پڕ لە ترس، شەوی بیست و چواری شەڕە. کەس ناوێرێ لە پەنجەرەوە سەر بەرێتە دەرەوە. سەدان کچ و کوڕی لاو، خەواڵوو و شەکەت و وەڕەز ریزیان گرتووە و لەشار بەدەر دەکەون. بێهێز و گێژ لە ژێرخانەکەی ماڵی خاڵە نێعمەت دێتە دەرێ. لە پشت پەنجەرەکەی ماڵی خۆیان دادەنیشێ و چاوەڕوانی رۆژ لە ماتی و رەشی شەو دەڕوانێ.

ئاسمان سپی بوەتەوە بێدەنگییەکی قورس و ئارەقەکردوو باڵی بەسەر ئاخر مەیدانی شەڕدا کێشاوە دایە بێهێز و گێژ لە ژێرخانەکەی ماڵی خاڵە نێعمەت دێتە دەرەوە، لە ژێر پەنجەرەی ماڵەکەدا لە پەنا دیوارەکە دادەنیشێ. لووتکەی "ئاویەر" بۆ دیتنی خۆرەتاو ملەتاکێی دەکا. پاسدارەکان لەسەر بانان لە ناو سەنگەرەکانیاندا، ماندوو و خەواڵوو و توڕە، بێچرکە خۆیان مات کردووە. کوژراوەکان پەرش و بڵاو لەبەر دەرکەکان، لەناو جۆگەی خیابانەکەدا، لە پاڵ تەلیسە خیزەکاندا کەوتوون و لە بێڕەنگی بەیاندا وەکوو تارمایی دیارن. جیرەی دەرکەیەک دەنگ دەداتەوە و موچڕک بڵاو دەکاتەوە. "دایە" بە سەرپۆشێکی

سپییەوە کە لە ژێر چناگەیەوە بە دەرزیلەیەک هەڵپیێکاوە و وەکوو خرقەیەکی سپی بەسەر کراسە کوردییە کەوەکەیدا کێشراوە، لەناو دەرکە دیار دەبێ. تەقەی چەند تفەنگ سوارکردن دەبیسترێ. تەزبێحە درێژەکەی بە دەستییەوەیە و لە ژێر لێوەوە دوعا دەکا. گاڵۆشە نەرمەکانی خشە لە بێدەنگییەکە ناخا. ئارام و سووک پا هەڵدەگرێ و لە بن کۆڵانەکەوە دێتە پێشێ. هەتا سەر خیابانەکە، هەتا بەر دەرکی ماڵی خۆیان سەد هەنگاو نابێ. سەنگەری ئازاد کوڕە چکۆلەکەی لەبەر دەرکەی خۆیان بوو. دوێنێ لە کاتی تۆپ بارانەکەدا کە سفرە نانەکەی لەباوەش گرتبوو و هەڵاتبووە ژێرخانی ماڵی خاڵە نێعمەت، چاوی پێی کەوتبوو .لەسەر کۆڵانەکە رادەوەستێ، دیمەنەکە لە خەیاڵ دەچێ، لە خەونی بەرەبەیان دەچێ. یەکەم پاسدار چەند هەنگاوێکی لێی دوورە. چاوی دەپروێنێ، وەکوو بیەوێ بزانێ راستە یان خەونە. هاوار دەکا "کێی؟" دایە ئاوری لێی ناداتەوە. بە ئەسپایی هەنگاو هەڵدێنێتەوە و تەزبێحەکەی دەژمێرێ و بەسەر کوژراوەکاندا دەنووچێتەوە. چاو لەوانەی ردێنیان هەیە ناکا. جاشێک لەو لاوە هاوار دەکا "لە چا ئەگەڕی پیرە ژن؟" بە پارێزەوە لە سەنگەرەکەی ئازاد نزیک دەبێتەوە، چاو لە پشت تەلیسە خیزەکان دەکا، ئازادی تێیدا نییە. شەهابی جیرانیان

سەری لەسەر دەستی داناوە و خەوی لێکەوتووە. گوللەیەک لە ژێر گوێی داوە. فرمیسکەکانی دەڕژێتە سەر گۆنای شەهاب. دەست بە کاکۆڵیدا دێنێ. تەزبێحەکەی دەخاتە دەور ملی خۆی. پچەی ژێر لێوی نامێنێ. دوو سێ هەنگاوی دیکەش دەڕوا و دەگەڕێتەوە. ئاسمان سوور و شین بووە. ئاویەر ئارەقچنە زەردەکەی لەسەر ناوە. دایە روو دەکاتە دەرکەی ماڵەکەیان. دەست هەڵدێنێ ئەڵقەزوونەکە بگرێ، شریخەی گوللەیەک دەنگ دەداتەوە. دەستی بەردەبێتەوە. چۆکی دەشکێتەوە و سەر بە دەرکەکەوە دەنێ. گوڵێکی خوێناوی بە سەرپۆشەکەیەوە دەپشکوێ. ئیتر چاوی بە ئازاد نەکەوتەوە.

چیمەن فرمیسکەکەی بەسەر قۆڵی کراسەکەی سڕییەوە. بێدەنگی وریای کردەوە. بێدەنگی مەیدانی شەڕ، سام و ترسی بۆ زیندوو کردەوە. تەنانەت نەشیویرا هاوار بکا. هەستی دەکرد گۆت بووە.

رمەی چوارناڵی ئەسپی تاکە سوارێک لە چۆڵایی دێدا دەنگی دایەوە. چیمەن راچڵەکی و خۆی گەیاندە ناو دەرکەی ئەمبارەکە. "شوانە" بوو بە غاردان بەرەو شوێنی شەڕ دەچوو. ماوەیەک بوو بە هۆی هێندێک ناکۆکی لەگەڵ فەرماندەی هێز لە ریزی پێشمەرگەدا نەمابوو و لە شوێنێک دانیشتبوو. ئەو رۆ

تەقەی شەڕ راپەڕاندبوو. نەیتوانیبوو بێلایەن دانیشێ. "کێشەی من و فەرماندەی هێز بە جێگای خوەی. کێشەی من و ئەو سەگباوکگەلە خۆ تواو نەوگە" ئەو وەڵامەی بە ریش سپییەکان داوە کە لە ژێر سێبەری دارتوەکەی تەنشت رێگادا راوەستبوون چاوەڕوانی ستوونەکە بوون. کە شوانە لە پێچی رێگاکە لە چاو ون بوو تەقە دەستی پێکردەوە.

رێگای ژاوەرۆ، رێگایەکی تەنگەبەر و پێچ لەسەر پێچە و پڕ لە کەند و کۆسپ بوو. لە یەک لاوە تۆزێک لە لاپاڵی کێو و تەپکەکانیان داتاشیبوو و لاکەی دیکەیان بە کەڵەکچن راست کردبووەوە. لە پێش چایخانە و لەناو گوندەکان نەبێ دوو ماشین نەیدەتوانی بەشان یەکتردا تێپەڕن. بۆ ماشینی هەرە زەلام و بۆ توند رۆیشتن نەدەبوو. ئەو رۆژە سەربازە تازە شۆفێرەکان کە تەقەشیان لەسەر بوو و شارەزای رێگاکەش نەبوون، کە گەیشتبوونە شوێنە هەرە ئەستەمەکە لەگەڵ دەسڕێژی پێشمەرگە بەرەوڕوو ببوون. یەک ماشینی لە کەنداو هاویشتبوو، یەک لە کێوی کوتا بوو و یەک هەڵدێرابوو.

بەشێک لە جاشە خۆماڵییەکان چووبوونە دێهاتەکانی سەر رێگا و خەریکی دزی و ماڵی خەڵک ئاگر تێبەردان بوون. خەڵکی ئەو گوندانە هەر لە بەیانییەوە مەڕ و ماڵاتیان بەجێ

هێشتبوو و خۆیان گەیاندبووە چەم و دۆڵ و بنارە دوورترەکان. بڵاوبوونەوەی پاسدار و جاش، پێشمەرگەکانیشی بڵاو کردبووەوە و سنووری شەڕی شێواندبوو. بۆیە چەکە قورسەکان کاری زۆریان پێ نەدەکرا و لە شەڕی چەکی سووکدا پێشمەرگە زاڵ بوو. تەنیا مەترسییان هلیکۆپتر بوو کە فڕایفڕ دەهات و دەچوو و راکێتی دەهاویشت. لای نیوەڕۆ هێندێک لە پێشمەرگەکان فیشەکیان لێبڕابوو و بۆ ئەوە خۆیان بگەیننە چەکی کوژراوەکان دەسە و یەخە شەڕیان دەکرد و پەلاماریان دەدا. پاشەکۆی ستوونەکە هەر چۆنێک بوو خۆی دەرباز کرد و بەرەو شار گەڕایەوە. چەند ماشینی لوتکەی کاروانەکە و ئەوانەی چووبوونە ناو ئاوایی "تەختە" نەیانتوانی خۆیان لە گەمارۆی پێشمەرگە دەربێنن. ئەوەی کوژرا، کوژرا و ئەوەش نەیویست بکوژرێ چەک و کڵاوەکەی فڕێدا و دەستی لە پشت ملی دانا و خۆی تەسلیمی پێشمەرگەکان کرد.

فەرماندەی هێز بەرە بەرە بە پەنا و پەسێودا خۆی گەیاندبووە دەور و بەری شەڕەکە و لە کاتێکدا کە ئاگر دامرکا گەییشتە سەر دەسکەوتەکان. چەند کەسێک لە خەڵکی گوندەکان نان ئاویان بۆ پێشمەرگەکان هێنابوو و ئەوانیش ماندوو، برسی و تینوو و وەڕەز پۆل پۆل لە دەوریان کۆ ببوونەوە.

حەمە ویستی لێوە ئیشکەکانی بە زمان تەڕ کا بەڵام زمانیشی ئیشک ببو. بە دەنگێکی کپ و شەکەت گوتی:

- سێ زەخمی و شەهیدێکمان هەس. "نادر"مان شەهید بوو.

فەرماندەی هێز مژێکی لە جگەرەکەیدا و نێوچاوانی بە نیشانەی خەم تێکنا و گوتی:

- لە زیارەتانەکەی سەر ڕێگای تەختە ئەینێژین.

نادر یەکەم شەهیدی پەلی حەمەرەش بوو. حەمە نادری زۆر خۆشدەویست. لەگەڵ بابی دۆست بوو. دایکی چەند جار ئامانەتی دابوو:

- حەمە گیان. هۆشۆ بە نادرەو بێ، مناڵە خوەی بە کوشت نا. توخوا ئەسڵەحەی پێ ماان.

هێشتا شازدە ساڵی تەواو نەکردبوو. نەیدەزانی ترس چییە.

- بۆچە هاتگیتە دەرەو لە شار نادر؟ بۆچە دانەنیشتی لە شارەو تەماسمان تەکا بگری.

- جاشەکان ئەیناسنەو کاک شەریف، وەختێک لە بنکەی "جۆراوا" بووگە ناسیگیانە. دایکی سپاردگیە بە من.

- باشە دەی، کوڕ خاس هەر وا ئەوێ.

گوللەیەک لە لای چەپی ملیەوە رویشتبوو و لە لای ڕاستیەوە هەڵیدڕیبوو. کاتێک دایاندەپۆشی حەمە لە قووڵایی دڵەوە هاوارێکی کرد و بە هەموو رق و تووڕەییەوە ریزێک گوللەی لە ئاسمان کرد. دەتگوت دەیەوێ خودا بکوژێ.

*

خەڵک بەرە بەرە روویان لە ناو دێ کردبووەوە. کاک شەریف چاوێکی لە ئەمبارە بەتاڵەکە کرد و ددانی پێکدا سوا و رووی لە چیمەن کرد:

- باشە کچێ تۆ ئەزانی کێ چەی بردگە؟

چیمەن وەڵامی نەداوە، چاوی لە رێگا بوو، ئاخۆ کەی پێشەرگەکان دێنەوە. خەڵک لە پێش دەرگای مەقەڕ کۆ ببوونەوە و هەر یەکە شتێکی دەگوت. تاو نە تاوێک کەسێک فەردە ئارد یان تەنەکە رۆنێکی دێناوە و چاوی پڕ لە پرسیاری لە زاری ئەم و ئەو دەبڕی.

- کورە ئەو خوێڕیگەلە کەی دەرەقەت پێشمەرگە تێن... هیچکەس نەیزانی بە کوێنا دەرچوون.

- ئەیژن لە تەختە چوار ماڵیان ئاگر داگە.

- چووگنە سەر بەرزاویش تەنیا پیرەمەردێکی تیا بووگە، ئاگریان داگە.
- سێ پێشمەرگە شەهید بوون.
- نا ئەیژن شەهیدێمان هەس وەلێ زەخمی فرەس.
- کورە سەد جەسەدیان تەنیا لە ڕێگاکا کەفتگە.

نەیانتوانیگە بیوەنەو.

چیمەن دڵی دەکوڵا، بەڵام نەیدەوێرا لە کەس بپرسێ داخۆ حەمە چی لێهاتووە؟ هەر بە تەما بوو بەشکەم کاک شەریف لە کەسێک بپرسێ و ئەو گوێ لێبێ. دەچووە ژووری مەقەڕ و دەهاتەوە درەوە. دەچووە دووکانی حەمە غەریب و دەگەڕاوە. ئۆقرەی لێبڕابوو. ئاخری پێی لەسەر ڕێگا کردە کێش. "خوەم ئەچم" لە پێچی یەکەمی ڕێگادا، منداڵ بە هەراوە بەرەو رووی هاتن. بە پێش ماشینە مینیبووسەکەی "خوڵامە کەچەڵ" کەوتبوون. فەرماندەی هێز یەکەم کەس بوو کە دابەزی. چیمەن چاوی بەناو پێشمەرگەکاندا گێڕا.

- حەمە کوای؟
- مەترسە هیچی پێ نەهاتگە. ئەسیرەکانی برد بۆ زیندان، هەرتا شەو تێتەو.

چیمەن بێ ئەوە کە بیری لێکردبێتەوە بە دووی ماشینەکەدا بەرەو دەرمانگا کێشرا. سمایل یەکەم بریندار بوو کە دایانبەزاند. چیمەن چووە ناو ماشینەکە. سیامەک لە نێوان نیمکەتەکاندا راکشابوو و دەینالاند. سەری بە لایەکدا کەوتبوو. چیمەن چەنەی گرت و بە نەرمی سەری وەرچەرخاند. سیامەک چاوی هەڵێنا. ئاگری تیژی لاوەتی و خەم و ئێش و ئەوینی لێی دەباری. چیمەن چاوی لەو چاوانە بڕی و مات بوو. ماوەیەکی کورت هەموو دنیای لەبیر چووەوە و وەک لە خەو کەوتبێ دڵی سس بوو. هەتا ئەوکاتە ئەم روانینەی لە هیچ چاوێکدا نەدیبوو. مەرگ بوو یان ژیان، نەیزانی. هەرچی بوو هەتا ناخی دەروونی گڕی گرت. سەرگۆناکانی سوور داگەڕا. ئەگەر نەبی وریای نەکردباوە هەتا مردن لەو چاوانەی دەڕوانی.

- دەی هەر لێنەو دەست بخە ژێر سەری با بیوەینە خوارەو.

- دوکتور گیان حەسەن زەخمەکەی ناجۆرە بگەی پێ.

دوکتور جەماڵ لە راستیدا دوکتور نەبوو. یاریدەدەری ژووری عەمەل بوو. بەڵام دەرزی لێدان و برین دوورینی دەزانی و لە دەوا و دەرمان کردنیشدا هێندێک تێدەگەیشت. پاش شەڕی بەهار دوو سێ تەلیس دەرمان و کەرەسەی عەمەلی لەگەڵ

خۆی لە شارەوە هێنابووە ئەم دەرمانگایە. لەم ناوچەدا تەنیا جەماڵ بوو کە دەیتوانی یارمەتی بریندارى شەڕ بدا و دەرمانی سەرپایی خەڵک بکا. ئەویش هەر شەوێک لە شوێنێک بوو. ئەگەر زەماوەندی شەوی پێش نەبوایە کەس نەیدەزانی ئەورۆ لە کوێ دەبوو. چیمەن بێ ئەوە لە جەماڵ بپرسێ قۆڵی لێهەڵکرد بۆ یارمەتیدان. جلی بریندارەکانی بە مەقەست هەڵدڕی و برینەکانیانی شوشت. هیچی لە دەرمانکردن نەدەزانی، سەلیقەی ژنانە یارمەتی دەدا و جارجاریش جەماڵ پێیدەگوت کە چ بکا. سمایل زۆر هاواری دەکرد. گوللە شانی کون کردبوو. حەسەن تاوێک دەبوورایەوە و تاوێک دەینالاند. پریشکی قومپارە زکی هەڵدڕیبوو. سیامەک تاوی زۆر بوو. گوللە بە رانی کەوتبوو و دێوەدەر نەببوو. کاتێک چرا هەڵکرا، برین پێچان و دەرزی لێدان تەواو ببوو. چیمەن شۆرباو تەماتەی لێدەنا. دەنگی مامۆستا کەماڵ لە بڵیندگۆی مزگەوتەوە بەرز ببووەوە. ئایەتی لەسەر حەدیسان دەکوتا. باسی شەڕی ئیسلام و کافری دەکرد و دەیهێنایەوە تێکەڵی شەڕی پێشمەرگە و نا ئیسلامەکانی دەسەڵاتداری "تاران"ی دەکرد. خەڵک گوێیان بۆ شل کردبوو و لە چوار یەیکی تێدەگەیشتن، بەڵام سەریان بۆ رادەشەکاند و ئەویش شایی بە خۆی بوو. ئەوەندە زیرکیش لە مامۆستایەتی

فێر ببوو کە بەر لەوەی برسیەتی زۆر بۆ خەڵک بێنێ و یەک یەک و دوو دوو دەوری چۆڵ کەن و بڕۆنە دەرەوە، قسەکەی ببڕێتەوە و بە خەڵک بڵێ هەر کەسە و یەک دوو پێشمەرگە بباتەوە ماڵی خۆی.

لە هەموو ماڵاندا، باس باسی شەڕ بوو. هەرکەسە خۆی چۆنی دیبوو و چی کردبوو دووی لەسەر دادەنا و دەیگێڕایەوە. خاوەن ماڵەکانیش گوێیان بۆ شل دەکرد و ورتەیەکیان دەکرد و بە شان و پیلی پێشمەرگەیاندا هەڵدەگوت و دەیانهێنایەوە سەر گەمارۆی ئابووری و گرتنی ڕێگای هاتووچوو و پێشگری لە هێنانی شتوومەک و خواردمەنی لە شارەوە.

- ئەی بابە، پێشمەرگەی ئێمە بە قودرت خوا گشتیان ماشەللا پاڵەوانن، وەلێ ئاخر بە ئەسڵەحە شڕەیکەو کوا ئەتوانن لەتەک تانگ و تۆپا شەڕ بکەن. ئەگەر نە وەڵا پاڵەوانن بابە. خوا ئاگاداریان بێ... داخم ناچێ ئەو ئارد و شەکەرەیچ فرە گران بووگە. بۆ سەندن ناوێ. عەجەم حوقەبازن. بەم جۆرە گەرکیانە سەریان بۆ دانەوێنین.

پێشمەرگە خۆی لەو باسە نەدەدا. نە هیچی لێدەزانی و نە هیچی پێگوترابوو، بەڵام مامۆستا کەماڵ و کادرەکان نەیاندەتوانی

خۆی لێی لادەن. ئەوان قسەکەری راپەڕین بوون و خەڵک چاوی لە زاریان بوو.

- کوا ئەتوانن گشت رێگاکان لە مەردم بگرن. هەر ئەویتە شەو ئەچنە ناو پایگاکانیان و دۆعا ئەکەن نەچنە سەریان.

- فەرمایشتە قوربان، وەلیٚ ئەگەر هەر دوو گۆنییە ئارد و برنجەکە بوایە، هەر جۆرێک بووایە پەیامان ئەکرد. خوەتان ئەزانن ئەو مەنتەقە بە تەڕەبار زینگی ئەکا. ئەگەر بارەکە بە وەخت نەگەیتە جێگا، لەناو ئەچیٚ. ئەو تووە فەرەنگییە وەک تووی خوەمان نییە وشکی بکەینەو بیکەین بە ئاردەتوو. ئێمە دەردمان بیٚ دەرمانە مامۆسا.

*

ترسی توونکردنی گەمارۆی ئابووری تا دەهات زیاتر پەرەی دەستاند. کاتێک چاری گشتی نەما هەر کەس بیری لەوە دەکردەوە کە بۆ خۆی چارەیەک بدۆزێتەوە. هێندێک ئاشنا و رۆشنای جاشیان لەشاردا هەبوو، پەیغام و دیارییان بە دزییەوە بۆ دەناردن. هێندێکی دیکە بە پەنامەکی هەواڵیان بۆ بنکەی جاش و پاسدار دەبرد، بەڵکوو لە رێگا پێش بە بارەکانیان نەگرن. لە هەمووان زیاتر "خاڵە کەریم" هەستی بە مەترسی

دەکرد، چوونکە خزم و کەسی عەلی نەفتی پاش رووداوەکەی چیمەن لێی میوان ببوون. ئەو دەیزانی حاجی مەنسوور بە هاسانی لێی خۆش نابێ و تۆڵەی لێدەکاتەوە. بۆیە زەختی دەکردە سەر مەلێعە و منداڵەکانی کە بڕۆنەوە بۆ شار و پارەیەک، شتێک بدەن بەڵکوو لێیان خۆش بن و پاکانەیکیش بۆ ئەو بکەن.

"خەلیل" کە زڕبرای عەلی بوو و کوڕی گەورەی مەلێعە، زیاتر هەستی بە پرتە و بۆڵەی خاڵە کەریم و ژن و منداڵەکەی دەکرد. خەلیل نە پیاوی کشتوکاڵ و باخداری بوو کە یارمەتی خاڵەکەریم بدا و نە ئەوەندە پارەی هەبوو کە خەرجی خۆیان بدا، هەتا نەبنە بار بە مل خاڵە کەریمەوە. خزمەکان تانە و تەشەری چیمەنیشیان بە ئەودا دەدا و دەیانوت " دەبوا چاوت پێیەو بوایە"

خەلیل بە هۆی "عەزیز" ەوە کە هاتووچووی شاری دەکرد پەیغامی بۆ "خولە سوور"ی سەرۆک جاش نارد کە دەیەوێ بێتەوە شار و هاوکارییان بکا. عەزیز پاش چەند رۆژ گەڕایەوە "گەلێن" و وەڵامی بۆ هێنایەوە کە "خاس ئەوەسە خوەی بە دزیەوە بچێ بۆ شار و خولە بوینێ، گەرەکیانە چکێ موژیاری بکەن" ئەویش بێ ئاگاداری خاڵە کەریم و دایکی بە قاچاخە

ڕێدا لەگەڵ عەزیز چووە شار. شەوێک لە ماڵی خولەسوور بوو و بەیانی زوو لەشار بەدەرکەوت. نە کەس دیتی و نە کەس ناسییەوە. ڕۆژێک پاش ئەوە دایک و برا و خۆشکی کۆ کردەوە و بەرەو شار بەڕێکردن. عەزیز گوتبووی " من ئەمان نامەم بۆیان سەندگە، وەلێ بە هیچکەس مەیژن من کردگمە. هەرچێکم کرد نەیاندا بە خەلیل. ئەو جاری با لێرا بێ هەرتا فکرێکی بۆ ئەکەینەوە.

دوو ڕۆژ پاش چوونەوە شاری مەلێعە و منداڵەکان خەلیل بەرەو مەقەڕی هێز بەڕێکەوت کە ببێ بە پێشمەرگە.

*

سێ ڕۆژ بوو سەی حەسەن بێ دەم و زوان گەوتبوو. جار و بار ناڵەیەکی لێوە دەهات. چاوی لە میچەکە دەبڕی و دەستێکی هەڵدێنا. چیمەن دەچووە سەر سەرینی، دەستی دەگرت، وەکوو خۆشکێکی تامەزرۆی برا دەستی دەگوشی:

– کاکە حەسەن! چەو گەرەکە؟ تینگتە؟... برسیتە؟... ئێشت هەس؟...

حەسەن وەڵامی نەدەداوە. چاوێکی بە دەوری خۆیدا دەگێڕا، وەکوو لە ونبوویەک بگەڕێ و نەیدۆزێتەوە. زمانی بە لێوە

ئیشکەکانیدا دەگێڕا و ئاخێکی هەڵدەکێشا و چاوی دەقووجاندەوە. چیمەن بە پەمۆی تەڕ لێوەکانی تەڕ دەکرد.

حەسەن بە تەنیا لە ژوورەکەی دوکتور جەماڵ بوو. شەوانە مزێ دەهات لەوێ دەنوست و ئاگای لێیدەبوو. مزێ حەسەنی زۆر خۆشدەویست. ئەو سێ رۆژە بەر دەرکی دەرمانگای بەر نەدابوو. هەرچی فەرماندەی هێز بۆڵە و خوتەی کردبوو گوێی نەدابوو. تاو نە تاو دەچووە سەر سەرینی حەسەن دادەنیشت، دەستی بە نێو چاوانیدا دەهێنا. قژەکەی بۆ شانە دەکرد و پەیتا پەیتا لە جەماڵی دەپرسی کە هیچ حاڵی باش دەبێ یان نا.

- مزێ گیان بۆ خوەت ئەزانی من دوکتورێکی تواویش بوایەم بەم بێدەرمانی و بێ چتیە نەمەتوانی هیچ بکەم. تۆ ئەیژی چە بکەم؟

- با بیوەین بۆ بیمارستان سەرەوە.

- بنیام ساق بە مانگێ ناگەیتە ئەینە، تۆ زەخمییەک چۆن ئەوەی؟ ئەویش بە سواری وڵاخ. نیمە رۆژێک بچێ ناوسکی تێتە دەرەو. لایکی هەڵدڕیاگە.

- جەماڵ گیان من هەر ئەم سەی حەسەنەم هەس، بە قوربانو بم، کارێک بکە!

مزێ چووبووه لای شێخ نووشتوی هێنابوو و له ژێر بالنجه‌كه‌ی حه‌سه‌نی دانابوو و به‌ كه‌سیشی نه‌گوتبوو. ترسا بوو گاڵته‌ی پێبكه‌ن.

ئێواره‌ بوو، جه‌ماڵ وه‌كوو هه‌موو جارێک هات نه‌بز و فشاری برینداره‌كانی گرت. چاوی له‌ سێرۆمه‌كه‌ی حه‌سه‌ن كرد و چوو ده‌رمانێكی هێنا تێیكرد. حه‌سه‌ن خڕه‌ی سینگی ده‌هات. مزێ دانیست و ده‌ستێكی خسته‌ ژێر سه‌ری حه‌سه‌ن و نه‌ختێک سه‌ری هه‌ڵێنا هه‌تا چاكتر هه‌ناسه‌ بدا. چیمه‌ن چرا نه‌فتییه‌كه‌ی داگیرساند، نانی دا به‌ نه‌خۆشه‌كانی دیكه‌ و له‌سه‌ر كورسییه‌ک هه‌ڵكورما و چاوی بڕییه‌ حه‌سه‌ن و مزێ.

مزێ حه‌سه‌نی ده‌لاوانده‌وه‌. منداڵییه‌كانی وه‌بیر ده‌ێناوه‌. ئه‌و كاته‌ی كه‌ پێكه‌وه‌ ده‌چوونه‌ خوێندن. ئه‌و كاته‌ی كه‌ پێكه‌وه‌ فه‌لاقه‌ كران و هه‌ڵاتن و بوون به‌ شاگرد دووكان. ئه‌و كاته‌ی له‌ كۆڵانان له‌سه‌ر هه‌لوكێن و گوێزان به‌ گژ منداڵانی گه‌ڕه‌كدا ده‌چوون. دوایه‌ رووی له‌ چیمه‌ن ده‌كرد و چاو پڕ له‌ فرمیسک درێژه‌ی ده‌دا. "داده‌ خاوه‌ر" به‌ ئاوكێشی گه‌وره‌ی كرد. دوای چه‌ند ساڵ روماتیسمی گرت و لاكه‌فته‌ی ماڵ بوو. خوری دێنا ده‌یڕست و لاره‌ لار ده‌یبرده‌ بازاڕ به‌ ره‌نگرِه‌ز و جۆڵای ده‌فرۆشت. ته‌نیا ئه‌م حه‌سه‌نه‌ی هه‌بوو. كه‌س نه‌یده‌زانی بابی

حەسەن کێ بووە و خەڵکی کوێ بووە. دادە خاوەر پێی گوتبوو کە بابی حەماڵ بووە. ڕۆژێک باری بەسەردا کەوتووە و ملی شکاوە. ئەو کاتە حەسەن یەک ساڵان بووە... کاتێک حەسەن ببوو بە پێشمەرگە و ڕەختی لە خۆی بەستبوو و بە تفەنگێکەوە چووبووە ماڵەوە، دادە خاوەر فرمیسکی بەچاودا هاتبوو و گوتبووی " ئۆخەی ئاواتم نەما، گشت زینگیم لەوە ئەترسیام تویش وەک باوکۆ بویتە حەماڵ و بمری."

مزێ جەرگی ئاگری گرتبوو و سۆزی ناخی بە لافاوی قسە دانەدەمرکایەوە.

- حەسەن گیان! دوو قسەم بۆ بکە. بێژە، چە بێژم بە دادە خاوەر؟ حەسەن گیان زووە بە جێەمان مەیلا. حەسەن براکەم، حەسەن گیان.

جەماڵ ئارامی نەبوو. دەهات دەستی حەسەنی دەگرت. پێڵووی چاوی هەڵدەگێڕاوە و سەری دەلەقاند و بە رفان بەرەو ڕێکخراو هەڵدەهات.

- کوا ئەوە حەساوییە کاک شەریف؟ بە شەرەف ئەو زەخمیگەلە هیچکامیان بۆ مردن ناون. کورە عەمەڵێک سادەیان گەرەکە. کورە کوا ئاوا موبارزە ئەکرگێ؟ هەر کەس گوللەیک

با له لاقی بکەفێ و بمرێ و ئێمەش دەسەپاچە بە دیاریەو دانیشین و تواشای گیاندانی بکەین؟

کاک شەریف مژێکی لە جگەرەکەی دەدا و سەری دادەخست.

- چەم لە دەس تێ و نایکەم برام؟

حەسەن چاوێکی بەناو ژوورەکەدا گێڕا وەک چاو لە دووی رویشتنی کەسێک بگێڕێ. گەییشتە مزێ چاوی راوەستا. بزەیەک هاتە سەر لێوی و تەواو بوو. مزێ بە چەپۆک بە سەر خۆیدا کێشا. فرمیسکەکانی چیمەن داوەرین. مزێ سەری لەسەر سینگی حەسەن دانابوو. شانی بە پرمەی گریانەوە دەچۆقا.

- دادە خاور مزگانی بێ، حەسەن هەرتا ئەبەد هەر پێشمەرگەس.

جەماڵ چاو بە فرمیسک، چاو و چەنەی حەسەنی بەست.

- هەڵسە برا گیان. فرەی ناکێشێ نۆگەی ئێمەیش ئەگەی.

- جەماڵ گیان بە کەسی مەیژە حەسەن چووگە. بێڵا با ئیمشەو هەرتا سفحا قسەی بۆ بکەم.

هەتا بەیانی چیمەن لە بەر دەرکەی دەرمانگا دانیشت و چاوی لە ئەستێرەکانی ئاسمانی نزمی کوێستان بڕی و لە کاکێشانی خەم و پەژارە و تەنیاییدا ئەستێرەی بژار کرد.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژیک دواتر کاتێک حەسەنیان دەناشت و مامۆستا کەماڵ باسی جێگای بەرزی شەهیدانی لە بەهەشتدا دەکرد، مزێ لە کونجێکی زیارەتانەکەدا بە تەنێ دانیشتبوو و لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد. هێشتا گوتەکانی لەگەڵ حەسەن تەواو نەببوو. "سەر ئێواران دایکت لەپشت پەنجەرەکە دائەنیشێ، لاوەکان پۆل پۆل لە کووچەکەی بەر ماڵتانا ئەوێسن. مەتەڵ ئەگەڕنەوە و پێئەکەنن. دایکت بە چاو لێت ئەگەڕێ. ناتدۆزێتەو ئەیژێ " سۆمای چاوم نەماگە ڕۆڵە" ژوورەکەی ئەو زووتر لە دەرەوە تاریک ئەوێ. چرا گردسۆزەکەی ڕۆشن ئەکا و دائەنیشێ چاوی لێئەوڕێ. شەوێک، دووان، دە، بیست، تۆ ناگەڕیتەو. ئێمە ئەڕوین حەسەن گیان. قەوڵ بێ ئەڕوین سەری لێ ئاین. دایک تۆە، دادە خاوەر، سەروچاومان ماچ ئەکا. بەخێرهاتنمان ئەکا. داخۆ ئێسەیش گوێز و سرینچکی هەس پێمان با. چەی پێ بێژین حەسەن براکەم. کاممان زاتیەس پێی بیژێ: ئێمە گشتمان کوڕ تۆین دادەخاوەر. تۆ ئەم گشتە کوڕتە هەس. دڵمان ناشکێنێ. دەستە کۆڵبووگەکانی ئەساوێ بە یەکا،

ئێوە چاومن، خوا حفزتان کا بۆ دایک و باوکتان... مزیٚ گیان من حەسەنی خوەمم گەرەکە. کوڕ خوەمم گەرەکە. فرمیسکەکانی بە خوڕ تێتە خوارەو بە چرچەکانی سەر دەم و چاویا. من کوڕەکەی خوەمم گەرەکە. حەسەن براکەم چۆنی رازی کەم؟... چۆن بتوانم پێی بێژم.

*

له شارەوە هەواڵیان هێنابوو کە کەس و کاری هێندێک لە پێشمەرگەکانیان گرتووە و دەیانەویٚ لەگەڵ ئەو پاسدارانە کە لە شەڕەکەدا گیراون بیانگۆڕنەوە. پێشمەرگەکان هاتبوونە هێز و داواین دەکرد کە کارێکیان بۆ بکریٚ.

- ئەریٚ بابە خوەمان نەمان گرتگە؟ خوەیچمان ئەیەنەو پێیان و دایک و باوکمان ئازاد ئەکەین.

- جا بێژە ئاشبەتاڵە و ئەها. جا ئەگەر هەر جارێک ئێمە چوار بگرین و ئەوان شانزەمان لیٚ زیندانی کەن و گەرەکیان بیٚ بیگۆڕنەوە جۆ هیچ ناکرگیٚ.

- ئەریٚ وەڵا، کەڵەک خاسێکە. هەم ئەسیرەکانیان ئازاد ئەکەن، هەم خانەوادەکانمان تەبعید ئەون و ئەیانکەنە گرەوگان.

ئاخری فەرماندەی هێز و کاک شەریف وایان بە باش زانی کە زیندانییەکان بە ئاوایییەکاندا بگێڕن و پاشان بەڕێیان کەن بۆ زیندانی ناوەندی.

- بەمجۆرە بکەین خەوەر ئەگەیتەوە بە سپای پاسداران و زانیان هیچێکیان پێ ناکرگێ، شایەت گرەوگانەکان بەر بەن.

پێشمەرگەکان دڵێک رازی و دڵێک ناڕازی ملیان کەچ کرد. سەی رەحیم بەڕێکرا لە دووی حەمە و دیلەکان.

حەمە پاش شەڕەکە نەگەڕابووەوە. لەو گوندەی کە زیندانی لێیبوو مابووەوە و چاوەدێری دیلەکانی دەکرد. لەبەر خۆیەوە دەیگوت: بەشکەم گەرەکیان بێ هەڕا کەن، با خوەم بیان تۆپنم. جار و بار خۆی لێیان گێل دەکرد و بێ نگابان دەیانی ناردە سەرکانی کە ئاو بێنن یا لە چۆمدا خۆیان بشۆن. لە دوورەوە دادەنیشتە پارێز: کورە پیاک خاسێک بن، هەڕا کەن، کورە بۆچە ئەونە بێ غیرەتن؟ وا دیار بوو، پاسدارەکان هەر خەریک نوێژکردن بوون و لە خەیاڵی هەموو شتێکدا بوون، هەڵاتن نەبێ. نە زوانیان دەزانی و نە رێگا. تەنانەت نەشیاندەزانی لە کام گوڵە زەوی ئەو وڵاتەن. زۆربەیان وەیاندەزانی لە خاکی عێراقدان. ئاسایی بوو ئەگەر جاشە زیندانییەکان یارمەتییان بدەن. بەڵام ئەوانیش هەر کە دەگەیشتنە زیندان ئیتر خۆیان تێکەڵی

پاسدارەکان نەدەکرد و هەر بە تەما بون لێیان خۆشبن و بیانکەن بە پێشمەرگە.

حەمە و دیلەکان ئەو رۆژە گەیشتنە ریێکخراو کە خەلیل هاتبوو داوای دەکرد بیکەن بە پێشمەرگە. فەرماندەی هێز بەخێرهاتنی کرد و رایگەیاند کە زۆر جێگای شانازییە کە برای شەهیدێک چەک هەڵدەگرێ. بەڵام کاک شەریف منجەمنجێکی کرد و گوتی:

- کورڕم بۆ لەتەک دایکت و منداڵەکانا نەچوویەوە بۆ شار؟

خەلێل هەڵیدا کە دەیەوێ تۆڵەی براکەی بکاتەوە و لە رزگار کردنی کوردستاندا بەشدار بێ.

خەلیل لە دەرەوە چاوەڕوانی بڕیار بوو کە حەمە چووە ژوورەوە.

- حاڵی ناوم، ئەوانە بە خوێنی چیمەن تینگن. تا ئیسە دە دەفعە هەڕەشەیان لێکردگە کە ئەیکوژن. چۆن ئیسە هاتگە بویتە پێشمەرگە . بە شەرەف ئەم ماسە بێ موو نییە.

- ئەی وەختێک ریێگای شاری نییە چە بکا. هەر ئەشێ چەک هەڵگرێ. ئەم موبارزە هەر بەناو من و تۆ نەنووسیاگە کاک حەمە!

- دەی فەرموو، ئەمەیش قسەی ئامرهێزەکەمان. ئاخر ناوێ سئوال و جواوێک، چتێک بوێ.

حەمە فەرماندەی هێزی پێ رازی نەکرا و کاک شەریفیش خۆی لە باسەکە بێخاوەن کردبوو.

- ئەگەر واسە، منیش لێرا ئەمێنمەو، خەلیلیش بەن بە پەلەکەی من.

- کار بۆ خوەت مەتاشە کاک حەمە! ئەشێ ئەو ئەسیرگەلە بوەی بۆ زیندان ناوەندی. چوار پێشمەرگەیش لەتەک خوەتا ئەوەی. بە دێهاتەکان دەور شارا ئەیانگەڕنی با هەرچێ کەسە بزانێ ئەوانە لەم مەنتەقا نامێنن.

حەمە ماوەیەک بە دووی چیمەندا گەڕا، نەیدیتەوە. کاروان ساز بوو، دەبووا بەڕێکەوتبان. کە گەییشتنە دووڕێیانەکەی گەلێن چیمەنی لە باخچەکەی سمایلە بۆردا دیتەوە کە لەگەڵ ژنان دەسکەنەی دەکرد. نەیزانی دەبێ چ بڵێ. لەو ماوەیەدا بیریشی لێی نەکردبووەوە کە سەرێکی لێی بدا و ئێستاش بەدەم ڕێیەوە چاوی پێدەکەوت.

- چە بکەم زینگی پێشمەرگایەتی ئەمەسە.

چیمەن دانیشت چڵێ گیای هەڵکێشا. چاوی لەبەر پێ خۆی بڕی. چڵەکیاکەی بە ددان گرت و کرۆشتی. هەموو ئەو قسانەش کە لە دڵیدا بوو کرۆشت.

- بڕۆ حەمە. بڕۆ خوا حافزت بێ. بەختە رەشەکەی منە، خەتای تۆ نییە.

حەمە دەستی بەسەر گۆنای چیمەندا هێنا و بەڵێنی دا زوو بگەڕێتەوە. چیمەن سێ چوار هەنگاو لە دووی رۆیشت و دوایە چاوی خستە شۆنی هەتا لە چاو ون بوو.

حەفتەیەکی پێنەچوو هەموو کەسوکاری پێشمەرگەکانیان شارەودەر کرد و دووریان خستنەوە بۆ لای "یەزد" و "کرمان" لە ناوڕاستی ئێران. دایکی چیمەن هەر لە زیندان راگیرابوو.

خەلیل چەکی وەرگرتبوو و لە ریزی پێشمەرگەدا بوو. جامەدانێەکەی لە تەوق سەری دادەنا و دەستی بە تەسمەی تفەنگەکەیەوە دەگرت و بە نێو دێدا هاتووچووی دەکرد و خۆی نیشانی چیمەن دەدا. کە چیمەن بە سووکی دەگرت و نەیدەدواند فیزی دەنیشتەوە و پەشۆکاو لە سووچێک دادەنیشت. کڵاو و جامەدانێەکەی لە باوەش دەنا و بیری دەکردەوە. دەیزانی پیاوی پێشمەرگایەتی نییە. هەر لە سەرەتاوە بەلای چەکدا نەچووبوو. کاتێک نازێ کوژرا بە فیزی لاوەتییەوە

بەڵێنی بە خۆیدابوو تۆڵە بستێنێ و هەرچۆنێک بووە بکوژەکەی پەیدا بکا و بیکوژێ. ئەویش نازێ خۆش دەویست. ئێستاش چاوە شۆخەکانی نازێی لەبەرچاو ون نەببوو. ئەودەم دەمانچەیەکی کڕیبوو و بڕیاریدا بوو هەر کە بزانێ چ کەسێک نازێ کوشتووە گوللەیەک لە نێو چاوانی بدا. دوو شەو دەمانچەکەی لە لابوو. خەوی لێنەدەکەوت. ئەگەریش دەنووست خەونی بە خوێن و کوشتنەوە دەدیت و لە خەو رادەچڵەکی. ئاخری چەکەکەی بردبووە بازاڕ و فرۆشتبووی. "چۆنە بە بگەڕمە شۆن ئەوە وا نازێ کوشت، بیکوژم و بچمەو. باشە خولە سوور بەوە رازی ئەوێ؟ تازە خۆ نازانم کاورا ماگە یا نە، شایەت ئەویش بووگە بە جاش. یا ئەگەر پێشمەرگە بێ خوا ئەزانێ ها لە کام چەم و دۆڵا."

بە بیرکردنەوە لە چیمەن رق و تورەیی لە دڵیدا سەری هەڵدەدا، تەوس و پەلاری خەڵکی بە بیر دەهاتەوە کە لەسەر ئەو پێیاندا دابوو. "چیمەن ئەکوژم و ئەچمە لای حاجی مەنسوور. ئەو لە خولەسوور زیاتر دەسی ئەڕوێ. هەم ئاوڕووی خوەمم سەندگەسەو، هەم کارەکەم دروس کردگە."

چیمەن بە بوونی خەلیل لەو دەوروبەرە هەستی بە پیلانێک دەکرد. دڵی بڕوای نەدەدا قسەی لەگەڵ بکا بەشکەم شتێکی لێ

تێبگا. نەشیدەتوانی لەخۆڕا تاوانباری بکا. ئەم هەستەی لەگەڵ سیامەکدا باس کردبوو کە ئێستا ببوو بە هاورازی چیمەن و بە گاڵتە و قسەی خۆش لە پەژارە دووری دەخستەوە. لاقی سیامەک لە گەچ گیرابوو و بە بەردێکەوە بە میچەکەیانەوە هەڵاوەسی بوو. جووڵەی لێبڕابوو. بەیانی هەتا ئێوارە گاڵتەی بە لاقی خۆی دەکرد. جار دەیگوت "لولە تۆپی حیزبە" و دوایە حەواڵەی نەبەتری جاش و پاسداری دەکرد. بە سمایل کە دەست و شانی پێچرابوو و دەستی بە ملیەوە هەڵاوەسرابوو، دەیگوت:

- دەستی بووگە بار بە ملیەو، خوەیچی بووگە بار بە مل کاک شەریفەو.

- - هەر ئەونە زەخمی ئەون، ئیتر یا مناڵ ئەونەو و بەهانە ئەگرن ئا ئەون بە فەخر بەسەر دنیاوە. ئاخریشی جێگەیان ئەوێتە پاڵ کوانگەکەی رێکخراو و بەتەقەی تۆپیش هەڵناسن.

- سەد چتی تریش بێژی کاک شەریف گیان، پوڵ چای و سگارەکەم هەر ئەشێ پێبەی.

کەسی چیمەن ببوو بە سیامەک. لە بەیانییەوە هەتا شەو درەنگان بە دەور و پشتیدا دەهات. چێشتی بۆ لێدەنا، قسەی ناو

دێ بۆ دەگێڕایەوە، جامی لە ژێر دەگرت و سیامەک لە شەرمان سەد ڕەنگی دەگۆڕا. بەرە بەرە هۆگری ببوو. شەوانە پێش نووستن لە فکری ئەوەدا بوو کە بەیانی چ بۆ سیامەک لێنێ. بە خەیاڵییەوە دەنووست و بە بیریەوە هەڵدەستا. هەستێکی گەرم و دوور، لەوانە کە تەنیا لە سەرەتای لاوەتیدا دڵی گووشیبوو لە قووڵایی دڵیدا دەکوڵا. نا، نەیدەزانی خۆشەویستییە، ئەڤینە، یا تەنیاییە. چاوە ڕەشەکانی سیامەک لە ژێر قژی لوول و ڕەشدا، پڕ بوو لە سپاس و خۆشەویستی و ئەو دەیزانی و نەیدەویست، ڕێگای نەدەدا بەسەر زاریدا بێ. بەسەر زاری هیچیاندا. گەرچی سیامەک هەرچی پێخۆشبا بەسەر زاریدا دەهات، بەڵام لە هەمان کاتدا لاوێکی شەرمن بوو. سەرد و گەرمی دنیا نەیڕەتاندبوو و دەرفەتی خۆشەویستی پەیدا نەکردبوو. تەنیا پێشمەرگەی ئەو هێزە بوو کە دیپلۆمی وەرگرتبوو. شێعری لەبەر بوو. کتێبی دەخوێندەوە و لە سیاسەتی ڕێکخراو و گروپە جۆربەجۆرەکان تێدەگەیشت. تەنیا پێشمەرگەی ئەو ناوچە بوو کە دەیزانی بە کوردی بنووسێ. لە بابی فێر ببوو. بابی مامۆستا بوو، خوێندن و نووسینی کوردیشی دەزانی.

"ئەوەڵ دەفعە باوکم قسەی جمهوری کوردستانی بۆم کرد. ئەوایل ئینقلاب بوو. گشت شارەکان پڕ بوو لە مەقەڕ حیزب و سازمان جۆراوجۆر. منیش گەرەکم بوو بوم بە ئەندامی چریکە فیداییەکان. چەن رۆژ ئەچووم بۆ لایان. شەوێک باوکم پرسی "چ خەوەرە؟" منیش بە شۆخی وتم هەر لە سفحاو هەرتا ئێوارە یەکسەر قسە ئەکەین، وەلێ گشتی بە فارسییە. نە بەحسی کوردە و نە کوردستان. ئەیژی ئەیرە مەحەلەیک لە تارانە. ئەو وەختە باوکم داستان شۆڕشی کورد و جمهوری بۆم گەڕانەو. هەرتا ئەو وەختە هەر نەمژنەفتو چتێک بەم جۆرە بووگە. وەک بێژی مەردم ئەترسیان قسەی بکەن. "رۆڵە ئەگەرکەسێک گەرەکی بێ لە کورسانا موبارزە بۆ ئەو سەر دنیا بکا و بۆ حقۆق مللەت کورد هەوڵ ناا، رۆژێک جێ تێڵێ و ئەچێ. ئەگەر گەرەکتە لەتەک ئەو خەڵکا زینگی بکەی، ئەشێ هەوڵ بۆ ئەو بەی"... کەفتمە شۆن قسەی باوکم، لەبەر ئەوەسە قاچم بە ئاسمانەو بەسیاگەسەو.

دوکتور جەماڵ و سمایل و سیامەک میوانی چیمەن بوون بە جەرگی برژاو. هەموو رۆژانی پێنجشەممە سەی جەلالی قاوەچی مەڕێکی دەکوشتەوە و گۆشتەکەی دەفرۆشت. بەشی زۆری کڕیارەکانی پێشمەرگە و کادری رێکخراو بوون. ئەو رۆژە

جەرگ و دڵەکەی بە چیمەن بڕابوو. جەماڵ جار وبار بە دزییەوە مێوژی لە ئاو دەکرد و مەنجەڵی لەسەر ئاگر دا دەنا و ئارەقی دەگرت. ئەو شەوە توونگەیکی لە ژێر تەختەکەی سیامەک دانابوو و کەس پێنەزانیێ، دەیانخواردەوە. قاقای پێکەنینی جەماڵ لە چیمەنی گەیاند کە ئارەقیان هەیە.
کەبابەکەی هێنایە ژووریێ و گوتی:

- دابزانن مەزەی خاسم دروست کردگە؟

جەماڵ بە گیانی من و گیانی تۆ، نیوە ئیسکانێک ئارەقی بۆ چیمەن تێکرد و ئەویش یەکسەر خواردییەوە. یەکەم جار بوو ئارەقی دەخواردەوە. هێندی پیێ تاڵ و تیژ بوو کە ئەگەر لەبەر تانەی ژن بوون نەبا دەیڕشتەوە. پلێک کەبابی لە زاری نا و چوە دەرەوە. هەموو نێو زکی ئاگری گرتبوو. پڕ زاری کرد لە هەوای فێنکی شەو. تیژییەکە ڕەوییەوە و گەرما گەیشتە سەر و چاوی. ماوەیەک چاوی لە ئاگری سووری پۆلووە گەشاوەکە بڕی، هەستی کرد دەیەویێ دیسان بخواتەوە. ڕۆیشت لە تەنشت سیامەک دانیشت. هەتا دوایی هات دوو نێوە ئیسکانی دیکەشی خواردەوە. هەستی کرد پەرژینەکانی دەوری یەک یەک دەڕوخێن.

جەماڵ ژێرباڵی سمایلی گرت و وەدەرکەوتن. چیمەن پرسی:

- بۆ کوێ چوون؟
- چوون پفی پیا کەن.
- پف بە چا کەن؟
- بە سرناکەی کاک ئەکبەرا کە لە جیای دەنگ دووکەڵی لێ تێتەدەرەو.

سیامەک زۆری نەخواردبووەوە، بەڵام هەستی دەکرد خەمی هەزارساڵ لەسەر دڵی کۆ بووەتەوە. بۆ مردنی حەسەن نەگریا بوو، بۆ نادر نەگریا بوو. بۆ بەجێهێشتنی منداڵییەکانی خۆی نەگریابوو. گریان ئەوکی دەگوشی. ئەڤین ئەوکی دەگوشی. خەمی غەریبی دایگرتبوو و باسی دایکی دەکرد. باسی رۆژانی دەرسخوێندن و باخەکانی دەور شار. باسی شەقامەکانی شار و گەڕان و گۆرانی گوتنی شەوانی کوچەکان. باسی لاقی شکاوی خۆی.

چیمەن گوێ بۆ شل کردبوو و مات بوو. وێنەی دەموچاوی سیامەک کە شەوقی لامپاکە لایەکی روون کردبووەوە وەکوو ئارەزوویەکی دوور لە پێش چاوی بوو. دڵی دەکولا، بەڵام بە هەموو توانایەوە هەوڵی دەدا ئاگرەکە تووندتر نەکا. تەنیا قامکەکانی وەکوو شانە بە قژی سیامەکدا دەهێنا. وەک لاواندنەوە، وەکوو ژیر کردنەوە... کە دڵپڕی بوو بە فرمیسک و

چاوە رەشەکانی سیامەکی داپۆشی، چیمەن قرپەی شکانی لە دڵی خۆیدا بیست. گڕێک هەموو گیانی داگرت. فرمیسکەکانی سیامەکی بە لێوە ئاگرگرتووەکانی لستەوە و سەری لەسەر سینگ گووشی هەتا نسکەی نیشتەوە.

- خۆزگە... خۆزگە زینگی ئەونە تاڵ نەوای چمەن.

چیمەن ترسا ئەگەر بێدەنگییەکە بشکێنێ بۆخۆی بڕوخێ. ئارام هەستا، خۆی لە تاریکی شەوی ناو گوند هاویشت. خەلیل لە پەنا مزگەوت لەسەر ریگای ماڵی حەمەغەریب خۆی حەشار دابوو. چیمەنی دیت کە لە دەرمانگاوە بەرەو کانی رۆیشت. چیمەن تاوێک گوێ بۆ خوڕەی ئاوەکە شل کردکە تێکەڵی کشەی شنەبای نێوەشەو ببوو. هەستی بە سەرما کرد. باوەشی بە خۆیدا کرد و هەستا. پێیخۆشبوو هەتا بەیانی بەڕێگادا بڕوا. بۆ کوێ، گرینگ نەبوو، بەس بڕوا، هەتا...هەتایە. نەیوێرا بگەڕێتەوە لای سیامەک. لە خۆی دەترسا. لە هەموو ئەو گەرەکبوونەی کە هروژمی بۆ هێنا بوو، دەترسا.

بێ ئەوە کە بڕیاری دابێ بەرەو ماڵ، بەرەو هێلانە سارد و سڕەکەی داکێشرا. سەری داخستبوو و دەڕویشت. دەتگوت لەو دنیایەدا نییە. تەنانەت چرتەی لە زامن ترازانی تفەنگەکەی خەلیلی نەبیست کە سێ هەنگاە لەولاترەوە لە پەنا دیوارەکە

سێرەی لێگرتبوو. خەلیل دوو جار قامکی چووە سەر پەلەپیتکەی تفەنگەکە و گەڕایەوە. چیمەن لە پێش چاوی وندەبوو، چاوی پرواند. دیسان تفنگەکەی هەڵێنا، سێرەی گرت، دەستی دەلەرزا، ئارەقەی کردبوو. پێینەکرا، لە پەنا دیوارەکە چۆکی شکاندەوە و دانیشت. هەتا تەقەی پێوەدانی دەرکەی ماڵی حەمە غەریب گەییشتە گوێی.

*

- باشە کاکە، ئەمە خۆ لەم نامەیەدا نووسراوە شازدە دیلتان پێیە، کەچی چوارتان لەگەڵە؟

حەمە چاوێکی لە پێشمەرگەکانی هاورێی داگرت و بە مینجە مینج گوتی:

- وەڵا بێژەم چە کاک گۆران... کەفتینە کەمین.

- یانێ چی لە کەمین کەوتین برا؟ هەڵاتوون، بەریانتان داون؟ کوژراون؟ خۆ هەروا نابێ!

- لە پایگاکانی "بایەوا" ئێران و عێراق بە یەکەوە دامانیانە بە تۆپ و قومپارە. هاتین لە چەمەکە بپەڕینەو دەسرێژیان لێمان کرد. ئیتر ئەونەیان لێ ماگەسەو.

- لە پێشمەرگە چەند شەهید و بریندار هەیە؟

- شوكور گشتیان بە سڵامەت دەرچوون. ئاخر ئەسیرەکان دەسیان بەسیاو نەیانتوانی هەڕا کەن.

- کاکە ئەو چیرۆکە بە من لێک نادرێتەوە. دەبێ بچنە ناوەندی، برادەرێکی ئێمەش لەگەڵتان دێ.

لە ناوەندیش باوەڕیان بە چیرۆکەکەی حەمە نەکرد. پاش بێنە و بەردەیەکی زۆر، چیرۆکی پێشمەرگەکان و دیلەکان بوو بە یەکێک.

- بەڕێگا کە ئەهاتین حەمە هەر بۆڵەی ئەهات:" چوار پێشمەرگە و شانزە زیندانی. مامریش بن ئەگەر گەرەکیان بێ نەچنە کولێنەو بە چوار پیاگ ناگیرگن." شەوگەل لە دێهاتەکانا گشتیانمان ئەکردە ناو مزگت و ئەشیا هەرتا سفحا دووان دووان نگابانی بەین. بە رۆژا چوون و بە شەوا شەش سەعات کێشک خەسەمانی کربوو. پاسداریش کونا بە کونا ئەگەڕیا بە شۆنمانا. بازێ شەو لە ناو گیشە گیا ئەخەفتین. زیندانییەکانمان بە گورێس ئەبەست بە یەکەو. شەوێک گورێسەکەیان پچڕیبوو. کێشک کاک حەمە بوو، ئەو ئەیوت لە دەرچوونا داگیانیە بەر دەسرێژ. کاتێک ئێمە خەوەرەو بووین هەر ئەو چوارە ساق بوون.

- باوەڕکەرتان کوێر بێ.

حەمەیان چەک کرد و ناردیانە زیندان. بە ڕێکخراوی سنەیان ڕاگەیاند کە جارێکی دیکە بە بێ ئیزنی سەرەوە زیندانی بەڕێ نەکەن. کارەساتەکەشیان بۆ کاک شەریف نووسییەوە. بە پێشمەرگەکان و بە کاک شەریف ئەسپێردرا کە ئەم ڕووداوە لای کەس باس نەکرێ و وەکوو نهێنی بپارێزرێ.

پێشمەرگەکان کاتێک گەیشتنەوە ناوچەی ژاوەرۆ کە بڵاڵوک پێگەیبوو، چیمەن لە باخی "عەبەی خەجێ"دا یارمەتی ژنانی لە بڵاڵوک رنینەوەدا دەدا. پێشمەرگەکان بەوێدا تێپەڕین. چیمەن لە باتی خاوەن باخ بانگی کردن و لە میوەکە بەشیدان و ناسییانیەوە. پرسی:

- حەمە لە پێشتانەو چووگە یا جێ ماگە؟
- حەمەیان گلەوداگە لە سەرەو. لە ناوەند کاریان پێ بوو. وابزانم بۆ کاک شەریفیان نووسیگە.

چیمەن نەیتوانی هەتا ئێوارە تاقەت بێنێ. بە دووی پێشمەرگەکاندا چووە مەقەڕی ڕێکخراو. کاک شەریف چاویلکەکەی لە چاویدا میزان کردبوو و نامەی دەخوێندەوە. چیمەن بێدەنگ لە چەق دەرکە دانیشت. کاک شەریف سەری هەڵێنا. پێشمەرگەکان پێیان گوتبوو چییان بە چیمەن گوتووە، ئەویش هەر ئەوەی گوت:

- فرەی پێناچێ ئەگەڕێتەوە.
- ئەگەر کەسێک چوو بۆ لای سەرەو بێژن پێم با نامەیکی بۆ بنێرم.

چیمەن دەیزانی شتێک هەیە و بە ئەو ناڵێن، بەڵام نەیدەزانی چییە. یەکێک لە پێشمەرگەکان لە پێش چایخانە راوەستابوو، زۆری سوێنددا، بەڵام زیاتر لەوە کە گوترابوو هیچی نەدرکاند. تەنیا سوێندی خوارد کە نەکوژراوە. بۆ سیامەکی گێڕاوە، ئەویش هیچ گومانێکی پێ نەبوو.

- بیری دەکەی؟

چیمەن چاوی داخست. ماوەیەک بێدەنگ بوو. دوایە بێ ئەوە چاو لە سیامەک بکا بە دەم رویشتنەوە گوتی:

- حەقی خۆم نییە؟

قورسایی سیبەری شووی بەسەر شانی خۆیەوە هەست پێدەکرد، بەڵام لە دڵیدا جێگای نەمابوو. حەمە نەیتوانیبوو ئەو بیرەوەرییە دوورەی کاتی لاوەتی بۆ بێنێتەوە و ئارەزوو بکا بە ژیان. ئێستا ئەو بیرەوەرییەش تەم دایگرتبوو. ئەو کاتەی کە دەیتوانی تاوێک بسرەوێ و چاو لە ئاوی چاوگەیەک ببڕێ، تەنیا سیامەک بوو کە لە ئاوەکەدا بە دەمیەوە پێدەکەنی.

یەکێک لە زیندانەکانی شاری سنە، زیندانی باشگای سنە بوو کە مۆڵگەی ناوەندی سپای پاسداران بوو. ئەم باشگایە کاتی خۆی لە جێگای قەڵای سنە کرابووەوە و لە هەر چوار لاوە بە سەر شاردا زاڵ بوو. هۆڵە گەورەکەی باشگاکە بە تێغەی خشتی خاو کرابوو بە هەژدە ژووری  تاکە کەسی. هەر ژوورە سێ، دوو یان یەک زیندانیی تێیدا بند کرابوو. ژوورەکان بە تەواوی تاریک بوون و زیندانییەکان تەنیا لە کونی سەردەرکەکانەوە هەستیان بە رووناکایی کزی ناو راڕەوەکە دەکرد. کاتێک دەرگای گەورەی هۆڵەکە دەکرایەوە هاڕەی ماشین و هەرای ناو شار و تەقەی شەوانە بە ئەستەم دەهات و بە ژوورەکاندا دابەش دەبوو و سنووری شەو و رۆژی بۆ زینداانییەکان دیاری دەکرد. کەس نەبوو بە تەقەی دەرکە دڵی دانەخورپێ، ئەگەر کاتی ناندان نەبوایە ئەوە کەسێکیان بۆ لێکۆڵینەوە دەبرد. لێکۆڵینەوەش مانای بەتاقی کردنەوەی هەموو ئەو ئەشکەنجانە بوو کە لە سەرتای ئیسلامەوە هەتا ئێستا بەتاقی کرابووەوە. بۆیە زیندانییەکان پێیان خۆشبوو لە تاریکی ژوورەکەیاندا لەسەر بەڕەی نمەون و لەناو ئەسپێ و کێچ و سیسرکدا دانیشن، بەڵام ئەو دەرکەیان لێ نەکردێتەوە.

سێ مانگ بوو مرواری لە یەکێک لەو ژوورە تاکە کەسییانەدا ڕاگیرابوو. لێیان نەدابوو. کاریان پێینەبوو. دەیانگوت "هەتا کچەکەت نەیتەوە ئێرە جێگاتە." مرواری بەو لە زینداندا بوونە دڵخۆشبوو. وەیدەزانی هەتا ئەو لەوێ بێ، یانێ کچەکەی نەگیراوە و نەکوژراوە. گەرچی هەموو بەیانان زیندانییەکانیان بە شەپ و شەق دەبردە دەستنوێژگرتن و دوایەش لە کونی دەرکەوە چاویان لێدەکرد بزانن نوێژ دەکەن یا نە، بەڵام کاریان بە مرواری نەبوو. ئەویان پێ شێت و خەرفاو بوو. لە کاتێکەوە هاتبووە زیندان نوێژی نەدەکرد. هەڕەشە و گوڕەشەی خۆشکەکانی زەینەبیش کە نگابانی زیندانییە ژنەکان بوون، کاری تێینەدەکرد.

– ئەیرە نە زەویەکەی نوێژییە و نە فەرش و جلەکان. نوێژ ئاوا، ئیمامە شێعەکانیش قەبوڵی ناکەن تا بگەیتە خوا و پەیغەمەر.

پاسدارەکان نێویان نابوو: پیرە گەور. تەواوی ئەو سێ مانگە ڕۆژووی گرتبوو و دایم تەزبێحەکەی بە دەستەوە بوو، نێوی خودای پێ دەژمارد.

– حەفتا هەزارم دەورە کردگەسەو. گشتی ئەوێ بە قەڵخان بۆ کچەکەم.

تاریکی و تەنیایی ببوو بە قەڵخانێک کە مرواری ڕۆژانی هەژاری و مەینەتباری خۆی لە پەنایدا دەورە دەکردەوە و کاتێک کەسێکیان بخستایە لای هەمووی بۆ باس دەکردن.
ڕۆژانی برسیەتی و سەرما و بێکەسی و غەریبی بە دوو منداڵەوە.
ڕۆژانی لارەملی و کڵفەتی و ڕەش و ڕووتی. ئای مرواری ئەمە ئاخرەکەیە؟... ئەگەر دەمزانی...

لەم دواییانەدا ئێشی نێوزکی زۆر ئازاری دەدا. شەو هەتا بەیانی نەیدەتوانی بخەوێ. جار جار خوێنی دەڕشتەوە.
نەیدەویست بە پاسدارەکان بڵێ. نەیدەویست بیاندوێنێ. لە لاتاو پێدا دانەکەیان دەپرنگایەوە. لەوەی کە نێوی کچەکەیان بە خراپە دەبرد. لەوەی کە پێی وابوو ناهێڵن بە ئاسوودەیی بمرێ.
هەتا ڕۆژێک ئەو پاسدارە کە بەیانییان چای دێنا دیتی مرواری لەناو ژوورەکەیدا کەوتووە و نەختێک خوێن بە لادەمیەوە ئیشک بووەتەوە. تەزبێحەکەی لەسەر سینگییە و جووڵەی لێەوە نایێ.

مروارییان بردە نەخۆشخانە. برینی مەعدەی هەبوو. دەبووا عەمەلی کەن و ئەوەش ئیزنی سپای پاسدارانی دەویست.
بەرپرسی سپا گوتبووی:

- هەتا برینداری شەڕ هەبێ ژووری عەمەل نادەین بە زیندانی و پیر و پاتاڵ. دەمرێ با بمرێ، کافرێک کەمتر. بزانن

ئەگەر خزم و کەس و کاری هەیە، بیبەن با لەلای ئەوان بمرێ.

بردیانەماڵی مەلێعە، دایکی خەلیل. بە خۆی با نەدەچوو. لە سووچی هەیوانەکە جێگایەکیان بۆ راخست و لێفە شڕەیەکیان پێیدا دا. زۆر ئاگای لە دنیا نەمابوو.

لەو کاتەدا کە مانگ دەگاتە نێوان ئاویەر و کوچکەرەش، لەو کاتەدا کە خەڵک دێنە سەربانان هەتا جامێک ئاو لە گۆزە سوورەکەی سەربان بخۆنەوە و لەناو پەشەبەندە سپییەکاندا بنوون، لەو کاتەدا کە پاسی دووهەمی پاسدارەکان دەگۆڕدرێ. لەو کاتەی کە حەوت ئەستێرەی "حەتەوانان" دەگەنە سەر چنارە بەرزەکەی "هاجەرەخاتوون" مراری چاوی بە ئەستێرەکاندا گێڕا هەتا گەیشتە بازنە ئەستێرەی "سفرەی فەقیان"، بزەیەک هاتە سەر لێوی، بابی گوتبووی " ئەوە سفرەی فەقییەکانە کە هیچی تیا نییە". زەردەخەنەکەی رەوییەوە، لەگەڵ ئاخر هەناسەدا ماڵئاوایی لە چیمەن کرد:

- چیمەن گیان ئەوە بەجێت تێڵم، ئەچم بۆ لای نازێ.

*

حەمە عەزیز لە شارەوە هەواڵی هێنا بوو. لە پێشدا گوتبووی دایکی چیمەن بەردراوە، بەڵام کە چیمەنی دیت نەیتوانی زمان بگۆڕێ:

- خویشکم نەمر هەر خواس، خۆت خۆش بی.

تەزێک بە دڵی چیمەندا هات لەبەر دەرکی نەخۆشخانە دانیشت. نەختێک ئاویان پێیدا و بردیانە ژوورەکەی جەماڵ. چیمەن لەو کچانە بوو کە بە مردنی دایک هەتیو دەبن. ئەو سێبەری بابی بەسەر خۆیەوە نەدیبوو. کە چاوی کردبووەوە دایکی دیبوو و دایکی. ئێستا ئەوە دایکی بوو مردبوو. بێدایکانە دەگریا. هەرا و شیوەنی نەدەکرد. لە خۆیدا دەگریا. بێدەنگ و بە نسکەنسک. "من کوشتم... من... من بوومە دەلیلی مردنی."

سەرەخۆشی بۆ مرواری دانەنا. پێ خۆش نەبوو ژنان بێن سەر لە باوەشی دانێن و بۆ کەسێک بگرین کە نایناسن. شەریکە خەمی راستی تەنیا سیامەک بوو. ئەویش بە دارەشەقەی ژێرباڵییەوە شەلەشەل دەهات و دەچوو و ئارامی لێبڕابوو. دەبوا چیمەنی دیتبا و نەشیدەتوانی بە ئاسایی بڕواتە ژوورەوە و سەرەخۆشی لێبکا. پەڕکێشی نەدەکرد.

لای بانگی عیشا بوو سیامەک خۆی بەماڵی حەمە غەریبدا کرد و سێ پەلان بە پلیکانەکاندا سەرکەوت و خۆی گەیاندە

بەرهەیوانەکە. غەریب و چەند پیاوی دیکە لەوێ دانیشتبوون. نەیزانی چای خواردەوە یان نا. بە رواڵەت گوێی لە قسەکانیان بوو بەڵام نەیدەبیست. ئاخری رووی لە حەمە غەریب کرد و گوتی:

- ئەرێ با سەرەخۆشییەک لە خوەیشکە چیمەن بکەین. زۆر زەحمەتی بۆ ئێمە کێشاگە.

- جا ئەوە حەقە.

پاشان دەنگی بەرز کردەوە:

- ئەرێ کوا... کێ ها لێنا؟ ئافرەت دابزانە، ئەوە کاک سیامەک گەرەکیە سەرەخوەشی لێبکا.

سیامەک هەڵپڕوکا بوو. هیچ شتێکی نائاسایی لە کایەدا نەبوو، بەڵام دڵەڕەپە بەری نەدەدا. بە چ وشەیەک دەیتوانی هەستی خۆی دەربڕێ؟ بۆی نەدەهات. زمانی لە زاریدا گرێ خواردبوو.

چاوە سوور بووەکانی چیمەن پێیگوت : لە کوێی دڵم دامرکێنی؟ بە لوی سەرپۆشەکەی فرمیسکەکانی لە ژێر چاوی گرتەوە و زۆر بە ئاسایی وەڵامی داوە.

- ماڵتان ئاوا. خوا باوک و دایکتان خوەش کا.

جەماعەتەکە بە دووی سیامەکدا هاتبوونە ژوورەوە و باسەکەشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. باس باسی زەرەر و زەحمەتی ئەوساڵ بوو. ڕێگا بەسترانی تازە، گیرانی ڕێگای مەریوان و کامیاران، نەخۆشی و نەبوونی دەوا و دەرمان. گرانی ئارد و ڕۆن و شەکر و چای و توتون. ئافەت لێدانی باخ و بێستان و نەبوونی سەم و سەمپاش. نەبوونی نەوت کازویل بۆ تورومپای ئاو و بۆ چرا. نەبوونی پێڵاو و جلوبەرگ...

- ئەری کاکە ئەوە چەس ئەیژی دنیاتان لێ بووگە کونا مشک. عەیبە. ئێوە کوردن. شۆڕش تاوانیشی گەرەکە. کورە پیاگ بن، پیاگ. هەر گەرەکتانە ژاندارمە قنگ رەشەکان بێنەو تواشای ژن و مناڵمان کەن. ئەری ئەم ورتە ورتە کەی تواو ئەوێ. مەردم سەر و ماڵی چووگە، ئێوە خەفەت چوار هەمرۆە کرمۆڵە ئەخوەن.

- وەڵا خۆ فەرمایشە کاک حەمەغەریب. وەلێ من ئەیژم تا کەی؟ ئەی ئەو پێشمەرگەگەلە ئەشێ بە چە زینگی کەن. ئەمانە مەێمان ئێمەن، ئەشێ خەومەتیان بکەین، وەلێ ئەشێ خوەمان چتێکام بێ هەرتا تەک ئەوانا بەشی کەین؟

- ئەوە سەیلاوە هاتگە. ئەشێ باوش بە یەکا بکەین هەرتا ئاو نەمانوا. هەرتا هەسمان بەیەکەو ئەیخوەین. نەیشمان

ما ئەوە بە یەکەو سەردائەنین و ئەمرین. کورە بۆچە ئەونە دڵ بووچکن، ماڵ ئاوا، ها؟ کاک سیامەک چەت وت؟

سیامەک لەو دنیادا نەبوو، نەیدەزانی چ گوتراوە و دەبێ چ بڵێ.

- وەڵا بیژم چە. ئێمە ئەیژین مەردم هەرچی بێژن ئەوە راسە.

- ئاخر قوربان دەس و شانتان بم. مەردم ئەتوانێ بیژێ چە، مەگەر لە مەردمتان پرسیگە؟ ئیسە من بێژم کاک سیامەک ئاوا مەچۆ، ئاوا بچۆ، بزانم لێم قەبوڵ ئەکەی؟ نا نایکەی. تۆ قسەکەر خوەت هەس. ئێمەیش چاومان ها بەدەس و دەم ئێوەو. داخۆ چ بیرێکمان بۆ ئەکەنەو. ئێمە پامان لار دانین پامان ئەشکنن قوربان، مەفەرمو. ئێمە کوا قسەمان یەک ئەگرێ.

سیامەک باسەکەی بڕییەوە.

- ئیشاڵا خاس ئەوێ.

چاوی بڕییە چاوە تەڕبووەکانی چیمەن. ئاواتێکی نەگوتراو کەوتە نێوان نیگایان. "کوا ئەکرێ بوترێ چیمەن". نەدەکرا، نەکرا. سیامەک هەستا.

- هەرچی دەفعەس هەر وا ئەیژین. خەمی ئاخرتان بێ.

- کاک شەریف ئێمە گەرەکمانە رێکخراو ژنان دانین.
- بۆچە ئەیرە رێکخراو پیاگانەس؟
- راسە رێکخراو پیاگگەل نییە، وەلێ تەنیا پیاگی هاتیا.
ئێمە گەرەکمانە بەشی ژنان دانین.
- موبارەکە... دەی ماتڵ چەن؟
- ئاخر ئەشێ ئێوەش کۆمەکمان کەن.
- مەگەر ئێوە خوەتان ئەندام ئەم رێکخراوە نین؟ دەی ئەوەیچە کاری ئێوەس. فەرمون چاکەن بیکەن.

سێ ژن بوون. ، ژنی کادرەکانی رێکخراو و دوو کچی شاری. لە کاتێکەوە لەشار هاتبوونە دەرەوە، بەتاڵ و بێکار دەسوورانەوە و کاریان ببوو بە خوتە و بۆڵە بەسەر پیاوەکانیاندا. ماوەیەک جلی پێشمەرگەیان لەبەر کرد و پوزەوانەیان لێ هەڵکێشا و بەناو دێدا بە کش و فش ئەمسەر و ئەو سەریان کرد. ژنانی دێ تەنانەت نەیاندەوێرا چاکوخۆشییان لەگەڵ بکەن. نێوی خۆیان نابوو "هەڵاڵە و گوڵاڵە و بەهارە". ماوەیەک هەرکام توورەکەیەک دەرمانیان بە شانیاندا دابوو و دێبەدێ دەگەڕان، نان و هەنگوێنیان دەخوارد و باسی پاک و خاوێنییان بۆ ژنانی دێ دەکرد.

- جا ئەو گشتە ساون و گەرت و کرێم و ئەلەم و قەلەمە لە کوێنا پەیا کەین، مناڵی پێ بشۆرین. ساونێکیان بە سەوقات بۆم هاوردگە دابزانە قنگ منالّی پێ ناشۆرم.

- ئەوە هاتوو شۆردمان. بە سەعاتێک لەناو خاک و پەینا هەر وەک خوەی لێ تێتەو.

- کنا ئەمانەیش وەک مەعمووره هەوڵەکوتەکان جارانن، وا ئەهاتن زوورەی مناڵیان دەرەهاورد. خۆ ئەمانە دەرزی لەرز و یاویشیان نییە.

نەبوو ئەوەشیان پێنەکرا. نەیاندەزانی بە زمانی خەڵکی لادێ بدوێن و بەو شتانەی کە هەیانە رێگای پاک و خاوێنییان بۆ بدۆزنەوە. کێچ و ئەسپێ مالانیش وەڕەزیانی کردبوو.

ماوەیەک بەناو باخاندا گەڕان و میوەیان خوارد و گوێیان دایە قسەی ژنان و ئاخری گەیشتنە ئەو ئاکامە کە دەبێ وەکوو لە شاردا هەبوو، لێرەش رێکخراوی ژنان هەبێ.

- تواشا، ئێمە گەرەکمانە ئەو رێکخراوە موستەقێل بێ و پیاگەکان خوەیان قاتی نەکەن.

- دەی باشە، بۆچە هاتگن بۆ لای من. من بە پیاگ نازانن؟ یا هاتگن هەڕەشەم لێ کەن.

-     تۆ بێسە هەڵاڵە. نا کاک شەریف گەرەکمانە ئوتاقێکمان پێ بەی، بیکەین بە بنکەی ڕێکخراوەکەمان. پیاگگەلیش جەمەو کەین داوایان لێ کەین کە ئیجازە بەن ژنەکانیان بێنە ڕێکخراو.

-     باشە ئەشێ بە پیاکان بێژن، ژنەکانیان لە ڕێکخراوا چاکەن.

-     تواشا، ئەوان حەقیان چەس؟ ژن خوەی تەسمیم ئەگرێ. کەیف خوەیە لە ڕێکخراوا چاکا. مەگەر ئێوە نایژن ژن و پیاگ حقوق وەک یەکیان هەس. ئەی بۆچە ژن بەسەزوان لە سفحاو هەر خەریک گەوڕ و تەپاڵە و مناڵ و هەزار مەینەتترە، وەلێ پیاگەکان لە سەربان مزگتا خەریک گوێزان و شۆخی و ئەختەڵاتن. دەی با ژنگەلیچ دوو سەعات بێنە ڕێکخراو چتێک فێر بن.

-     من موخالف ئەوانە نیم کە دەفەرمون. پیاکانیش خەریک ئاودان و شەغرەکێشان و جفت کردن و هەزار هەڕگ گرتنەوەیترن. بۆچە پیاکان تێنە ڕێکخراو شتێک فیربن، هەرتا ژنەکانیشان چاویان لێ بوەڕن.

-     ئەوە خەتای ئێوەس. لەودواش ئێمە قسەی ژنان ئەکەین، پیاکان خوەیان تەمەڵن بە ئێمە چە؟

- باشە چەیان فێرئەکەن؟ کە ئەگەر شووەکانیان پرسییان، ئێمە بێژین پێیان.

- ئەوە هەڵاڵە خەیاتییان فێر ئەکا، گوڵاڵە چێشت لێنیان و بێهداشت. منیش جاکەت چنین و خوەندن و نووسیینیان فێرئەکەم.

- موبارەکە. سێ چوار کار زیا ئەکەن لە کارەکانیان وا بۆ خوەتان ئەیژن فرەس.

- تەقلیتمان پێ دەرتێری کاک شەریف؟

- خوەیشکم، ئەو چێشتگەل شارییە کە تۆ ئەیزانی بە شەلەم و دوینە و بڕوێش دروس ناکرگێ. تۆ لە بەرا پارچە پەیا بکە لەودوا فێر خەیاتییان بکە. ئەو گۆروا و پوزەوانە و جاجم و بەڕە کە ئەیوینی کار دەسی ئەم ژنگەلەسە کە ئێوە گەرەکتانە فێریان کەن. راسە خوەندن خاسە، وەلێ ئێوە ئەگەر راس ئەکەن لە بەرا مەدرەسەیک بۆ منالگەل بکەنەو.

- دابزانە! وەختێک ئێمە ئەیژین با پیاگگەل قاتی نەون لەبەر ئەمەسە. دەزانین ئەیشێونن.

- ئێوە نایژن ئەشێ موستەقێل بین؟ فەرمون بڕۆن لە جێگایک موستەقێل دوکان خوەتان دانن. من ناتوانم ئەم بارە بوەمە ئاسیاو.

- ئوتاقی بە تەنیا ژنێک دا وەلێ نایا بە گشت ژنگەل.

دوکتور جەماڵ ژوورێکی نەخۆشخانەی بۆ بەتاڵ کردن و لەسەر مقەبایەک بە دەوا سوورە نووسی "رێکخراوی ژنان" و لەسەر دەرکەکەی چەسپاند. لەو رۆژەوە سێ یاریدەدەر بۆ جەماڵ پەیدا بوون. هەر کەس بۆ دەرمانی ژانە زک و نەخۆشی ژنان و برینی دەست و لاقی منداڵەکەی دەهاتە نەخۆشخانە جەماڵ دەینارده رێکخراوی ژنان و بۆ خۆی لە چایخانە لێی دانیشتبوو.

- تواشا، ئەمە کوا کارە؟ لە جیای ئەوە ژنگەل بکەینە ئەندام رێکخراوەکەمان، خوەمان بووینە ئەندام دەرمانگا، حەتا جەلەسەیکیشمان دانەنیاگە.

- تازە هەر دەسمان پێکردگە، ناوێ بچینە دواوە. پێمان ئەکەنن. بەر لە هەر کەسێک شووەکان خوەمان چیرٍمان لێ ئەکەنەو.

- ئەری بۆچە پرسەیک بۆ دایک چیمەن لێرا دانەنین و ژنگەل بەو بۆنەو جەمەو کەین. هەم جەلەسەس و هەم پشتگیری لە ژنگەل.

- تۆ بێژی چیمەن قەبوڵ کا؟ هەرچی شیرین و ناشیرینمان پشتەسەرە پێ وتگە گشتی ژنەفتگەسەو.

– جا نەو نەوگە، هەر ئەویتەو بە ئەمەی ئیسە.

*

ژووری ڕێکخراوی ژنان پڕ ببوو. چەند ژنیش بە پێیەوە راوەستابوون. چیمەن لەبەر دەرکە راوەستابوو، وەڵامی سەرەخۆشی خەڵکی دەدایەوە. نەیویستبوو خۆی بکاتە خاوەن پرسە و دانیشێ و ببێ بە گریان و نوکە نوک. بەرپرسانی ڕێکخراوی ژنان لە پشت مێزێک راوەستابوون و بەخێرهاتنی ژنانیان دەکرد. مەعسومە چای دێنا و پیاڵەی بەتاڵی خڕ دەکردەوە. ژنان ورتەورتیان تێکەوتبوو.

– کەی پرسە ئاوا بووگە کنا، گوڵاوێک، فاتحە خوەندنێک، گریانێک؟

– – وابزانم ئەمە رەسم شارە.

– من لە شاریچا چووگمە پرسە ئاوا نەوگە. کەی ساحیو پرسە لەبەر درگا ئەوێسێ. ئەوە رەسم ناو پیاگگەلە.

گەرمای نێو ژوورەکە منداڵانی بێتاقەت کردبوو و زووڕە زووڕیان بوو و بیانوویان دەگرت. چاک و خۆشی و غەیبەت کردن تازە دەستی پێکردبوو کە هەڵاڵە داوای کرد ڕێگای بدەن

قسه بکا. ژنان چاویان بڕییه زاری هەڵاڵە و ئەویش چاوی خستە سەر نووسراوەکەی بەردەستی.

- دوای سەرەخوەشی کردن لە خوەیشکە چیمەن، ئێمە لێرا جەمەو بووگین کە بە یەکەو فکر بکەینەو، بە یەکەوە قسە بکەین، بزانین بۆچە ئەم زوڵم و زۆرە بە نسبەت ژنگەل ئەکرگیێ؟ ئەم چەوساندنەوە تا کەی دەوامی هەس؟ بۆچە ئێمە حەقمان وەک پیاگگەل نییە.

"خاتوو خەجیێ" هەروا کە چاوی لە چوارسووکەی گۆرەوی چنینەکەی بڕیبوو لە بەر خۆیەوە گوتی:

- لەبەر ئەوە ئەوان پیاگن و ئێمە ژنین. جا ئەوە فکرکردنەوەی بۆچەس؟

سیێ چوار ژنی دەوروبەری لەبەر پێکەنین دەستیان بە زاریانەوە گرت. بەهارە گوتی:

- خوایش ئەکەم ئەگەر سوئالێکتان بوو لەودوا بپرسن. ئیسە با خوەیشکە هەڵاڵە قسەکانی بکا.

- ئێوە هیچ وەخت فکرتان کردگەسەو بۆچە هەر لە سفحاو هەرتا ئێوارە زەحمەت ئەکێشن وەلیێ حەقدەستان نییە؟

"باجی ماتاوان" دەستی هەڵێنا و بیێ ئەوە ئیزنی پێی بدریێ گوتی:

- دا بێسە، ئێمە فرمان ماڵ خوەمان ئەکەین، حەقدەس لە کێ بسێنین؟

- خوایش ئەکەم لەودوا سوئال بکەن؟

هەڵاڵە دەنگی بەرز کردەوە کە بەسەر ورەوری ژنەکاندا زاڵ بێ.

- بۆچە پیاگ لە کار ناوماڵا شەریکی ناکا؟ بۆچە ژن لە کار ئیچتماعا شەریک ناکرگێ؟ بۆچە پیاگگەڵ ئەگەر حەز کەن ئەتوانن تا چوار ژن بێرن؟

ژنان ئۆقرەیان لێبڕابوو. "خوەرشی" کە سێ بووکی لەگەڵ خۆی هێنابوو لە هەموو زیاتر هەرای دەکرد و دەیەویست قسەکە ببڕدرێتەوە. ژنی سەی عەولا کە خۆی بە قسەزانی ناو ژنان دەزانی، دەنگی هەڵێنا:

- خوەیشکم دا تاوێک ساکت بن با بزانین ئەیژن چە، شایەت ئەمە شەرع تازە بێ.

- رژیم ئیسلامی گەرەکیە جارێک تر ژنان بخاتەوە ژێر چەپۆک و حەقی کارکردن و رای دانیان لێ بسێنێ و چاشۆدۆڵاخ باتەو بەسەریانا. ئێمە ئەشێ نەیلێن. ئێمە ئەشێ دەس بەینە دەس یەکەو، رێکخراو خوەمان مەحکەم کەین و بەر بە زۆڵم و زۆر بگرین. ئێمە کە ئەم رێکخراوەمان

دامەزرانگە داوا ئەکەین: یەک: ئەشێ پیاگگەل ئیستقلالماڵی و ئیجتماعی ژنگەل قەبووڵ کەن و لە کار دەرەوە و ناو ماڵا وەک یەک شەریک بن. دوو: کەنیشک بە بێ رەزای خوەی بە شوو نەدرگێ. سێ: ژنگەل حەق سەفەر و تەڵاقیان بێ. ئیتر سپاس.

ئارەقەی نێوچاوانی سڕییەوە و گوتی:

- هەرکەس ئەم سێ چتەی قەبووڵە دەس بەرزەو کا.

کەس دەستی هەڵنەهێنا. بۆ خۆیان سێ کەس نەبێ. بێدەنگی و مات بوون تاوێک درێژەی هەبوو. چیمەن لە سووچی ژوورەکەدا دانیشتبوو و دەستی گرتبوو بە کوولەکەی سەریەوە و بیری لە رۆژگاری خۆی دەکردەوە. خاتو خەجێ سوخورمەیەکی تێکوتا.

- ئەری کەنیشکە نایژی پێم ئەمانە ئەیژن چە؟ ئەگەر تۆ حاڵی بووی بێژە بە ئێمەیش، خۆ من هیچێ حاڵی نەوم.

ژنی سەی عەولا بە دەنگی بەرز روو لە ژنان گوتی:

- ئەو قسەگەلە ئەمانە ئەیکەن هیچکامی بۆ ئێمە نییە. ئەوانە ئەشێ بە پیاگەکان بێژن. یانێ ئێوە ئەیژن ئێمە ئەشێ چە بکەین؟

حەمیە لەولاوە وەڵامی دایەوە:

- خاتوو سەیزا، ئەیژن حوکومەت گەرەکیە ئێمە لە ماڵا دانیشین و کار نەکەین. هەر پیاگەکان کار بکەن.

- جا چە لەوە خاستر هەس، وەلێ کوا پیاگ نان کردن و چێشت دروس کردن و مناڵ بەخێوکردنیان پێ ئەکرگێ؟

- کنا جا ئەوە قسەس!

بوو بە هەرا و هەر کەسە شتێکی دەگوت. گوڵاڵە کە هەتا ئەودەم خۆی مات کردبوو هاتە قسە:

- خوایش ئەکەم تاوێک ساکت بن هەرتا من رۆشنی بکەمەو. دیارە ئێوە لە مەنزور ئێمە حاڵی نەون. مەنزور ئێمە لە کارکردن، کار ئێدارە و کارخانە و ئەم چتگەلەسە.

- جا ئەوە بە ئێمە چە؟

- ئەوە ئەگەڕێتەو بۆ ئایەندەی مناڵەکانتان. ئێمە ئەیژین ژنیش وەک پیاگ حەقی بێ نمایندەی موستەقلی خوەی بێ. بینێرێ بۆ مەجلێس هەرتا دیفاع لە حقۆقی ژنگەل بکا.

- جا کوا پیاگ ئێمە هیچوەخت چووگە ئەو جێگەگەلە هەرتا ئێمە بچین؟ ئەمانە باسی شار ئەکەن.

بەهارە سوور هەڵگەڕا بوو قیژاندی:

- ئێوە گەرەکتان نییە بە خوەشی و رەحەتی زینگی بکەن؟ گەرکتان نییە پیاگگەل هەوە بێرنە سەرتان؟ گەرکتان نییە خوەتان تەسمیم بۆ چارەی خوەتان بگرن؟

- چارە بە دەس خواس رۆڵە.

- دەی ئەوە ئێوە بەو گشتە ئەسڵەحە و پێشمەرگەوە ئەمنیەت و راحەتیتان هەس هەرتا ئێمە بویێتمان. ئەوە غەزەب خواس هاتگە، غەزەب.

خوەرشی بووکەکانی بە پێش خۆیدا و بە بۆڵەبۆڵ وەدەرکەوت.

- وەمانزانی پرسەس و دوو قسەی خوا و پەیغەمەرمان بۆ ئەکەن.

- دابزانە کارێ ناکەن تەڵاقیشمان بەن.

سەیزادە فاتحەیەکی داخست و خەڵکەکەی بێدەنگ کرد. پاشان هەستا نێوچاوانی چیمەنی ماچ کرد و سەرەخۆشی لێکرد و چووە دەرەوە. باقی ژنانیش بە دوایدا رۆیشتن.

مەعسومە سەماوەر و قۆڕی و پیاڵەکانی کۆکردەوە و لە کاتێکدا دەڕویشت گوتی:

- فەرقی شار و دێ فرەس. قسەی ئێوە حاڵی ناون.

چیمەن مابوو و سێ دامەزرێنەری ڕێکخراوی ژنان. هەر کام لە جێی خۆیان بێدەنگ پاڵیان بە دیوارەوە دابوو و دانیشتبوون و ئارەقەیان دەسڕییەوە. پاش ماوەیەک بێدەنگی بەهارە گوتی:

- ئەم مەردمە فرەیان ماگە. ئێمە بێخۆ خوەمان خەسە ئەکەین.

هەلالە بەدەم کۆکردنەوەی سەر مێزەکەوە گوتی:

- ئێمەیش فرەمان ماگە... ئەشێ بچین شانەیان بۆ دانین. لەودوا لە ڕێگای شانەکانەو جەمیان کەینەو.

دەیەویست بزانێ چیمەن سەبارەت بە ئەمرۆ چ دەڵێ.

- تواشا چیمەن تویش وا فکر ناکەیتەو؟

- - من نازانم شانە چەس. وەلێ ئەزانم ئێمشەو لە گشت ماڵەکانا باسی ئێمرۆ ئەکەن.

ئەوە یەکەم و ئاخر کۆبوونەوەی ڕێکخراوی ژنان بوو. کاتێک دەهاتنە دەرەوە گولالە تابلۆی نێوی ڕێکخراوی ژنانی هەڵکەند و دڕی.

هەر ژنێک بە جۆرێک بۆ شووەکەی دەگێڕاوە و هەر پیاوێک ئەو جۆرەی بە کەیفی بوو بۆ پیاوانی دیکەی دەگێڕاوە. باسەکە گەورە کرایەوە و تاوانەکەشی هاتبووە سەر چیمەن و ڕێکخراو.

کاک شەریف ناچار پێشنیاری سیامەکی قەبووڵ کرد کە ڕۆژێ هەینی سەرەخۆشییەک لە مزگەوت دابنێن.

ڕۆژی هەینی پیاوان لە مزگەوت کۆبوونەوە. چایەکیان خواردەوە. تاوێک گوێیان دایە شریتی قورئان و قسەکانی مامۆستا کەماڵ. مامۆستا باسی حورمەتی ژنانی لە قورئاندا کرد و بە زبانی خودا و پێغەمبەرەوە بە پیاوانی گوت کە دەبێ بەزەیی‌یان بە ژناندا بێتەوە.

*

هەتا خەڵک نەچووبوونە باخ و دێ چۆڵ نەببوو، ژیانی ڕۆژانەی چیمەن لەگەڵ ژیانی ناو دێدا گرێدرابوو. تاریک و ڕوونی بەیانی کە ژنی حەمەغەریب بۆ تەنوور داخستن و شیردۆشین هەڵدەستا، ئەویش دەبووا هەستێ. نەدەکرا کاتێک مەعسومە خەریکی کارە ئەو بنوێ. با میوانیش بێ. ڕۆژانی ئەوەڵ بۆی گران بوو، بەڵام لەودوا ڕاهات. بەردەستیی مەعسومەی دەکرد. ئاگری بۆ چای بەیانی دەکردەوە. تاولەمەی دەگەشاندەوە. سەماوەری ساز دەکرد. بەرە بەرە فێر ببوو هەویری دەشێلا و نانی لە تەندوور دەردێنا.

موعسومە هۆگری چیمەن ببوو. باسی خۆی بۆ دەکرد. باسی ژیانی لادێ و ژنانی دێهاتی. گەرچی لە چیمەن چووکتر بوو، بەڵام چوونکە سێ منداڵی هەبوو، خۆی بە قەیرەتر دەزانی و جار جار مۆژیاری چیمەنی دەکرد. ئەویش گوێ پێی دەدا و ئەو دۆستییەی پێخۆشبوو. هەستی دەکرد مەعسومەیش لێرە خۆی بە غەریب دەزانێ.

- من تەنیا وەوی بێگانەی ئەم خانەوادەم. چوار هێوەرژنم هەس. ساڵێ یەک دەفعەیش ناچمە ماڵیان. ئەوان قەوم یەکترن و لەتەک شووەکانیانا ئامۆزاگ و میمکەزاگن. خەزوورەم نەماگە، وەلێ خەسووم هەر جوان ئەویتەو... جا بۆچە نەویتەو؟ دەس بۆ هیچێ ناوا. هەر رۆژێک لە ماڵ کوڕێکیا کەفتگە و وەویەک خەومەتی ئەکا. باخ و زەوی فرەی هەس و بەشی ناکا بۆیان. لەبەر ئەوە حورمەتی بەلای کوڕەکانیەو هەر بمێنێ. فرە قسە رەق و گۆشت تاڵە. ئەوە تێ، ئەیوینی.

حەتوویەک دواتر خەسوو هات و دە شەو لەوێ مایەوە.

"خاتوو پێرۆزە" دایمە جلی تازەی لەبەر دەکرد و چاوی دەڕشت و قژە خەنەگیراوەکەی دەهۆنییەوە. کڵاورەقی لەسەر دەنا و لە ژێر چەنەیەوە دەیبەستەوە و چوار لێرەی تورکی پێیەوە نەخشاندبوو. سوخمەکەی نزیک بە سەد دانە قەرانی

زێوی پێیەوە دوورابوو... کەوشی عروسی لە پێدەکرد و دوو کلکەوانەی زێوی لە قامکەکانیدا بوو کە نەقیمی یەکیان پێرۆزە بوو و ئەویتریان یەشم بوو. گەرچی تەکی دابووە لای شەست ساڵییەوە، بەڵام وەکوو پەنجا ساڵە دەهاتە بەرچاو و بە گور و بەهێز بوو. خۆی لە تایفەی بەگەکانی هەورامان دەزانی و چوونکە ئەم ناوچەیە هیچ کات ئاغا و بەگی بە خۆیەوە نەدیبوو و هەموو کاتێک وردە مالکی بوو و هەرکەس هەرچەندی توانیبوو زەوی بۆ خۆی ئاوەدان کردبووەوە، خاتوون خۆی بە جیاواز دەزانی و بووکەکانی وەکوو کڵفەت دەدواند. بەڵام کە نێوی کوڕەکانی دەبرد دەتگوت بارەشاری دێتەوە. کاتێکیش بانگیانی دەکرد، دەتگوت ژنە بەگزادەیە و ئەمر دەکا.

یەک دوو ڕۆژی ئەوەڵ چیمەن خۆی لە خاتوو پێرۆزە نەگەیاندبوو. نەیوستبوو خۆی تێکەڵی قسە و قسەڵۆکی بووک و خەسوو بکا. ڕۆژی سێهەم مەعسومە پێیگوتبوو:

- کنا خەسووم مەکە دوشمەن لە خوەت. ئەو دەم بەتاڵ ناو ژنگەلە. لە هەر کوێ دانیشێ تۆمارێکت پیا ئەیژێ. هەتا ئیسە دوو سێ دەفعە خەوەرتی پرسیگە، حەز ئەکا ئێحترامی بگرن. بچۆ سەرێکی لێ بە.

چیمەن دڵی رازی و دڵی نارِازی، زار بە پێکەنین چووبووە ژووری. شانی خاتوونی ماچ کردبوو و گەرِابووەوە لە تەنشت دەرکە دانیشتبوو. خاتوون دەمنەیەکی دار بلاڵوکی درێژی بەدەستەوە بوو، جگەرەی دەکێشا.

- ژنەفتووم فرە زەریفی نەم زانیبوو ئەونە زەرِە شیرینی. بەخەیر بی کەنیشکەکەم. ئەیرەیش ماڵ خوەتە. غەریبی نەکەی.

- خوا سلامەتتان کا. سایەتان کەم نەوێ.

- کار خاسێکو کرد رۆڵە. قیمەت ژن ها بە پیاگەو. ژن بێ شوو وەک کاسەکەلەس. مەگەر دەوڵەمەن و کورِدار بێ. شوکور من چوار شێرەکورِم هەس. زەوی لەبەریان شەرم ئەکا. خاست کرد زوو شووت کرد. دەی ئەو ها لە کوێنا. شووەکەت بۆچە شەوگەل نایتەو؟

- - لێرا نییە، چووگە بۆ مەئموریەت.

- دەی خەیرە ئیشالا.

چیمەن خاتوونی میوان کردبوو بە مەعسومەشی گوتبوو "ئێوەش بێن" بەلام ئەوان نەرِویشتبوون.

- ئەو حەز ئەکا وابزانێ هەر ئەو خوڵک کریاگە. ئیمشەو مەغزت ئەخوا ئەونە قسە ئەکا.

لەو شەوەوە خاتوو پیرۆزە لە هەر کوێ دادەنیشت باسی ژیری و کارامەیی چیمەنی دەکرد و لە هەر ماڵیک میوان دەبوو لەدووی دەنارد و لە تەنشت خۆی دادەنا.

- ئەوە ژنی شارستانە. ئەزانێ من ئەیژم چە. ئەو چتگەلە لە شارا رەسمە زووتر لە ماڵ بەگزادەکانا رەسم بوو.

*

هەر کە هەوا گەرمی کرد و دێ پڕ بوو لە مێش و مێشوولە و خەڵک گوێستییانەوە بۆ کەوێڵەکان، ژیانە ئاساییەکەی چیمەن شێوا. مردنی دایکی ماڵە چۆڵەکەی لێکردە زیندان. خەم و پەژارە و ئەڤین سەریان لێی شێواند. سەری خۆی هەڵگرت و هەر رۆژێ لە باخێک ئێوارەی دەکرد و هەر شەوێک لە کەوێڵێک رۆژی دەکردەوە و هەر کاتە لەگەڵ پۆلێک لە ژنان کاری دەکرد.

ئێواران سیامەک باخ بە باخ لێیدەگەڕا. دەیدیتەوە. روانینێکی بە دزییەوە، دوو قسەی ئاسایی، وەرگرتنی دوو دەنکە هەرمێ. هەموو دڵخۆشییەکە هەر ئەوەندە بوو. نەیاندەوێرا بیر لە هیچ چاوەڕوانییەکی دیکە بکەنەوە.

رۆژێک وەکوو هەموو رۆژانی دیکە، تاو لەسەر پۆپەی کێوەکان لە خۆدزینەوەدا بوو. سیامەک لە خرپی پشت باخە رەزەکەی سمایلەوە هاتە خوارەوە. چیمەن لە دوورەوە دیتبووی. لە ژنان جوێ ببووەوە و هاتبوە ناو دارقەیسییەکان.

- سفحا ئەچم بۆ "تەنگیسەر" تەنیام، نای بڕوین؟
- کەی تیتەوە؟
- هەر وەختێ تۆ پێت خوەشبوو.

بڕیاردان وەکوو سینگ راگرتن لەبەر گوللەی تانە و تەشەر و ئابڕوچووندا بوو. چڵەدارێکی بە دەستەوە بوو، شکاندییەوە، جارێکی دیکەشی شکاندەوە و روانییە جێگایەکی نادیار.

- هەتا نیمەڕۆ هام لێرا. لەودوا تێمە سەر کانییەکەی شیان.

لە بەرزیدا پاش ئاگری "شاهۆ"ە و پاش شاهۆ "شانشین" خۆشکە چکۆلەی شاهۆ. وەکوو دیڵە شێرێک پشت بە شاهۆ راکشاوە و شیر دەدا بە پارکۆڵەکانی. لە لای چەپیەوە "تەنگیسەر و نزاز" خەوتوون و "ژان و ژنێن" لە دەور کلکی کایە دەکەن و شیان و تەوریوەر لە ناو دەستەکانیدا خۆیان مەڵۆس کردووە.

باخەکانی شیان کە تەواو دەبن لە لێژایی ناو سینگی شانشین دوو چاوگە یەک بە دووی یەکدا لەبەر تاوی بەیانی لەناو سەوزەکاندا وریشەیان دێ. ئەوی دووهەمیان راست لە ژێر یاڵەکەدایە و رێبوار نییە دانەبەزێ و ماندوویی خۆی پێ دەرنەکا. پاش نیوەڕۆ تاو دەگەڕێتەوە سەر پشتی شانشین و ئاوی کانییەکەی ژێر بناگوێی دەبریقێتەوە. سەوزەڵانی دەوری ئەم کانییە لەناو ئەو بەردەڵانە سپی و زەرد و خەنەییەدا لە نەخشی بەرماڵی سنە دەچێ.

چیمەن باوەشی بە باڵی سیامەکدا کردبوو. هەنگاوەکانی لەگەڵی جووت دەکرد و تاونەتاو سەری هەڵدەێنا و پڕچاو لێی دەڕوانی.

لە باخەکانی شیان کە تێپەڕین، دنیا تەنیا ئەوانی تێیدا بوو. شانشین سێبەری لەسەریان خستبوو و کانییەکەی تەنیا بۆ ئەوان خوڕەی دەهات.

لەسەر یاڵەکە بریقەی زەردی سەرپشتی شانشین لەبەر تاوی دەمەو ئێوارە چاویانی خومار کرد و ئاگری دەروونیانی بەردا. وریشەی بەرتاوی ئاوەکەی "کانی بەڕۆژ" لە ناو رایەخی سەوز و لە ژێر بەردە مەیلەو زەردەکاندا ملوانکەیەک بوو کە لە ملی

شێری ژاوەرۆ کرابوو. شاهۆی پیر لەوبەرەو لە دوورەوە چاوی لەو جوانییە هەست بزوێنە بڕیبوو.

چیمەن چاوی لە فڕینی پەپوولە سپییەکان بڕیبوو و بە دوویاندا کێشرایە سەر کانییەکە. لە سەر گیا بۆنخۆشەکان دانیشت و بەسەر قامک وریشەی بەردەوامی ئاوەکەی شێواند. سیامەک سەری لە باوەشی چیمەن دانا و پەنای بە گەرمای داوێنی نەرمی چیمەن برد و لە شیناوەردی ئاسمانی روانی.

بێدەنگی، روانینی پڕ لە تامەزرۆیی، تینویی ئەڤینداران، خۆ پاراستن و گەرەکبوون، خورپەی بێ هاواری دڵ: ئای تاکەی؟ مەگەر مەودای ژیان چەندە؟

تێک هاڵان، تلانەوە و تێکەڵبوون. تەنانەت پەڵە هەورێکیش نەبوو بە خۆیاندا بدەن. یەکگرتنی ئەویندارانی لەبەندکراو. شێعری بەرزی ژیان. تەنیا تەواری بەرزەفڕی شاهۆ ئاگای لە بەختەوەرییان بوو.

*

هەستی بەختەوەری هەموو گیانی چیمەنی داگرتبوو. یەکجار بە دڵی خۆی ژیابوو. هەرچەند کورت، هەرچەند کەم. چاوەکانی گەش ببوونەوە. پاش دوو مانگ بزە بەسەر کێویەوە دەبیندرا.

پای زەوی نەدەگرت. چێشتی بۆ مەقەڕ لێدەنا. یارمەتی جەماڵی دەدا. دەچووە نێو باخان یارمەتی ژنانی دەدا و جار جار لە پەناوە چەند دانە میوە یان کولێرەیەکی بۆ سیامەک دەبرد کە ئێستا ببوو بە کادری ڕێکخراو، ببووە بەردەستی کاک شەریف. لەبەر لاقی پێشمەرگایەتی پێنەدەکرا، بەڵام چاک و خراپی ناو ڕێکخراوی هەڵدەسووڕاند و کاری کاک شەریفی سووک کردبوو. کاری ڕێکخراو ئەوە بوو کە هەر لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە وەڵامی خەڵک بدەنەوە. یەک قەرزی خورابوو، یەک بەشە ئاوی دانەخرابوو، یەک دە ساڵ لەمەوبەر داری بڕدرابوو. منداڵی یەکێک سەری منداڵی دیکەی شکاندبوو. ژن بە ژنە کرابوو، مەسڵەت دەکرا. میرات بەشدەکرا و جاروباریش ئەوانەی کە لە یەکتریان دابوو و دەست و لاقی یەکتریان شکاندبوو جەریمە دەکران یان بەڕێدەکران بۆ زیندان. ڕێکخراو دەبوو کاری هەموو ئەو ئێدارە دەوڵەتییانە بکا کە نیوەی شارێک دادەگرن. دیارە بەشی زیاتریشی هەر وەک خۆیان دەمانەوە.

دەمەو چاشت بوو. باسی پەرژینی باخ و زەوی بوو. کاک شەریف و سیامەک دەیانەویست کۆتایی بە کێشەی دوو جیران بێنن. لەناکاو کچێکی چکۆلە بە رفان خۆی بە ژوورێدا کرد و لە سووچی شان دەرکەکە کزکۆڵەی کرد. وەکوو کارمامزێکی لە

پڵینگ ترساو هەڵدەلەرزی و هەسکەی دەهات و چاوە رەش و هەڵەتاوەکانی بە پەلە دەگێڕا و خۆی توووند بە دیوارەکەوە نووساندبوو.

- چەوگە کەنیشکەکەم؟ چەت گەرەکە؟

- لێوی دەلەرزی، هەوڵ بوو، ترس مووڵەتی گریانیشی پێنەدەدا.

- گەرەکم نییە... بە خوا گەرەکم نییە.

- چەت گەرەک نییە؟ دایکت داگیە لێت؟ چا قەی ناکا، دایکتە.

- نا، گەرەکم نییە، شووم گەرک نییە!

- شووی چە؟ ناوت چەس؟

چاوەکانیان رشتبوو، سەر گۆناکانیان سوور کردبوو. گوارەی لە گوێدا بوو. کراسێکی کودەری سووری گوڵداری تازەی لەبەردا بوو. هەر مەچەکێکی دوو بازنەی شووشەی تێیدا بوو. دەستی تازە لەخەنە گیرابوو و سەرقامکەکانی پێی بەخەنە سوور کرابوو. بووکە چینییەکی چکۆلەی پەرۆش لە شکان.

- شووم گەرەک نییە. گەرەکم نییە شوو بکەم.

کاک شەریف رووی لە سیامەک کرد و بە پێکەنینەوە گوتی:

- حاڵی ناوم!

سیامەک پرسی:

- بە شووتیان داگە بە کێ؟

- بە ئامۆزاگەکەم.

سمایلە بۆر لەوێ دانیشتبوو. تێیخوڕی:

- هەڵسە بچۆرەو ماڵەوە کەنیشکە، شەرم بکە! بۆچە حەیاتان نەماگە؟ دەور و زەمانە چەی پێهاتگە. دەی هەڵسە دەی!

فرمیسک لەگەڵ کڵی چاوی شۆڕاوەی رەشی بەسەر گۆنایدا کێشا، بەدەم نسکەی گریانەوە گوتی:

- نارۆم. شوو ناکەم.

- کاک سمایل تۆ ئەزانی چەوگە؟

- قوربان ئەوە "شیرین"ە وەوی ماڵ مام قادرە. ئیم شەو گۆزاگیانەسەو. دەرچووگە، خوێڕی.

- شووەکەی کێیە؟

- وەیسەی کوڕ مام قادر.

- کەنیشک کێیە؟ رۆڵە بۆچە نەچوویتەو ماڵ باوکت؟ بۆچە هاتگیتە ئەیرە؟

- باوکم نییە.

- ئەوە باوکی عومرخوای کردگە. دایکی دوو ساڵە شووی کردگەسەو، چووگە شار. مام قادر خوەی کەفیلیە.

سانیە ژنی مام قادر لۆی شەدەکەی بەبەر زاریدا گرتبوو، هاتە ژوورەوە. سڵاوێکی بە پچە کرد و پەلاماری کچەکەی دا. شیرین زریکاندی و خۆی خستە پشت کاک شەریفەوە و لە پەنا نوێنەکاندا گورپی کرد. سانیە لە رووی هەڵنەهات بەناو پیاواندا بڕواتە ئەوسەری ژوورەکە و هەر لە پەنا دەرکەکە راوەستا.

- بێ با بڕوین کەنیشکی شیرینم، بۆچە ئاوڕومان ئەوەی؟ عەیبە.

کاک شەریف نەدەبوو هەروا دانیشێ و هیچ نەڵێ.

- تاوێک دانیشە خوەیشکم، ئیسە حەلی ئەکەین.

سانیە لە ئاستی خۆی دانیشت. سیامەک مووڵەتی نەدا کەس هیچ بڵێ. پرسی:

- ئەو کەنیشکە چەند ساڵانە دایکم؟

- من چازانم. مەڵا ئەزانێ. بە شەرع مارە بڕیاگە.

سیامەک رووی لە شیرین کرد:

- شیرین تۆ ئەزانی چەن ساڵ عومرتە؟

شیرین قامکە چکۆلەکانی هەر دووک دەستی پیشاندا و گوتی:

- یازدە.

- هەڵسە برۆ دایکم، مام قادرمان بۆ بنێرە.

سەی رەحیم کە نێوان ناخۆشی لەگەڵ مام قادر و سمایلە بۆر بوو، هەڵیدایە:

- ئەوە لەبەر باخەکەس. ئەو کەنیشکە باخێکی لە باوکییەوە پێ گەیشتگە. مام قادر مامۆیە. گەرەکیە کەس نەیخوا خوەی نەوێ. کەنیشکەکەی مارە بڕیگە بۆ کوڕەکەی خوەی. کوڕەکەش ماتڵی نەکردگە چووگە سک کەنیشکەکە، ترساندگیە و ئەویش دەرچووگە. هەر دوێشەو هەڕای کردبوو. هیچکەس نەیزانی لە کوێنا خوەی شاردگەسەو.

زۆری پێنەچوو مام قادر هاتە ژوورەوە. کاک شەریف بەسەریدا گوڕاندی:

- چۆن کەنیشک یانزە ساڵان ئایتە شوو، ریش چەرمگ؟

- قوربان خیلاف شەرعمان نەکردگە.

- تۆ نازانی بەشوودان کەنیشک ژێر هەژدە ساڵ قەدەغەنە؟

- وەڵا چەو عەرز کەم قوربان ئێمە بە شەرعمان کردگە.

- هەڵسە ڕەحیم. ئەم شەرعە شەرعە بە من جیبەجێ ناوێ. بڕۆ مامۆسا کەماڵ بێرا.

مامۆستا کە بۆ خۆی چوار کچی منداڵی لەشار بەجێ هێشتبوو بە دیتنی شیرین دڵی ئاگری گرت. بە دوای مەلایدا نارد. مەلا ڕەنگ هەڵپڕوکاو لەو بێحورمەتییەی کە پێی کراوە و پێشمەرگەیان بە دوایدا ناردووە، هاتە ژوورەوە و لە تەنشتی مامۆستا کەماڵ دانیشت. مامۆستا کەماڵ موڵەتی نەدا، سێ چوار ئایەت و حەیسی بەسەردا کوتا و بە قانوونی شۆڕش مام قادر و مەلای نارده زیندان.

- کارت بۆم دروس کرد، بێوەی بی. ئیسە ئەم کەنیشکە چە پێبکەم؟

- بینێرە ماڵ کەسێک، هەرتا لەودوا کەفیلێکی بۆ ئەدۆزینەو.

- سیامەک پێشنیاری کرد بیبەنە لای چیمەن.

- قسەم بەسەر تۆ خاڵۆ گیان، ئەگەر نیمەی ئەم دێیەیان بکردایتە زیندان، ئەونەی ئەمە وا مەڵایان کردە زیندان پێم ناخوەش نەو.

- ئاخر بێژە ئێوە چەتان بە کار شەرع داگە. خەریک چەک و چۆڵ خوەتان بن.

- بە سەر تۆ ئەگەر شەرع بکەفێتە دەس ئەمانە، ماتڵ ژن نەوین خاسە. جا ژن بە ژنە نەکرگیٚ و کوتەک لە ژن نەدرگیٚ و منالٚ بەشوو نەدرگیٚ، ئەی پیاگ چە و ژن چە...

- کورە هەرچیٚ بوایە مەڵا بە مامرە کوڵەیک یا کەلە قەنێک سیٚ تەڵاقەی بۆمان خاسەو ئەکرد و دوو مۆری شەرعیشی پیا ئەکوتا. خۆ ئیسە هیچکەس نازانیٚ قیمەت ئەم رێکخراوە چەنێکە.

رێکخراو پڕ ببوو لە تکاکار. دەهاتن و دەچوون و دیارییان دێنا و لەبەر کاک شەریف و مامۆستا و فەرماندەی هێز و کادرەکان و تەنانەت سیامەکیش، دەپاڕانەوە. دیسان چیمەنیان لیٚببوە شەیتان و بە مۆڕەوە چاویان لێدەکرد. پێیان وابوو مۆڵکەکەی شیرین دەدرێ بە چیمەن. تەنیا حەمەغەریب و براکانی پشتیوانییان لە کاری رێکخراو دەکرد.

بۆ چیمەن ژیانێکی تازە و کێشەیەکی تازە ساز ببوو. گۆڕانێکی گەورە بوو. یەکەم جار بوو کە بەرپرسایەتی کەسێکی دیکەی پێدەدرا. سیامەک رۆژێ نە رۆژێک بە بۆنەی سەردانی شیرینەوە، چیمەنی دەدیت.

- لەتەک هاودەمەکەتا چۆنی؟
- فرە پێم خوەشە، وەلێ نگەرانیشم. نازانم چۆن ئەوێ. ئامانەتێک قورسیان داگە دەسم. نازانم ئەتوانم یا نە.
- تو نگەران مەوە، بەرپرس کارەکە رێکخراوە. هەر چێ بێ لە تەنیایی باشترە.
- ئەترسم هەروا یەکهەو هات، یەکهەویش بچێ.
- ناچم دادە چیمەن. هەر لە لای تۆ ئەمێنمەو. من شوو ناکەم. چووی بۆ هەر کوێ منیش تەک خوەتا بوە.

چیمەن باوەشی بۆ کردبووەوە و شیرین بە هەستی لە ئەمنیەتدا بوون، خۆی لە دڵی چیمەندا جێدەکردەوە. چیمەن لەبەر شیرین ناچار بوو ژیانی کاکەبەشی بەجێ بێڵێ و بێتەوە ناو دێ و ژوورەکەی خۆی ئاوەدان بکاتەوە.

رۆژی دووهەم بوو کە خاتوو پیرۆزە لەگاڵ مەعسومە هاتنە سەردانی. خاتوو پیرۆزە بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی پشتیوانی لێدەکردن:

- ئاخری تەک باوک ئەم کوڕگەلا بۆی دەرچووین. ئەوسا باسی سەر بوو. دە شەو زیاتر لە ناو غارا ئەخەفتین. سێ برام بە تفنگەو ئەگەڕیان بە شۆنمانا. هیچکەس زاتی نەو پەنامان با. گویچکەی لە قەور خوەی بێ "میرزامحەمەو" کەفتە بەین.

کەنیشکێک و دوو ئەسپیان دا هەرتا باوکم رازی بوو. ئیتر نەمتوانی بچمەو هەورامان. نەمزانی دایکم کەی عومرخوای کرد. باوکم کوژیا. براکانم چەیان پێ هات؟ ئەی رۆڵە هەرتا بووگە هەر وا بووگە. ژن هەم بێ قیمەت بووگە، هەم خوێنی لەسەر رژیاگە.

بە دەم رویشتنەوە گوتی:

- رۆڵە هەر کەم و کەسرێکتان بوو، بێژن بە دایکتان. گویچکە مان بەم ئەم هەرچی و پەرچیگەلە.

ئەم پشتیوانییە چیمەنی دڵخۆش کرد. مەعسومە گوتی:

- نەنە ئاوا ئەوێ، هەر لە ئیسەو فکر ئەکاتەو، بیکا بە وەوی کورەکانی.

مەعسومە شیرینی برد بەناوماڵەکەدا گێڕای. سەرتەنوور و جێگای شتومەکی نیشاندا. شیرین گەرچی بە تەمەن منداڵ بوو، بەڵام لە کاری ناوماڵدا وەک کچێک بوو کە لەبەر دەست زڕدایکدا گەورە بووبێ. لێهاتوو و بە دەست و برد بوو و ئەرکی بەسەر چیمەنەوە نەبوو. چیمەن دایمە لەگەڵ خۆی دەیگێڕا. تەنانەت بۆ سەر کانی لەگەڵی دەچوو. تەنیا بۆ رێکخراوی نەدەبرد.

مامۆستا کەماڵ لە نوێژی جومعەدا بڕیاری ڕێکخراوی ڕاگەیاند." مام قادر و مالا بەردەدرێن بەو مەرجە کە شیرین تەڵاق بدرێ" کەفالەتی شیرین لە مام قادر ئەستێندراوە و درا بە مام وەلی براگەورەی حەمەغەریب. لەژێر چاوەدێری ڕێکخراودا. چیمەن رازی نەبوو شیرین بداتەوە و شیرینیش نەیدەویست لە چیمەن جوێ بێتەوە. مام وەلی دژ نەبوو.

ئێستا چیمەن کەسێکی هەبوو چاوەدێری بکا. چرای بۆ هەڵکا و شەوانە هاودەمی بێ. چیرۆکی بۆ بگێڕیتەوە و قژی بۆ شانە بکا و بیر لە داهاتووی ژیانی بکاتەوە. شیرین زۆر پێخۆش بوو کە باسی شاری بۆ بکەن. شاری نەدیبوو و هەموو قسەکانی چیمەن بۆ ئەو وەکوو چیرۆک و خەون بوو. هەموو جارێک دەیپرسی:

- لەگەڵ خوەت ئەموەی بۆ شار دادە چیمەن؟
- ئەگەر چوونەوەیک بوو. حەتمن بزانە ئەتوەم.

پاشان خەیاڵ چیمەنی هەڵدەگرت و بەرەو ئارەزووی دەبرد. "ئەگەر ژیان ئەوەندە یارمەتی دابام لەگەڵ سیامەک ژیابام، بەرگەی هەموو مەینەتی دنیام دەگرت" شیرین لە سیامەکی دوور خستبووەوە. بوونی شیرین کۆسپێک بوو کە دەستی نەگاتە دەستی سیامەک.

ئەگەر چیمەن دەیتوانی خۆی بە شیرینەوە بخلافێنێ و بۆ سوکنایی دڵی پەنای پێ ببا، سیامەک هیجی شک نەدەبرد. لە دنیایەکی بۆش و بەتاڵدا بەر درابووەوە. ئاوری تیژی ئەوینی شاراوە دەیسوتاند و دەیتواندەوە. رۆژ لە دوای رۆژ خەمگینتر و پەشێوتر و گۆشەگیر و بێدەنگ دەبوو. بۆیە کاتێک کاک شەریف پێشنیاری پێکرد کە بڕوا بۆ ناوچەی کامیاران بی ئەوە بیری لێبکاتەوە قەبووڵی کرد.

- باوڕ ناکەم... چۆن بە جێم تێڵی سیامەک... لە بەر چە...؟

- لە بەر خوەم.

- راسە لێرا نین بە یەکەو، وەلێ هیچێ نەوێ هاین لەژێر ئاسمانێکا... لە هەوایکا هەناسە ئاین. دەنگ یەکتر ئەژنەوین.

چاوەکانی چیمەن گلا و پڕ بوو لە ئاو.

- چۆن بە جێم تێڵی؟ چۆن...

- ئەزانم هەر رۆژێکم مەرگێکە وەلێ ئەترسم کارێک بکەم رسوایی تیا بێ. ئەترسم دڵم تاقەتی نەوێ و بێژمی... مودەتێ نەوم خاسترە.

- زوو بێرەو.

چیمەن دەسرەیەکی گوڵدۆزیکراوی لە بەخەڵی سوخمەکەی دەرێنا:

- ئەمەم بۆ تۆ گوڵدۆزی کردگە.

هەر گۆشەیەکی گوڵێکی سووری لێی نەخش کرابوو. سیامەک بە دەسرەکە فرمیسکەکانی چیمەنی سڕییەوە. بۆنی کرد و لەسەر سینگی دانا. شیرین بەرەو ئەوان دەهات. ماوەی باوەش پێکدا کردنیش نەمابوو. سیامەک بێ هیچ قسەیەک گەڕایەوە و ڕۆیشت.

چیمەن ئەژنۆی شکاندەوە و لە چەق ڕێگاکە دانیشت. هەستی کرد سیامەک هەموو ژیانی لەگەڵ خۆی دەبا.

*

ماوەیەکی زۆر لە ڕۆیشتنی سیامەک تێنەپەڕیبوو، چیمەن بۆی دەرکەوت کە سیامەک دیارییەکی گەورەی بۆ بەجێ هێشتووە. هەر کە زانی منداڵی پێیە دنیا ڕەنگێکی دیکەی بە خۆوە گرت. ئەوەی هەستی ژنانە و دایکانە و ژیانەوەیە لە ئەودا ژیاوە. دەرگای دنیایەکی تازەی بۆ کراوە. دایکبوون. هەستێک کە پێوابوو شیرین بە خەبەری هێناوە، ئەمجارە شێوە و ڕەنگێکی دیکە، دنیایەکی دیکە بوو. تەنانەت ئاسمان و زەوی و دار و

درەخت و چاوگە و خاک ڕەنگیان گۆڕابوو. هەستی بە هەزار ڕەنگی پاییز دەکرد. خەیاڵ دەیبردە ڕۆژانی داهاتوو. ڕۆژانی گریان و بزەی منداڵەکەی. شیرمژین لە مەمکی، گغوگاڵ و سەرپێ کەوتن. ئەمانە دەیگەشاندەوە و بەختەوەرانە دنیای لە باوەش دەگرت. لە کەوتنی منداڵێک دڵی دادەخورپا، گریانی نیوەشەوی هەموو منداڵان دەهاتە گوێی. دادەچڵەکا بۆ شیردان بە منداڵێک کە هێشتا لەتکە خوێنێک بوو لە زکیدا و گیانی تێنەکەوتبوو. جل و بەرگی بۆ دروست دەکرد. قسەی لەگەڵ دەکرد. ناوچاوی گرژ دەکرد و بە دەمیەوە پێدەکەنی. سروشت کاری خۆی دەکا و بەرگری لە ژیانەوە دەکا. مەمکەکانی لەگەڵ گەورەبوونی منداڵەکە گەورە دەبوون و زیاتر هەستی پێیان دەکرد. ئارام دادەنەوی، نەرم دەڕویشت. منەتی لەسەر زەوی دەنا. دایک بوو و ژیانی تازەی پێ بوو. دەیکرد بە شۆڕەلاوی سەربەرزی وڵات، دەیکرد بە پاشاژن. دەیکرد بە خاوەنی هەموو باخەکان. دەیکرد بە تۆڵە ئەستێنەری خۆی. چارەنووس لە دەستی ئەودا بوو.

هێشتا مەستی ئەم هەست و خەیاڵەی نەڕەویبووەوە، بیرێکی تاڵ، چینی وردی خستە ناوچاوانی. "منداڵی بێ باب لە پێواری شوودا؟ ئەمە گوناهێک نییە کە کەس پێم ببەخشێ. دەیزانی

ڕۆیشتن دژی داب و نەریت بۆ بێ پشت و پەنایەکی وەکوو ئەو کارێکی ئاسان نییە. دەیزانی لە ژێر ئەم بارەدا دروخێ، ورد دەبێ و دەشکێ. هەتا زووە دەبێ چارەیەک بکا.

تاڵ و شیرینی ژیان، بەزەیی دایکانە و مەترسی رسوا بوون و ئابڕو چوون، هەرایەکیان لە دڵە چکۆلەکەیدا پێکهێنابوو.
بڕیاردان لە بڕیاری ڕووداوەکەی حاجی مەنسوور دژوارتر بوو. بیرێک دەیگوت "لە بەینی ئەوەم، سەقەتی ئەکەم و تواو. خوەم ئازاد ئەکەم" هەستێک بانگی دەکرد " چۆن یادگاری سیامەک ئەکوژی؟ چۆن بۆ نەجات خوەت زینگی کۆرپەیک لە بەین ئەوەی؟ چۆن مناڵ خوەت دوای ئەو گشتە چاوەروانییە بە دەس خوەت ئەکوژی"؟ بیرێکی دیکە دڵی بەژان دەخست " وەختی گەورە بێ پێ ئەیژن زۆڵ. پێ ئەیژن دایک حیز. ئەو وەختە ئارەزووی مردن خوەی ئەکا. من زینگی پێنام، من شەرمی پێئام. نەوێ خاسترە." بەڵام ئەم کارە بێ دوکتور و دەرمان، بێ کەس و کاری رازدار کارێکی ساکار نەبوو.

شەڕی لەگەڵ خۆی تەواو نەببوو کە دیتی کات گوزەراوە و زکی لە گەورەبووندایە. "چوار رۆژتر مەردم گشتی پێم ئەزانن، هەر لە ئیسەو شیرین شکی کردگە". شیرین لە هڵێنجدان و گیاخواردنی چیمەن هستی بە نەخۆشی کردبوو، بەڵام نەیدەزانی

بێزگ کردن چییە. چیمەنیش ئەوەندە کە پێیدەکرا خۆی لە شیرین دوور دەخستەوە.

*

ئاخری خەزەڵوەر بوو. خەڵک باخەکانیان بەجێ دەهێشت. هەوار و کەپر و کەوێڵەکانیان چۆڵدەکرد و بۆ ناو دێ دەگەڕانەوە. جارێکی دیکە دێ ئاوەدان دەبووەوە و ئێواران پیاوان پۆل پۆل لەسەر بانان رادەوەستان هەتا کاتی نوێژ بگا، ژنان لەبەر دەرکە تاولەمە ئاگریان بۆ سەماوەر دەگەشاندەوە. بازنەی سوور و زەردی سووڕانی تاولەمە دیاردەی داهاتنی شەو بوو و شەوگاری خەیاڵاوی چیمەن کۆتایی نەدەهات.

هێشتا سەرما نەهاتبوو، کەوای درێژی لەبەر دەکرد. گەرچی هێشتا زوو بوو زکی دیاری بدا. بەدەم کەسەوە رانەدەوەستا. زۆر کەم لە ژوورەکەی دەهاتە دەرەوە. لە روانینی خەڵک خۆی دەدزییەوە." ئای ئەگەر بزانن، چۆن تفم لێ ئەکەن." یەک دوو جار ویستی خۆی بکوژێ دڵی نەهات "کۆرپەکەمیش ئەمرێ".

- کاک شەریف هەرچۆنێک بووگە گەرەکمە خەوەرێک لە حەمە بزانم.

- چۆن بووگە گەفتگیتە فکر حەمە؟

- ئاخر رووم نەو بپرسم.
- منیش بەقەو تۆی لێ ئەزانم. ئەوەیچە ئەزانم کە سڵامەتە و هیجی پێ نەهاتگە و خەریک کار و فرمان خوەیە.
- ئاخر نامەیک، خەوەرێک. من تاکەی ئەتوانم لێرا دانیشم و ماتڵی بم.
- تویش وەک ئێمە. گشتمان ماتڵین بزانین چەمان بەسەر تێ.
- ئەگەر کەسێک چوو بۆ لای سەرەو خوایش ئەکەم پێم بێژن.

" حەمە... تەنیا ڕێگا ئەوەسە بچم بۆ لای حەمە. تەڵاقی لێ بسێنم. ئەیچم کوژێ یا بمکوژێ... دەنگیشی پێەوە نای. سەرشۆڕی خوەیە. جیا ئەومەو، لە جیگایکتر، کە کەس نەمناسێ و لە خاس و خراوم نەزانن دائەنیشم. مناڵەکەم گەوراکەم. ئەگەر سیامەک هات ئەوە سەر ئەنمە سەر شانی و هەر چۆنێک بێ زینگی ئەکەین. ئەگەر نەهات ئەوە منیش وەک ئەو گشتە ژنگەلە کە شوویان کوژیاگە و بە تەنیا شانیان داگە بەر بار زینگی روبەڕووی زینگی ئەومەو."

دوا بە دوای ئەم بڕیارە، نامەیەکی بە فارسی بۆ سیامەک نووسی و بە پێشمەرگەکانی کامیاراندا بەڕێیکرد. لە دێڕێکدا هەموو شتێکی پێگوت: " من منالّم هەس. هەرچی زووتر بێرەو".

سیامەک هێشتا نەهاتبووەوە، کاک شەریف لەدووی چیمەنی نارد.

- ئەوە چەن کەس بۆ سەرەو ئەچن. ئەگەر نامەیک چتێکت هەس بییە بیوەن.

- خوەم ئەچم کاک شەریف.

- بۆ کوێنا ئەچی کەنیشکم. لای مالّگەل نییە. تازە ئەچی چاکەی. هەروا بزانە حەمە خوەی هاتەو.

- خۆ زیندانی ئێوە نیم، کاک شەریف. گەرەکمە بچم بۆ لای شووەکەم. ئەو خاسیەم تەکا بکەن لەتەک ئەوانا بمنێرن. شیرینیش ئەسپێرم بە مالّ کاک غەریب. هەر لە دیوەکەی خوەما ئەوێ هەرتا ئەگەڕمەوە. ئەگەریش نەگەڕامەو ئەوە خوا حافزی بێ.

جیابوونەوە لە شیرین بەو ئاسانییە نەبوو کە بیری لێیکردبووەوە. کاتێک فرمیسکی شیرین بە خوڕاو دەهاتە خوارێ، دەتگوت جەرگی لەت لەت دەکەن. لەو ماوەیەدا زۆر لە دلّیدا جێگیر ببوو. چاوە گەشەکانی ببوو بە ئارامی گیانی، ببوو بە

بیرەوەری، ببوو بە جێگرەوەی نازێ و دایکی و سیامەک. ببوو بە هیوای بەیانی هەستان، بەڵام چارەی ناچار بوو. " کێ ئەیژێ ئەگەر رسوا بووم ئەویش پشتم تێناکا؟"

شەوی ئاخر هەتا درەنگان راوێژی بۆ کرد و چیرۆکی شاری بۆ گوتەوە و دڵنیای کرد کە دەگەڕێتەوە و دەیبا. کاتێک دەڕویشت ملوانکە زیرەکەی، تەنیا دیارییەک کە لە ژیانی رابردوو بۆی بە جێمابوو لە ملی شیرینی کرد.

- ئەگەر سیامەکت دی، بێژە چیمەن وتی چاوروانیم.

*

بەفری مانگی بەفرانبار پرووشەی دەکرد. چیمەن سەر و ملی داپێچابوو و بەو ڕێگایەدا کە دەڕۆیشتەوە کە لەگەڵ حەمە و پێشمەرگەکان پێیدا هاتبوو. رێگای ژاوەرۆ بۆ چەمشار. ئێستا لەو پێشمەرگانە تەنیا نەبی‌یان لەگەڵ بوو. بەڵەدی ڕێگا بوو و هەتا دەگەیشتە ناوچەی "لەیلاخ" هەموو کەلێن و قوژبنێکی پێدەزانی و مۆڵگەی ئەرتەش و پاسداری بەتاقی کردبووەوە.

شوانە کە پاش هێرشەکەی بەهار هاتبووەوە ناو ریزی پێشمەرگە بەرپرسایەتی ئەو سەفەرەی بە ئەستۆ بوو. سێ کادر بۆ دیتنی دەورە بانگ کرابوون. دەبووا ناوچە بە ناوچە

پێشمەرگەیان لەگەڵ بخەن هەتا دەگەنە ناوچەی موکریان. بۆخۆیان دایمە چەکیان پێ بوو، بەڵام شەڕیان نەکردبوو و لە نێشانە شکاندندا نەبێ تەقەیان بە دەستەوە نەهاتبوو. ئەوان دژی بردنی چیمەن لەگەڵ خۆیان ببوون، بەڵام شوانە باسەکەی بڕیبووەوە.

- خۆ بە کۆڵی ئێوە نای، کاکە. ئەویش و ئیوەیش من ئەتانوەم.

نەبی گوتبووی:

- کاتێک هەوا خراوە، قاچاخەرێگا ئەمنە. ئەرتەش لە پایگاکان نایتە دەرەو. لە پایگاشەو دەوروبەر خاس ناوینێ. جا کەمین دانان و کەفتنە بەر و دوای ناوێ.

بۆ خۆی پەنجا هەنگاو لە پێشەوە دەڕویشت و جار جار ملێکی بۆ دواوە دەسووڕاند. کادر و پێشمەرگەکانی دیکە چاویان لە بەرپێ خۆیان بڕیبوو و بە دوایدا دەڕویشتن. چیمەن لە پشت شوانەوە بوو و پێ بە پێی ئەو دەڕویشت و ماوەی رابردووی لە مێشکیدا دووپاتە دەکردەوە. هەر هەنگاوێک رۆژێک بوو، بیرەوەرییەک بوو. تاوێک ناوچاوی گرژ دەبوو و تاوێک دەگەشایەوە. سێ خۆشەویستی لەگەڵ خۆی هێنابوو. سیامەک و منداڵەکەی و شیرین. کە بیریانی دەکردەوە، دڵتەنگی و

دڵەودوایی داهاتوویان دڵی دەگوشی. کرانەوەی گرێ داهاتووشێ بە رزگارییەوە گرێدابوو و ئەوەش شتێک بوو کە زۆری لێینەدەزانی. تەنیا هیوایەک بوو کە لەناو ئەو بەفر و زوقمەدا بەدەم باوە گێژی دەخواردەوە و لە سەروچاوی رێبوارەکانی دەدا. هەر کەس بەپێی ئارەزوی خۆی باسی ئەو هیوایەی کردبوو. پوڵ، ماڵ، فیزدان، پیاوماقوڵی و کاربەدەست بوون. خوێندن و نووسین، شتە لەدەست چووەکان، وڵاتی بێ زۆردار. سیامەک گوتبووی "مرۆڤ چۆنی پێخۆش بێ ئاوا بژی و کەس کاری بە کەس نەبێ". کاک شەریف دەیگوت " با پێی بگەین دوایە دەزانین چۆن دەبێ". ئەی ئەگەر من بمەوێ ئەو جۆرە دەمەوێ بژیم. ئەی ئەگەر بمەوێ بە دڵی خۆم بکەم و کۆرپەی ئەڤینم رابگرم. داخۆ گوڵە زەوینێک پەیدا دەبێ تێیدا دانیشم؟

پرسیارەکان دەبوون بە خەیاڵ، خەیاڵەکان دەبوون بە ئارەزوو و بەدەم بەفرەکانەوە گێژیان دەخواردەوە و لەسەر کێو و دەشتەکان دەنیشتن.

- ئەشێ چکێک بێسین هەرتا تاریک ئەکا. لەو دیۆ ئەم چنارگەلەو جادە ئیسفالّتەکەی کرماشانە. ئەو بەرەو دەشتە، ناوێ ئیسە بپەڕینەو. دایمە ماشین گەشت ها بە سەریەو.

نەبی بوو کە رەوتی خەیاڵی هەمووانی بڕی و  شوانە دوو پێشمەرگەی ناردە پێشەوە کە چاودێری رێگا بکەن. راوەستان هەڵلەرزین و لە گۆچوونی لەگەڵ خۆی هێنا. هەموو بۆڵەیان دەهات، چیمەن نەبێ کە دەستی بە باخەڵیدا کردبوو و بە جنچکانەوە پاڵی بە چنارێکەوە دابوو و چاوی لە نەرم نێشتنەوەی دەنکە بەفرەکان بڕیبوو.

- بەخوا برا وەها کووڕ بووم کەفتنەوە رێگام وەسە کوچک کێشان.

- کاکە ئەشیا یواشتر هاتباین.

- خوەزگە لەو دێە ماتڵ بواین. رۆژێک رێگا بە نیمەرۆژێک هاتگین.

ماشینێکی ئەرتەشی لەسەر پردی پێش چنارەکان راوەستا، یەک دوو کەس هاتنە خوارەوە و بە دەور ماشینەکەدا سووڕانەوە. بە ئاماژەی شوانە هەموو دەمەوڕوو لەسەر بەفر راکشان. چوار پێنج چەکداری دیکەش لە ماشینەکە هاتنە خوارەوە، تفەنگ لەسەر دەست هەر یەکە بە لایەکدا لە یەکتر دوور بوونەوە. بەدەور خۆیاندا دەیانڕوانی و بە بەفرەکاندا دەمیزان. شوانە ئارامی لێبڕابوو.

- ئاخ ئەگەر پەلێک پێشمەرگەم بوای. پێتانم ئەوت گمێز بە کوێنا ئەکەن. باوەحیزگەل.

چارەکێک زیاتری خایاند هەتا سوار بوونەوە و رویشتن.

- ئەگەر تاوێک دێرتر چووبان، من رەق ئەومەو. سەرما چووگە ناو سکم.

- ئەوە ترسە، چووگە ناو سکت.

- شەو لە کوێنا ئەخەفین کاک نەبی؟

- ها، ها لەو دێیەی چەق رێگاکە.

- خەتەر نییە؟

- بەڵێ وەڵا، پڕیە لە جاش. جێگای شەو و رۆژیانە.

نەبێ مجێوری مزگەوتەکەی دەناسی. سووکە خزمەیاتییەکیان پێکەوە هەبوو. لە پێشەوە رۆیشت بزانێ "سۆفی برایم" لە ماڵە یا نە.

سەگوەڕ بە هەموو دێی راگەیاند کە غەریبە هاتووەتە نێو دێ. یەک دوو دەرکە کرانەوە و داخرانەوە. یەک دوو کەس هاتنە هەیوان و هیچیان نەدیت و چوونەوە ژوورەوە. نەبی گەڕایەوە.

- یەک یەک و دووان دووان بێن بە شۆنما.

سۆفی برایم بە تەنێ دەژیا. ژنەکەی کۆچی دوایی کردبوو و منداڵەکانی پەرەوازەی شار ببوون. ژوورێکی چکۆلەی لە تەنیشت مزگەوت هەبوو، بەڵام نەدەکرا میوانەکان بەرێتە ئەوێ.

- هاتوو شەو یەکێک ئیشتیای دیتنی سۆفی کرد. ئەم دێیە بۆ ئەوە ناوێ. خەڵک بزانێ پێشمەرگە هاتگە تا چاوت نیاگە بە یەکا جاش و پاسدار تێنە سەرتان.

لە پشت ژوورەکەی سۆفی ئەنبارێکی چکۆلە هەبوو کە کەل و پەلی زیادی مزگەوتیان لەوێ دادەنا. دەرکەیەکی چکۆلە نەبێ کونەوەجی نەبوو. سۆفی چرای چێشت لێنانەکەی و مەنگەڵی ژێر قورسییەکەی خۆی بۆ هێنان و چوو هیندێک رەژی بکا بە پولوو.

ژوورەکە هەر ئەوەندە بوو کە جەماعەت بە دەور چرا و مەنگەڵەکەدا دوومشقی دانیشن. نە جێگای راکشان بوو نە جێگای لاق راکێشان. هەر کەسە تفەنگی خۆی لە باوەش دانابوو و چاوی بڕیبووە ئاگرەکە. بە نۆبە دەست و لاقیان لەسەر چراکە گەرم دەکردەوە. چیمەن لە رووی هەڵنەدەهات لاقی لەسەر چراکە بگرێ، بە دەست قامکەکانی پێ دەپرواند. سۆفی

چوار پێنج نانی تەنووری و پێمەڕەیەک پولووی گەشاوەی هێنایە ژوورەوە. دە پازدە گوێزیشی لە گیرفانی دەرێنا، بۆی ڕۆ کردن.

- بوەخشن، قابل ئێوەی نییە. هەر ئەونەم لە خوانا بوو.

هەرکەسەو لەپە نانێکی بەرکەوت. شوانە بەشە گوێزەکەی چیمەنی بە مشت شکاند و دای بە خۆی کە پاکی بکا.

- ئەگەر کەسێ دەست بەئاوی بوو، هەر لە پشت ئەمبارەکەو دانیشێ. مەچنە حەوز، نەکا کەسێ بتانناسێ. دوو سێ پەتوە شڕەیشم هەس تێرمی بۆتان. من وریای دەوروپشت ئەوم. ئێوە خاترجەم بن.

چیمەن زۆر لێی گران بوو لەبەرچاو پیاوانەوە هەستێ بچێتە دەس بە ئاو، بەڵام چار نەبوو. دووگیان بوون بەجێی خۆی، سەرماش کاری تێکردبوو.

ژوورەکە بەرە بەرە گەرم دادەهات. بۆنی بۆکەڵیشی گۆرەوی و هەڵمی جلی تەڕ و بۆنی نمە کۆنی ژوورەکە لەگەڵ بۆنی نەوت و رەژی تێکەڵ ببوو. هڵێنجدانی بۆ چیمەن ساز کردبوو، بۆنی بە لەچکەکەیەوە دەکرد و خۆی ئارام دەکردەوە. خەو دایگرتبوون، بەڵام ئەوجۆرە ئەوان ترنجابوونە یەکتر لەبەر تەزی لاق و سڕبوونی پشت، خەویان لێنەدەکەوت.

کادرکان "خالید و یۆنس و شەپۆل" لە تەنشت یەکتر پەتوویەکیان بە کۆڵی هەر سێکیاندا دابوو. پێشمەرگەکان نەبی و عەباس و یەدێ دەست و لاقیان بە ژێر پەتوەکەیانەوە کردبوو. چیمەن بە تەنیا یەیکی وەبەر کەوتبوو. شوانە گوتبووی: گەرەکم نییە!

بۆنی پەتوی تۆزاوی لە بۆنەکانی ناو ژوورەکە زیاد ببوو و دڵی چیمەن لە ژێلا دەهات. بەڵام لەبەر ماندوویی کەس نەیدەپەرژا بیر لە نائاسایی بوونی ئەو بکاتەوە و بە ماندوو بوونیان دادەنا.

خالید لۆی پەتوەکەی بەسەر شانیدا هێنایەوە و گوتی:

- وەڵا باوکم هەرتا سفحا رەق ئەوینەو و سۆفی هەر لەم مزگتا ئەمانشۆرێ.

- با شەوێکیش وەک پێشمەرگە زینگی بکەی کاک خالید چاوێ؟

- خالید خۆی لێ گێل کرد، بەڵام شەپۆل خۆی پێ رانەگیرا:

- تۆ چەت کردگە ئێمە نەمانکردگە قوربان.

- هەر ئەونە وتم ئێوە شەوێکتان بەسەرا هاتگە، ئێمە هەرچێ شەوە.

- دەی بێ با جێگە بگۆڕینەو. من لە جیای تو لە مەقەڕ پێشمەرگا ئەوم و تۆ لە جیای من لە رێکخراوا کار بکە. ئەوە بزانە من کار تۆم پێ ئەکرگێ، وەلێ تو کار منو پێ ناکرگێ.

عەباس دەستی بەسەر چراکەدا گرت و چاوی لە دەستی بڕی و لەباتی نەبی هاتە جواو.

- وەڵا راسە هەر کەس و کار خوەی. وەلێ ئێوە وەک رێکخراو پێمان نایژن چەتان کردگە، چ بارێکتان بۆ ئێمە راسەو کردگە؟ ئێمە ئەوە کە پێمان ئەکرگێ ئەیکەین، وەلێ ئێوە چوار ئافرینیشمان بۆ نایژن دڵمان پێ خوەش بێ.

خالێد نەختێ خۆی کشاندەوە و تەزی پشتی دەرکرد و بە تەشەرەوە گوتی:

- جا ئەوە نییە تەواو شۆرشەکە بەناو پێشمەرگەوەس کاکە برا هەر لە سفحەو هەتا شەو بە شان و باڵ ئێوا ئەیژن.

- بە قسە بەڵێ بە عەمەل خوەزگە بە تانجی.

- ماندویی و بێخەوی و شوێنی تەنگەبەر و جلی تەڕ و بۆنی ناخۆش ببوو بە هۆی قەڵسی هەموو لایەک و باسەکە بەرە بەرە توندتر دەبوو. تەنیا چیمەن بوو کە لەو دەمەقاڵەیەدا خۆی بە بەشدر نەدەزانی. ئەو لە مێشکی خۆیدا هەستێک، بیرێک، دڵخۆشییەکی گەورەتری شک دەبرد و پەنای بۆ بردبوو.

کۆڵوانەکەی لە لاقی هاڵاندبوو و لە سووچی پەنا هێزمەکاندا دەستی لە ژێر بەخەڵی نابوو و ئەژنۆ لەباوەش لە دنیایەکی دیکەدا بوو. دنیای منداڵەکەی. شیری پێی دەدا. بیشکەی رادەژەند. لایە لایەی بۆ دەکرد. دەستی دەگرت دەیبردە گەڕان. لە هەموو رەنگێک جلی لەبەر دەکرد. " داخۆ کوڕە یا کەنیشک؟" هەر لە ئێسەو لەقە فرتێیەتێ ئەکا، ئەشێ کوڕ بێ". دەیان نێوی لە زەینی خۆیدا دووپات کردبووەوە. رۆژێک شۆڕشی پێ خۆشبوو، رۆژێک هەڵمەت. کاتێک نێوی دەنا هیوا و کاتێک هەژار. ئاوات، ئارەزوو، گەلاوێژ، ئاخری بڕیاریدا ئەگەر کوڕ بێ نێوی بنێ "ژیان" و ئەگەر کچ بێ نێوی "ژووان"ی لەسەر دانێ. " داخۆ سیامەکیش پێ خوەشئەوێ؟"

- ئەرێ ئەو قڕە قڕەتان لەبەر چەس برا. هێشتا خۆ هیچێکمان گیر نەکەفتگە لەسەری شەڕ ئەکەن. جارێ هەر گوللە خواردن و کوژیان و زەخمی بوون و ماڵوێرانییە. دەی فەرموو هەرکەس زیاتری گەرەکە با بڕواتە بەرەو. هەر کەسیش گەرەکی نییە با قسەی زیایی نەکا.

شوانە بوو بە تووڕەییەوە ئەمانەی دەگوت و هەستا دەرکەی کردەوە و چووە دەرەوە. شەپۆلێک بەفر و سەرما بە پەلە خۆی بە ژووردا کرد.

سۆفی باڵا کورت و کۆمەکەی لە کەوڵێکەوە پێچابوو و لە پەنای دیوارەکەی سەر حەوزی مزگەوت چاوی لە وڵات دەگێڕا. هاتنی پێشمەرگەکان بیرەوەرییەکانی زیندوو کردبووەوە و خەیاڵی لەگەڵ دەنکە بەفرەکاندا دەڕویشت هەتا کاتی لاوەتی، هەتا کاتی منداڵی و دەگەڕایەوە.

"قەڵخانی"یەکان بەڕێگای پێش گونددا دەهێنن. دەستی بابی گرتووە و سەیر دەکا. ژن و پیاو و منداڵ و پیر بە پێخواسی، بەناو بەفر و قوڕ و چڵپاودا دەڕۆن. هێندێک کەروباریان پێیە، هێندێک بێشکەیان بە کۆڵەوەیە، ژنەکان منداڵەکانیان بە کۆڵیانەوە بەستووە. مانگی ڕێبەندانە، سەرما سەر دەتەزێنێ و بەفر کڕیوە دەکا. هەر لە بەیانییەوە هەتا نیوەڕۆ هەر دێن و دواییان نایە. ژاندارمەکان بە سواری ئەسپ چاودێریان دەکەن. تاو نە تاوێک دەوەستن و جنێوێک دەدەن یان بە شەلاخ لە پشتی یەکێک دەکوتن. کەس نازانێ لە کوێیەوە هاتوون و بۆ کوێیان دەبەن. کاتێک کە گەورە ببوو بابی پێیگوتبوو کە لە کوردستانی ژووروو ڕاپەڕین تێکشکابووە و ئەوانەیان بەرەو لای تاران بردووە. دیانگوت هەتا ئەوێ سەد هەزاریان لێفەوتاوە.

یەکێک لە ژنەکان دەکەوێ و ژاندارمەکان ناهێڵن کەس یارمەتی بدا. ژاندارمەیەک لە ئەسپ دادەبەزێ، بە نووکی

چەکمەکەی سەر ژنەکە وەردەچەرخێنێ، پاشان روو لە ئەمان دەکا و بە فارسی دەنەڕێنێ " وەرن ئەوەی بەرن چاڵی کەن، مردووە" بابی و مامی و کوێخا هەڵیدەگرن دەیبەنە هەیوانی مزگەوت. کاتێک جلەکانی دەکەنەوە دەبینن منداڵێکی نیوەگیانی لە سەر زکی خۆی بەستووە. منداڵەکە بە دزییەوە دەبەنە ماڵەوە. گەرمی دەکەنەوە و نەوات داخ بە دەمیەوە دەکەن. ناهێڵن بمرێ، بابی نێوی دەنێ "گوڵباخ" و لەودووا پێیدەڵێن گوڵێ. بە یەکەو گەورە بوون، بەیەکەو ژیان. " ئای گوڵێ بۆچە بە جیمۆ هێشت" ئاوری داوە کە چاو لە زیارەتەکەی گوڵێ بکا لەناو پرووشەی بەفردا تارماییەکی دیت. بەرفان بەرەو مزگەوت هەڵات. لێی نزیک بووەوە، شوانە بوو.

- کەوڵەکە بە بە من و بڕۆ هێندێک خوەت گەرمەو کە مامە.

لە مێژ بوو کەس سۆفی لە ئەژمار نەهێنابوو و کاری گرینگیان پێ نەسپاردبوو. پێی خۆشبوو رابوەستێ. خۆی بە بەشدار بزانێ، بەڵام شوانە نەیدەویست بگەڕێتەوە ناو بۆگەنیو و دەمەقاڵەی ژوورەکە.

- باشە لەودوا تێمەو. نزیک بانگدان شایەت پیاگ بێن بۆ نوێژ.

دیوەکە تازە نەختێک گەرم داهاتبوو و چورتە خەوی دێنایە چاویان کە سەرما و بەفر و سۆفی هاتنە ژوورەوە. سۆفی بەفر و سەهۆلی لکاو بە ریشە سپییەکەیەوە دەپرواند و بە رووخۆشییەوە گوتی:

- قوربان ئەمە روو رەشی سۆفییە کە ئێوە ئاوا لێرا بن. چارە نییە چە بکەین.

- دشمەنت روو رەش بێ سۆفی.

سۆفی ئاگری مەنگەڵەکەی شێواند و جگەرەیەکی پێی پێکرد. ماوەیەک هەموو بێدەنگ بوون. سۆفی چاوی دەگێڕا و لەبەر خۆیەوە دەیەویست بزانێ کام لەمانە دەتوانێ شووی ئەم ژنە بێ. شەماڵ بێدەنگییەکەی شکاند:

- مامە سۆفی ئەم مزگتە مەڵای هەس؟

- مەڵای بوو. کەفتە شۆن عەجەمەکان و چووە شار.

- پوڵ خاسیان پێ ئان.

- وەڵا چەو عەرز کەم قوربان. من سی ساڵە خەومەت ئەم مزگتە ئەکەم. بە عومر خوەم مەڵای فرەم دیگە. ئاخر لەم دنیا هەرچێ چتە خاس و خراوی هەس. ئەوە من زانیوێتم خاسم لە ناو دوو جۆرە بەشەرا نەدیگە. ژاندارم و مەڵا. جا ئیسە لەم مەملەکەتا مەڵا بووگن بە ژاندارم.

هەموو بە قسەی سۆفی گەشانەوە. یەدێ لە هەنگڵی عەباسی کوتا:

- بەخوا برا تا ئیسە هیچ کادرێک قسەیکی ئاوا پوختی نەکردگە.

سۆفی بە تەواوی لە مەبەستی قسەکە تێنەگەییشت، بۆیە بێدەنگ بوو. یەدێ بۆ ئەوە بەرپەرچی قسەکە نەدەنەوە گورج لە سۆفی پرسی:

- ئەری مامە کەی بە دەسیانەو نەجاتمان ئەوێ، نەجات؟

سۆفی خۆڵەمێشی جگەرکەی لەناو مشتی کرد و لە زاری هاویشت. وەکوو باسی چیرۆکێکی کۆن بکا لەسەرە خۆ گوتی:

- ئەو کێفە لە پشت ئەم دێیەو کە سۆزی پیا ئەچن سەرەو. ئەگەر بزانن ئەوە پێی ئەیژن "سوڵتان سەراجەدین". ئەوە "سنجەرخان" شەڕی تیا کردگە. ئنگلیس بێرا چووگنە سەر شار سنە. سەی عەتا لێرەو هاتگە و قەڵخانی‌یان بیرا بردگە بۆ تاران. یەکەم جار نییە رۆڵە. وەلێ من بە عومر خوەم فکرم لێکردگەسەو. هەرچێ جارە هەر ماڵویرانییەکەمان بۆ ماگەسەو. ئەونە من بزانم چتێکی کەم بووگە. شتێک ناتواوە. لەبەر ئەوە ئاوامان پێتێ.

- باشە وازانی ئەوە چەس؟

- ئەگەر من بمزانیای ئیسە بەرنویژیم ئەکرد. رۆڵە ئێوە باسەوادن. ئێوە تفەنگتان هەڵگرتگە. ئێوە ئەشێ بزانن. فرە کەسگەلتان هاتگنە ئەم مزگتە قسەیان بۆ مەردم کردگە، وەلێ من لە هیجکامیان جواوێکم نەژنەفتگە.

- یۆنس قسەی سۆفی بڕی:

- ئەم دەفعە فەرقی هەس مامە. ئیسە ئیتر زەمان سەی عەتا و سنجەرخان نییە. مەردم خوەیان هەڵساگن.

- هەرچێ دەفعەس هەر وایان وتگە کوڕم. هومێ بە خوا، ئەم جارە ئاخر جار بێ و ئازادی بە شۆنەو بێ... دڵتان لێم نەڕەنجێ، سۆفی کەمێ قسە رەقە.

سۆفی هەستا:

- بەشکەم چاوێک گەرم کەن. فرەی نەماگە بۆ نویژ.

سۆفی خەجاڵەت جێگەکەتان ناخوەشە.

دەرکەی کردەوە و بۆ ئاسمانی روانی:

- بەفرەکە خوەشی کردگەسەو. ئیشاڵا سۆزی خوەش ئەوێ.

*

رچە نەشکابوو و ڕێگا بە تەواوی دیار نەبوو. نەبێ پێشکەوتبوو و بە دیاردەکاندا ڕێگاکەی دەدیتەوە. تاریک و روون بەرێ کەوتبوون. کزەبای کازیوە سەرتۆی بەفرەکەی رچاندبوو. پێیان دادەنا بەفر خرمەی دەکرد و شەختە دەشکا و کونی تێدەبوو. بەفر هەتا سەر ئەژنۆ دەهات. هەر هەنگاوێک ماندووبوونێک بوو. جلەکانیان هێشتا بە تەواوی ئیشک نەببووەوە و لە سەرما رەپ ببوون. رەشە با سەروچاویانی دەبرژاند. پێی چیمەن ماسی بوو. دەیزانی کە بۆ ژنی زگپڕ ئاساییە، بەڵام پشت ئێشە و نەنووستن و ئەو هەورازە چەتوونە خەیاڵاوی کردبوو. "منالّەکەم"" نەشیدەویست خۆی بشکنێتەوە و داوای پشوودانێک بکا.

هەورێکی رەش سەرکڵاوەی سوڵتان سەراجەدینی داگرتبوو و بەرەوخوار دەکشا. بەشی زۆری سەربەرەو ژووری ڕێگاکە هاتبوون. چیمەن باوەشی بە زکی خۆیدا کردبوو و بە زۆر پێی هەڵدێناوە و لە جێ پێ ئەوانی دادەنا، کە گەیشتنە لاوەلاکە شوانە لە ژێر دارە گێوژێک راوەستا و بە چاو لە چیمەن گەڕا. دیار نەبوو. هەموو لەسەر بەفرەکە دانیشتبوون. زاری ئیشک بوویان بە بەفر پاراو دەکرد. شوانە گەڕایەوە، پێنسەد هەنگاو لە خوارەوەتر چیمەن بە چوار پەلان خۆی بەسەر بەفرەکەدا

دەخشاند. شوانە بە رفان خۆی گەیاند. چووە ژێر باڵی و هەڵی ئەستاندەوە.

- ئەگەر تاوێ دانیشم خوەم ئەڕۆم. سپاس کاکە شوانە.
- دانیشە خۆشکە، بۆ قاوت لێم نەکرد؟ ئەو هەتیمگەلە چۆن لایان نەکردگەسەو.

لەو بەرزاییەوە دەشت و دەری "نەڕان" دەبیندرا کە لە ژێر بەفردا لە خەوی زستانە کەوتبوو. دووکەڵی سپی کە لەناو سەربانەکانی دێیەوە بەرز دەبووەوە، بەرە بەرە چەترێکی لە هەڵم بۆ دێ دروست دەکرد. تاک و تەرا خەڵک بە ناو دێدا هاتووچوویان دەکرد. پێگەکەی ئەرتەش لەسەر گردەکە لە ناو بەفردا نوقم ببوو." ئای لە وڵاتی خۆم ئاوارە" ئەم بیرە دڵی چیمەنی گوشی و هێزی دا بە رانی،

- بڕوین کاکە شوانە. هەرتا زیاتر دانیشین زیاتر رەپ و رەق ئەوینەو.

هەورە رەشەکە دابەزی و خۆی بەسەریاندا کێشا و لە دنیای دەوروبەریانی جوێ کردەوە. لاوەلا بەناو مژە خستەکەدا گەیشتنە سەر کانیەکەی ژێر لوتکەی سوڵتان سەراجەدین. چیمەن سەری هەڵێنا. مەرقەدەکەی سوڵتان لەناو مژدا ون ببوو

"باوڕم پێت نەماگە جا تۆ کەیف خوەتە" ئاوی کانیەکە هەڵمی لێ هەڵدەستا. نەبی گوتی:

- سک برسی ئاوی تێکەن با قوڕەی بێ.

چیمەن چاوی لە ئاوەکە بڕیبوو کە بێدەنگ بەناو بەفرەکەدا دەڕویشت و شەقڵێکی رەشی بەناو دارەکاندا کێشا بوو. بەهارە ئەو دەمە کە مەزرە و جاترە و خۆڵەشێرە و قازیاخە و گیلاخە شین دەبن. ئەو دەمە کە هێشتا زەوی نەرمە و لە نساری شاخەکاندا تۆژاڵە بەفرێک ماوە. ئەو کاتە کە ئەو دەر و دۆڵە پڕە لە گوڵاڵە و سۆسەن. کاتی زیارەتی سوڵتان سەراجەدین. سەر کانیەکە و ناو دار شڵانەکان پڕە لە خەڵک. پۆل پۆل دانیشتوون. مەنجەڵە دۆڵمە و دۆکولێو لەسەر ئاگر نراوە. پیاوان تەختە و دامە دەکەن و ژنان چێشت لێدەنێن و گوڵ و گیا کۆ دەکەنەوە. کوڕان و کچان لە داوێنەکەدا بڵاو بوونەتەوە. دوو دوو و سێ سێ بە بیانوی گیا کەندنەوە لێک نزیک دەبنەوە. دوو قسەی کورت و لە شەرمان سوور هەڵگەڕان. بزەیەک دەگرن و بە ئاماژەی چاو قەول دەدەن. خوێنی لاوەتی دەکوڵێ و تێکەڵاوی بۆنی گوڵ، دەبێ بە ئەڤین. ئەڤینێکی تیژ و بێدەوام. دەچنە سەر مەرقەد. دەخیل دەبەستن " داوای کامیان بکەم؟ ئەوەی ئاخریان جوانتر بوو... نا کنا کراس زەردەکە خوێن

شیرینتر بوو. ئەو کوڕە چاوڕەشەکە ئەرێ ئەو... یا سوڵتان سەرجەدین موورادم بە" بەردێک بە کێلەکەوە دەلکێنن. هەموو جارێکیش دەیگرێ. دهۆڵ و زوڕنا لە سێ چوار لاوە دەیکوتێ. گەڕی شایی گەرمە. باب و دایکان سەریان قاڵە. کوڕان بە ئیشارەتی چاو دەچنە پەنایەک، دوو گوڵی سوور دەدەن بە کچێک. نێوی دەپرسن. "ماڵتان ها لە کوێنا؟" لەوێ بوو کە عەلی حەز لە چیمەن دەکا. دەورییەک دۆڵمە دێنێ و دادەنیشێ، بەڵام هیچ بە چیمەن ناڵێ. چیمەن نەشیزانی حەزی لێکردووە. ئەودەم بە سواری هەوران دەگەڕا.

تەقەی دوو گوللە دایچڵەکاند. هەستی کرد منداڵەکەشی لە زکیدا داخورپا. پۆلێک گاکۆتر بەقەد شابەردێکەوە خۆیان مات دابوو. شوانە بە دوو گوللە دووی پێکا. ئەوانیتر پەشۆکاو هەڵفڕین و لەناو تەم و مژەکەدا ون بوون. هەتا عەباس خۆی گەیاندە کۆترە کوژراوەکان یەدێ ئاگری کردەوە. کەبابی کۆتر و برسییەتی. هەرکەس ئەوەندەی بەرکەوت کە بڵێ "زارم دیتی، زکم نەیدیت" شوانە بەشەکەی خۆی دا بە چیمەن.

رێگای نادیار و کڕیوە و هەوراز. چیمەن رادەوەستا، چاوی لە رێگاکە دەکرد. بە خۆی دەگوت "سەد هەنگاو تریش ئەچم لەودوا دائەنیشم" دەیژمارد، یەک، دوو... هێشتا نەببوو بە بیست

جارێکی دیکە سەری هەڵدێناوە "نەخەیر فرەی ماگە، باشە بیستی تریش". ئەوانی دیکەش زۆر لەو باشتر نەبوون لە پێشدا کۆڵەکەیان لێ ببووە بار "ئەمانەم بۆچە هاورد؟ بۆچە ئەم بارەم بۆ خوەم دروس کرد؟" دوایە تفەنگەکەیان لێ قورس دەبوو. لەم شان دەیانخستە ئەو شان و دیسان بۆ ئەم شانەکە. فیشەک و جلوبەرگ. پێڵاوەکانیش قورس ببوون. پێیان لە دوویان نەدەڕویشت. خۆیان ببوونە بار بە مل خۆیانەوە و لە هەموو کەس و هەموو شتێک تووڕە بوون و ئەوەی گلەیی و ناخۆشی ژیانە بە بیریاندا دەهاتەوە.

"ئای سیا چاوڕەش، ئاوا بێ وەفا بووی؟" لە کاتی بەڕێکەوتنەوە ئەوە یەکەم جار بوو چیمەن لە قووڵایی دڵەوە ئاواتی دەخواست سیامەکی لەگەڵ بوایە. پێیوابوو بە بوونی ئەو هێزی دەگرت و ئەوەندە هەستی بە بێپەنابوون نەدەکرد. ئەستەمی ڕێگا نەیهێشت زۆر بیری لێی بکاتەوە. هەناسە بڕکێ بوو. پشتی دەیشا. پای لەگەڵی نەدەڕویشت، بەڵام هەرچۆنێک بوو ئەو هەورازەشی بڕی. لەسەر ئاسۆ تارمایی دێیەک دەرکەوت. لە دەشتەکەی بەردەمیاندا لە ناو سێ تەپۆڵکەدا چەند خانوو باوەشیان بە یەکدا کردبوو و لێفەیەک لە بەفریان

بەخۆدا دابوو. دانیشتن وەکوو ئاخر هیوای ژیانیان ببینن، تێڕامان.

نزیکبوونەوە لە ئاوەدانی، موژدەدانی سەگوەڕی دێ. ئاشنایی بۆنی لاس و تەپاڵە، بۆنی دووری نانی گەرم. بۆنی پەتاتەی کوڵاو، بۆنی چێشتە تەڕە. ماست و دۆ، بۆنی شۆرباو تەماتە و هیلکەورۆن. جار جارەش بۆنی پڵاو. ئاواتی لاق راکێشان لە ژێر قورسی، دوو پیاڵە چای، ئارەزووی خەو، ئارەزووی "میوان بەخەیر هاتی". بەم خەیاڵانەوە چاویان لە گوندەکە بڕیبوو و بەفریان دەشێلا کە پێی بگەن.

"رەشەڵان" رەش داگەڕابوو. دەرکەکان نیوە سووتاو لەسەر گێجەنە دەلەقان. سەربانەکان داتەپیبوون. دیوارەکان ئاسەواری سووتان و گوللەیان پێوە مابوو. بەفر گێژی دەخواردەوە و بە دەم باوە لە پەنجەرە بەتاڵەکانەوە دەچووە ژوورەوە و بەدەرکە تاککراوەکاندا دەهاتەوە دەرەوە. تەنیا گڤەی با بوو و جێ پێ ریوی. عەباس دوو تەقەی لە هەوا کرد:

- کەس لێرا زینگی ناکا برا.
- تۆ بێژی ڕێگامان گوم کربێ؟
- نە کاکە. ئەیرە پاییز شەڕی تیا کریاگە. کاک رەحمان و ئەوان لەیرا شەهید بوون.

خانوویەکیان دیتەوە کە سەربانەکەی تەپی بوو. بە دار و پردووی ماڵە رووخاوەکان ئاگرێکیان کردەوە و دەورەیان دا.

- ئەیژن هاڵاوێک لە پڵاوێک خوەشترە.

گەرمیان بووەوە. جلەکانیان ئیشک کردەوە. برسیەتی نەیدەهێشت بخەون. دەنا دەستبەجێ هەموو خەویان لێدەکەوت. عەباس چاوی لە میچەکە بڕیبوو.

- شەڕەکە ئم. تاریک و رۆشنی سەرسفح شوانەکەی دێ هاواری هاوربوو و پێشمەرگەکانی خەوەرەو کربوو. هەر نیمەشەو هاتوون دەور دێیان دابوو.

- جا چۆن پێشمەرگە بە بێ نگابان ئەخەفێ؟

- کێ باوڕی ئەکرد پاسدار بگەیتە ئەیرە.

- هەر کەس لە هەر ماڵێکا بوو، لەینەو کردوویە تەقە.

رێگای دەرچوونیان نەو. یا کوشتن یا کوژیان. کاک رەحمان و دە پێشمەرگە هێرش ئەکەن بۆ سەندنەوەی ئەم تەپۆڵکەی پشت دێ، وەلێ تەنیا دوو کەسیان گەییە ئەو دێو، ئەویش زەخمی بوون. کاک رەحمان دۆشکەکەیشی گرتوو، وەلێ بەر لەوە تەقەی پێبکا هلیکۆپتر لێدابوو.

- کورە ئاخر پێشمەرگە بە چوار دەراغەوە مەگەر چەنێ شەڕ پێ ئەکرگێ.

- ئەیژن، مەردم ئەچوون تفەنگ و فیشەک جاش و پاسدارەکانیان ئەهاورد ئەیاندا بە پێشمەرگەکان. لەبەر ئەویچە بوو دوای شەڕەکە یازدە نەفەریان لە بەرچاو منالّەکانیانەو تیرباران کربوو. سەرجەم نزیک سی کەس لە خەڵک و بیست و دوو پێشمەرگە شەهید بوون.

- هەرتا ئێوارە جەسەد کوژیاگەکان خوەیان بە کۆڵ خەڵک گۆزابووەو.

- خۆ گشتتان داستانەکە ئەزانن بۆچە ئەیگەڕنەو بۆ یەکتر؟

- هەڵسن برا هەرتا برسیەتی ئێمەیشی شەهید نەکرگە. با بچین، هەرتا "کانی گوڵزار" دوو سەعاتە.

ئێواران ڕێگا دریژ دەبێتەوە. هیلاکی و برسییەتی و ترس و خەیاڵ، ئەوەندەی دیکەش درێژی کردبووەوە. تاریکی دادەهات و ترسی ڕێگا ون کردن دایگرتبوون و بەسەر نەبیٚ‌یاندا دێنا.

- خەتای من چەس برا. ئەم جۆرە ئێوە ئەچن بە ڕێگا، مەگەر تاوسان بگەینە سەردەشت.

زریوەی چراکانی کانی گوڵزار وەکوو مزگانییەکی خۆش لەناو مژ و تاریکیدا بەدەر کەوت.

*

- بۆ هاتگی گورِم؟ چەوگە؟

- هە... ئەوە بەخەیر هاتنی لێمکرد... لاقم فرە ئەیشێ کاک شەریف هاتگم نیشانێکی جەماڵی بەم.

سیامەک دوای دوو رۆژ بەفر شێلان بە رێگای شانشین‌دا خۆی گەیاندبووە رێکخراو. نامەکەیان درەنگ پێدا بوو. تەنانەت رانەوەستابوو ئێسترێک پەیدا بکا. دڵەخورپێ وەقرەی لێ برِیبوو. لەناو دێ چاوەچاوی کردبوو، چیمەنی نەدیتبوو. بەسەر کانی و بەپێش ماڵی حەمەغەریب‌دا لاقی کردبووە کێش، نەیدیبوو. رووی کردبووە مەقەرِ، لەوێش نەبوو و کەس باسی نەدەکرد.

- دەی کاک شەریف. هەواڵ و باس؟ لەو وەختەو لێرا نەوم چە بووگە، چە روویداگە؟

- شەو هەرتا بەیانی لە دووری تۆا گیریاگین بە قوربان! گەرەکتە چە بووێ؟

- سەی رەحیم و پێشمەرگەکانی دیکەش هەروا هیجیان بەزاردا نەهات کە وڵامی پرسیارە نەگوتراوەکەی ئەو بێ. بەرەو دەرمانگا رۆیشت. دەرکە داخرابوو. نەیوێرا راستە و راست بچێتە ماڵی حەمە غەریب. "شکم لێ ئەکەن. ئەوم بە پەن، خوەم بە تون چیمەن بەرگەی ئەم تەکان و شەکانە ناگرێ."

تەنیا دەیتوانی بە جۆرێک لە جەماڵ بپرسێ ئەویش چوو بوو بۆ گەلێن. رووی کردە چایخانە، سێ چوار پێشمەرگەی دانیشتوو خەریکی دۆمینەکردن بوون.

- ئەرێ نازانن دوکتور جەماڵ کەی تێتەو؟
- جا خۆ ئەیژێ بە کەسێک؟
- ناسر گیان لاقم فرە ئەزیەتم ئەکا. وەقرەی لێم بڕیگە.

ئەتانی بچی هەرتا گەلێن بە دوکتور جەماڵ بێژی؟

ناسر چاوێکی لە دۆمینەکەی دەستی کرد و یەیکی هەڵگرت لە ریزی ئەوانی سەر مێزەکەی دانا.

- حەی بەیاز... قوڵفە.
- دە تمەنی ها تیا؟
- با ئەم دەسە تواو کەم ئەچم.

ناسر رۆیشت بەڵام بێتاقەتی سیامەک لەوەدا نەبوو شەوێک خۆی پێ رابگیرێ. یەک دوو جار قورٍ و چڵپاوی ناو دێی شێلا و بە پێش دووکانی حەمەغەریبدا هاتووچووی کرد، بەڵام نەی پەرژا بچێتە ژوورەوە. دەیزانی لە رووی هەڵنایێ هەواڵی چیمەن بپرسێ.

شەو داهات و چرای ژوورەکەی چیمەن هەڵنەبوو. "نەکا منداڵەکەی زیان کردوێ. نەکا چتێک پێشهاتویێ؟" پاڵی بە دەرکەی ماڵی حەمە غەریبەوە نا و چووە ژوورەوە.

- فەرموو کاک سیامەک، بەخەیر بیتەو.

پاچکەی ژووری قورسییەکەیان بۆ بەتاڵ کرد. لێفەکەی هەتا ژێر چەنەی هێنا. گەرچی پێکەنینەکەی هەر بە زارەوە بوو، بەڵام قسەی بۆ نەدەهات. شیرین بە بیانووی سفرە هێنانەوە هاتە ژوورەوە. لە روانینە بە ماناکەیدا سیامەک تێگەیشت کە قسەیەکی پێیە. هێندەی دیکە ئارامی لێبڕا. شیرین کە چووە دەرەوە لە حەمە غەریبی پرسی:

- ئەرێ کار ئەم کەنیشکە چەی پێهات. هەر ها بە لای خۆشکە چیمەنەو؟

- نەخەیر ئیسە تەنیاس. ئەو تەک پێشمەرگەکانا چوو، سەر لە شووەکەی با. هەژارە تا کەی چاو لە رێگا بێ.

- ئەم وتەیە دەیان خەیاڵی دیکەی هێنایە مێشکی، دەیان پرسیاری بێ وەڵام. گەرمای نەرمی قورسی و ماندویی سێ رۆژ رێگاکوتان دایهێزاندبوو و ئەو هەواڵە تەزاندی. تەنیا لێوی بزووت:

- کەیێ؟

بەیانی مەلا بانگدان هەستا و بە ئەسپایی چووە دەرەوە. خەونی ئاشۆپاشۆی دیبوو و نیوەشەو داچڵەکابوو و خەوی لێینەکەوتبووەوە. " ئەشێ لە شیرین بپرسم، شیرین چتێک ئەزانێ". چووە بن دارتووەکەی بەر دێ دانیشت و چاوی لە رێگای کانی و دەرگایماڵی حەمەغەریب بڕی. سەرما بێ رەزا پێستی دەبرژاند. شاڵەکەی کەمەری کردەوە و پێچاندییە دەور سەر و ملیەوە. "بێژی بێت؟" هات. شیرین دەفر لە شان هات. وەکوو ئەویش لە سیامەک بگەڕێ رێگاکەی خوار کردەوە و لە پشت دەرمانگاوە هاتە خوارەوە. سیامەک بە رفان خۆی گەیاندە سەر رێگاکەی.

- شیرین بێژە بزانم. چیمەن چەی پێهات؟ بۆچە چوو. تۆ هیچ ئەزانی؟

شیرین دڵی پڕ بوو و گریان ئەوکی گرت:

- نازانم، لە تەک پێشمەرگەکانا چوو. وتی بێژم پێت چاوەڕوانتە. دەچی کاک سیامەک؟ توخوا بێژە پێ بێتەو، یا خۆ منیش بوا بۆ لای خوەی.

فرمیسک پێشی قسەی زیاتری پێیگرت. دەفرەکەی شانەوشان کرد و بەرەوکانی هەنگاوی هەڵێناوە.

مووچرک هەموو لەشی سیامەکی هەژاند. وەکوو شێت بەناو دێدا دەسووڕایەوە، ئاخری پەنای بە سۆبەکەی مزگەوت برد.

- ها کاکە، ئەوەیچە چەکەکەم. بەلای ئێوەو پیاگێک قیمەت چەکێکیش نییە.

- بۆ عەسەبانی ئەوی کاکە، بریار هێزە. ئەگەر کەسێک خوەی گەرەرکی بێ بچی بۆ جێگایک، ناوێ چەکی هێز تەک خوەیا بوا.

- بەڵێ حالێبووگم. بڕیار ئێوەس.

سیامەک بڕیاری دابوو بڕوا بە دووی چیمەندا، بەڵام دەبوا هەتا هاتنی مینیبوسەکە لە شارەوە چاوەڕوان بێ. دەمانچەکەی جەماڵی بە ئامانەت وەرگرت. مینیبوس هات. شۆفێرەکە هاتە بەر دەرمانگا، بانگی سیامەکی کرد و نامەیەک پێچراوەی دایە دەستییەوە.

- ئەوە ئێمڕۆ پیاگێک هاوردی و سفارشی کرد کە بیەم بە دەس خوەتەو.

- نەیوت ناوی چەس؟

- نا کامڵە پیاگێک بوو. ئەشێ ئاشناتان بێ.

بە پەلە نامەکەی کردەوە. خەتی باوکی ناسییەوە. بە فارسی نووسرابوو. داوای کردبوو بێتەو بۆ شار. نووسیبووی "قسەی

لەگەڵ بەرپرساندا کردگە و بەرتیلێکی داوە. چەکێکیشی لە جاشەکان کڕیوە کە ئەم وەکوو چەکی خۆی تەحویلی بدا و ئیتر کاریان بەسەریەوە نابێ. لێی زیاد کردبوو، دایکت حاڵی باش نییە و هەر داوای تۆ دەکا."

درۆ ناکەن هیچ شتێک بە تەنیا نییە. قوز باڵای قوز ئەمەسە. نا ئەشێ یەک بە یەک فکریان لێ بکەمەو.

برینی ئەوینی کولابۆەوە. دنیای لێ تەنگ ببوو. سەرشێتی و پەشێوی و دوو دڵی بە پێش خۆی دابوو و سوار مینیبوسەکە بوو کە هەتا کەڕەسی بڕوا. لەوێەوە دیمەنی چیمەن پێشی کەوتبوو و بەسەر بەفر و زوقمدا دەیکێشا.

لە بێشەچنارەکەی خوار کەڕەسی تووشی عەباس و یەدێ و نەبی بوو.

- ئەرێ بۆچە گەڕیاگنەسەو. ئەی ئەوانتر؟

- شایەت ئیمشەو یا سۆزی شەو لە ریگای "سەڵوات ئاوا"وە بپەڕنەوە. پێشمەرگەکان ناوچەی "لەیلاخ"کەفتنە تەکیان. جا چۆن ئەڕۆن و لە کام شۆنەو نازانین. بۆچە تویش گەرکتە بچی؟ تویش بووی بە کادر؟

- ئەچم لاقم دەرمان کەم کورە.

- جا بەم لاقە شەلەو کوا ئەگەی بە ئەوان؟

- من به پاڵ شارا ئەچم. خۆ ئەو گشتە دەورە نامەو.

هەروا بە گریاشانا و بە قەراخ قشلاخا، ئەجمە "نایسەر و باوەریز".

- ئەگەر واسە. مزێ و پەلەکەی ئەو شەو ئەچنە ناو شار. خوەت بگەینە بە ئەوان. پا هەڵگری لە باخەکانی "دگارانا" ئەگەی پێیان. ئێمە لەو خوارەو گەیین پێیان.

- نەبی کۆڵەکەی دا بە عەباس و گوتی:

- تۆ ئەوەم بۆ بوەرەو. منیش تەکیا ئەچم. هەر نەوێ دوو تەقە ئەژنەوم.

پەلەکەی حەمەڕەش کە ئێستا مزێ ببوو بە سەرپەلی لە باخەکانی دگاران ماتڵی داهاتنی شەو بوو.

- خۆ ئەگەر پاسدار بواین ئیسە گشتتان کوژیاون.

- تۆ لەیرە چاکەی سیا سەرشێت.

- گەرەکمە بپەرمەو ئەو بەرەو. لەتەک خوەتانا ئەم وەن؟

- ئەرێ خۆ بە کۆڵ ئێمە نای.

- وەلێ من تەقە و پەقە ناکەم. هەر گەیشتینە ئەو پەڕ شار من بۆی دەرئەچم. دوایە نەیژن سیامەک ترسا و دەرچوو.

مزێ جگەرەیەکی پێیدا و پێکەوە دانیشتن. سیامەک لەناو پێشمەرگەکاندا چاوی بە خەلیل کەوت.

- خەلیلیش ها لەم پەلا؟

- ناردگیانە فێر شەڕی بکەم. من خوەیچم سەروازیم نەکردگە، فێری چەی بکەم. با گوللە بە بنگوچکەیا بفڕێ، خوەی فێر ئەوێ. وەک ئێمە چۆن لە شەڕەکەی شارا فێر بووین.

- هیچێکتان کردگە چاو یا هەروا ئەڕۆن.

- لە زوەو گەرەکمە لوت ئەو "یارە" باوەحیزە بشکنم، بزانم ئیمشەو گیرم تێ؟ ها لە بنکەی پیرمحەمەوا.

- ئەزانم ئیسە خوەی رەیسە. ئێوە بەیەکەو فرە رەفێق بوون.

- ئەیچە. بە یەکەو گەورە بووین. سەد دەفعە لەم چەما بەیەکەو مەلەمان کردگە. هاو ئارەق خوەر بووین. بە یەکەو ئەچوین بۆ داوا و مەرافێعە. دە کەڕەت لە سەر مەستی گرتمانیان. ئیسە بووگە مەلا... لەم ئاخرەو قاوەخانەکەی شەو و رۆژ جێگەی من بوو. تریاکیشی ئەفرۆشت... ئەی ئەیژی چە. کەس نازانێ بۆچە وای لێهات. ئەم شۆڕشە فرە چتی شێواند. کێ ئەیوت یارە ئەوێتە جاش و من ئەومە پێشمەرگە.

- لە شەڕەکەی بەهارا نەهاتبوو؟

- نا خوەی نای. پیاکانی ئەنێرێ. دە دەفعە سفارشی بۆم نارد کە "بێتەو شار دانیشێ کاسبی خوەی بکا. با ئەو دایک و

باوکە پیرەی ئەونە ئازار نەکێشن. من بە زامن هیچی لێناکەن. گەرەکم نییە رۆژێک بژنەوم مزێ کوژیاگە."

- چەنێ دڵ ناسکیشە.

- ئەزانی ئێمە فرە رەفێق بووین. فرە یەکترمان خوەشگەرەک بوو... وتم بێژن پێ، ئەگەر بۆ تۆ بێ، من خوەم ئەفرۆشم وەلێ کورد نافرۆشم بۆ تۆ. راس ئەکا با ئەو دەس لە ئیمامەکەی هەڵگرێ و بویێتە کورد.

رەشاییەک لەناو دارەکاندا دیاریدا. پێشمەرگە دامەزران. هێندێک کە هاتە پێش، مزێ هەستا و گوتی:

- "حەمە لەتیف"ە پێم وتوو لەشارەو خەوەرمان بۆ بێرێ.

حەمە لەتیف سرتەیەکی لەگەڵ مزێ کرد و رۆیشت.

پێشمەرگەکان بەڕێ کەوتن. لە رێدا مزێ بە سرتە بە نەبی گوت:

- چاوت بە لە خەلیلەو بێ، خوەی نەخاتە دواوە. ئەگەر گەرەکی بوو دەرچێ. لێدە.

هێشتا بە تەواوی نەگەیشتبوونە ناو کۆڵانەکان تەقەیان لێکرا. کەس نەیزانی چۆنیان پێزانیبوون. لە هەموو لایەکەوە ماشینی پاسدار دەهات و گەمارۆی گەڕەکەکەیان دەدا. پێشمەرگە خۆیان گەیاندە سەربانان و بانەوبان قوونەشەڕیان دەکرد و ئەوە

بوو بە هۆی بڵاوبوونەوە و لێکدابڕانیان. شریخەی تفەنگ هەموو منداڵانی هێنابووە پشت پەنجەرەی ماڵەکان. خەڵک چرایان دەکوژاندەوە و دەرکەی حەوشیان دەکردەوە. نەبی و مزێ لێک هەڵبڕان. خەلیل خۆی شون ون کردبوو و نەبی بە دوای کەوتبوو بیدۆزێتەوە. سیامەک خۆی هاویشتە ناو ماڵێک. ژن و منداڵەکە ترساو تواشایان دەکرد. پیاوەکە گوتی:

- ڕێگای سەربان ها لێرەو.

سیامەک لەسەربان ڕاکشا. چەکی تەقەکردنی پێنەبوو… دەیەویست تواشا بکا و تەنیا تەقە و ئاگری دوور و نزیکی تفەنگی دەبیست و دەدیت.

مزێ دەیەویست خۆی بگەیەنێتە بنکەکەی یارە، دە نارنجۆکی لە خۆی بەستبوو. "یا ئەکوژگێم یا ئەو کونا دمارەکۆڵە هەڵئەتەکنم." عومەری پێشمەرگە لە پێشەوە بوو. ئاخر کۆڵانی پشت مەقری یارە ڕێگا دەرچوونی نەبوو. مزێ یارمەتی عومەری دا سەرکەوێتە سەر بان و خۆی بە قەڵبازێک دەستی لە لێوارەی پاسارەکە گیردا. دەیەویست لاقی سەرخا کە چوار گوللە دەست و لاقی پێکا و کەوتە خوارەوە. خەشابەکەی لە زاری کوچەکە بەتاڵ کرد و ئەڵقەی نارنجۆکێکی بە ددان ترازاند و بە دەستە ساقەکەیەوە گرت. جاشەکان لە هەموو

لایکەوە هێرشیان بۆ ئەو شۆنە هێنا. عومەر تفنگەکەی گیری کردبوو و خۆی بە پشت بانەکەوە نووساندبوو و لە ڕێگای هەڵاتن دەگەڕا. لە هاوار و بگرە و بەردەی جاشەکاندا مزێ دەنگی یارەی ناسییەوە. هاواری کرد:

- یارە، یارە... منم مزێ، مزێ خاڵە عەباس. کاکە یارە زەخمی بووگم.

یارە دەنگی مزێ ناسییەوە. بێ ئەوە کە خۆی نیشان بدا گوتی:

- مزێ توی؟

- ئەرێ منم. دەسم شکیاگە. تەقە ناکەم کاکە یارە. بێ بمورەو.

یارە یەکێکی بە پێش خۆیدا و هاتە نا کوچەکە.

- مزێ گیان، کێ لێتی داگە دەسی بشکێ.

- بێ یارە بموەرەو ماڵەو با بەر لە مردن دایکم بوینم.

یارە چراگازی لەبن کوچەکە گرت. مزێ دیت بەلادا کەوتووە و تفەنگی پێ نییە. چووە پێشێ، باوەشی پێدا کرد.

- مزێ براکەم.

- یارە بموەرو، بموە لای خالَی خانم.

- هەڵسە مزێ گیان.

مزێ دەستی لە نارنجۆکەکەی بەردا. ئاگری زەرد و سوور و شینی نارنجۆک کۆڵانەکەی روون کردەوە و دەنگی چەند جار بەسەر شاردا تەقییەوە. خوێن و جەرگ و دڵی یارە و مزێ تێکەڵ ببوو.

کازیوەی بەیانی، خاوەن ماڵەکە دەرکەی ژێرخانەکەی کردەوە و سیامەکی بانگ کرد. سیامەک دەمانچەکەی لە جێی خۆی نایەوە و گوتی:

- چاکەین برا، چۆن ئەشی بڕۆم.
- بێ هەرتا نەکەفتگنە ماڵگەڕیان با بچین. براکەم شۆفێری ماشینی "سەدی قشلاخە" سەرسفح کاریگەرەکان ئەوا بۆ سەرکار. لەتەکیانا سوار بە بڕۆ. دەسێ لیباسیشم هاوردگە بۆت بیکە بەسەر لیباسەکانتا.

سیامەک لە پشت وانێتەکە دانیشتبوو. کرێکارەکان سوار دەبوون. چاوێکیان لێدەکرد و خۆیان گێل دەکرد. کەس نەیدەدواند. لە بنکەی پشکنینی سەر رێگای "فەیزئاوا" ماشینەکەیان راگرت. "داخۆ کارتیان گەرەکە؟ نەکا ئەمانە گشتیان ئەناسن و من دیارم لەناویانا..." پاسدارێک هات چاوی بەناویانا گێڕا. "داپەرم ئان لێم، دانیشم وەک مامر کڕ ئەمگرن."

ئاخری دەستی لە بەخەڵی نا و دەسکەی دەمانچەکەی توووند گرت. " لانی کەم ئەم دانەیانە ئەکوژم".

پاسدارەکە دەستی هەڵێنا، ماشین بەڕێ کەوت. سیامەک نەیتوانی پێش بە بزەی خۆی بگرێ. کرێکارەکانیش وەکوو لە تەڵەیەک رزگار بووبن ئەمجا جگەرەیان پێکرد و دەستیان کرد بە قسە کردن.

- ئەرێ نازانی ئەو تەقەی دویشەوە چەو؟
- پێشمەرگەیک خوەی و یارەی تەقانەو.
- جاشێک فرە کوژیاگە.
- پێشمەرگەیکیش گیریاگە.

سیامەک دەیەویست بزانێ کێ گیراوە کە ماشینەکە لەسەر پێچی خوارەوەی "ساتێڵە" رایگرت و شۆفێرەکە بە بۆنەی چاولێکردنی تەگەرەکانییەوە هاتە خوارەوە و چاوێکی لە سیامەک داگرت. سیامەک وەکوو بۆ میزکردن دابەزیبێ چووە ناو دارەکان و لە چاوان ون بوو. شۆفێرەکەیش سیگناڵێکی لێدا و دوور بووەوە.

*

جادە قیرتاوەکەی سەڵواتئاوا وەکوو مارێکی رەش بەناو بەفردا و بە کەنار چۆم و باخەکاندا پێچاوپێچ داکێشرابوو.

دەراوی "کۆرکۆرە" بۆ پەرینەوە شوێنێکی باش بوو. نە لە پێگەی "باوەسەی برایم"ەوە دیار بوو نە لە قوتکەکەی پشت "سیلو"ەوە. هەوا لێڵ ببوو، دەمێک بوو ڕێبوارەکان لەناو دارەکانی تەنشت پردەکە خۆیان مات کردبوو و ماتڵی تاریکایی شەو بوون.

هاتووچووی ماشین زۆر کەم ببووەوە. ئاخر ئۆتوبووسی موسافربەری ئەو ڕۆژە لە لای "هەمەدان"ەوە بۆ سنە دەڕویشت. کەس نەیزانی شوانە بۆ لەپڕ چووە ناو ڕێگاکە و دەستی هەڵێنا.

- ئاخر ئیسە وەخت ئەو کارەسە. شایەت گەرەکی بێ بە تارانییەکان بێژێ ئێمە هێشتا هاین لێرا.

- ئەوە کسمیە، ئیسە دوو سێ پاسدار تێرێتە خوارەو یا چەن شوعار ئات و وێڵیەکا.

شوانە لەگەڵ شۆفێرەکە چاک و خۆشی دەکرد. لە لای سنەوە تۆیوتایەکی سەر ئاواڵە دیاری دا. چرای هەڵکردبوو و تووند دەهات. پێشمەرگەکان ئازایانە دامەزران. هەتا شوانە تێگەیشت کە ئەو ماشینە دۆشکەی لەسەرە، ئاگر لە زاری دۆشکە هاتبووە دەرەوە. شوانە خۆی فڕیدا. پێشمەرگەکان دەستیان کردەوە. تۆیوتا هەر بەو توندییە کە هاتبوو، تێپەڕی. پاسداری پشت دۆشکەکە بریندار بوو بەڵام نەکەوتە خوارەوە. ئۆتوبووسەکە نەوەستا، گازیدا ڕویشت. پێگەکانی دەوروبەر ئەو

ناوچەیان دایە بە تەقە. تەقینەوەی قومپارە دەجار لەو دۆڵانەدا دەنگی دەداوە. پێشمەرگە پەشۆکا بوون و کادرەکان بەرەو دوا هەڵاتن. شوانە لە پردەکە خزابووە خوارێ و زاری لە نێو ئاوی جۆگەکە نابوو. چیمەن خۆی گەیاندە سەری.

- کاکە شوانە، کاکە شوانە!

سێ گوللەی دۆشکە ران و زکی شوانەی دێوەدەر کردبوو. چیمەن رانی کردە باڵشتی ژێر سەری شوانە، شوانە چاوی هەڵێنا و پڕچاو تواشای چیمەنی کرد و تەواو بوو.

شەش پێشمەرگە شوانەیان لەسەر شانیان دانا و بەرەو "باخچە مریەم" گەڕانەوە. چیمەن وەکوو برامردوو لە دووی تەرمەکە دەڕویشت. گێژ ببوو. بەر لەوە بیری لێبکاتەوە قەومابوو. هاواری لە گەڵویدا دەشکایەوە دەبوو بە خوڕاوی فرمیشک و بەچاویدا دەهات. نەیدەزانی هاوار لە کێ بکا. سینگی بۆ کێ دادڕێ. شیوەن لە باوەشی کێدا بکا. " ئای کاکە شوانە ئەگەڕیای بۆ مەرگ و لەیرا دۆزیتەو؟ ئەویچە هەر کڵۆڵی منە."

هەتا گۆڕ ئامادە بکرێ، تەرمەکەی شوانەیان لە مزگەوت دانا. پیاوانی دێ هەموو هاتبوون و سەرەخۆشییان لە پێشمەرگەکان دەکرد. مەلا لەبەر خۆیەوە قورئانی دەخوێند.

- تیکەی نانیچ  بەن بەو پێشمەرگەگەلە یا هان لە دەرەو.

دوو پێشمەرگە لە تەپکەی پشت مزگەوت کێشک بوون. چیمەن لە تەنیشتیان کزکۆڵەی کردبوو و دەلەرزی.

- ئاخر بێژە بۆچە چوویە ناو جادە؟

- ئەزانی؟ لە ژنەکەی ئەگەڕیا. لەو وەختەو زانیبووی ژنەکەی خۆفرۆشی ئەکا ئەگەریا بەشۆنیا. منالّەکانیشی هەناردووە مالّ باوکی. قەسەمی خواربوو لە هەر کوێ بێ بیکوژێ. پارەکە مودەتێک بە لای ئیمەو بوو، نەیەزانی لە کوێنا بیدۆزێتەو.

- دادە چیمەن هەڵسە بڕۆ چکێ خوەت گەرمەوکە. ئەشی ئیمشەو لێرا بڕوین. ئەگەر نە سفحا تێنە سەرمان.

- سەرمام نییە. لێرا بم خاسترە. خۆ مزگت جێگەی ژن نییە. گەرەکیشم نییە بچمە مالّ کەسێک. تاقەت بەشخوا، بەشخوای ژنگەلم نییە. گەرەکم نییە کەسێ دڵسۆزیم بۆ بکا.

نەیدەویست خەمی لەدەستدانی شوانە لەگەڵ کەس بەش بکا. شوانە تەنیا هاوڕێی ئەو سەفەرەی بوو کە توانیبووی لەدڵەوە پشتی پێ ببەستێ.

کێو و دەر و دەشتی پڕ لە بەفر لەبەر تریفەی مانگەشەوی سێزدە دەبریقایەوە. چراکانی دێ وەکوو پولەکەی زەرد بە

لێواری ئەو چارشێوە سپییەدا دوورابوون. سەرما بێ بەزییانە ئێسکی دەتەزاند. زریکەی پەیتا پەیتای ریوی ئەو دەرو دۆڵەی پڕ لە سام کردبوو. سامی مەرگ، سامی پاش مردنی کەسێک. سامی لە دایکبوونی منداڵێکی مردوو، سامی دنیایەکی رەش و بەتاڵ. سامی تەنیایی و سەرگەردانی و ونبوون.

چرایەک بەناو بەفر و لاپاڵی ئەوپەڕی دێدا لە پێش تابووتێکەوە تروسکەی دەهات. کە گەییشتنە لاوەلاکە ونبوو و دوای ماوەیەک پەیدای بووەوە. بۆ یەکەم جار چیمەن دەنگی شیوەنی خۆی بیست. تەنیا کەس بوو لەو دنیا چۆڵەدا بۆ شوانە دەگریا.

مانگ لە نێو سپیایی ئاخڵەدا و ئەوان بەسەر سپیایی بەفردا رێیان دەپێوا. نیوەشەو لە گوندی "نایسەر" لە دەرکەی ماڵی خاوەن چایخانەکەیان دا. چاییان پێ لێنا و نان و پەنیریان لێیکرِی. چایچییەکە هەر دەیگوت و نەیدەبرِییەوە.

– ئێوە کایە بە زینگی خوەتان ئەکەن. ئەیرە بنکەی جاشەکانی حاجی مەنسوری هاتێا. ئەوەسە ها لە پاڵ قاوەخانەکا. هەرگ ئەکەنە سەر منیشا. وەڵا ئێوە زینگیتان بە شۆخی گرتگە.

بەرەبەیان ئەو کاتە کە لە پێگەی سەرەوەی باوەرێز ئاڵایان هەڵدەکرد و دۆعای خەیریان بۆ ئیمامەکەیان دەکرد، ئەوان کولێرەی گەرمیان لە ماڵان وەردەگرت.

شەو و رۆژ پێکەوە گرێ درابوو. لە دۆڵێکی پەرت، لە باخێکی تەریک، ماندوو و بێزار لە کەویڵێکی نیوەروخاودا هەتا نیوەڕۆ چرە دوکەڵیان کرد کە خۆیان گەرم کەنەوە. دوای نیوەڕۆ کاتیک تەم و مژ دنیای داگرتەوە، گەیشتنە ئاوەکەی قشلاخی سەرەوە. دیتنی سەهۆڵاوی رەش موچرکی بە لەشیاندا دێنا، دەبوا لە ئاو بدەن. پێشمەرگەکان کەوش و دەرپێیان دەرێنا و جلەکانیان لە تفەنگەکەیان هاڵاند.

- خوەزگا یەک دوو وەڵاخمان لەتەک خوەمانا هاوربا.
- لە کوێنەوە هاوربامان کاکە؟ هەرتا یەکەم دێ دوو سەعات رێگەس.
- ئەی ئەو ژنە چۆن لەو ئاوە بپەڕێتەو؟
- من ئەیگرمە کۆڵەو.
- نا برام. ئێوە بوارەکەم نیشان بەن، خوەم ئەڕۆم.

راوەستا، تەواشای لە پەڕینەوەی ئەوانی دیکەی کرد. کەس نەبوو پێی لە ئاوەکە بنێ و هاوارێک نەکا. لە دوو شوێن ئاو دەگەیشتە هاڵیگا. هەرکەس دەگەیشتە ئەوێ هاواری بەرز

دەبووەوە. "ئەگەر ئاو بگەیتە سەر سینەم کۆرپەکەم سەرمای ئەوێ." دەرپێیەکەی دەرێنا و پشتێنەکەی لەژێر کراسەکەیەوە بەست بە زکیەوە. ئاو وەکوو تێخ لەشی دەبڕی. نەرم دەڕویشت، ورد هەنگاوی دەنا و لەبەرێکەوە کراسەکەی هەڵدەکرد. ئاو گەیشتە شەرمگای، زیرە لە هەموو گیانییەوە هات. هەناسە برکێ پێکەوت.

- بێرەو دوو هەنگاوت ماگە.

لەترێکی دا، لوێ کراسەکەی بەدەستیەوە بەربووەوە و هەتا کەمەر تەڕ بوو. "بویتە سەگ، نەویتە ژن!" بەجلی تەڕەوە بەڕێکەوتنەوە.

هەلاجی بێخەمی ئاسمان هەورەکانی شی دەکردەوە و بەفرەلۆکە لەدەم چەک و کەوانەکەی بەر دەبووەوە و ئارام و لەسەرەخۆ یەک بە دووی یەکدا دەنیشتە سەر بەفرە کۆنەکانی دوێنێ. کە دوو تەپکە تەنشت چۆمەکەیان بەجێ هێشتبا، دەکەوتنە دەشتایی و رێگا قیرتاوەکەی سنە، سەقز لە دوورەوە دیار دەبوو. لە نێوان دوو تەپکەکەدا بوون کە دوو پێشمەرگەی پێشەوە پچەیەکیان پێکەوە کرد:

- تازە دایان نیاگە.

- نە کورە هەر بوو، ریگەکەمان گوم کردگە.

- هیچ مەیژە هەرتا ڕەد ئەوین.
- من ئەچمە ئاخرەو.

ئەوانیتر هەموویان سەریان بەردبووە پۆڕا و نەیاندیت کە باژگەی چاودێری پێگەی ئەرتەش لە بردی دەمانچەدا لەسەر تەپکەکە، بەسەریاندا زاڵە.

- ئەگەر بمانوینن وەک کەورێشکی ناو بەفر شکارمان ئەکەن.

پێشمەرگەی یەکەم و ئەوە کە خۆی خستە ئاخرەوە بە دزیەوە چاویان لە باژگەکە بوو و هەناسەیان لە سینگدا ڕاگرتبوو. داخۆ کەی دەنگی ڕەشاش بەرز دەبێتەوە. ئەوانیتر هەرکام چاویان لە جێ پێ نەفەری پێشوو بڕیبوو و پێیان لە جێ پێی یەکتر دەنا.

دەشتایەکەشیان بڕی هەر دەنگ نەبوو. گەییشتنە شان ڕێگا قیرتاوەکە. لە پەنجا هەنگاو خوارترەوە پردە چکۆلەیەکی لێیبوو. پێشمەرگەی ئاخر دەنگی هەڵێنا:

- خوەتان بکەن بەو پردا. هەرتا نەمانیان دیگە.

لەژێر پردەکەدا تازە دەترسان و هەڵدەلەرزین.

- ئەشی لێرا خوەمان مات کەین هەرتا تاریک ئەکا.

ئەوبەریشەو دەشتە بەخوا وەک کەوی شەل بەدەس ئەمانگرن.

وا دیار بوو نگابانەکانی بورجەکەش لە دەور سۆبەکەیان دانیشتوون و بڕوایان بەوە نییە لەو زەمهەریرەدا کەس بەوێدا بێ.

زۆر زوو تاریکی داهات. چاو چاوی نەدەدیت. نە ڕێگا دیار بوو نە ڕێبوار. کەسیان نەیدەزانی بەرەو کوێ دەچن. تەپکە لە دووی تەپکە، هەڵدێر، هەوراز، هەڵاتن، کەوتن و هەستانەوە.

"چیمەن بکوێ ئەچی؟ بۆ ئاوا خوەتت لە خەتەر خستگە؟ بەدەس چەو دەرەچی؟ مزگانی چە ئەوەی بۆ کەسێک؟ کێ ماتڵتە؟ بۆچە وات بە خوەت کرد؟ ناترسی منالەکەت بفەوتێ؟ هەر ئیسە سکت پوچیاگەسەو. وازانی بە چوون دنیا ئەگۆڕگێ؟ بەشەرەکان ئەگۆڕگێن؟" لەسەر بەفرەکە دانیشبوو و چاوی لە تاریکی بریبوو. پاش کوژرانی شوانە شەڕی لەگەڵ خۆی دەستی پێکردبوو. "چیمەن بۆ کوێ ئەچی؟ وازانی ئەینە لەیرە خاسترە؟" هاوڕییەکانی لێی ون ببوو. "بێژی بە جیمیان هێشتوێ؟"

هەموو لە بۆران و مژ و تاریکیدا ون ببوون. کەس ئاگای لە کەس نەمابوو. کادرەکان تووڕەیی خۆیان نەدەشاردەوە. پێیان وابوو ئەگەر چیمەن نەبا چاکتر دەڕویشتن، بەڵام ئەمجارە ئەو

پێشمەرگانەش کە بەڵەدی ڕێگا بوون سەریان لێ شێوا بوو و نەیاندەزانی ڕاست و چەپ کامە و کوێ لە کوێیە.

- لەبەر خاتر ئێوە نەوای ئێمە لە شەوێکی ئاوا بەم ڕێگا ناهاتین. بەشەر ڕێگا گوم ئەکا. لەناو پایگای پاسدارەکانەو سەردەرتێرێ.

سێ پێشمەرگە و شەپۆل بە دووی خۆیاندا گەڕانەوە و تووشی چیمەن بوون. باقیەکەیان دیار نەبوون. جێ پێیەکان پاش ماوەیەکی کورت پڕ دەبووەوە.

- ئەیژم ئەوان شایەت بە لایکترا چووگن؟

- هەلسن، ئەگەر خەو بمانگرێ ئەوە یانێ مردن هاتگە.

" چیمەن بۆ کوێ ئەچی؟ مردن خوەشترە". هێزی هەستان و رویشتنی نەمابوو، بەڵام هێزی دوو بەرانبەری ژیانی ژنی دووگیان دەستی گرت. تەکانێکی دا و هەستا. "نا ڕۆڵە شیرینەکەم، ئەوێسم، گەورەت ئەکەم، مەترسە". لە دڵی خۆیدا هاواری کرد، قیژاندی، دەنگی لە گوێ خۆیدا دەنگی دایەوە.

ماوەیەکی دیکەش ڕۆیشتن، گەیشتنە هەسێڵ و باخێک. کەوێڵێکی چکۆلەیان دیتەوە.

- برا ئەمە کار نییە ئێمە ئەیکەین. لە چاڵەبەفرێک ئەکەفین ملمان ئەشکێ. ئەوینە مفتە شەهید. خاسترە لەیرە بین هەرتا رۆژ ئەویێتەو.

- کەسێک ئەزانێ ئەیرە کوێنەس؟

- جا هەر کوێنەیک بێ. شەڕی پاسدار لە شەڕی بەفر خوەشترە.

هیچ شتێک کە تەڕ نەبێ و ئاگر بگرێ پەیدا نەدەبوو. تەنانەت کۆخەکە دەرکەشی پێەوە نەبوو بیسووتێنن. چیمەن ژێر کراسێکی لە پیارزگەکەی دەرهێنا.

- ها بەوە ئاگر بکەنەو.

ئەوانی دیکەش چاویان لە چیمەن بڕی و هەر کەسە کوتێک جلی خۆی سووتاند.

- گەرماکەی هیچ نییە، وەلێ ئاگرەکە چاومان رۆشن ئەکاتەو و زاتمان ئەشکێ.

- بخوەن نانە رەقە و کەشک... نایلێ سەرما بگەیتە ناو سکتان.

*

بەپێی بەراوردی سیامەک ئەو رۆژە کە ئەو دەگەیشتە "باینچۆ" دەبووا چیمەن و پێشمەرگەکان لەوێ بوایەن.

- وەڵا کاکە کەس بەیرا نەهاتگە، شایەت لە "زەردەوان" و ناوچەی "ساراڵ"ەو چووگن. ئیسە ئەینە بەفری فرەس، وەلێ نزیکترە.

- لەیرەو چەنێک ئەوا بگەیتە سەر ئەو رێگە؟

- مەگەر شێت بووگی برا. بەم هەوا گورگیش دەرناچێ. دانیشە با خوەشەوکا لەودوا فکرێکی بۆ ئەکەینەو.

تەنیا فکری سیامەک ئەوە بوو کە بەر لەوە چیمەن بگا بە حمەمە بیبینێ. " ئەشێ بزانم گەرەکیە چە بکا؟ ئەگەر تەک حەما ئەمێنێتەو با من جواو باوکم بەمەو." رچە نەشکابوو و کەس وەڵاخی دەر نەدەکرد. بەڵەدێکی لەگەڵ خۆی خست و پاش نیوەڕۆ قورسایی لا شەلەکەی بەسەر گاڵۆکەکەی دەستیدا دا و بەرێکەوتەوە.

*

رۆژێک دوای سیامەک، چیمەن و پێشمەرگەکان گەیشتنە باینچۆ. ئەوانی دیکە خۆیان گەیاندبووە مامۆخ و هەواڵیان

ناردبوو. چیمەن نەخۆش و نیمەگیان برایە ماڵی "سەی حەبیب" و ئەسپێردرایە دەست "ئامە ئامێنە".

ئامە دایکی پێشمەرگەکان بوو، قوربان و ساقەیان دەبوو، مۆژیاری دەکردن. جلی بۆ دەشوشتن. چێشتی بۆ لێدەنان. هەر کامیان نەخۆش دەبوون لە ماڵی ئەو دەکەوتن. کەشک و مێوژی لە گیرفان دەنان و دوعای خەیری بۆ دەکردن. زۆر شایی پێیان بوو. "گشتیان کوڕ خوەمن".

چوار ساڵ دەبوو سەی حەبیب کۆچی دوایی کردبوو و ئامە تەنیا دەژیا. لە حەوت منداڵ سێ بۆ مابوو. ئەوانی دیکە بە منداڵی مردبوون. ئامەش وەکوو هەموو خەڵکی باینچۆ سەیزادە بوو. پیرەمێرد و پیرە ژنەکان بانگیان دەکرد سەیزادە ئامێنە، بەڵام بۆ پێشمەرگەکان هەر ئامە بوو. ئامە خۆی لە بنەماڵەی سەی عەتا دەزانی و تێکەڵاوی لەگەڵ پێشمەرگە لەو هەستە دوورەوە دەهات. باڵا کورت و روو خۆش و دەم تەڕ بوو. بە تەون کردن ژیانی خۆی بەڕێوە دەبرد. هەر کە بەهار دەهات دەکەوتە خوری کڕین، دەیدا بە ڕستن و دەیبردە شار دەیدا بە رەنگرەز. هێندێ جار لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە لەپشت تەونەکەی دادەنیشت. هیلمەی دادەنا و کەڵکیتی دەکوتا. خەڵک کچەکانیان بە شاگردی دەنارده لای کە تەونکردنی لێی فێر بن

و ئەوانیش لە کاری ناوماڵدا یاریدەیان دەدا. هیچ تەونکەرێکی ئەو ناوچە نەخشی ماسی دەرهەمی وەکوو ئامە دەرنەدەهێنا.

پارچە زەوییەکی بەرئاوی لە سەی حەبیب بۆ بەجێ مابوو، هەرچەند بەروبووەکەی پارەیەکی وای نەدەکرد، بەڵام بەشی سەدەقە و قوربانی دەکرد. کوڕەکانی بەشی خۆیان فرۆشتبوو، بەڵام ئەو رازی نەببوو بیفرۆشێ. "خەرجی کفن و دەفنەکەمە"

کوڕی گەورەی نەختێک شێت حاڵ بوو. لەم دواییانەدا ببوو بە دەورێشی شێخ و لە کۆشکەکەی ئەودا خزمەتی دەکرد. پاش شۆڕش کە شێخ جێگای لە ئێران نەما، ئەویش چەکی هەڵگرت و لە سپای کوڕەکانی شێخدا بوو. "جەمیل کوڕی ناوگینی لە سنە دەژیا و مامۆستا بوو. لایەنگری کاکە مەلا بوو. کاتی خۆی ئامەش لایەنگری ئەو بوو، بەڵام پاش شەڕی سنە کە بیستییەوە چەکدارەکانی کاکە بوونەتە جاشی ئیمام، ئیتر نێوی نەبرد.

- ئەویش گەرەکی بوو چتێک بۆ گونانی ئیسلام بکا.

ئیسلام لە کەمەری با، مەگەر تا ئیسە کافر بووین. هەر ئەیوت خوەیشک و برا موسڵمانەکانم. یەک دەفعە نەیوت خوەیشک و برا کوردەکانم. ئەیژی ئەگەر بیوتای دەمی ئەشکیا.

کوڕی چکۆلەی گروبانی ئەرتەش بوو، ساڵێ جارێک دەهاتەوە سەری دایکی بدا. ژنەکەی فارس بوو. تاقەتی ناو دێ

کوردەواری نەبوو. دوو سێ ڕۆژ ماست و کەرە و ڕۆنی تازەی پێخۆش بوو، پاشان لەگەڵ ئامە دەیکردە شەڕ و دەستی منداڵەکانی دەگرت و دەچوو لە سەر ڕێگای ماشینەکە دادەنیشت. یۆنس ناچار سەری شۆڕ دەکردەوە و بە دوای دەکەوت.

- ئەرێ وەڵا ماست و پەنیرەکەم خوەشە، ئەیوا تەک خوەیا، وەلێ من خوەش نیم. ئەی کێ ئەو شێرە کوڕەی بۆ تۆ گەورە کردگە، فیڕنە خانم؟

- خوا کەنیشکی نەدا پێم ڕۆڵە. هەرچێ نەزر و نیاز دنیا بوو کردم. شێخ و مەشایخ نەما نەچمە لای. ئەو وەختە ئەیانوت کوڕ بەرەکەتە و کەنیشک مەینەتە. وەلێ من گەرەکم بوو کەنیشکێکم بێ. ئەمزانی کوڕ بەلای دایکەو دانانیشێ، هەر ئەونە خەتی دا ئەچێ. ئا... ئیسە ئەگەر کەنیشکێکم بوایە، هاودەمم بوو. هۆشی بە زینگی و مەرگمەو بوو. وەلێ کوڕ... نایشپرسن داخۆ دایکە پیرەکەمان ماگە، یا نەماگە؟

ئەو ژن و کچانە کە لەگەڵ پێشمەرگە دەهاتن و دەچوون، زۆربەیان میوانی ئامە دەبوون. ئامە دەیگوت:

- ئەمانە سێ جۆرن. بازێکیان لوتبەرز و بە فیزن. قسە لە دەمیان دەرنای. ئەیژی ژن ئاسەفە دیوانن. دیارە شووەکانیان

کەوچک بە دەسن و خوەیان ماڵیان ها لە شارا. چۆنە لەینا کاریان پیانەو نییە نازانم. بە ئیش و تیشیانا دیارە تازە پیاکەفتگن. کاغەز ئەپێچن بە دەور قنگ مناڵەکانیانەو و لووت خوەیان بە کاغەز پاک ئەکەنەو. بە قنگیان ئەیژن مەی لە تەکما بۆت تێ.

ئەوانە ئەو دەستەن کە سەیزادە لێیان توورەیە.

- بازێتریان هیچ کەس لە قسەیان حاڵی ناوێ. هێشتا عومریان نەوگە بە دوو دە، موژیاری ژنی وەک من ئەکەن. باوەڕیان بە خوا و پەیغەمەر نییە، مانگێ چارێ خوەیان ناشۆرن و هەر ئەیژن: هیوادارم، هیوادارم. ئەرێ دەفعەیکیش بێژن ئیشاڵا خۆ زوانتان لاڵ ناوێ.

ئەمانە ئەو بەشەن کە ئامە خۆشیانی ناوێ.

- دەستەیک هەن کە فرە کەمن، لاسایی پیاگگەل ئەکەنەو، هەر خەریک تفەنگ و دەوانچەن. کڵاش و پوزەوانە هەڵئەکێشن و هان بەشۆن پێشمەرگەو. بازە جارێکیش لە مەقەڕا چێشت لێ ئەنن. مودەتێک ئاگریان تیژە و تێن و ئەچن و دەموچاو ناشۆرن. مودەتێک گوم ئەون و لەودوا بە مناڵێکەو تێنەو. ئەکەفنە مناڵداری، کنا خۆ نازانیچ.

ئامه ئەمانەی خۆشدەوێ و یارمەتییان دەدا و مۆژیارییان دەکا.

ئەم ژنە کە تازە هێنابوویان هێشتا بۆ ئامە لە قاڵب نەدرابوو. نەیدەزانی لە کام تاقمە. بێ دەم و زوان کەوتبوو. جار جار دەینالاَند و دەستی بە زکییەوە دەگرت. ئامە ئاگری خستبووە قورسییەکە و لێفەیەکی زیادیشی پێیدا دابوو و گوڵگاوەزوان و سملەتیفی بە نەواتەوە کولاَندبوو و هەرچۆنێک بوو نیوە ئیسکانێکی پێیدابوو. هیچی لێ روون نەبوو.

بەیانی زوو پێشمەرگەیەک بە دوای چیمەندا هات:

- ئێمە ئەکەفینە رێگە ئامە سەزادە، ئاخۆ دادە چیمەن سازە؟

- ئەرێ وەڵا فرە سازە، ها بە رێگای ئەو دنیاوە. لاچۆ، لاچۆ بۆ کوێنەی ئەوەن، کەنیشکە هەژارە. خەریکە لە یاوا ئەسوزێ. گەرەکتانە بیکوژن؟

پێشمەرگەکە رانەوەستا، رۆیشت هەواڵی نەخۆشی چیمەنی دا بە کادرەکان.

- هەر بیخۆ کەفتە تەکمان.

- ئەمجۆرە کارگەلە بۆ ژن ناوێ، نا.

- برا بەجێ تێڵین و خەلاس. خۆ ئێمە مەسخەرەی ئەو نین.

- هەڵسن کاکە ئێمە ئەچین.

جەماڵ رووی لە بەرپرسی مەقەڕ کرد:

- کاک فایق لەودوا بە جۆرێک بینێرن. یا خۆ بینێرنەو رێکخراو. ژن حەمەرەشە. گەرەکی بوو بچێ بۆ لای ئەو.

تەنانەت نەچوون سەر لە چیمەن بدەن و ماڵئاوایی لێبکەن. گەرچێ ئەوەندەش بە پەلە نەبوون و لە هەر گوندێک یەک شەو دەمانەوە.

*

شاری بوکان هێشتا بە دەست پێشمەرگەوە بوو. ماوەیەک بوو، سیامەک شاری نەدیبوو. چاوی تینووی دیتن بوو. هەموو شار ببوو بە بازاڕێکی گەورە. بۆنی کەباب هەموو شتێکی لەبیر بردەوە. پاش ئەوە زکی پڕ کرد و گیرفانی بەتاڵ، چووە بازاڕی چەک فرۆشی و دەراغێکی دەمانچەکەی فرۆشت. لە رێکخراو زانی چیمەن و کوڕەکان نەگەیشتوون.

- رەنگە لە دووڕێیانی سەقز و بانە بەرەو لای بانە چووبێتن. لەوێەوە رێگاکەیان نزیکترە. مەترسیشی کەمترە.

- ئای لاق شکیاگم بۆ بەینا نەچووم.
- لێرەو هەتا زمزیران ماشین هەیە، لەوێشەوە هێندەی نامێنێ.

خەریک بوو لە حەوشی رێکخراو بێتە دەرەو، کابرایەکی کۆت و شەڵوار و کراس سپی لەبەر کردبووی بە هەرا.

- چۆن ماشینی من دەبەن. مەگەر شار بێ ساحبە؟

سیامەک حەزی کرد سەردەربێنێ کە چ قەوماوە.

- چەوگە برا؟
- کاکە من خوەم حیزبیم، کوڕەکەم کۆمەڵەیە، کچکەم فیداییە. کەچی سەیارەکەی منیان بردووە. دەزانم پێشمەرگە بردوویە، بەڵام کامیان؟
- ئای لە گشت بانگەکانا حەساوت کردگەسەو وەلێ پوڵی تیا نەماگە.

سیامەک بە پێکەنینەوە کابرای بەجێ هێشت و کەوتە رێ بۆ گاراژ.

*

ئامە تەونکردنی بەلاوە نابوو و خزمەتی چیمەنی دەکرد. جۆشانەی بۆ دەکولاند. چێشتی بۆ لێدەنا. تەنانەت

کەڵەشێرەکەشی بۆ سەربڕیبوو. جلەکانی بۆ شوشتبوو. جلە تازەکانی خۆی لە یەغانە کۆنەکە دەرێنابوو لەبەر چیمەنی کردبوو. ئاوی بۆ گەرم کردبوو و لەپشت تەونەکە تەشتی بۆ دانابوو و شوشتبووی، هەمووشی لەبەر ئەوە کە چیمەن دووگیان بوو.

- ڕۆڵە ژن سکپڕ و ئەم هەڵتەک و داتەکەیان نەوتگە. خوا ڕەحمی کردگە مناڵەکەت هیجی لێ نەهاتگە.

یەک دوو جار "ئاسیە مامانی" بانگ کردبوو چاوی لێیبکا. ئاسیە گوتبووی:

- هیچ نییە شوکر، مناڵەکە ساقە، چکێ سەرمای بووگە ئەو ئێش و ئازارە هین ئەوەسە. خوەت بگرە نەوات داخ و زەنجەفێڵ.

- مەینەتەکە هەر بۆ ژنە کەنیشکم. ئەزانم، وەیلا پیاک خەمی چەس؟ لێئا ئەڕوێ، چازانێ ژن چاکێشێ... خەفەت مەخوە ڕۆڵە ئیشاڵا باوکی تێتەو.

هەرکات نێوی باوکی منداڵەکە دەهات چیمەن مات دەبوو. "سیامەک لەکام گوڵە زەوی بەووینمەو. یانێ تۆ ئەونە بێوەفا بووی؟... چۆن چارەی ئەم کارە بکەم؟ کەس نەزانێ حەمە ئەزانێ مناڵ ئەو نییە... جواو ئەم خەڵکە چۆن بەمەو. ئەگەر بێم

بوێسم و بێژم گەرەکم بوو بە کەس چە، تۆ ئەیژی چە؟ تویش زاتتەس لە تەکما بێسی. زات ئەوەمان هەس دوور لەم دنیا کە هاین تیا، زینگی بکەین؟ ئەکرگێ سیامەک؟ ئەکرگێ؟

ئامە نەیدەهێشت زۆر بیری لێ بکاتەوە. قسەی خۆشی بۆ دەگێڕاوە. دەیلاواندەوە. نزیک بە مانگێک بوو، چیمەن هاتبوو و لەو ماوەدا خۆشەویستییەکی قووڵی لە دڵی ئامەدا پێک هێنابوو. بە دەورو پشتیدا دەهات، قژی بۆ شانە دەکرد. دەست و پێی لە خەنە دەگرت. "خوا ئاخری کەنیشکێکی بۆم هەنارد. کەنیشک خوەمە، چیمەنی خوەمە." چیمەنیش سەرەڕای ئەو هەموو دڵەودوایی و پەشێوییە هەستی دەکرد ئارام بووەتەوە. هەستی دەکرد پاڵپشتێکی بۆ پەیدا بووە. ئەگەر دایکیشی بوایە هەر ئەوەندە دڵنەوایی دەکرد و خۆشەویستی دەنواند. بەرە بەرە ئامە لای خۆشەویست ببوو و دڵی سووکنایی پێیدەهات. دادەنیشت گوێی لە قسەکانی دەگرت و جار جار پێدەکەنی، بەڵام نەیدەویست چیرۆکی خۆی بۆ بگێڕێتەوە. نەیدەویست کەس لێرە بزانێ ئەو هەر ئەو ژنەیە کە حاجی مەنسووری لەداو خستووە. تاقەتی ویتەویتی ژنانی نەبوو. هەر ئەوەندە خۆی ناساندبوو کە لە شار ژیاوە و لەگەڵ پێشمەرگە هاتووەتە دەرەوە و مێردەکەشی چووەتە مەئمورییەت.

ئامە زۆری لێنەدەکۆڵییەوە، بۆ ئەو هەر ئەوەندە بەس بوو بزانێ چیمەنی بۆ دەمێنێ. لە خەیاڵیدا منداڵە چکۆلەکەی دەگرتە باوەش، بۆنی پێیەوە دەکرد، هەڵیدەپەڕاند. بڤە بڤەی بۆ دەکرد. هەموو ئەو شتانە کە نەیتوانیبوو بۆ کوڕەزاکانی بیکا و بە هۆی دوورییەوە لێی بێوەری ببوو، بۆ منداڵەکەی چیمەنی بە ئاوات دەخواست.

چیمەن بڕیاری دابوو هەتا کاتی زایین لەوێ دانیشێ. "خوا بکا هەرتا ئەو وەختە حەمە پەیای نەوێ. لەودوا کۆرپەکەم هەڵئەگرم و ئەڕۆم. ناو و نیشان خوەم ئەگۆڕم. گەرەکم نییە بە رۆڵەکەم بیژن هەتیمە زۆڵەزا" دەرزییەکە چوو بە دەستیدا. قامکی لە زاری نا و خوێنەکەی مژی. جلی بۆ منداڵەکەی دەدووری. لاق و دەستە خەپەلانەکەی دەگرت و لەبەری دەکرد. "کەم بگیرە قەرەچناخ، با لیباسەکەو بکەمە بەرت بێ حەیا" زەردەخەنەیەک لێوەکانی لێک دەکردەوە. ئامە لە پشت تەونەکەی دانیشتبوو و باسی یەکەم زایینی خۆی دەکرد کە فایق لە دەرکەیدا و هاتە ژوورەوە.

- کوا خۆ چایەکەت ساز نییە ئامە؟
- ها لە ژێر قورسییەکا، بۆ خوەت تێکە!

فایق چای تێکرد و دەسی بە گیرفانیدا کرد و کاغەزێکی وەک دۆعا پێچراوەی دەرێنا و دەستی بۆ چیمەن درێژ کردەوە:

- وابزانم ئەم نامە بۆ تۆە خوشکم. لە رێکخراوەو هەناردگیانە.

ئامە تەونەکەی بەردا و لە تەختە تەونەکە هاتە خوارەوە. چیمەن دڵی داخورپا. حەمە بە فارسی نووسیبووی. " ئەوە لە میراوێ چاوەڕوانتم، هەرچۆنێک بووە خۆت بگەینە ئێرە. بۆ دەرەوەی وڵات دەچین". ئاو زاییە چاوی چیمەن: " فرە دێرە نییە حەمە؟ ئەگەر بە سکپڕی بموینی ئەیژی چە؟ ناو سیامەک ئەم نامەیە بنووسیای؟.

- چەوگە رۆڵە؟ دەی بێژە بزانم خۆ دڵم تۆقی.

- حەمە نووسیگیە لە مەرز ماتڵمە.

- غەڵەتی کرد. بۆ کوێ ئەچی. دابزانە مناڵەکەت ناکوژی. ئەو ئیتر هەر تەنیا هین تۆ نییە... پیاگە با ئەو بێت. بنووسە، بنووسە بە تەنیا نایم.

- هەستا باوەشی بە چیمەندا کرد و فرمیسکەکانی بە لۆی سەرپۆشەکەی سڕییەوە. فایق هەستا و دەرکەی کردەوە:

- ئەگەر کارێکتان بوو، پەیکەکە سۆزی ئەچێتەو.

ناخۆشترین شت بۆ سیامەک ئەوە بوو کە لەناو بازاڕدا بگەڕێ و پارە لە گیرفانیدا نەبێ. لە بەیانییەوە کە گەیشتبووە میراوێ بەناو تاقە راستەدووکانی ئەو شارۆچکەدا سەروخواری کردبوو بەڵکوو ئاشنایەک بدۆزێتەوە و کەسی تووش نەببوو. لای نێوەڕۆ رووی کردە پۆلێک پێشمەرگە کە لە پێش کەپری کەبابچییەک راوەستابوون. بە جامەدانێ بەستنەوەکەیاندا زانی کە پێشمەرگەی حیزب نین. چەند کەسێکیانی ناسییەوە سنەیی بوون. "شەمسە"ی لە منداڵییەوە دەناسی، بەڵام نەیپەرژا بە رووخۆشی روویان تێبکا. نێوان ناخۆشی هێزە سیاسییەکان ببوو بە کۆسپێک بۆ پیشاندانی هاوشارییەتی و دۆستایەتی و خزمایەتی. دەتبینم و ناتبینم گەیشتە لایان. شەمسە بە رووخۆشی و پێکەنینەوە چاک و خۆشی لەگەڵ کرد.

- ئەری کاکە ئێوە ئەم ناوچە ئەناسن. من ژنەفتگمە هەرکەس نان بخوا و پوڵی نەوێ، دوو شەقی تەڕی پیا ئان و وێڵێەکەن. داخۆ لێرا چەی پێ ئەکەن؟

- لێرا هەر چۆنێ بێ پیاگێک پەیا ئەوێ مەیمانی کا. نەیچبوو، گوللەی گەرم هەس.

- کاک شەمسە وابزانم تۆ هەمیشە پیاگیەکەت تەک خوەتا ئەگەڕنی.

بەم گاڵتە و گەپە خۆی لە شەمسە میوان کرد و چوونە ناو کەبابخانەکە.

بیرەوەری گێڕانەوە و شۆخی و ئەختەلاَت تەواو نەببوو، کەبابچی کەباب لەدەست لە پشت دوکانەکەوە هاتە ژووریَ. سیامەک دڵەڕەپەی گرت. شەرم دایگرت، ئارەقەی خەجاڵەت لەسەر و چاوی نیشت. نەشیزانی بۆ. بە دەست خۆی نەبوو. زمانی تورە توری پێکەوت، بەڵام کە رووی گەشی حەمەی دیت هەناسەیەکی پێدا هاتوە و پەنای بە شۆخی کردن برد.

- ئەی... نەمزانیبوو حێزب مەئموریەت کەواوچیگەریشی هەس.

- نا هەتیم ئەمە دەسخوەشانەی مەئموریەتە... بەخەیر بی، لە کوێیەو بۆ کویَ؟

ئەم پرسیارە ئاساییە سیامەکی گێژ کرد. نەیتوانی هیچ بڵیَ، نەیتوانی بڵیَ لە ونبووەکەم دەگەڕم. لە ژنەکەی تۆ دەگەڕم. زمانیشی نەگەڕا درۆ بکا. بۆی نەهات.

- نەکا بۆ مەئموریەت مەخفی هاتگی. دەی نانەکەو بخوە لەودوا قسەمان فرەس.

- مەئموریەت چە هەتیم... لە دەرمانگایک ئەگەڕم لاقم خوەشەو کەم.

گەرچی برسی بوو، بەڵام نانی پێ نەدەخورا. پاروەکان بە گەرویدا نەدەچوونە خوارەوە. زاری ئیشک ببوو. پەیتا پەیتا دۆی بەسەردا دەکرد. شەمسە تێگەیشت:

- ئەرێ تەک حەما وردە حەساوتان هەس؟ بۆ ئاوا گێج بووی؟ ئەتوانی حەساو لەسەر من کەی سیا سەرشێت.

- نا بە گیان تۆ. ئاخر وتیان لە ناوەندی مەئموریەتیان پێداگە، ئیسە ئەوینم دانیشتگە، سەیرە.

- نەتزانیگە؟ بە حوکم خوەی زیندانیەکانی فت کردگە. مودەتێک لە زیندانا بوو. ئەرێ ژنەفتم دەسکەوتی مارە کردگە بۆ خوەی. چەی پێهات؟

- ئا... ئەی چۆن. وابزانم منالێکیشی لێ هەس.

نەیزانی بۆ ئەو قسە بە سەر زاریدا هات. بۆ گوتی؟ چ هەستێکی چەپەڵی دەرون بوو ئەو قسەیەی پێکرد. سەری داخست، دڵی پڕ ببوو. لە خۆی بێزار ببوو. نەیتوانی پاروەکەی بجوێ، لە زاری دەرێنا و فڕێدا. هەستی بە پەستی کرد. حەمە چای هێنا. شەمسە ویستی پارە بدا. حەمە گوتی:

- کاک سیامەک میوانی خۆمە.

سیامەک سەری هەڵێنا، بەڵام نەیتوانی تەواشای ناوچاوی حەمە بکا. شەمسە گوتی:

- کا حەمە ژنەفتم منالٚیچت بووگە، موارەکە، ئەشێ گوێزەوانەمان بەی پێ.

حەمە خاو بووەوە. چاوێکی لە سیامەک کرد و چاوێک لە شەمسە.

- کێ... من؟... ئەوە ئیسە لە ئێوەی ئەژنەوم.

دانیشت، جگەرەیەکی تێکرد و مات بوو. پێشمەرگەکان ڕۆیشتن. سیامەک دەیەویست لەگەڵیان بڕوا، بەڵام هێزی هەستانی نەبوو. ئەو دەیزانی حەمە لەگەڵ چیمەن نەنووستووە. حەمە نەیدەویست کەس بزانێ. سیامەک نەیدەزانی چ بە مێشکی حەمەدا دێ. حەمە بێدەنگ هاتووچووی دەکرد. ئاخری دەرکەی کەپرەکەی پێوەدا و هەر کەس هات گوتی کەباب نەماوە.

- دا بێژە بزانم چەوگە؟ شەپۆل و ئەوان لەیرا بوون هیچێکیان پێم نەوت. وتیان نەخوەشبووگە و لە باینچۆا بەجێیان هێشتگە.

- وەڵا خۆ منیش نازانم، لە زووەو نەمدیگە. من لە ناوچەی کامیاران بووم وەختێ گەڕیامەو ئەو چوو بوو.

- ئەی تۆ چۆن زانیت منالٚی بووگە؟

- وەڵا نازانم لە کێم ژنەفت، شایەت ئیشتباش بکەم.

- دەسم بشکێ، خوەم بە خوەمم کرد. ئای حاجی باوەحیز.

سیامەک لەوە زیاتر سەقامی نەگرت. ترسا حەمە بە ئاگری دەروونی بزانێ. دەترسا تاقەت نەگرێ بژنەوێ حەمە لاتاو بە چیمەندا دەدا. یا خۆ شکی لێی بکا. هەستا.

- کا حەمە چکێ کارم هەس لەودوا تێمەو سەر ئام.
- بەر لە چوونەوە بتوینم.
- بان چاو، بێ خەوەر ناچم.

هەتا ئێوارە سیامەک گێژ و وڕ بە دەور خۆیدا سووڕایەوە. بە ڕێگا چۆڵەکاندا، بە ناو باخە سەرد و سڕەکاندا خولایەوە. چووە سەر چۆمی "کەڵوێ" و ماوەیەکی زۆر چاوی لە سەهۆلاوی چۆمەکە بڕی. هیچ ڕێگایەکی بۆ کردنەوەی ئەو گرێیە کوێرە نەدۆزییەوە. هەتا ئێستا ئەوەندە هەستی بە قووڵی و چەتوونی ئەم زامە نەکردبوو. ئەڤینی لاوەتی ڕێگای نەدابوو بیری هەڵدێرەکانی دوایی بکاتەوە... بە خۆی دەگوت "یانێ من بووگمە باوک. مناڵم هەس... ئەویش لەو کەسە خوەشم گەرەکە. ئێمە هیچ بەتون، ئەی چارەی ئەو مناڵە چەس؟" بیری هەتا کوشتنی حەمە ڕۆیشت، هەتا کوشتنی خۆی، هەتا کوشتنی هەر سێکیان. "خوێن هیچ چتێک ناشۆرێتەو سیامەک" شەو نەگەڕاوە میراوێ. سواری لۆتکە بوو لە چۆم پەڕییەوە و لە "گۆراناوێ" چووە

ماڵێک. هەتا بەیانی لەگەڵ خەیاڵی چەپەڵ شەڕی کرد. لە هەموو خراپتر فکری چوونەوە شار بوو. بەیانی هاتەوە میراوێ و دەمانچەکەی فرۆشت. دوکان بە دوکان چاوی لە سەرپۆشی ژنانە دەکرد. یەکێک لە دواوە دەستی لەسەر شانی دانا. ئاوری داوە، داچڵەکا. حەمە بوو بە پێکەنینێکی تاڵەوە گوتی:

- دوێشەو ماتڵت بووم. بێرەو با بچین بۆ دوکان کارمەس پێت.

سیامەک بێدەنگ بە دوای کەوت. دڵی بڕوای نەدەدا. هەنگاوەکانی تێک دەهاڵان. هەستی دەکرد بۆ پای سێدارەی دەبەن. هەستی دەکرد حەمە گومانی لێکردووە. "یانی تۆ ئەونە بێ غیرەت بووی سیامەک. ئاوا خوەشەویستی ئەکەی؟ کوا سەرشێتییەکەت؟" بیری چاوەکانی چیمەن ئەم گلەییانەی بە مێشکیدا هێنا و هێزی دایە ئەژنوێ. بزەیەک هاتە سەر لێوی.

- کا حەمە نای بڕوینەو؟

- ئەی دوکانەکەم چە پێ بکەم. ماتڵم پوڵیک بخەمە دواوە، پاسپۆرتم دروس کردگە. ئەچم.

- ئەی چیمەن؟

- هەناردم بە شۆنیا، نەهات. وا بزانم دڵخوەشیکتری پەیا کردگە. کاک شەریف ئەم هەرگەی بۆم گرتەو. من ناو خوەم لە سەری لائەوەم، ئیتر بە قەور باوکیەو.

- ئاخر چۆن وا ئەوێ.

- ئەوێ، ئەوێ. بێرەو تۆ پیاکخاسی بکە.

سیامەک سوور هەڵگەڕا. بە بیانووی جگەرە تێکردنەوە خۆی خڵافاند.

من؟

- ئەرێ. دوو خەت بۆ کاک شەریف بنووسە کە من چیمەنم تەڵاق دا. تویشم کردگە شایەت. کاغەزە شەرعیەکەی لە مەڵا بسێنەوە و بیە بە چیمەن. ئەها شایەت گیان: هەر سێ تەڵاقم کەفتوێ چیمەنم پێ حەرام بێ. گویچکەت پێ بوو یا نە؟ ئەمەیچە نامەکە. خەرج ڕێگاکەیچت لە پای من. ئەم مەینەتەم لە کۆڵ بکەرەو.

سیامەک لە دڵەوە شاگەشکە ببوو. ئەمە مزگانییەکی گەورە بوو. بەڵام بە رواڵەت خۆی لێ گێل دەکرد. "کورە نەکا ئیمتحانم کا".

- خوەت کەر مەکە حەمە. چیمەن ژن خاسێکە. زیاتر فکری لێ بکەرەو.

- تۆ بە من ئەیژی؟ هێشتا شووی بە عەلی نەفتی نەکردوو، من ئەمناسی... زینگییە هەر دەورەیک بە جۆرێک ئەچەرخێ. من تەسمیم خوەمم گرتگە. لەم خاکا جێگا بۆ من نەماگە.

- خوەت ئەزانی. وەلێ خاس ناکەی. من ئیمڕۆ ئەچم بۆ دەرمانگا و لەینەو ئەچمەو، نامەکیچ ئەوەم.

سیامەک نەچووە نەخۆشخانە. مزگانی رزگاری چیمەنی لە بەخەڵی نا و یەکسەر بەرەو باینچۆ. "ئەگەر بەخت یار بێ بۆ نەورۆز ئەگەیمە ئەینە. ئەمە نەورۆزانەی خاسێکە."

*

بەفر بەرەو نساری کەژەکان پاشەکشەی کردبوو. کانیاوە سارد و پڕ ئاوەکانی ساراڵ پڕ ببوو لە کوزەڵە و چووزەپونگە. زەوی خەڵاتی سەوزی لەبەر دەکرد و ئاو دەستی گیاکانی دەگرت هەتا خۆیان لەژێر خاک رزگار کەن و بە گوڵە رەنگامەکانیان دنیا بڕازێننەوە. خەڵک ئەو زستانەشیان گوزەراندبوو و خۆیان بۆ نەورۆز ئامادە دەکرد. ئەوەی کە دەستی دەگەیشتە زاری جلی بە دروون دەدا و برنج و رۆنی دەکڕی. رەشایی و نەداریش چەپۆکەسەرێیان بوو. ئەمانە

ساڵانی پێشتر پووش و گەونیان کۆ دەکردەوە و دەیانبردە شار. بە کۆڵیانەوە دەگرت و بە کۆڵاناندا دەیانگێڕا و بانگیان دەکرد "پووش بۆ ئاگر شەو نەورۆز،... ئەو کۆڵە گەونە. پووش بۆ گڕگڕان، پووش" ئێستا نەورۆز گرتن و گڕگڕانیش وەکوو شایی، وەکوو پێکەنین قەدەغە کرابوو.

ئامە کراسێکی تازەی بۆ چیمەن بە دروون دابوو.

- هەرتا تۆ ئەزای منیش تەونەکەم ئەوڕم و هەرکاممان جفتێ کەوشیش ئەسێنین.

چیمەن جارێکی دیکە لە جێدا کەوتبوو و لە سەیرانی بەرە نەورۆز بێوەری ببوو. ئاسیە مامان گوتبووی "منالّەکە تەکی داگەسە خوارەو، درگای منالّدانی کریاگەسەو، ئەگەر فرە بێت و بچێ زوو ئەزای".

- جا چەوگە، یۆنس منیش حەفت مانگە هاتە دنیا.

- ئاخر هین ئەوەسە ئەونە خنێڵە باڵاس.

- چۆن دڵو تێ. جوانخاس وا کێ هەسی؟

سێ شەو مابوو بە نەورۆز. رەحمەت کادری ناوچە گەیشتووە باینچۆ. لەگەڵ فایق سەرپەلی مەقەردا لە پێش مزگەوت راوەستابوون و باسی هەواڵی تازەیان دەکرد. پێشمەرگەکان بەناو

دێدا راوێچکەیان دەکرد. ڕەحمەت لەناو پێشمەرگەکاندا خەلیلی ناسییەوە.

- ئای لەو بەزمە. ئەوە چۆن لێرا پەیای بووگە. ئەرێ ئەوە لەیرا چاکا؟

- چەن ڕۆژە هاتگە. هەر نەیشمان زانیگە لە بەرا پێشمەرگە بووگە. خوەیشی هیچی نەوت.

فایق خەلیلی بانگ کرد:

- دا بێ، ئەوە کا ڕەحمەت کاریا پێت.

- بەخەیر بیتەو کا خەلیل. چۆن بووگە نەچووگیتەسەو ڕێکخراو؟

خەلیل سەری داخستبوو و مینجە مینجی دەکرد:

- وەڵا بەفرەکە فرە بوو، نەمتوانی بچمەو.

- کورە ئێمە وەمانزانی ئیعدام کریاگی.

خەلیل ماوەیەک بێدەنگ بوو. چیلکەیەکی بە بەر ددانی دابوو و دەیجوی. چاوی هەڵبڕی و بە تەشەرەوە گوتی:

- مەترسە من شانس وام نییە.

- دەی خاسە خوەت حازر کە سۆزی بە یەکەو ئەپەڕینەو ئەو بەر. شایەت کاک شەریف کاری پێت بێ.

بۆ نانی ئێوارە هەموو پێشمەرگەکان لە دەور سفرەی مەقەڕ کۆ ببوونەوە. بە بیانووی هاتنی ڕەحمەتەوە فڕوجاویان لێنا بوو.

- ئەرێ ئەوە خەلیل ها لە کوێنا؟
- وەڵا تاوێکە دیار نییە.
- نەچووگە ماڵ کەسێک؟
- دوای نیمەڕۆ هات تفەنگەکەی دانیا و چوو. وەمزانی ئەچێتە سەر حەوز.
- پەیای ئەوێ، دەی تێگوشن با چێشتەکە سەردەو نەوێ.

بۆ لێڵەی بەیانی، ئەودەم کە لێوارەی سەر تەپک و کەژەکان لە ئاسمانی رەش جوێ دەبنەوە، "کا دەورێش" مجێوری مزگەوتی باینچۆ خەواڵوو چووە سەر حەوز، دەوستنوێژی گرت و گەڕایەوە بچێ بڵیندگوی مزگەوت هەڵکا و بانگی بەیانی بدا. لە مەیدانی پێش مزگەوتەوە تواشای ئاسۆی کرد و لە دڵی خۆیدا گوتی: وابزانم کەفتگمە دێر. ئیمڕۆ بە خەوە مەرگا چووبووم؟" هەستی بە هاتووچوویەک لەسەر تەپکەکەی ئەوبەر ڕێگا و پشت مەقەڕ کرد. پێش ئەوە بچێتە ناو مزگەوت، کۆمەکۆم لە پلێکانە تەنگەکانەوە خۆی کێشایە سەربانی مزگەوت و لە پاڵ کۆماجەکەدا ڕاوەستا. چاوی پرواند و گوێی شل کرد. شنەبای بەرەبەیان ورتە ورتێکی هێنایە گوێی. تارماییەکان دەهاتن و

دەچوون. خەیاڵێکی ناخۆشی بە مێشکدا هات. بە پەلە هاتە خوارەوە و چووە بەر مەقەڕ. نگابانەکە لە دوورەوە ناسییەوە دەنگی نەدا. کا دەوریش بە سرتە گوتی:

- ئەرێ ئەوە کوڕەکان ئێوەن لەسەر ئەو تەپە و تێن و ئەچن؟

نگابانەکە بەپەلە فایقی بە خەبەر هێنا.

- هەڵسە کاکە وادیارە مەیمانمان بۆ هاتگە.

پێشمەرگەکان هەموو بەخەبەر هاتن و فیشەکدانیان لە خۆ بەست و هاتنە دەرەوە. فایق باوەڕی نەدەکرد دوژمن هاتبێتە سەریان. هەتا دەگەیشتنە ئەوێ دەبوا بە سەر دوو مەقەڕی دیکەدا تێپەڕیبان.

- دووان دووان بچن لە دەور ئاوایا سەنگەر بگرن. نەجمە، عەبە، ئێوە بچن بەرەو ئەو تەپە. شایەت پێشمەرگە بن. بە پارێزەو بچن برا. کا دەورێش بچۆ بانگ بە با مەردم خەوەرەو بن. دەی باوکم دەی.

خۆی چووە ناو مەقەڕ فیشەک و نارنجۆکە زیادییەکان بەسەر کاتەوە و ئارپی،جییەکەی بێنێ. هێشتا دەراغەکانی خۆی بە تەواوی پڕ نەکردبوو، تەقە بەرز بووەوە. کا دەروێش بانگەکەی بە نیوەچڵی بڕی. چیمەن زریکاندی. لە دوێنەشەوەوە

ئامە و ئاسیە مامان بە دیارییەوە دانیشتبوون. ژان تاوێک دەیگرت و تاوێک بەریدەدا.

- ئەیەڕۆ هاوار بە ماڵم ئەو تەقە تەقە چەس؟

چیمەن دەستی بە ژێر زکیەوە گەتبوو و بە پاڵە خشێ خۆی گەیاندە پشت پەنجەرەکە. ئاگری تفەنگەکانی سەر تەپکەکەی لێی دیار بوو.

- وابزانم دەور دێیان داگە ئامە.

- بێرە ئەملاو رۆڵە، نەکا گولەی وێڵ با لێت.

- ئەشێ بزانین پێشمەرگە هان لە کوێنا. ئەگەر جاش و پاسدار بێنە ناو دێ. هەر لێرا تیربارانم ئەکەن.

- گو ئەخوەن. قسەی وا مەکە رۆڵە. ئەی ئیشاڵا گشتمان ناکوژن.

ئامە ورەی دەدا بە چیمەن، بەڵام بۆخۆشی دەترسا. لە گیانی کچەکەی و کچەزاکەی دەترسا.

- بەم حاڵە بچم بۆ کوێنە ئەی هاوار؟

سەرپۆشەکەی لەسەر کرد و بە پەنا دیوارەکاندا بە هەڵەوداوان خۆی گەیاندە مەقەڕ. کەسی لێنەبوو. لە پێش مزگەوت کا دەورێشی دیت کە لەگەڵ چەند پیاو راوەستابوو. "سەی حەمەمرا" رووی کردە ئامە:

- بەشۆن کێیا ئەگەڕی ئامە سەیزادە؟
- لە پێشمەرگەکان، ئاخر ئەشێ بزانم ئەو کەنیشکە بەسەزوانە چە پێبکەم؟
- تۆ بچۆرەوماڵەو من ئەچم خەورێکت بۆ تێرم.

عەبە هەر لە یەکەم تەقەدا بریندار ببوو. نەجمە بە شوێن گۆڕین و ریزکردن، فرسەتی بۆ پێک هێنابوو کە خۆی بخاتە ناو دارەکانی پشت دێ.

- کاکە فیشەک فرە مەسرەف مەکەن. هەرتا تواو دیار نەون پێتانەو تەقە مەکەن.

فایق سێ پێشمەرگەی ناردە تەپکەی زیارەتان و باقیەکەیانی لەدەور دارەکان و لەسەر رێگای "کانی چەرمگ" دامەزراند.

- ئەگەر ئەوبەر دێیان گرتوێ، تەنیا رێگای چوونەدەرو ئەو ئاودرەس وا ئەچێ بۆ کوچکە رەش.
- کا فایق ئەشی ئەو تەپەیان لێ بسێنین ئەگینا شرمان ئەکەن.
- با هەوا رۆشنەو بێ، خاس بیانوینین.

هەوا روون بووەوە. جار جار لە تەپکەی گۆرینەوە تەقە دەکرا بەڵام پێشمەرگە وەڵامی نەدەداوە.

ئامە وەکوو شێتی لێهاتبوو. مەودای نێوان ژانە نۆبەییەکانی چیمەن کورتتر دەبووەوە. ئامە بەسەر ئاسیە ماماندا دەیقیژاند:

- کارێک بکە ئاسیە بۆ خاتر خوا!

دەچووە دەرەوە، دەچووە حەوش و دەگەڕایەوە. لە تەونەکەش دەترسا. "ئەگەر گولەیەکی لێ بکەفێ یا ئاگر بگرێ هەڕگ کوێنە بکەمە سەر خوەما. مال مەردمە... سەی حەمەمرایش نەهات... چە بکەم ئەی هاوار.

هێندەی پێنەچوو سەی حەمە مرا هات.

- هەڵسە سەیزادە. هەرتا نەهاتگنە ناو دێ، ئەو کەنیشکە بەناو دارەکانا بگەنینە کانی چەرمگ. چەم و دۆڵەکە هێشتا ها بەدەس پێشمەرگەو.

- ئاخر چۆن بیوەم. دوو هەنگاو ناتوانێ بەرزەو کا. هاکا زای. تۆ بێژی دەرەقەت پێشمەرگە بێن.

- هەر پێشمەرگەیک سەد کەسی لێئەکەفێ بێ قەزا بی. خۆ دانە و دووان نین.

- ئەی چە بکەم؟ تەکلیف چەس سەی حەمە گیان؟

- هەڵسە با بیوەینە سەرتەنوورەکەی ئێمە. ئەینە ئەمنترە. "کوبرایش" کۆمەکتان ئەکا.

هاڕە و بۆڕەی ماشینی ئەرتەشی گەیشتە گوێ. کاتی بیرکردنەوە و ئەمەوێ و نامەوێ نەمابوو. ئامە بە دەم کۆکردنەوە و چوونەدەرەوەدا ئایەتەلکورسسیەکی بە تەونەکەیدا خوێند و یەکیشی بە ماڵکەیدا فوو کرد و ژێرباڵی چیمەنیان گرت و پسکای پسک خۆیان گەیاندە ئاودرەکەی ناو دێ و کۆمەکۆم خۆیان لە ماڵی حەمەمرا کرد.

خۆر بە چنگەریکێ لە پست کەژی "یۆسۆ ئەسحاو"ەوە خۆی هەڵدەکێشا کە تەقە گەرم بوو. بەرزاییەکان کەوتبووە دەست ئەرتەش. یەکەم قومپارە دیوەخانی سەی جەمیلی هەڵتەکاند.

چیمەن تاوێک دەیزریکاند و تاوێک لێوی دەکرۆشت و چنگی لە باڵی ئامە و کوبرا دەدا. تەشتێکیان لە ژێری دانابوو و پشتیان دەماڵی.

- زۆرکە رۆڵە، هاوار مەکە. پیش بکە.
- بمرم رۆڵە، یەکەم منالێ ئێشی فرەس. دا تیانەیک ئاو گەرم کە کوبرا!

ئامە هەولی دەدا هەوڵ نەبێ. ئاسیە مامان زکی چیمەنی دادەماڵی و لەژێر لێوەوە دوعای دەکرد.

پێشمەرگە لە کانی چەرمگەوە هاتبوونە یارمەتی. ئاگری شەڕ لە دوو لاوە بڵێسەی ئەستاندبوو. جاشەکان هەوڵیان ئەوە بوو دزە بکەنە ناو دێ و لە پشتەوە لە پێشمەرگە بدەن.

- کا فایق ئەوە خەلیل نییە؟ دابزانە ئەوە؟
- ئەری ئەوە حیز باوک. ئەیژم بەڵەویان تەکا بووگە.
- کورە نەموت ئەو هەتیمە لاژگە.
- شەرمت لەو نانە نەکرد لەتەک ئێما خواردت، زۆڵە کورد. وەڵاهی سەد گیانی بێ نایڵم یەکێکی دەرکا.

فایق بە ڕقەوە هەستا کە خۆی بگەیەنێتە خەلیل، گوللەیەک باڵی پێکا و بە زەویدا داوە. خەلیل ئەو جارەش بەر نەهات و خۆی ون کردەوە. شریخەی ئار،پی،جی و گرمەی تۆپ و قومپارە شیشەی پەنجەرەکانی بەردەداوە و ماڵە قوڕینەکانی دەلەراندەوە. ئاوایی لە تۆزدا ون ببوو.

چیمەن بەدەم هەر گرمەیەکەوە جارێک دادەچڵەکی و منداڵەکە زیاتر زۆری دێنا.

- زوو بە ئاسیە گیان، کارێک بکە تێنە سەرمان. حەزرەت غەوس لە هەنگڵیان با.
- دایکم مناڵەکە بە شانەو هاتگە ئەشی راسی کەمەو.

- ئاسیە گیان بە قوربان دەس و پەنجەت بم. هۆشۆ بە کەنیشکەکەمەو بێ عەیبدار نەوێ.

ئامە ملی دەکێشا لە درزی دەرکەوە تەواشای دەرەوەی دەکرد. سەڵواتی دەدا. قوڵوەڵای دەخوێند. گوێی بۆ دەنگەکان شل دەکرد.

هەر کەسە بە لایەکدا هەڵدەهات. هەر یەکە بوارێکی دەدیتەوە و خۆی پێدا دەکرد. لەملا و لەولا کوژراو و بریندار کەوتبوون. چەند ژنی منداڵ لەباوەش پەنایان بە گڵکۆی مەرقەد و بن کێلەکانی زیارەتان بردبوو. هێندێک لە گەوڕ و کادێندا خۆیان دەشاردەوە. سێ چوار ماڵ ئاگری تیبەربببوو. زریکە و شیوەنی ژن و منداڵ و گەورە و بچووک تێکەڵی تەقە و گرمەی شەڕ - دەنگ ناسیاوی دهۆڵی ئیسلام- گوێ فەڵەکی کەڕ دەکرد. مەڕ و ماڵات بەناو دەشت و مەزرادا وێڵ ببوون و سەر لێشێواو و هەوسار پچڕاو بە هەر تەقەیەک دەچڵەکانەوە و هەڵدەهاتن و دەبوونە نیشانەی گوللەی وێڵ.

تەقەمەنی پێشمەرگە لە تەواو بووندا بوو. بە قوونە شەڕ بەرەو کوچکە رەش پاشەکشەیان دەکرد و دێ کۆڵان بە کۆڵان دەکەوتە دەست هێرشبەران. لەسەر بانان دادەمەزران و هەر شتێک بجووڵایەوە ریزیان لێ دەکرد. پاسدارێک لە کوچەی

تەنشت مزگەوتەوە گولله ئار،پی،جی‌یەکی لەناو مەقەڕ کرد. بە گرمەی ئار، پی،جی و شریخەی تەقینەوەی گوللەکەی پەنجەرەکانی ماڵی حەمەمرا کە نزیک ئەوێ بوو خرمەی کرد و شیشەکان دارژانە خوارەوە. چیمەن قیژاندی و "ژیان" کەوتە ناو تەشتەکەی ژێر چیمەن. لاق گرتن و لە پشت دانی نەدەویست، بۆ خۆی زریکاندی. چیمەن بوورایەوە. ئامە و کوبرا چاویان لە یەکتر کرد.

- چیمەن گیان شوکور کوڕە، چیمەن.

ئامە کە ئەو هەمووە بە ئاواتی کچ بوو خۆشی نەیزانی بۆ بە بە کوڕ بوونی منداڵەکە گەشایەوە.

تەقە لەناو دێ بڕابووەوە. چەکە قورسەکان کوچکە ڕەشیان کردبووە نیشانە و بست بە بست دەیانکوتا. بەڵام سەنگەری "سەی عەتا" هەروا قایم ڕاوەستا بوو و پەنای بە پێشمەرگەکان دابوو. لە لای کانی چەرمگەوە، هەتا سیبەر لایەک لە باینچۆی داگرت، تەقە هەر بەردەام بوو. بۆ ماوەیەک بێدەنگییەکی قورس و چڵکن، باڵی بەسەر دێ و دەشت و دەردا کێشا. دوایە جاش و پاسدار ماڵەو ماڵ دەگەڕان و تەوێڵە و گەوڕەکانیان دەپشکنی. هەر کەس لەناو ماڵەکاندا بوو، دەیانهێنا دەرەوە. پیاوان بە شەق و ژنان بە شەپ دەیانبردنە مەیدانەکەی پێش

مزگەوت و ساغ و بریندار ریزیان دەکردن. منداڵ دەگریان و دەنسکیانەوە و لە ترسان باوەشیان بە لاقی دایکیاندا دەکرد و سەروچاوی خۆیان لە لۆی کراسەکەی دایکیاندا دەشاردەوە. ئامە لێفە چکۆلەیەکی بە ژیانەوە پێچابوو و یەک ریز جنێوی دەدا. جاشەکان ئەو و کوبرا و ئاسیەمامانیان وەپیش خۆیان دابوو و دەیانهێنان. دوو کەس دەست و لاقی چیمەنیان گرتبوو و دەیانکردە کێش. چیمەن ئاخر کەس بوو کە هێنایان و لە ریزی خەڵکەکەدا دایاننا. هۆشی بە خۆیەوە نەبوو. هەموو شتێکی وەک خەون دەهاتە بەرچاو. تاونەتاو دەینالآند و داوای ئاوی دەکرد. ئامە خۆی گەیاندە سەرینی و شەدەیەکی بە سەر و چاویدا دا. کابرایەکی تێسمێڕیای ریش پان دەمانچەیەکی لە خۆی بەستبوو هاتە پێشەوە. بە فارسی دەستی کرد بە قسە کردن. هێندێک لە پیاوەکان فارسی‌یان دەزانی، بەڵام لە زاراوەی کابرا تێنەدەگەیشتن. تەنیا دەیانزانی باسی کەرەم و رەحمەت و بەرەکەتی ئیسلام دەکا و پەیتا پەیتا نێوی ئیمام دەبا. قسەکانی کە تەواو بوو خەڵک لە ترسان لە چەپڵەیان دا. کابرا تووڕە بوو. گوتی دەبێ سەڵوات بدەن. خەڵکەکەش سەڵواتیان دا.

لەو ماوەیەدا کە کابرا قسەی دەکرد، خەلیل پێش جاشەکان کەوتبوو و یەک یەک چاویان لە خەڵکەکە دەکرد بزانن کەس

دەناسنەوە یا نە. لە ئاخرەوە گەیشتنە سەر چیمەن. خەلیل سەرپۆشەکەی لەسەر لادا. چیمەن بوو. ماوەیەک تێیرِاما. دوایە ئیشارەیەکی بە سەرۆک جاشەکان کرد. سەرۆکەکەش سرتەیەکی لەگەڵ پاسدارێک کرد. بە سێ کەسان چیمەنیان هەڵگرت و فرِێیاندایە ناو کامیۆنێکی ئەرتەشی کە چەند بریندارێ دیکەی خۆیانی تێدا بوو. ئامە قیژاندی:

- کەنیشکەکەم زەیسانە بۆ کوێ ئەوەن. ماڵخراوگەل. ئای هاوار.

ژیانی دا بە باوەش کوبراوە و چوو لە پێش کامیۆنەکە راکشا.

- ئەشێ بەسەر تەرمی منا برِۆن.

کابرای فارس هات، دەستی گرت و بە فارسی هێندێ شتی گوت کە ئامە لێی حاڵی نەبوو. هەر هاواری دەکرد:

- نایەم. نەمیدەم، نایەم بیوەن. دوختەرەم، کچەکەم. کورە ئەی هاوار.

کابرا چاوێکی لە جاشێک کرد و ئەویش بە کوردی گوتی:

- ئەێژێ ئەیوەین دەرمانی ئەکەین و ئەینێریەو.

- لاچۆ لاچۆ، خوێرِیەی مەغز گولە. بچن ژنەکان خوەتان دەرمان کەن.

لەپیان گرت، فرێیاندایە ئەو لاوە. خەڵک گرتیان نەکا ماشینەکە بەسەریدا بڕوا. سەی حەمەمرا و سێ پیاویشیان کەلەبچە لەدەست لەگەڵ تەرمی چەند پێشمەرگەدا سواری ماشینەکە کرد.

خۆرەئاوا، ئەوکاتەی تاوی ئێوارەی نەورۆز ئاخر پێکەنینەکەی دەڕەوییەوە و دەچوو لە پشت چیاکان جێگا بۆ نووستن خۆش بکا. ماشینەکان بەرەو سنە بەرەوخوار بوونەوە.

لە لووتکەی چیا بەرزەکانی دەوری شار، لە بان ئاویەر گەورە و بووچک، لە لووتکەی کوچکەڕەش و لەسەر "ئاریێز" و لە کێوە سوورەی "سوورەزە" ئاگریان کردبووەوە. خەڵک شار کە بۆ خۆیان لە ئاگر کردنەوەی سەربانان بێوەری ببوون، هاتبوونە سەربان و لە هەموو لایکەوە تەواشای گڕگڕانی سەرکێوەکانیان دەکرد و دەگەشانەوە. " پێشمەرگەکانن، بڕوانە چییان کردووە" منداڵ بە دیتنی ئاگری سەر کێوەکان غیرەتیان جمی و چوونە ناو کۆڵانان، ئاگریان کردەوە. پاسدارەکان وەکوو ئاگریان لەسەر پشتی ئەوان کردبێتەوە دەهاتن، دەیانکردە تەقە و ئاگرەکانیان دەکوژاندەوە و رەپێی منداڵانیان دەنا. ئاگری سەر شاخەکانیشیان لە پادگان و پێگەکانەوە بەر قومپارە دابوو. تەنیا توانیان

ئاگرەکەی ئاویە بووچک لێک بڵاو کەنەوە. ئەوانی دیکە هەتا بەیانی سووتان.

خەلیل هەر ئەو شەوە بە رفان چوو مزگانی بۆ حاجی مەنسوور برد کە ئێستا هەر دوو لاقی گۆج ببوو و لەسەر کورسی چەخدار دادەنیشت.

چیمەنیان خستە یەکێک لەو ژوورە تاکە کەسییە تاریکانەی ناو باشگا کە دایکی سێ مانگ لەوێ ببوو. بێ دەم و زوان کەوتبوو و خوێنی لێدەچوو.

پاییزی ٩٢

# ئەسپەنجیر

## بەرگی دووهەمی ژیان بەدەم زریانەوە

کاتێک ڕاستییەکان بە دنیای
خەیاڵی نووسەردا تێدەپەڕن،
دەبن بە چیرۆک، دەبن بە ڕەمز
کە هەم ڕاستییە، هەم خەیاڵ.

تەیفوور

زریانێک بەسەر شاردا هەڵیکردووە، خەڵکی خزاندووەتە نێو ماڵان و کوچە و کۆڵان گزک دەدا. لە دەور مەیدان کردوویە بە گەردەلوول و بە دەور پەیکەرەکەدا دەخولێتەوە. کچێکی کراس دادڕاو لە نێو گەردەلوولەکەدا دەقیژێنێ.

دوو کەس باڵیان گرتووم. روویان نابینم. بە ریزە پلێکانەیەکەدا کە کۆتاییەکەی لە نێو مژدا ون بووە سەر دەکەوین. هەر دەڕوین و تەواو نابێ. لەپڕ دەگەیینە مەیدانێک. پڕە لە خەڵک، بە نێو خەڵکەکەدا دەمبەن. مژ بەسەر مەیدانەکەدا کشاوە. خەڵکەکە بێ چاون، چاوخانیان، وەک چاڵی ڕەشن، بەتاڵن. بەڵام منداڵەکان چاوساغن. هەرایە، قیژە و گریەی منداڵ تێکەڵ بە دەنگی گۆرانی حەسەن زیرەک بووە. تەنافێک بە دارێکەوە هەڵخراوە. دارەکە وەکوو ئەوەیە لە ئاسمانەوە داهێڵرابێ، پایەکەی لە نێو مژەکەدا دیار نییە. منیش دەڵێی بەسەر هەوراندا دەڕۆم، هەست بە زەوی ژێر پێم ناکەم. ترپەی دڵی خۆم دەبیسم.

سێ پلێکان و دەچمە سەر کورسییەک. چاوم بە دیتنی ئەو هەموو خەڵکە کە هاتوون بۆ دیتنی من، روون دەبێتەوە. من ئەوەندە خۆشەویست بووم و نەمدەزانی، یان هاتوون بۆ دیتنی مەرگ.

چاوم دەبەستن، بەڵام من هەر دەبینم. دەبینم ئامە لە سووچێک راوەستاوە، راست وەکوو راوەستانەکەی ئێوارانی لە بەر دەرکە، کاتێک چاوەڕوانی هاتنەوەی من دەبوو. باڵ دەکاتەوە لە باوەشم گرێ، ژێر پێم بەتاڵ دەبێ. رادەچڵەکێم.

ئەم خەونە لەگەڵم دەژی.

*

هەموو کەس بانگی دەکردم ژیان، حەمە شوانی ریش سپی نەبێ دەیگوت کوڕەکەی ئامە.

ئامە گەورەی کردم. خەڵکی گوند هەر بەو نێوە بانگیان دەکرد، کوێخا نەبێ، دەیکوت ئامێنە خانم.

شەوگارە درێژەکانی زستان، کاتی خەو. سەرم لە باوەشی ئامە دادەنا. کراسەکەی بۆنی گیا و گوڵی دەدا. نەرم وەکوو دەنگی، دەستی بە قژم دا دێنا و رازی بۆ دەگوتم، باسی منداڵی خۆمی بۆ دەکردم. وەکو بملاوێنێتەوە، دەیگوت:

- هەتا شەش مانگ ژنان ئەهاتن شیریان ئەداپێت. لەودوا بزنێکم سەند. بە شیر بزن گەورەتم کرد. دوو ساڵ نەچوومە بەر تەون، نەکا دەنگ کەڵکیت لەخەو داتچڵەکێنێ. دامنانایە ناو بێشکە، هەر لە باوەشمدا ئەتمخەفاند.

دواتر زانیم پارچە زەوینێکی هەبووە فرۆشتوویە کە بتوانێ خەرجی من و خۆی بدا. من لەچاو هاوتەمەنەکانمدا پڕ و پۆشتەتر بووم، جلەکانم خاوێنتر بوون. وەک دەڵێن نانی لەدەم خۆی دەگرتەوە بۆ من. هەتا ببم بە حەوت ساڵ و بچمە

مەدرەسە، نەیدەهێشت زۆر دوورکەومەوە. هەر لە بەر ماڵ خۆماندا لە نێو کۆڵانە خۆڵەپۆتەکەدا لە گەڵ منداڵان کایەم دەکرد. قوتوویەک ببەستە بە پەتێکەوە و پڕی بکە لە خۆڵ و رایکێشە. جار جار ئامە لەبەر دەرکە دادەنیشت چاوەدێری دەکردم. دەیگوت:

- ئەترسیام بتوەن. دایک لە زیندان و باوک لە پێشمەرگایەتیا، ئەترسیام بتوەن رۆڵە، بتکەن بە بارمتە بۆ تەسلیم بوونی باوکت، یا شکاندنی دایکت.

ئامە گوتبووی ئەو رۆژەی بە دنیا هاتی پاسدار و جاش گەییشتنە نێو دێ. وڵاتیان دایە بەر تۆپ. پێشمەرگە هەتا ئێوارە شەڕیان کرد و دوایە پاشەکشەیان کرد. شەوی نەورۆز بوو. بەرەو شاخە بەرزەکان رویشتن و ئیتر نەگەڕانەوە. کێ کوشتیانی؟ کێ بە کوشتی دان؟ ئامە ئەمەی نەدەزانی.

- دایکت زەیسان بوو، نەیتوانی تەکیانا بڕوا، گرتیان و بردیان.

بۆ ئێمەی خەڵکی ئەم وڵاتە، ئەو رۆژەی ئاخر ساڵ کە منی تێیدا بە دنیا هاتووم کۆتایی دەورەیەکی کورتی ئازادی بووە. دەورەیەک کە هێشتا هیوای هاتنی رۆژانی خۆش و خۆشەویستی و پێکەنین کۆچیان نەکردبووە. ئازادی، سەرکەوتن،

بڕوا، ووشەگەلی سەر لێوان بوونە. هێشتا تارای ڕەش بەسەر بوکدا نەدرابووە. عەبای ڕەش کۆڵمەی سووری کچانی نەپۆشیوە. بارانی چڵکاو نەباریوە. هێشتا سێبەری تفەنگ ئەمنی و ئارامی بەخشیوەتەوە. مەزراکان نەسوتابوون، خواردن ژەهراوی نەبووە، بە هۆی برسییەتییەوە منداڵەکان نەفرۆشراون. خوێن کوڵاوە، بووە بە غیرەت، خەم بووە بە مستی گرێکراو و تووڕەیی، نەبووە بە دووکەڵ. دایکان کز و داماو نەکرابوون و باوکان شانیان نەشکابووە. وا دەڵێن، من نەمدیوە.

جار جار ماشینە نیزامییەکانی پاسدار و جاش دەهاتنە نێو دێ. منداڵ دەورەیان دەدان، بەڵام من نەدەڕۆیشتم. ئامە دەیبردمە ماڵ ئاسیە مامان. لە ڕاستیدا دەیشاردمەوە. هێندێ لە پیاوەکانیش خۆیان لە نێو باغاندا شونون دەکرد. زۆر جار یەک دوو کەسیان لەگەڵ خۆیان دەبرد. دەگوترا دەیانبەن باس و خواستیان لێدەکەن. هێندێ جاریش کە پیاوان لە ڕێی هاتووچووی شاردا، لە خاڵی پشکنین رادەگیران.

- بیا ببینم کجایی هستی؟ (وەرە بزانم خەڵکی کوێی؟)
- مال سارو‌قامیشم (خەڵکی سارۆقامیشم)
- دمکراتی یا کومەڵە (دێمۆکراتی یان کۆمەڵە)
- ما هیچی نیستیم. (ئێمە هیچ نین.)

- حالا معلوم میشه (ئێستا دەردەکەوێ)

دەیاندانە بەر شەپ و زللە.

- باید جەریمە بی ادبی بدی. (دەبێ باجی بێ ئەدەبی بدەی)

- ما بی ئەدەبی نەکردیم قوربان. (ئێمە بێ ئەدەبیمان نەکردووە قوربان)

دیسان لێیان دەدان.

- باشە چەند میشە؟ (باشە چەند دەبێ؟)

پارەیەکیان لێی دەستاندن و بەرەڵایان دەکردن.

کەسانێکیش راپۆرت درابوون، دەیانگرتن لە زیندانیان دەکردن. ئەم هەواڵانە لە نێو منداڵی مەدرسەدا بڵاو دەبوونەوە.

ماڵەکەی من و ئامە دوو ژور و هێشخانێک بوو. ژوورێکی بۆ میوان بوو. میوانیش تەنیا جەمیل کوڕی بوو کە هاوین بۆ چەند رۆژ لەگەڵ ژن و منداڵەکەی لە سنەوە دەهاتن. لە پشتەوەی ژووری خۆمان کە تەونەکەشی تێیدا بوو، و بە زستانان قورسیمان تێیدا دادەنا، هیشخانێکی نیوە تاریک هەبوو کە رووناکی لە تەنیا رۆژنەی سەربانەوە وەردەگرت. من دەترسام بە تەنێ بچمە ئەوێ. لە جریوەی مشک دەترسام. بۆنی کۆنی تێیدا ماسی بوو. دە پازدە هۆمەی بەتاڵی تێیدا دانرابوو.

هۆمەکان وەکوو دێوەزمەکانی چیرۆکەکانی ئامە دەهاتنە پێش چاوم... ئامە دەیگوت:

- ئەمانە وەختێک باوک کوڕەکان مابوو، پڕبوو لە ئەرزاق. گەنم و ئارد ونۆک و برِوێش و...

بیرێک لە حەوشەکەدا بوو کە دەکوترا لە هەموو بیرەکانی نێو دێ ئاوی زۆرترە. جەڕجەڕەی لەسەر بوو. تەنافێک دەەپێچیا بە دەور جەڕجەڕەکەدا کە دۆڵچەیەکی لاستیکی رەشی پێیەوە بەسترابوو. دەرگای حەوش هەمووکاتێک بەتاک بوو. دایمە دوو سێ ژن خەریک ئاو هەڵگۆزان بوون. ئامە بە ژنەکانی دەگوت، بۆ ئەویش ئاو هەڵگۆزن.

- خوەم پشتم ئەیشێ کەنیشکەکەم، ناتوانم.

ژیانیش منالە دەرەقەت جەڕجەڕەکە نای. سەتڵێ ئاویچ بەن بە باخچەکە.

باخچەکەی ئامە هەموو جۆرێک سەوزە وگوڵی جۆربەجۆری تێیدا بوو. جافری و نەعنا و پیواز و کەوەرگ و سیس عەنبەر و رێحان و زۆری دیکەش کە من نەمدەناسین. هێندێکی دەکرد بە چێشت یان وەکوو سەوزی خواردن تەڵبژێری دەکرد. هێندێکیشی ئیشک دەکردەوە بۆ دەرمان بە کاری دێنان.

ئامە دوکتوریشی دەکرد. یەغانێکی لە سووچی ماڵەکە دانابوو، پڕبوو لە پیارزگی گوڵ و گیای ئیشککراو. ئەوانەی لە بەهاراندا لە کێو و دەشتان کۆ دەکردەوە. منیشی دەبرد. هێلکە و کەرەی لە نێو نان دادەنا بۆ نیوەڕۆ. گیایەکی دەدایە دەست منەوە، دەیگوت:

- ئا لەوە بدۆزەرەو بێرانە.

جار جار لەبەر خۆیەوە مۆرەمۆرێکی دەکرد کە لە گۆرانی کۆن دەچوون. ئێوارە کە دەهاتینەوە، نانی لەبەر خۆرەوە ئیشککراوی دەپرواندە نێو دۆی ترش. نێوی نابوو خۆرەبرێژە. دەمانخوارد. دەیگوت ئەو خۆرە لێداوین، ئەگەر ئەمە نەخۆین نەخۆش دەکەوین.

هەر کەس سەرئێشە و زک ئێشەیەکی هەبووایە، دەهاتە لای ئامە. ئەویش نەختێک لەو گیا و گوڵەی دەدانێ. پارەی وەرنەدەگرت. ژنان بۆ نەخۆشی ژنانە دەهاتنە لای. ئەو کاتانە منی دەنارده دەرەوە. دەیگوت بڕۆ لە حەوشا کایە بکە. مشتێ مێوژ یان دانەبرێشکەشی دەدامێ. گوندەکەمان دەرمانگای تێیدا نەبوو، هەشبوایە ژنان بۆ نەخۆشی ژنانە شەرمیان ئەکرد بچنە دەرمانگا. دەنا دەیانتوانی بچنە دەرمانگای حسێن ئاوا کە زۆر لە ئێمەوە دوور نەبوو.

دەمپرسی ئامە ئەم دوکتورییە چۆن فێر بووی؟ پێدەکەنی. چەند ددانی تاک و لوێ بۆ مابوو دەیخستە دەرەوە و چاوی لەچاوم دەبڕی وەکوو ئارەزوویەک بگێڕێتەوە دەیگوت:

- رۆژێک پیاگێک باڵابەرزی جوان خاس بە سواری ئەسپێکی چەرمگی باڵدار، هات بۆ ئەم دێیەی ئێمە. ئاشقی من بوو. گەرەکی بوو یادگارێکم پێ با. ئەم دوکتورییەی فێرم کرد.

هەر ئەو کاتیش دەمزانی ئەمەش هەر وەکوو چیرۆکەکانی دیکەیە و بۆ منی ساز دەکا.

ئامە رادیوە کۆنێکی هەبوو بەرگێکی گوڵدۆزیکراوی بۆ کردبوو. لەتاقچەکەی دادەنا. کاتی هەواڵەکان یەک بینگ قەبری بابیانی هەڵدەشڵەپاند. من نەمدەزانی بۆ، بەڵام پێی پێدەکەنیم. کاتی گۆرانی بوایە. بە تایبەت حەسەن زیرک بیکوتبا لە ژێر لێوەوە لەگەڵی دەگوتەوە.

- ئەوە رادیو سلێمانییە رۆڵە، ئەمانە دەنگ گۆرانیشیان بڕی. گشتی بوو بە رەوزەی ئیمامە گۆڕبەگۆڕەکەیان.

کە چوومە مەدرەسە کایەکان گۆڕان، تۆپێن و رم بازێن، سەر ئەژنۆ و کراس دەدڕا و ئامە شەوانە دادەنیشت پینەی دەکرد. هیچکات نەمبیست بۆڵەیەک بکا. بەخێوی کردم، نەک

وەکوو باب، تەنانەت نەک وەکوو هەموو دایکێک. ئامە وەکوو خۆی.

رۆژێک لەگەڵ منداڵی دەر و جیرانان مێشێنمان دەکرد. کوڕێک هەبوو زۆر چڵمن و چەتوون بوو. پێمان دەگوت حەمە بەخێڵ. کایەی نەدەکرد، بەڵام هەموو جارێک دەهات بۆ تێکدانی کایەکە. ئەو رۆژە ئامە جووتێک کەوشی چەرمی زەردی بۆ من کڕی بوو. بۆ یەکەم جار لە پێم کردبوو. حەمە لاتاوی پێدا دەدام. "هەتیم بووگیتە کوڕە ئاغا"! وەڵامم نەدەدایەوە. گوێزەکانی هەڵگرت و هەڵات. بە دوویدا هەڵاتم. لە قەراخ دێ پێم چوو بە ئاوە زەلکاوێکدا و کەوش پڕ بوو لە قوڕاو. حەمەم لەبیر چووەوە. تاکەوشم دەرهێنا و شەلان شەلان بردمە سەر چۆم کە بیشۆم. شوێنەکەم خراپ بوو، دەبووا زۆر دانەوێم هەتا دەستم بگاتە ئاوەکە. پێم خلیسکا و هەتا خۆم بگرمەوە، تاکەوش کەوتە نێو ئاوەکە و ئاو بردی. تاکەوش بەسەر ئاودا و من بە قەراخ چۆمدا. لە شوولکەیەک دەگەڕام بیگرمەوە. بەر دەستم نەکەوت. تاکەوش کەوتە نێرینەی ئاوەکە کە خێراتر دەڕویشت. دەمەویست خۆم بدەم لە ئاوەکە، نەمدەوێرا. ئاوەکە لێڵ بوو، بنەکەی دیار نەبوو. بانگی منداڵانیشم دەکرد. کەس وەڵامی نەدەدامەوە. تاکەوش لە

شوێنێک کە ئاوەکە نەختێک دادەپەڕی پڕ بوو لە ئاو و نوقم بوو. ماوەیەک راوەستام چاوم بەسەر ئاوەکەدا دەگێڕا بەڵکوو بێتەوە دەرێ. نەبوو. دانیشتم و برێک گریام. ئێستا چۆن برۆمەوە، بە ئامە چ بڵێم. منداڵان تەشقەڵەم پێدەکەن. حەمە بەخێڵ پێم پێدەکەنێ. لە خەفەتان هێزم لێبڕابوو. پاڵم دا بە دارێکەوە و ئەژنۆم لە باوەش گرت. بەرە بەرە تاریکی دادەهات. لە دوورەوە گوێم لە دەنگی منداڵان بوو، کە بانگیان دەکردم. هیچ، خۆمم مات کردبوو. کە تاریکی کرد، ترس دایگرتم. بە سەدان جار بەم شوێنەدا هاتووچووم کردبوو، بەڵام ئێستا لێم ببوو بە دنیایەکی دیکە. دەنگی بایەقوش دەیترساندم. هەڵدەلەرزیم و نسکەم دەهات. نازانم چەند بەو دەقە دانیشتبووم. ئەوەندەم زانی. لە دوورەوە شەوقی دەیان چرا لە دەوروبەری دێدا پەیدا بوون. ورەورێکیش دێ وەکوو بانگی من بکەن. هەتا دەهات چراکان زۆرتر دەبوون. کەمێک نزیک بوونەوە زانیم لە من دەگەڕن. ئێستا شەرمم بە خۆمدا دەهاتەوە و نەمدویست بمدۆزنەوە. دەمەویست بە ڕێگایەکدا بچمەوە ماڵەوە، نەمبینن.  دەور وپشتی دێ هەموو چرا بوو. ڕێگا نەبوو. هەستام لینگە کەوشەکەم بە دەستەوە گرت رویشتم بەرەو ناو دێ. گەییشتمە دوو لە هاوسێیەکانمان.

- ژیان گیان ئەوە های لە کوێ، نیمە رۆحمانو کرد. ئەوە بۆچە پات پەتییە؟

- هیچ تاریک بوو ریگاکەم گوم کربوو. کەوشەکانم دەراورگە.

بانگی یەکتریان کرد، کە بێنەوە، دۆزیمانەوە.

ئامە لەبەر دەرکە بوو. بێ هیچ بڵێ دەستی بە سەرمدا هێنا. کە چوومەوە نێو حەوش تاکەوشەکەم فرێدایە ژێر پلێکانەکە و پێم شوشت. ژنە هاوسێ و مندالٚ ماڵیان پڕ کردبوو. ئامە لە پای سەماوەر دانیشت و چای بۆ تێدەکردن.

- ناوی بنین کوڕە گوم بووگەکە"

ئامە هیچکات بەڕوویدا نەهێنام کە پێڵاوەکانت چی لێهات.

ئامەم هەبوو، بەسم بوو. ئەویش وەکوو چەند ژنی دیکەی ئەم گوندە تەنیا کەوتبوو. کوڕە گەورەکەی لەگەڵ دەروێشەکانی شێخ عەبدولکەریم چووبووە دیوی عێراق و بێ سەروشوێن ببوو. دەگوترا لە رنوو کەوتووە و مردووە. کوڕی ناوگینی لەشار مامۆستا بوو. کوڕە بچووکەکەی گروبانی ئەرتەش بوو. لە شەڕی ئێران و عێراقدا شوینون ببوو، کەس نەیزانی لە کوێ کوژرا یان بەدیل گیرا، یان بەدەم گوللە تۆپێکەوە بوو بە دووکەڵ. ئامەش

لەبەر من بۆ هیچ کوێ نەدەچوو کە بڕوا هەواڵێکی بزانێ. ژن و منداڵەکەشی هیچ کات بە کوردستاندا نەهاتنەوە. ئامە دەیگوت:

- ئەو ژنە فارسە وەیەزانێ کورد بنیام خوەرن، زاتی نییە سەفەر بکا بۆ ئێرە. جاران ساڵێ جارێک لەتەک یۆنسا ئەهاتن. دوو سێ رۆژ دائەنیشتن، هەرچێ تفاقی زمسانم بووای، لە پەنێر و رۆن و کەشک و دەغڵ و دان، ئەیپێچاوە و جا دەستی ئەکرد بە بۆڵەبۆڵ و ئەیوت سپێ کەفتگە گیان مناڵەکانم، کورە کێچ کەفتووە شواڵ خۆەی. چتەکانی بار ئەکرد و کەوشی لێ هەڵئەکێشا. یۆنسیش بە لارەملی ئەکەفتە شۆنی.

زۆر جار شەوانە دایدەنام کتێبەکانی مەدرەسەمی بۆ بخوێنمەوە. دەیکوت

- من سەوام نییە. بێرەو فێرم کە!

ئەم خوێندنەوە، منی کرد بە زیرەکترین قوتابی پۆلەکەمان.

ئامە نە نوێژی دەکرد، نە بە رۆژوو دەبوو، بەڵام هەرکات من دەچوومە دەرەوە، ئایەتەلکورسییەکی بەشوێنمدا دەخوێند.

ئاسیە مامان زۆر جار دەهات بۆ لامان و بە منی دەگوت کوڕە شیرینەکەم و نوقڵی پێدەدام، گوایە ئەو لە زایینی مندا مامانی کردووە. ژنێکی سەر و زوان خۆش و کورتە باڵا بوو. ئەو رەخنەی لە ئامە دەگرت کە بۆ نوێژ ناکا. ئامەش دەیگوت:

- تو بێژی خوای بەو گەورەیە ماتڵ سەرمەقولات من بێ.
- تۆ زۆر ناشوکری سەی زادە
- شوکری ئەم بەشکردنە قەشەنگەی بکەم؟
- تۆبە خوایا، بەخوا بەکافری ئەمری.

- چوار سەرمەقولات و هەزار قسەم و درۆ. ئەگەر موسڵمانەتی ئەمەسە، حاشای لێ بێ کافر خاسترە لەم موسڵمانە سەگ و سوتکگەلە. لەو دنیایشا دەس ئەگرم بە جووجکەی توەو.

هەموو شەوان، کاتی خەو. ئامە رازی بۆ دەکردم. چیرۆکی زۆر دەزانی. هەمووشی بە شێعر بوو. گورگ و مەڕ، سەگ و ریوی. قەل و داڵ. نازانم خۆی پێکیانەوە دەنا یان بیستبووی. لە هەموویان خۆشتر چیرۆکی "ئەسپەنجیز" بوو.

ئەسپەنجیر نێوی ئەسپی کچە شازادەیەکە بە ناو گوڵزار. ئەو دەتوانێ لەگەڵ گوڵزاردا قسە بکا و کاری وای لەدەست دێ کە بە مرۆڤ ناکرێ. خۆشەویستەکەی گوڵزار رۆیشتووە بە رێگای هات و نەهاتدا و نەگەڕاوەتەوە. گوڵزار کە منداڵێکی لە زگدایە، رەختی شەڕ و جلی پیاوانە لەبەردەکا و وڵات بە وڵات، دەشت و کێوان دەبڕی کە دڵبەرەکەی ببینێتەوە. زۆر کێشە و کۆسپ دەێتە سەر رێگای. بەڵام لە هەموو جێگایەک ئەسپەنجیر چارە

دەبینێتەوە و گوڵزار رزگار دەکا. لە شوێنێک میوانی کۆشکێک دەبێ. شەو شازادەکانی کۆشکەکە میوانی دەکەن بە شەراب خواردنەوە. ئەسپەنجیر پێیدەڵێ: هەر جامێک کە دەخۆیەوە بڵێ ئەسپەنجیر نۆش. من لەباتی تۆ مەست دەبم. لە نۆشینی ئاخر جامدا گوڵزار ئەو گوتەی لەبیر دەکا. مەست دەبێ و کڵاو لەسەری دەکەوێ و هەموو دەزانن کە ژنە لە رەختی پیاودا. شازادەکان خوازبێنی لێی دەکەن، و لە نێوان خۆیاندا دەبێتە کێشە کە کێ بیخوازێ. لەو کاتەدا گوڵزار خۆی دەگەیەنێتە ئەسپەنجیر، ئەسپەنجیریش مەست بووە. هەرچۆنێک بێ دەرباز دەبێ.

کاتی زایینی دەگا. لە کەلاوە کۆنێکدا ژان دەیگرێ و منداڵەکەی بە دنیا دێنێ. ئەسپەنجیر مامانی بۆ دەکا و ناوکی منداڵەکە بە قەپ دەبڕێ و بە گوڵزار دەڵێ: ئەمن سەر ببرە و پارچەپارچەم کە و پێستەکەم بە سەر خۆت و منداڵەکەتدا بدە و بخەوە. جیابوونەوە لە ئەسپەنجیر دڵتەزێنە، بەڵام چارە هەر ئەوەیە کە ئەسپەنجیر گوتوویە. گوڵزار لەژێر پێستی ئەسپەنجیردا خەوی لێدەکەوێ، کاتێک بەیانی بەخەبەردێ. لە نێو کۆشک و تەلار و باخێکی خۆش و نوێنی هەورێشمدا خەوتووە و خولامان دەست بە کەمەر لە خزمەتیدا راوەستاون.

چەندین و چەند جار داوام لە ئامە کرد ئەسپەنجیرم بۆ بگێڕێتەوە، هەر جار رووداوەکان دەگۆڕدران و من بە ئاوات بووم ئەسپەنجیر نەکوژرێ، بەڵام هەموو جارێک هەر بەوە کۆتایی دەهات.

ئەو بەهارەی کە من کلاسی شەشمم تەواو دەکرد، ئامە نەیبردمە گیاو گوڵ هێنانەوە. چەمابووەوە. جار جار دەستی بە زکیەوە دەگرت. نەیدەناڵاند بەڵام دیار بوو ئێشی هەیە. خوێندن زۆر بواری بە من نەدەدا لێی ورد بمەوە. منداڵییە و گێرە و کێشەی نێو منداڵان و نەزانینی دنیای گەورەساڵان.

ئەزموونەکان تەواو ببوون، بەڵام فوتباڵی نێو مەیدانە خۆڵەپۆتەکە بەردەوام بوو. ئێوارەیەک هاتمەوە، تۆپەکەم فڕێدایە نێو هەیوانەکە و چوومە ژوورێ. ئامە لە جێگا نووستبوو.

- ئامە بۆچە بەم ئێوارا خەفتگی؟

دەستێکی هەڵێنا وەکوو بیەوێ دەستم بگرێ، چوومە پێشەوە، ماچی کردم.

- خاس نیم قەزاولێم. چکێ ناساقم.

- تۆ خوەت دوکتوری دەوا و دەرمانێک، چتێک، من ئەتوانم چەو بۆ بکەم.

- بەلامەو دانیشە و قسەم بۆ بکە!

چاوی لە چاوم بڕی، فرمیسکێک لە چاویدا قەتیس ببوو. بە دەنگێکی نزم گوتی:

- ژیان گیان خەفەت نەخۆی رۆڵە! رۆژێک ئەوینی سەر ئەو کێفگەلە پڕ ئەوێ لە پێشمەرگە، باوکیچت هالە تەکیانا. ئەو رۆژە دایکیچت ئازاد ئەوێ. تۆیش ئەویتە کوڕەخاسەی زەمان خۆت. زینگی سەردیشی هەس و گەرمیشی هەس. بە بۆنەی گەرماکەوە، سەرماکە تاقەت بێرا.

بەری کردە ئەو لاوە کە فرمیسکەکانی نەبینم. خۆم پێ ڕانەگیرا چووم لە دووی ئاسیە مامان. گوتی:

- تازە لەینا بووم، با نان بەم بە منداڵەکان تێم.

درەنگانێک هات. ئامە خەوی لێکەوتبوو. من ماندوو بووم، خەوتم. ئەو کاتە من لە ژووری میوانان دەنووستم.

بەیانی نەختێک درەنگ هەستام. ئامە نەهاتبوو بۆ نان و چای بەیانی بە خەبرم بێنێ. هاتمە ژوورەکەی ئامە. ئاسیە و دوو ژنی دیکە لە سەر سەرینی ئامە دانیشتبوون. ئاسیە هەر دەیکوت

- شاتیمان بێرا.

ئامە بە دەنگێکی نزم دەیکوت:

- ژیان گیان.

چوومە لای سەری دانیشتم. چاوی هەڵێنا، وەکوو ماڵئاوییم لێ بکا. دەستم گرت. چاوی داخستەوە، ئیتر نەیکردەوە. ژنان لە پرمەی گریانیان دا. من هێشتا نەمدەزانی چ قەوماوە.

هەتا دوای نیوەڕۆ لە ماڵ هاوسێیە بەرانبەرەکەماندا بووم کە دوو کوڕیان هەبوو، یەکیان هاوتەمەنی من بوو ئەوی دیکەیان دوو پۆل لە خوار ئێمەوە بوو. بابیان لە ماڵ بوو، یەک بینگ جگەرەی دەکێشا و قسەی بۆ دەکردین کە من نەمدەزانی چ دەڵێ. گوێم نەدەدا. بە گوتەی ئەوڕۆیی شۆک گرتبوومی. ئاخری کاک سمایل گوتی: هەڵسن با بڕوین! کوڕەکان لەگەڵمان نەهاتن. تابووتێک بە کۆڵ چوار کەسەوە لە پێشەوە بوو و خەڵکی ئاوایی بە دوویەوە. کاک سمایل خۆی تێکەڵی خەڵکەکە کرد. من لە دوای هەمووانەوە دەڕویشتم. کە گەییشتینە سەر زیارەتان چووم پاڵم دا بە کێلێکەوە دانیشتم. نازانم هەستێکم هەبوو کە پێم خۆش نەبوو ناشتنی ئامە ببینم. ئێستا پێم سەیرە پیاوان ژن دەنێژن و ژنان لە دورەوە دەوەستن.

هەتا پیاوان ناشتنەکە تەواو بکەن. مەلا کوێرە هێندێ شتی بە عەرەبی دەگوت کە دوایە زانیم تەڵقینە. پێم سەیر بوو چوونکە ئامە عەرەبی نەدەزانی. دوای خوێندنی فاتحە، خەڵک

سەرەخۆشییان لە یەکتر دەکرد. ئامە کەسی نەبوو سەرەخۆشی لێیبکەن. منیش بە کەس، یان بڵێم بە پیاو نەدەژمێردرام. کەس لێشی نەپرسیمەوە. سەرم داخستبوو چاوم لە کەس نەدەکرد. زۆری پێنەچوو گوێم لە دەنگی گریانی ژنان بوو. من نەدەگریام. کاتێک ئەوانیش رۆیشتن، من مامەوە و ئامە. چوومە پێشەوە. لەسەر سەرینی دانیشتم.

- ئامە گیان بۆچە چوویت؟ ئیسە من بە تەنیا خوەم چە بکەم؟

پرسیارەکەم لە مێشکمدا دەنگی دەدایەوە، وەڵام نەبوو.

چاوم لە خاکی قەبرەکە بڕیبوو، باوەڕم نەدەکرد. مات و بێجووڵە دانیشتبووم. ئێواران کە خۆر سەر تەپکەکانی بەجێدەهێشت، ئەگەر نەچووبامە ماڵەوە، ئامە دەهاتە بەر دەرکە، بانگی دەکرد "ژیان"! منداڵانی گەڕک هەموو یەک بە دووی یەکدا بانگیان دەکرد ژیان. لە هەر کوێ بوایەم دەنگەکانم دەبیست و دەمزانی ئامە بانگم دەکا. ئەم ئێوارە هەر بە تەمای ئەو دەنگە بووم. نەبوو، ئامە بانگی نەکردم. ئاخر لێزگەی خۆر سەرکێوەکانیشی بەجێهێشت، نەرمە نەرم تاریکی داهات، کەس بانگی نەکردم. تەزێکی سارد لەشی داگرتم. هەستام چووم بەرەو ماڵەوە. پێخەفەکەی ئامە کۆ نەکرابووەوە. رۆیشتم لە

جێگەکەیدا راکشام. هێشتا گەرم بوو. لێفەکەم بە سەر خۆمدا کێشا و ئەوجار گریان دایگرتم، بە نسکەی گریانەوە خەوم لێکەوت.

خۆر لە پەنجەرەی ژوورەکەوە لە چاوی دام و بە خەبەری هێنام. نە، ئامە نەبوو نان و چایم بۆ دروست بکا. چوومە سەر دۆڵەی نانەکە. دوو سێ لەپە نانی تێیدا بوو. لە گیرفانم ئاخنی. هاتمە ناو حەوش. وەکوو رۆژانی دیکە، ژنان هاتبوون لە بیرەکە ئاو بەرن. سڵاوێکم کرد و دابگردم. گوێم لە گوتەی بەشخوا بەشخوا بوو. بەرەو زیارەتان رێم گرتە بەر.

دەستم دەخشاند بە خاکی گڵکوەکەدا و هەزار قسەی نەگوتراو بە مێشکمدا دەهات و نەدەگەییشتە سەر زارم. پیشم کردبوو. دەنگی بانگی نیوەڕۆ وریای کردمەوە، چووم بە نێو باخ و مەزرا و دشتەکاندا گەڕام هەرچی گوڵ و شکۆفەی جوانم دەدیت هەڵم دەگرتەوە و دەمهێنا لە سەر گڵکوەکەی ئامەم دادەنا. هەتا لە دوورەوە دیتم ژنان بۆ سەرقەبران دێن. ئامەم بە جێ هێشت و رووم کردە رانەمەڕەکەی حەمە شوان کە دوای نیوەڕوان دەیهێنایە سەر تەپکی کەنار ئاوایی.

- کوڕی ئامە خوەت خۆش بی. ئەزانم برسیتە، بێرەو دانیشە نان و دوێکم تەکا بخوە.

هەتا ئێوارە لەگەڵ حەمە بووم. ئەو رانەکەی برد و رۆی. من پەرم نەدەکێشا بچمە ماڵەوە. لە سەر بەردێک دانیشتم هەتا دیتم، یەک بە یەک چرای ماڵان هەڵدەبن. چوومەوە دەستم بە دەرکەوە نا وەکوو هەمیشە ئاواڵە بوو. دۆڵچەیەک ئاوم لە بیرەکە هەڵگوزا و هەتا سکم گرتی ئاوم خواردەوە. بە پێی راهاتنی گۆرین سەرو چاوم شوشت. ژوورەکان تاریک بوون. لە بەرهەیوانەکە دانیشتم. مێشکم قفڵ ببوو. تەنیا ئامەم دەدیت دەرو بان دەکا. بە حەوش و ماڵدا دەگەرێ، لەم ژوور بۆ ئەو ژوور. تەنانەت تاقەتم نەبوو بە لەپی دەست فرمیسکەکانم بسرمەوە. نازانم چەندی پێچوو کە بەو دەقە دانیشتبووم، دەرکە کرایەوە ئاسیە مامان هاتە ژووری.

- ئەوە بۆچە لەو تاریکییا دانیشگی بە قوربانت بم. هەلسە کورە شیرینەکەم.

دەستی گرتم، بە بێ هیچ بلێم لەدوی کەوتم. بردمی بۆ ماڵی خۆیان.

بەیانی زوو هێشتا کەس بەخەبەر نەهاتبوو هاتمە دەرەوە و یەکسەر رووم کردە سەرقەبران. گوڵەکان ژاکا بوون. تاقەتم نەبوو بچم گوڵی تازە بێنم.

بیرم دەکردەوە کە ئامە نەما نان و ئاوم بەدەست کێ دەبێ، چ پشت و پەنایەکم شک نەدەبرد. ڕۆژگار چۆن بەرمە سەر. هیچ بڕیارێکم پێ نەدەدرا. مشتێ خاکم هەڵگرت بەسەر خۆمدا کرد. بیستبووم خاکی سەر زیارەتان مەیل بڕە.

ملی ڕێگام گرت، بەڵام ئەمجارە پشت لە گوندی بەتاڵی بێ ئامە و ڕوو لە ڕێگایەک کە نەمدەزانی بۆ کوێ دەچێ. بەس دەمزانی ڕۆژێ لە ڕۆژان باوکم و پێشمەرگەکان بەوێدا دەرباز ببوون. ئامە وای گوتبوو.

خۆری تیژی ئاخر بەهار خەریک زەرد کردنی جۆ بوو، لە چاو مندا هەموو دەر و دەشت خەم دایگرتبوو. زرەی جوڕە لە مێشکمدا دەنگی دەدایەوە. خۆمم دەکردە کێش، بۆ کوێ نازانم، تەپکە و شیو و دۆڵم دەبڕی. تەنیا دەمزانی دەڕۆم. گەییشتمە جادەی قیرتاو. لە تەنشت جادەکە لە سەر بەردێک دانیشتم. جار جار بە بای ماشینێک نەختێک فێنک دەبوومەوە. هەوڵم دا بیر بکەمەوە کە دەمەوێ چ بکەم و بۆ کوێ بچم، بەڵام مێشکم قفڵ ببوو. عەقڵم بە هیچ نەدەگەییشت. ئارەقە لە سەر و گوێلاکمەوە دەچۆڕا. خۆڵی نێو موەکانم ببوو بە قوڕ. دەمپرواند و لێم دەکردنەوە. بێزار لە دانیشتن بەڕێ کەوتمەوە. ڕێگای سەرەکی گوندم دیتەوە کە لە ڕێگا ئەسفاڵتەکەوە لای دەدا. پێم

کردە کێش و گەڕامەوە. وەکوو کەسێک بووم کە بەرەو هیچ دەڕوا. برسی و تینو لە کانیاوێک دەگەڕام و نەبوو. سێبەری کێوەکان بەسەر خانوەکانی دێدا کێشرابوو، کە ماندوو و برسی گەییشتمەوە دەوری ئاوایی. ئاپۆڕەی خەڵکەکەم لە دوورەوە دیت کە لەبەر ماڵ ئامە کۆ ببوونەوە.

مل کز و چاو بە فرمیسک وەکوو هەتیوان لەبن دیوارێک راوەستام. جەمیل کوڕە ناوگینەکەی ئامە کە من پێم دەگوت مامە جەمیل بۆ سێ رۆژەی ئامە خۆی گەیاندبووە گوند و خەڵک وەک باو بوو لەسەر زیارەتەوە هاتبوونە بەر دەرکەی ماڵ بۆ سەرەخۆشی. مامە جەمیل دیتمی و هات دەستی گرتم و لەبەر دەرکە لە تەنیشت خۆی رایگرتم. چەند کەسێک دەستیان بەسەرمدا هێنا و سەرەخۆشییان لێکردم، هێندێکیشیان سەرێکیان دادەتەکاند و دەڕۆیشتن.

- کاکە ژیان، گشت شتێک لەم ماڵا تەواو بوو. جلەکانت بپێچەوە، سۆزی تەک منا ئەچین بۆ شار.

بەڕویدا نەهێنام کە لەکوێ بووم و چم کردووە، بەڵام زانی ماندوو و برسیم.

پارویەک نان و هەڵوام خوارد و لە دیوی چێشتخانە بەڕەیەکم راخست و هەتیوانە نووستم. دەمزانی هەتا نیوەشەو

میوان دێن و دەڕۆن. باشترە گوێم لە بەشخوا، بەشخوای ئەو خەڵکە کەڕ کەم.

کە مینی بووسەکە گەییشتە نێو دێ من پیارزگی خۆمم لە بن بەخەڵدا بوو. مامە جەمیل لەگەڵ یەک دوو کەس پێکهاتن کە ماڵەکەی ئامە چ لێبکەن. تەنیا کەسێک کە هات چاو بە فرمیسک بەڕێ کردم ئاسیە مامان بوو. پێش ڕۆیشتن بۆ ئاخر دیدار چوومەوە سەر گڵکۆی ئامە. لە پاڵ کێلەکەی لای سەریەوە بەسەر چۆکەوە دانیشتم.

- بوەخشە ئامە گیان جێت تێڵم. چە بکەم، تەنیا کەسم لێرا تۆ بووی، تۆیش بە جێمۆ هێشت. ئامە گیان ئەسپەنجیریش ئەفسانە بوو.

*

ئاباجی هاوسەری مامە جەمیل، کز و باڵا بەرز، ناوچاو گرژ و تاڵ و تورش بە چاوێکی کڕیارانە لە پێیەوە هەتا سەر سەرنجی دام و وەڵامی سڵاوەکەشمی نەداوە. نەمزانی لە مردنی خەسووی خەمبارە یان تووڕەی شتێکە کە من نازانم. چوونکە بە لالووتەوە لەگەڵ مامە جەمیلیش دەدوی. وام دانا کە خەمبارە.

ماڵی مامە جەمیل لە کۆڵانێکی بەرتەسکی جۆرئاوادا بوو. سێ ژوور و بەرهەیوانێک و حەوشێکی بچووک کە لایەکی باخچە بوو. لە لای حەوشەکەشەوە شێرەیەکی ئاو هەبوو کە چاڵاوێکی لە پێش بوو. ژێر هەیوانەکە ژێرخانێکی تێیدا دروست کرابوو. ژوورەکان یەیکی کرابوو بە هێشخان و هەر لەوێش شیو دەکرا.

رۆژی یەکەمی هەر شوێنێک هەموو کاتێک لەبیری مرۆڤدا دەمێنێتەوە. کە چوومە ژوورەوە دوو کچی چکۆلە، دەکرا بڵێی حەوت هەشت ساڵان دەبوون، زیت زیت چاویان لێدەکردم. ئەمانە زۆر منداڵ بوون کە من دیتبوویانم. چکۆلەکەیان خۆی خستە باوەش بابی و ئەویتریان خۆی لکاند بە باڵیەوە. زۆر شیرین و نزیکەودڵ بوون. ئاباجی چایەکی لە کتری و قۆڕییەک کە لەسەر چرا فتیلەیەک دانرابوو تێکرد و لە پێش مامە جەمیلی دانا. مامە جەمیل بە دەم لاوانەوەی منداڵەکانەوە، گوتی:

- چایکیش داکە بۆ ژیان.
- تازە نان دائەنم، لەو دوا.
- بێ ئەو سفرە بوە دایخە.

هەستام سفرەکەم لێی ئەستاند و رامخست. دۆکولیوی لێنابوو. هەر کەسەو کاسەیەکی لەپێش داناین. ئامە کە دۆکوڵیوی لێدەنا، دوو سێ هێلکەشی لەگەڵ دەکوڵاند. دەیکوت:

- با بەردڵمان بگرێ. بنیام بە دۆخوا سکی پڕ ئەوێ وەلێ نیم سەعاتتر برسییە.

لەم سفرەدا هیلکە نەبوو. بە نان تریت کردن خۆم تێر کرد.

لە دوای نیوەڕۆەوە هەتا شەو درەنگان ماڵ پڕ بوو لە هاوسا و بەراوسا. منیش چای دانەر بووم. باسی ئەوەش کرا کە سەرەخۆشییەک لە مزگەوت دانرێ، ئاباجی دژ بوو و مامە جەمیل بێدەنگ. ئاخریشی نەکرا.

شەوی یەکەم لە لای منداڵەکان لە ژووری دانیشتن نووستم. بەیانی بە دەنگی ئاباجی بەخەبەر هاتم:

- دا هەڵسە ئەنەقتێ، ئەیرە تەمەڵخانە نییە.

من لەچاو هاومالەکانمدا چکۆلەتر نەبووم هیچ نەختێ بە قەلافەتتریش بووم. بەلام ئاباجی ئەو نازناوەی بەسەرمدا بڕی. هەرکات گوتبای ئەنەقتێ دەمزانی قەڵسە و کیشەیەکم بۆ ساز دەکا. پێم وایە مامە جەمیلیش هەستی بەوە کرد. گوتی:

- ئیمڕۆ ژیان ئەوەم کارماپێ.

- ئەشێ جێگا خەوەکەی دروس کا، جا بچن.

گسکێکی دایە دەستم و بردمیە ژێرخانەکە. درکەکەی هێندە کورت بوو کە من دەبوا سەر دانەوێنم کە بچمە ژوورەوە.

- ئەم ئەسپاوگەلە جەمەوکە لایکەوە و ئەم لا گزگ بە و بێ دۆشەکە و پەتوت بەم پێ. شەوگەل لێرا ئەخەفی.

چرا فانۆسێک و گۆگردێکی هێنا لە تاقچەی پشت پەنجەرە چکۆلەی ژێرخانەکەدا داینا و جێ نەفتەکەشی نیشانم دا.

هەتا دوو سێ رۆژ، لە بەیانییەوە هەتا نیوەڕۆ لەگەڵ مامە جەمیل دەچوومە ئەم ئێدارە و ئەو ئێدارە کە شناسنامەی تازەم بۆ وەرگرێ و لە مەدرەسەیک نێوم بنووسێ بۆ خوێندنیساڵی داهاتوو لە یەکەمی راهنماییدا. دوای نیوەڕوانیش ئاباجی بە تەشەر لێدان ماڵی پێ خاوێن دەکردمەوە. مامە جەمیل بۆ خۆی دەچوو بۆ دوکان. لەگەڵ مامۆستایەکی دیکەدا بە شەریکی دایاننابوو. دوکانی کتێبفرۆشی بوو.

دوو شەو لە ژێرخانەکە نووستم. مشک بە نێو ژوورەکەدا تەراتێنیان دەکرد، کێچ خەوی لێدەبڕیم، ئاخری بڕیارمدا بەڕە و پێخەفەکەم ببەمە حەوش و لەوێ بخەوم. لەوێش مێشوولە زۆر بوو، بەڵام من سەرم بە ژێرەوە دەکرد هەتا خەوم لێدەکەوت و دوایە ئاگام لێیان نەدەما. بەیانی زوو هەڵدەستام پێخەفەکەم دەبردەوە نێو ژێرخانەکە بۆ ئەوە نەکا ئاباجی بۆڵەبۆڵ بکا. بۆ

دەست و چاو شوشتن دەچوومە مزگەوت و دوایە لە بەر نانەواخانە خۆمم دەخلافاند هەتا ماڵ بە خەبەر بێن و منیش نانی تازە بەرم بۆ نانی بەیانی. دوایەش ماڵ و حەوش گزک بدە و کاسە و کەوچک بشۆ و جل لەسەر تەناف هەڵخە و جار و باریش بۆ کڕینی سەوزە و گۆشت، بچۆ بۆ بازاڕ. ئەگەر هیچیتر نەبووایە دانیشە دەرس بدە بە دڵنیا و سەیران. منیش ئەو کاتە کە ئاباجی دوور بوایە و دەنگمانی نەبیستبای، چیرۆکەکانی ئامەم بۆ دەگوتنەوە. هەر بەو هۆیەوە کچەکان زۆر گرۆی من ببون. من چەندەم پێ خۆش بوو، ئاباجی ئەوەندە پێی ناخۆش بوو.

مامە جەمیل لە ماڵەوە نوێژی نەدەکرد، دەچووە مزگەوت. ڕۆژانی هەینی دەچوو بۆ نوێژی جەماعەت لە مزگەوتی جامێعە. منیشی لەگەڵ خۆی دەبرد. دەستنوێژ گرتن و نوێژ کردنی فێر دەکردم. بەڵام هەر فێر نەبووم. لەگەڵ جەماعەتەکە هەڵسە و دانیشتەم دەکرد و دەمم دەجووڵاندەوە. ئاباجی نوێژکەر نەبوو. ڕۆژانی هەینی کچەکانی دەبرد و دەڕۆیشت بۆ ماڵی دایکی. من و مامە جەمیلیش نانمان لە دەرەوە دەخوارد، هەموو جارێکیش ئاوگۆشتی دیزی بوو، لە دوکان کاورای قروەییدا. جار و باریش

کتێبێکی پیدەدام بیخوێنمەوە. زیاتر چیرۆکی شێخ و مەشایخ بوون.

رۆژانی سێشەممە من ئازاد بووم، چوونکە ئاباجی منداڵەکانی لای دایکی دادەنا و بۆ خۆی دەچوو بۆ مەکتەبی قورئان. وای دەگوت. منیش بۆم نەبوو لە ماڵەوە بم دەبووا بچمە دەرەوە. دەرکەی قفڵ دەکرد و کلیلیشی بە من نەدەدا. منیش هێندێ لچەنانم لە گیرفانم دەنا و دەچووم بۆ بان تەپ و دەور تەکیەی شێخ سەلام بۆ سەگەڕاو. سەگەکان کە دەیانزانی نانم پێیە لە دووم دەکەوتن. من هەڵدەهاتم و ئەوان بە دوومدا. دادەنیشتم، دادەنیشتن، دەڕویشتم، دەهاتن. کەیفم بەمە دەکرد کەمن فەرماندەری ئەوان بووم. رۆژێکیان لە نێو کۆڵانیکدا چوار کوڕ لەبەر بەقاڵییە چکۆلەیەکدا راوەستا بوون. کە من تێپەڕیم کەوتنە شۆنم. بانگیان کردم کە راوەستم. راوەستام.

– هاتگی بۆ کەنیشکبازی لەم مەحەلەی ئێما، هەتیمە دێهاتییە باوەحیزە.

بەر لەوە بتوانم قسەیەک بکەم، شەپ و تەپ لێیان راکێشام. تانێکی چاک خاوکێشیان کردم و گوتیان جارێکی دیکە بێرەدا نەیتەوە. لەو کاتەوە نەمدەوێرا بەوێدا بچم. بەڵام سەگەڕاوەکەم هەر دەکرد.

لەم سەگەڕاوەدا کوڕێکی قژ سووری خرپنە بوو بە هاودەمم. دیار بوو ئەویش وەکوو من بەتاڵۆکەیە. نێومان بۆ سەگەکان دانابوو. ئەوە بازەیە و ئەوە بۆرەیە و ئەمیان شێرەیە و ...

ئەمەیان بۆ من و ئەوە بۆ تۆ... ئەو نانی نەدەهێنا، لە منی وەردەگرت کە بیدا بە سەگەکان. ئاگام لێبوو جار جار بە دزی منەوە خۆی لە نانەکەی دەخوارد. کە ئەمەم زانی، ڕۆژانی دوایی نانی زۆرترم دێنا. نێوی کەماڵ بوو. من پێم دەگوت کەماڵە سوور. هەر لەو دەوروبەرەی تەکیە لە ریزی ئاخر ماڵەکاندا کە بە ماڵە فەقیران بەناوبانگ بوو، تاکە ژوورێکیان بە کرێ گرتبوو. هەموو جارێک لەگەڵم دەهات هەتا بەر ماڵ و دوایە دەڕویشتەوە. پێم وابوو حەز دەکا خوڵکی بکەم بێتە ژوورەوە، بەڵام دەترسام ئاباجی بیکاتە شەڕ و هەڵا. ڕۆژێکیان بەو کۆڵانەدا هاتینەوە کە کوڕەکان لێیان دابووم. دوو لە کوڕەکان لە پێش دوکانەکە راوەستابوون. کە من و کەماڵیان دیت پێچیان کردەوە و خۆیان ون کرد. چیرۆکەکەم بۆ کەماڵ گێڕایەوە.

- لەمەودوا هەرچێ ڕۆژە بەیرا تینەو، حەقیان لێ ئەسێنینەو. هەرچێ جارێک کوڵە داریک تەک خوەتا بێرا. منیش تێرم. باوکیان تێرمە بەر چاویان.

جارێکیتر تووشمان بە تووشیانەوە نەبوو.

هەر لە چوارشەممەوە چاوەڕوانی هەینی دەبووم و ئاوگۆشتەکە، لە هەینییەوە هەتا سێشەم چاوەڕوانی سەگەڕاو و کەماڵ. دواتر کەماڵ زۆر لە ژیانمدا دەوری هەبوو.

شار ئەو دەم بۆ کوڕە لادێیەکی وەکوو من ترسێنەر بوو. وەکوو گۆمێکی قووڵ کە ناوێری خۆتی تێهاوی. لە گونددا هەموو ماڵەکان دەناسی. نێوی خاوەن ماڵەکە و ژنەکەی و منداڵەکانی دەزانی. تەنانەت بە دەنگیاندا دەیانناسییەوە. دەزانی چەند مەڕ و بزنیان هەیە. بە سەدان جار بە کوچە و کۆڵانەکاندا هاتووچووت کردووە. مریشکێک دەبینی دەزانی مریشکی کام ماڵە. بۆنی خاک و سەوزە و سارد و گەرمی ئاوەکەی دەناسییەوە. دەزانی لە چ شوێنێکی جۆگە ئاوەکەدا کووزەڵە دەرهاتووە. دانە بە دانەی دارەکانت ژماردووە. کامیان چ بەرێک دەدەن و کەی پێدەگا. باڵندەکان سڵت لێناکەنەوە. هەموو شتێک ئاشنایە. تەنانەت قەبرەکانی نێو زیارەتانیش دەناسی. هیچ شتێک ناتترسێنێ. سەگەکان لێت ناوەڕن. ئەگەر نەخۆش دەکەوی هاوسا و بەراوسا لێت کۆ دەبنەوە. یارمەتی بە بێ چاوەڕوانییە. بەڵام شار بۆ من وەکوو گۆماوێک بوو کە راتدەکێشێ و دوایە دەتخنکێنێ. کوچە و کۆڵان لێک هاڵاون. خیابانی پڕ لە خەڵک، بازاڕ پڕ لە مرۆڤ، ئەم بەر و ئەو بەر

دوکان، دوکان، دوکان لەپاڵ یەک ترنجاون. پڕ لە شتی هەمەجۆرە. لە سرەتادا سەرنجت رادەکێشن، دوایە ئەتۆش وەکوو ئەو خەڵکە تێدەپەڕی. وەدەزانی ئەو خەڵکە بۆ تەواشاکردنی یەکتر هاتوونەتە دەرەوە، بەلام وەکوو ئەوەیە هەموویان رقیان لە یەکتر بێ. کەس بەدەم کەسەوە پێناکەنێ. لە لادێ ئەتۆ بەشێکی لە گشت. هەموو شتێک بە موڵکی خۆت دەزانی. لێرە هیچ نیت. بوون و نەبوونت وەک یەکە. هیچ شتێک گرێت نادا بە هەستێکی گشتییەوە. کەسیش بە هیجت نازانێ. کەس ئاشنای کەس نییە. کەس ناناسییەوە. هەموو شتێک نامۆیە. پەیوەندی بە تۆوەوە نییە. نەناسەکان هەموو کاتێک ترسێنەرن. نەختێک لێی قووڵ دەبیەوە، هەموو خەریکی کڵاو لەسەرنانی یەکترن. قسەکردنیان بە گاڵتە و تانە و تەشەرە. لادێ شوێنێکی چووکە. رواڵەتکاری کەڵکی نییە، چوونکە هەموو باب و باپیری یەکتر دەناسن. کەس گیرفانی کەس نابڕی. بێ هۆ نییە خەڵکی تاوانبار لە زێدی خۆی دوور دەخەنەوە. دەزانن چی بەسەر دێ. منداڵە گوندییەکی بەستەزمانی وەکوو من گێژ و وڕ بە نێو شەقاماندا دەسووڕێتەوە. رەنگە ئەمە ئەو شتەیە کە پێی دەڵێن غەریبی. ئەو هەستە کە دواتریش لە هەموو شوێنێک لەگەڵمدا بووە و هەر ماوە.

هاوێن تێپەڕی. گەلاوێژ هەڵات و دنیا سەردی کرد. نە حەوش و نە ژێرخانەکە بۆ خەوتن نەدەبوون. مامە جەمیل پێنەدەکرا ئاباجی رازی بکا کە من لە ژووری منداڵان بنووم. مامە جەمیل چرا فتیلەیەکی هێنا، گوتی شەوانە هەڵیکە با نەخۆش نەکەوێ. هەڵم دەکرد بەڵام ئەو ژێرخانە بەو چرایە گەرم نەدەبوو. بە دانیشتنەوە لێفەم بە سەر خۆمدا دەدا و چراکەم لە نێو لێنگم دادەنا هەتا گەرم دادەهاتم، چاوم گەرم دەبوو، لار دەبوومەوە و دەخەوتم.

رۆژێکی سێشەممە من و کەماڵ بە کۆڵانەکانی گەڕەکی خۆماندا دەگەڕاین. کە گەییشتینە سەر کۆڵانەکەی ماڵی مامە جەمیل لە دوورەوە دیتم پیاوێک لە ماڵی ئێمەوە هاتە دەرەوە و بە پەلە رۆی. من لە کەماڵ جوێ بوومەوە و چووم بەرەو ماڵەوە. دەرکەی حەوش دانەخرابوو. منداڵەکانیش لەماڵ نەبوون. هەر کە گەییشتمە ناوەڕاست حەوشەکە ئاباجی دەنگیدام:.

- بۆچە زوو هاتیتەو؟

- پیاگێکم دی لە ماڵ ئێمەو هاتە دەرەو، وتم نەکا دز هاتوێ.

- پیاگ چە و چت چە؟ قسەی مفت مەکە بە خوەتەو ئەنەقتێ. برۆ، برۆ مناڵەکان لە ماڵ دایکما بێرانەو!.

ئەو کاتە عەقڵم بەوە نەدەشکا کە پیاوی غەریبە لەوێ چ کارێکی هەبووە، سێ ساڵ دوایە تێگەییشتم. لەو رۆژەوە ئاباجی بە جێدی لێهەڵپێچام و بیانووی پێدەگرتم. زۆری پێنەچوو، مامە جەمیل چوو بۆ سەفەر. گوتی حەفتەیەکم پێدەچێ. بەڵام وا نەبوو. حەفتەیەک لە رۆیشتنی مامە جەمیل تێنەپەڕیبوو ئاباجی قامکی ئیشارەی بەرەڕوو گرتم و گوتی:

- نان مفت خواردن تواو بوو. ئەشێ کار بکەی. پوڵی ئەو نانە دەربێری وا ئەیخوەی! ئەگەر نە پات نایتەو بەم ماڵا... وا وا پێکریاگ. مناڵەکانیشم حەرام ئەگەرنی.

- با مامە جەمیل بێتەوە بزانین ئەێژێ چە؟ ناومی لە مەدرسا نووسیگە.

- مامە جەمیل چووە سەر قەور باوکت. هەر ئەوەسە وا وتم.

هاتمە دەرەوە. فرمیسک لە چاومدا قەتیس ببوو. پام دەکردە کێش. هیچ بیرێکم بۆ نەدەهات. هەتا ئێوارە لە بەرزایی پشت ماڵ کەماڵدا کە لە ئاخری ماڵەکانەوە بوو دانیشتم. چاوم لە شار بریبوو. ئەو هەموو خانووە، یەک سووچی بۆ من تێیدا نییە. بیرم

دەکردەوە بڕۆمەوە بۆ گوندەکەی خۆمان. ئەی لەوێ چبکەم. بڕۆمە لای کێ. کەسم شک نەدەبرد. لەوێ نە کار هەیە نە خوێندن. دەمزانی ئەودەم لەبەر ئامە بوو خەڵک وەریان دەگرتم. چرای ماڵان کە هەڵ بوو، بێ ئەوەی بیری لێبکەمەوە، چووم لە پێش درکەی ماڵ کەماڵ بانگی کەماڵم کرد. کەماڵ هاتە دەرێ. گوێم لە دەنگی دایکی بوو،

- کێیە کەماڵ؟
- ژیانە دایە، رەفێقمە.
- دەی با بێتە ژوورەو. لە بەر درگا مەوێسن خاس نییە.

پارووبەک نان و پەنیر و چایە زەرداوێکمان بەسەریدا کرد و لەگەڵ کەماڵ دانیشتینە پاسوور کردن.

- ئیمشەو مەچۆرەو، لێرا بخەفە.

بووم بە کوڕی دووهەمی باجی پیرۆزە. ئەمن بۆ کەماڵم گێڕابووەوە کە ئاباجی دەریکردووم. ئەویش بۆ دایکی گێڕابووەوە. دایکی گوتبووی با بێتە لای تۆ. خوا کەریمە با بزانین خوا چ دەکا. ماڵ کەماڵ بوو بە شوێنی شەوانی من.

باجی پیرۆزە ژنێکیroومەت خڕی قژ خەنەگیراوی نەختێک قەڵەو، یەک ددانی زێر لە دەمدا، و سێ نوختە خاڵی سەوز بەسەر چناگەیەوە کوترابوو. بیری دادە رابێعەی باینچۆی

خستمەوە کە دەهات بۆ لای ئامە لەگەڵی تەونی دەکرد. ئەو و کەماڵ لە تاکە ژووریکدا دەژیان. کە پڕ بوو لە بۆنی هەژاری. وێنەیەکی کاڵەوەبووی زوڵەیخا و وێنەیەکی بچووکی پیاوێک بە کلاوی سپورییەوە لە چوارچێوەیەکی کۆنی بێ شیشەدا، بە دیوارەوە بوو. باجی پیرۆزە بە پەردەیەکی گوڵدار بەشێک لە ژوورەکەی جیا کردبووەوە وەکوو هێشخانی لێکردبوو. هێندی کەلوپەلی لەوێ دادەنا. حەوشە بچووکە خۆڵەپۆتەکەیان سێ ژووری بەدەوردا بوو کە بە خشتی خاو کرابوونەوە. نە ئاویان هەبوو نە کارەبا. ئێواران کەماڵ دەبووا دوو دەفری بیست لیتری نایلۆن هەڵگرێ و بچێ لە حەوشی تەکیە پڕیان بکا. دەیکوت جار و بار دەبێ شتێک بدەم بە مجێورەکە دەنا دەرکەم بۆ ناکاتەوە.

جکە لە ئەمان دوو کرێنشینی دیکە لە ژوورەکانی دیکەی حەوشەکەدا بوون. یەکیان کائەلامرای حەماڵ و حەمیەی ژنی و سمایل کوڕیانی تێیدا بوو. حەمیە زۆر روو خۆش بوو، کە سڵاوم لێی دەکرد دەیگوت: سلام بانچاو قوروانۆ وم. بە زاراوەکەیدا دەمزانی سنەیی نییە. هەموو رۆژێک حەوشەکەی ئاوپژێن دەکرد و گزکی دەدا و دوایە دەچوو کاری ماڵانی

دەکرد. ئەو ژوورەکەی دیکە ژنێکی تەنیای تێیدا دەژیا کە من قەت نەمدیت بێتە دەرەوە. کەماڵ دەیکوت:

- ئەو بەسەزوانە نەخوەشە. دایکم بەعزێ جار کۆمەکی ئەکا. کوڕێکیش مانگێ یەک جار تێ سەری لێ ئا. کەم قسە ئەکا و کەسێ سەر لەکاری دەر نایرێ. دایکم ئەیژێ: ئەو ژنە کلۆڵە لە زیندانا وای لێهاتگە.

کەماڵ پاش ئەوە کە بابی بە نەخۆشی مردبوو، مەدرەسەی بەجێ هێشتبوو. سێ ساڵ زیاتر نەیخوێندبوو. دەیزانی نێوی خۆی بنووسێ و ژمارەکانیشی لە یەک تا سەد دەزانی. ئەمەیان لەبەر خۆیەوە فێر ببوو. دەمگوت:

- بێ من کۆمەکتەکەم کتێو بخوێنی.

- تۆ بیخوێنە بیگەڕنەرەو بۆ من. با زیاتر حێفزی کەی.

باجی پیرۆزە هیچی نەخوێندبوو، تەنانەت فارسیشی نەدەزانی. لەناو مەیدانی دارفرۆشەکاندا جلە کۆنی دەفرۆشت.

بە رۆژان لەگەڵ کەماڵ، بەناو کوچە و کۆڵان و ناو بازاڕدا دەسووڕاینەوە، دوکان بە دوکان دەمانپرسی ئاخۆ شاگردیان ناوێ؟ یەک دەیگوت رامەوەستە، یەک دەیگوت من بۆ خۆشم بێکارم. یەک دەیگوت ئێوەی خوێڕی و چڵکنم بۆ چییە.
کەماڵیش جنێوی دەدا و هەڵدەهاتین.

ئێوارە کاتی هاتنەوەی باجی پیرۆزە،ماندوو و برسی دەمانکردەوە بە ژووره نیوه تاریکەکەدا. لە کاتێکەوە من هاتبوومە ئەوێ باجی پیرۆزە جێگایەکی لە پەستووەکەدا بۆ خۆی خۆش کردبوو و لەوێ دەنووست. من و کەماڵیش هەرکام لە سووچێک هەڵدەتروشکاین.

شەوانی هەینی باجی پیرۆزە ئاو گۆشتی لێدەنا. دوای خواردن کەماڵ گوتی:

- هەڵسە با بچین بۆ تەکیە! لە دانیشتنی پای ئەم لامپا کەم نورە باشترە.

- تو و تەکیە کەماڵ؟

- کورە فرە خوەشە. من حەز ئەکەم بە دەنگ دەفەکان. دوو چای مفتەیشمان پێ ئان. چکێ تواشای هەڵپەڕ و داپەڕ دەورێشەکان ئەکەین و تینەو.

چوونە تەکیە بوو بە عادەتی شەوانی سێشەممە و هەینیمان. نانمان لای باجی پیرۆزە دەخوارد و ئەڕۆشتین بۆ تەکیەی سەی وەفا. لە پێشدا ئاڵاکەمان ماچ دەکرد. دوایە لە تەنشت دەرکەوە دادەنیشتین. دەفژەنەکان ئارام ئارام دەستیان دەکرد بە شێعر خوێندن و وردە دەف لێدان. هەتا ئێمە دوو چایی بخۆینەوە ئەوان گەرمیان دەکرد. دەروێشەکان کڵاویان فڕێ دەدا پرچیان

بەر دەداوە و لە جێ خۆیانەوە حەی حەیان دەکرد. لە پڕ یەیکیان هاواری دەکرد یا غەوس گەیلانی و دەهاتە ناوەندی ژوورەکە دەستی دەکرد بە سەربادان و حەی و حوو کردن. بەرە بەرە ئەوانی دیکەی لێ کۆ دەبوونەوە و دەفزەنەکانیش هەڵدەستان و کورەی زکر گەرم دەبوو. یەک خەنجەری لە خۆی دەدا و یەک شووشەی دەخوارد و یەک زەرکی بە لای زگیدا دەکرد. بەر لەوە کورەکە دامرکێتەوە ئێمە دەهاتینە دەرەوە. ئەگەر هەوا سارد بوایە لە پاڵ سۆبەکە هەتا ئاخر دادەنیشتین. دەنا بە پیاسەی کۆڵانان و مۆرەمۆری گۆرانی کەماڵ شەوەکەمان تەواو دەکرد.

ماوەیەکی پێچوو. گوتم:

- برا کەماڵ ئێمە ئەگەر بە جفت بچینە بەر دوکانەکان، هیچ کەس تەحویڵمان ناگرێ، با هەر کاممان بە تەنیا بچین. لەودوا لە ناو بازاڕا یەکتر ئەدۆزینەو.

کابرایەکی واکسی گوتی:

- بێ هەر ئیسە بێ دانیشە تواشای دەس من بکە. فێر واکس کردن بە. هەرچێ واکست کرد شاگردانەکەی بۆ خوەت، وەلێ من پولو پێنام.

ئەو رۆژە دوو کەس هاتن بۆ واکس کردن، ئەویش دۆستی خۆی بوون نە پارەیان بە ئەو دا و نە بە من. ئێوارەکەی کاتێک دەیەویست دوکان دابخا، دیتم دەست دێنێ بە شان و ملمدا و دەست بۆ ناو گەڵم دەبا. بە تەختەی فلْچە واکسەکە کێشام بە دەم و لووتیا و بە رفان هاتمە دەرەوە. داستانەکەم بۆ کەماڵ گێڕایەوە.

- باوەحیز. کوا با بچین دوکانەکەم نیشان بە گشت شیشەکانی ئەشکنین.

چووین دوکانەکەم نێشانی دا.

- ئای کورە ئەوە ئۆپنەییە. گش کەسێ ئەزانێ. گەرەکی بووگە سواری بی.

چەند رۆژ دوایە لەبەر دوکانێکی دەرکە و پەنجەرە سازی راوەستابووم تەواشای کاری وەستا و شاگردەکانم دەکرد. دوو شاگردی منداڵ دەیانەویست دەرکەیەکی زەلام هەڵگێڕنەوە بە دیوی دیکەدا. دیتم دەرەقەت نایەن. لایەکم گرت و یارمەتیم دان. وەستاکەیان چاوی لێبوو. چاویلکەکەی هەڵگرت و هاتە پێشێ.

- رۆڵە چاو لە نووری جۆش مەکە، چاوت تێتە ئێش.

باڵا کوتەڵەیەکی قورس و قایم دیار بوو. ویستم بڕۆم گوتی:

- شاگردی ناکەی؟
- بەڵێ، بۆ کار ئەگەڕم.
- کوڕ کێی.
- باوکم نەماگە هام لای دایکمەو.
- دەی بڕۆ دایکت بێرا با بزانین بەکار ئەخوەی.

رویشتم بۆ لای باجی پیرۆزە کە لە ناو مەیان دار فرۆشەکاندا لەگەڵ چەند ژنی دیکە لە پاڵ دیوارێک دانیشتبوون و کراس و سوخمەیان بە دیوارەکەوە هەڵاوەسی بوو و لە بەردەمیشیاندا جلی دیکەیان بڵاو کردبووەوە کە ژنە فەقیران بێن بیکڕن.

داستانەکەم بۆ گێڕایەوە. بێ یەک و دوو، هەستا لەگەڵم هات. بە ژنەکەی شاندەستی گوت:

- هۆشۆ بە جلەکانمەو بێ تا تێمەو.

باجی پیرۆزە لە پێشەوە و من بە شوێنیەوە گەییشتینە بەر دوکان دەرکە و پەنجەرەسازی.

- دەزانی ئوسا گیان من دوو کوڕم هەس. بە یەکەوە نەوێ ناکرگێ. ئەوانە هەتیمن خوا خاسۆ بۆ بکا، ئەگەر فێریان کەی. ژیرن کار ئەکەن.

- ئەگەر هەرتکیان بێن. ئەو وەختە حەقەکەیان کەم ئەوێتەو.

- قەی ناکا. منالْن با نەکەفنە ناو کار خراو. تۆ ئەم برا گەورەییە بکە. من زامن. خەیالْت رەحەت بێ.

- لیباس کاریان بۆ بسێنە. من لیباسم نییە بەم پێیان. با سۆزی سەعات حەفت لێرا بن.

کەمالْ بە زۆر رازی بوو، بەلاّم پێی خۆش بوو کە پێکەوە بووین.

رۆژانی یەکەم هەموو گیانمان دەیشا کارمان بڕینەوەی ئاسنی دەرکەو پەنجەرەکان بوو. هێشتا فێری جۆشکاری نەکرابووین، بەلاّم شەوقی جۆشکارییەکە لە چاومانی دەدا و شەو لەبەر چاوێشە خەومان لێنەدەکەوت. دەرمانێکیان دەدا ئێوارە دەمانکردە چاومان. بەرە بەرە پێی راهاتین.

کرێکار کرێکارە. بۆلْە و تێخوڕینی وەستاکار دەبێ ببیسی و دەنگ نەکەی. ئەو شاگردەی دوو رۆژ لە تۆ زووتر هاتووە ئەمرت بە سەردا دەکا. کەمالْ بە گالْتەو و قسەی قۆڕِ کرێکارەکانی دیکەی کرد بە دوست. ملمان بە کارەوە نابوو، خۆمان ماندوو دەکرد کە وەستا لێمان رازی بێ، بەلاّم

شاگردەکانی دیکە پێیان خۆش نەبوو. ئێواران کە کار تەواو دەبوو، گەرچی ماندوو بووین، بەڵام کەماڵ دەیگوت

- با دەورێ بەینەو بەم خیابانگەلا. چکێ چاومان رۆشنەو بێ.

لاوانی هاوتەمنی ئێمە چەند جۆر بوون. ئەوەی پارەی هەبوو، سواری ماتۆر گازی دەبوو، ئەم سەر و ئەو سەر بە خیاباناندا فڕکەیان دەهات و خۆیان دەنواند. دەستەیەک لە چایخانە و بەستەنی فرۆشیدا دادەنیشتن و پرکە و فیکەیان دەهات. ئێمەی گیرفان بەتاڵیش نەختێک تۆە بەرۆژەمان دەکردە گیرفانمان و گاڵتەمان بەوانی دیکە دەکرد. جۆرێک داخی دڵ بەتاڵکردن. ئێمەی هەژار هەموو کاتێک تەواشاکەری خۆشی خەڵکی دیکە بووین.

مانگی یەکەم پارەمان نەبوو هیچ بکڕین، بخوین. زوو بێزار دەبووین و رووومان دەکردەوە کۆڵانە چۆڵەکەی خۆمان. باجی پیرۆزە پارویێک نانی دەداینێ، بە پاسوورە شڕەکانی کەماڵ دەستێک کایەمان دەکرد و دەخەوتین. باجی پیرۆزە تا درنگان دادەنیشت جلوبەرگی پینە دەکرد.

باجی پیرۆزە داستانی مامە جەمیل و ئاباجی لە من پرسی بوو. مامە جەمیلی لە دوورەوە دەناسی. ئەو هەموو خەڵکی شاری

دەناسی. لەگەڵ ژنانی هاوکۆنەفرۆشی کاریان چ بوو جگە لە گێڕانەوەی هەواڵەکانی نێو شار و غەیبەتی ئەم و ئەو. شەوێک هاتەوە گوتی:

- رۆڵە ژیان ئەزانی جەمیلی مامۆتیان گرتگە؟ تەنیا ئەویش نییە، چەن کەس تریشن. وتت چووگە بۆ سەفەر. هەر لەو سەفەرا گرتگیانە.

کەی و چی و چۆن کەڵکی نەبوو. ئەویش زۆرتری لێی نەدەزانی. دەبوا بیرێکی دیکە بکەمەوە.

یەک دوو رۆژ زۆر بە پەرۆش بووم. چ بکەم، بچم سەری ئاباجی بدەم، نەچم. راوەستام هەتا ئاخری حەفتە کە حەقدەستی ئەو مانگەم پێبدەن، شتێک بۆ منداڵەکان بکڕم و بڕۆم سەریان بدەم.

دامنابوو، بەشێک لە پارەی مانگانەکەم بدەم بە باجی پیرۆزە، و باقییەکەشی بدەم بە ئاباجی. پارەکە زۆر کەم بوو، نەمدەزانی چۆنی بەش بکەم. لە رووم نەدەهات بیدەمە دەستیانەوە. باجی پیرۆزە چاوێکی لێکرد و لە بەخەڵی نا و گوتی:

- باشە هەڵیئەگرم بۆت.

دوو دانە کتێبی منداڵان و قوتوویەک کلوچەم کڕی و رویشم بۆ ماڵی مامە جەمیل. هەر کە دەرکە کرایەوە، کچەکان

باوەشیان بە لاقمدا کرد. دانەویم ماچم کردن و کتێبەکانم دانێ. بە زەوقەوە رویشتن لەبەر هەیوانەکە دانیشتنە تەواشای وێنەکان.

- ئەی بەناخەێر گیانت. ئەوە تا ئیسە لەکوێ بووی؟

- کارئەکەم. خەوەر مامە جەمیلتان هەس؟

- چووگە سەر قەور باوکی. ئیسلامم بۆ نەجات با. ئەی ئەمە ئیسلام نییە، چەس.

- مولاقاتی هەس.

- نەخەیر. جا مولاقاتی بۆچەس. ئەگەر مناڵەکانی خوەش گەرەک بوای، وەک بنیام عاقڵ دائەنیشت زینگی خوەی ئەکرد. حەوسەڵەی ئەو هەڵتەک و داتەکەم نییە. گەرەکیشم نییە مناڵەکان باوکیان لە زیندانا بوینن.

دەڵێن هیچ شێخێک لە ماڵی خۆی بڕواپێکەری نییە. نەمویست زیاتر لەسەری بڕوا. قسەکەم گۆڕی.

- من حەق کار ئەم مانگەم سەندگە. وتم چکێ پوڵ دانم بۆ ئەو منالگەلە.

- لازمی نەکردگە. هێشتا ئەونە فەقیر نەوگین تو کۆمەکمان بکەی.

نەختێک بۆڵەبۆڵی کرد و بە تووڕەییەوە چووە ژووریّ و دەرکەی لەسەر خۆی داخست. تاوێک لەگەڵ کچەکان دانیشتم

و بەجێم هێشتن. سەرەڕای ئەو کردەوەش هەموو مانگێک بۆ دیتنی کچەکان دەڕویشتم.

شار لە ژێر تەوژمی جاش و پاسداردا بوو. وەخت و بێ وەخت سێ چوار ماشینی سەرئاواڵەی پڕ لە چەکدار و رەشاش بە نێو شاردا دەگەڕان و خۆیان دەنواند. ترس و نەفرەتیان بڵاو دەکردەوە. ترسەکە دیار بوو، نەفرەتەکە شاراوە بوو. هێندێک رادەوەستان تەواشایان دەکردن و هێندێکیش پشتیان تێدەکردن و لە ژێر لێوەوە جنێویان دەدا. جار جار چەند تەقەی هەواییان دەکرد کە ترسەکە ببینن. وەستا دەیگوت:

- ئەوە هەمیسان یەکێکیانیان تۆپانگە.

جۆرێک گەشتی دیکەیان هەبوو کە زۆربەیان جاش بوون. بە دوو ماشین دەهاتن. چوار کەسی ماشینی یەکەم دادەبەزین. ژنان تا ئەوانیان دەدیت دەچوونە نێو دوکانێک کە بەرببینگیان پێ نەکرن، ئەوانیش روویان لە دوکانەکان دەکرد و بیانوویان بە دوکاندارەکان دەگرت و بەرتیلیان دەستاند. یان شەقیان بە کەل و پەلی دەستفرۆشەکاندا دەدا. کاریان بە موعتاد و مەواد فرۆشەکان نەبوو. کە دەیاندیتن، پچەیەکیان بە گوێیاندا دەکرد و دەڕویشتن. جاری وا هەبوو منداڵە دە دوازدە ساڵە رەش و رووتەکانین کۆ دەکردەوە دەیان بردن.

- ئەو باوەحیزگەلە ئەیان وەن سواریان ئەون. بۆ خوەیان گشتیان کونی بووگن.

کەماڵ بوو تفێکی فڕێ دەدا و ئەمانەی دەگوت. دە جنێویشی لە بەر خۆیەوە حەواڵە دەکرد.

- کەماڵ خۆ ئەوان جوێنەکان تۆ ناژنەون.

- ئەی بۆچە فاتحایەک لێرەو ئەگەیتە مەکە. ها؟...

جوێنەکان منیش ساف ئەچێتە گیفانیان.

*

زستان هات و سەرما و بەفر وڵاتی داگرت و کاتی هەڵلەرزینی هەژار و فەقیری بێ جل و بەرگی وەکوو من هات. کار نەمابوو، وەستای خاوەن کارگە کۆی کردینەوە.

- بۆ خۆەتان ئەزانن کار نییە و منیش ئەونەمە نییە پوڵی بێکار بەم. برۆن کارێ زمسانی بۆ خۆەتان پەیا کەن. بان ماڵینێک، نۆکاو فرۆشتنێک. چوزانم، دوای نەورۆز بێنەو بزانین بەشکەم بازارِ خاس بێ.

هەر یەکەو پارەی نیوە مانگێکی پێداین. خانەی ئاوا. خاوەنکارەکانی دیکە ئەوەشیان نەدەدا. لە کرێکارەکانی کارگەکانی دیکەمان پرسی بوو. کرێکاری وەکوو ئێمە نە بیمەی

هەبوو، نە پەیماننامە و شتی وا. کاتێک مەئمووری بیمە دەهات دەبووا ئێمە خۆمان بشارینەوە. خەبەریان دەدا کە کەی دێن. بۆ ئەو خەبەردانە بەرتیلیان لە وەستا دەستاند. بۆیە هەر کاتێک خاوەنکارەکە ویستبای دەری دەکردین.

کەماڵ گوتی:

- وەڵا من هیچ ناکەم. ژێر قورسییەکەی دایە خوەشە.

جار جار بۆ هەواڵ زانین لە مامە جەمیل سەری دوکانەکەیم دەدا و لەگەڵ نەجمەی شەریکە دوکانی چایەکمان دەخواردەوە. زانیم سێ ساڵ زیندانیان بۆ مامە جەمیل بڕیوەتەوە. لە زیندانی هەمەدانە و نەجمە بە هۆی ئاشنایکەوە دیارییەکی بۆ بەرپرسی زیندان ناردووە و بە بەهانەی قسە و باسی شەریکایەتی ئیزنی چاوپێکەوتنی وەرگرتووە. مامە جەمیل گوتوویەتی "با ژیان نەی بۆ ئێرە. دەرەقەتی پرسیار و وەڵام نای." کاک نەجمە بەشە پارەکەی ئەوی دەدا بە ئاباجی. هاوکارەکانیشی هەر لە ڕێگای ئەوەوە یارمەتییان بۆ دەنارد.

کە پێم گوت بێکار کراوم گوتی:

- بێ لەیرە لای من کار بکە. شەوگەلیش هەر لەیرا لەو پەستووا بۆ خوەت بخەفە.

به دەرفەتم زانی بەڵکوو هێندی کتێب بخوێنمەوە. لە ماڵی کەماڵ هیچ نەدەکرا. هەستم دەکرد جێگاشمان تەنگە.

کەماڵ و دایکی زۆر پێیان ناخۆش بوو. قەوڵیان لێی ئەستاندم شەوانی هەینی بچمەوە لایان.

چرایەکی فتیلەیی و لامپایەک لە پەستووەکە بوو. تەخت و پێخەفیشی لێبوو. راکشە و کتێب بخوێنەوە. پاش ئەو ماوەیە وەکوو برسییەک بەسەر ناندا کەوتبێ لەم کتێب بازم دەدا بۆ ئەو کتێب.

زستانێکی زۆر سارد بوو. پەستووەکەش بەو شێوە لە دوکانەکە جوێ نەکرابووەوە کە تەریک بێ و بتوانی تەنیا پەستووەکە گەرم کەی. تێغەیەکیان کردبوو، سەرەوەی بەتاڵ بوو. نەدەگەییشتە میچەکە. ئەو چرایەش من هەمبوو دەرەقەتی ئەو سەرما نەدەهات. بە هۆی ئاگاداری کردن لە کتێبەکانیشەوە نەدەکرا گەرما و هەڵم لەوێ هەبێ.

نەخۆش کەوتم. تاو دایگرتم و بێ دەم و زوان کەوتم. جار جار بە دەم ناڵە و هاواری خۆمەوە بەخەبەر دەهاتم. لەرز دەیچۆقاندم و بێکەسی دەیگریاندم. ئامە هاتە خەونم، گوتی: هەڵسە رۆڵە پات لە ناو ئەو ئاوە دانە، هەتا من کەوچکێ شۆروات بۆ ئەگوڵنم. خۆمم بینی سواری ئەسپەنجیر ببووم. باڵی

گرتەوە بەسەر شاردا دەفڕی. شار کپ و بێدەنگ و تاریک. چرای ماڵان هەموو خامۆش، چرای پاسدارخانە نەبێ. پاسدارە نگابانەکە لە سەرمادا کزکۆڵەی کردبوو. ئەسپەنجیر بەسەر کۆڵاناندا دەیگێڕام. کەس بە دەرەوە نەبوو، هیچ دەنگ نەبوو. وەمزانی شار نەماوە. لە دوورەوە لە نێو دارەکانی ئاویەردا بروسکەی چرایەکم دیت. ماڵە تەپیکلەیەک بوو. لە کونەوەجەکەوە تەواشام کرد. پیرەمێردێکی ردێن سپی فانۆسێکی لە پێش خۆی دانابوو، دەفی لێیدەدا. بەڵام دەفەکە دەنگی نەبوو. دەفی بێدەنگی دەکوتا. ئەسپەنجیریش وەک من دڵتەنگ بوو، هەڵکشا بۆ لووتکەی ئاویەر. بەفر ڕەشایی بە زەوییەوە نەهێشتبوو. چراکانی پادگانی سەربازی لە دوورەوە دیار بوو. گوتم: ئەسپەنجیر سەرمامە با بگەڕێینەوە! فرێدام. لە تەختی خەوەکەم کەوتمە خوارەوە و دەستم چزا بە چرا فتیلەیەکەدا. لەرز دەیچۆقاندم. هیچ زەرفێکم نەبوو ئاوی تێبکەم و پام بشۆم. پەتوەکەم پێچا بە خۆمەوە و دەرکەم کردەوە، چوومە دەرەوە کە هەوا لێم بدا، بەڵکوو تاوەکەم دابەزێ. سەگێک لە پشت دەرگاکە لە ژێر پاساری دوکانەکەدا گورپی کردبوو. منی دیت سەری هەڵێنا و دیسان قەپۆزی کردەوە بە ژێر باڵیەوە. نازانم

بۆ ئاواتم پێ خواست. تاوێک بە پێخواسی لە نێو بەفرەکەدا راوەستام و بەدەم ددانە چۆقەوە خۆمم گەیاندەوە هێشخانەکەم.

بەیانی کاک نەجمە هێندێ دەرمان و شۆرباوی بۆ هێنام.

- دوو سێ رۆژ بچۆ بۆ ماڵ کەماڵ. لێرە ئەمری.

تاکسی بۆ گرتم. باجی پیرۆزە کە چاوی پێکەوتم گوپی خۆی رنی. مەنگەڵی ژێر قورسییەکەی شێواند و لێفەیەکی زیادی پێدا دام. کەماڵ لە ماڵ نەبوو.

- لەتەک کاڵامرای هاوسامانا چووگن بۆ بەفر ماڵین.

شۆرباوێکی تورشی بۆ لێنابووم، خواردم و نازانم چەند سەعات خەوتم. کە بەخەبەر هاتم وەمزانی لە حەوزی مزگەوت کەوتووم. هەموو جل و نوێن تەڕ ببوو.

- ئەو ئارەق کردنە خاست ئەکاتەو. سۆزی ئەوی بە گوێز ئازا.

کەماڵ هاتەوە کردی بە هەرا.

- ئەوە چەس قۆلانچە پای پێتا نیاگە؟ نایمە بەرەو منیش ئەیگرم.

دوای سێ رۆژ رویشتمەوە دوکان. کاک نەجمە رۆژنامەشی دەفرۆشت. من خوێندنەکەم ئەوەندە نەبوو لە گشتی حاڵی بم. ئێعدام، ئێعدام. پیاو کوشتن ژن کوشتن. دزی، قاچاخ، زیندان

کردن... بەڵام نەمدیت نووسیبێتیان کەسێک ئازاد کراوە. ئەمە هەواڵە سەرەکییەکان بوو کە من تێدەگەییشتم. قسە درێژەکانی مەلاکانم نەدەخوێندەوە.

هەر لەو سەروبەندەدا بوو، هێندێ شەوان سەرئێشەم دەگرت. هێندێ جار ئەوەندە توند بوو دەڕشامەوە. لە پێشدا گڤەگڤێک بە گوێمدا دەهات و دوایە سەرئێشەکە دایدەگرتم. لەو کاتانەدا، دەنگ و رووناکی ئازاری دەدام. شەوێک لە ماڵی کەماڵ بووم، باجی پیرۆزە گیایەکی کوڵاند پێیدام، خواردم. هیچی نەکرد. گوتی دەبێ بچیتە دوکتور. گوتم جا من پارەی دوکتورم لە کوێ بوو. بەیانی لەگەڵم کەوت بۆ لای دوکتور.

- ئەمە سەرێشەی میگرێنە. خاسەو ناوێ. من دەوایکت بۆ ئەنووسم، هەر وەخت سەرێشەکە هات بیخوە، سەرئێشەکەو کەم ئەوێتەو. دەواکە بەش سێ مانگە. لەودوا بێرەو بزانم چۆن بووگە.

هاوینی ساڵی دووهەم شاگردێکی هاوینەمان بۆ هات. بابی دۆستی وەستاکەمان بوو. کوڕێکی پڕوپۆشتە بوو. لە کوڕە دەوڵەمەندان دەچوو، گەرچی دوایە زانیم بنەماڵەی دەوڵەمەند نەبوون. لوت بەرز و لەخۆبایی نەبوو. نێوی سیروان بوو. سپی

کارە و دروشت، خۆش قسە و نزیکەودڵ بوو. لە پشووی نان خواردنی نیوەڕۆدا تۆپێکی چکۆلەی دەهێنا لە شەقامەکەی بەردوکاندا فوتباڵمان دەکرد. ئێواران حەزی نەدەکرد زوو بڕواتەوە، لەگەڵ ئێمە دەهات بۆ گەڕانی نێو خیابانان.

ئەم ساڵ من و نیمە وەستایەک بە نێو ئیسماعیل کە پێمان دەگوت سمایل، و سیروان وەکوو شاگردی بەردەست کران بە گروپێک کە کارمان دامەزراندنی دەرکە و پەنجەرەی ماڵان بوو. کەماڵ کەوتە گروپێکی دیکە لەگەڵ عەلی و شاگردێک بە ناو یوسف. لە کارگە دەرکە و پەنجەرە ساز دەکرا و ئێمەش لە ماشێنێکی باریمان دەنا و دەمانبردە شوێنی خۆی. ماڵەکان تازە بوون و خاوەنماڵ بە دیارەوە نەبوو. سمایل هەر بۆڵەی دەهات.

- ساحێو ماڵێک نییە دوو چایمان پێ با. خراوی ماڵ تازە ئەمەسە.

- کەی ماڵێک تازە بۆ خوەمان ئەکەینەو.

- قەورکەن بۆت ئەکاتەو. حەقەکەمان بەش نانە وشکەکە ناکا. ماڵی پێ ئەسێنی؟

گروپی کەماڵ زیاتر کاری لولەکەشییان دەکرد. ئەو ڕۆژانە کە لوولەی کۆنیان لەگەڵ تازە ئاڵوگۆڕ کردبا، خاوەن ماڵ نان و چایشی دەدانێ.

ڕۆژێک پیاوێکی کەراواتی هاتە بەر دوکان. لە کارمەندی ئێدارە دەچوو. بانگی وەستاکەمانی کرد.

- ئاغە گیان. ئەم کاریگەرگەلتە تەربیەت کە. بێ ئەدەبن، بێ ئەدەب.

- چەوگە ئاغە گیان. تۆ بە گەورەیی خوەت بیانوەخشە.

- لەو سەر سوورە بپرسە.

هەر بەو قەڵسییە هاتبوو، هەر وا ڕۆی.

- دابێ بزانم کەماڵ چەوگە؟

- کورە ئەوە دوێکە لە ماڵ ئەو کاورا کارمان کرد. برا، یەکرێز قسەی ئەکرد. ئەمە وا بکەن، ئەوە وا ناوێ. ئەمە چە و ئەوە چە. ئاخری لولە گیرەم دا بە دەسیەوە، وتم ئیسە تۆ کار بکە و من قسە ئەکەم. ئیتر باوکی هاتە بەرچاوی، دەرمانی کرد. ئیسە هاتگە بۆ شکایەت.

وەستا بە پێکەنینەوە گوتی:

- مشتەریەکانمان لێ مەتۆرنە کەماڵە سوور.

لەگەڵ سیروان زۆر نێوانمان خۆش بوو. بڕوام پێی کردبوو کە باسی خۆمی بۆ بکەم، کە بابم پێشمەرگە بووە و من قەت نەمدیوە. ئەویش گوتبووی بابی منیش کاتی خۆی پێشمەرگە بووە و ئێستا ماتۆری کارەبا و ئاو و ئەم شتانە دەفرۆشێ.

ڕۆژێکی هەینی خوڵکی کردم بۆ ماڵی خۆیان. سیامەندی بابی باڵا بەرز و سمێڵ ڕەش و زۆر خۆشڕوو بوو. دایکی زۆر بە مێهرەبانی بەخێرهاتنی کردم. سێ جۆر خواردن ساز کرابوو. پڵاو خۆرشت و کۆتلێت و سالاد و منی چاو برسی و زگ برسی، شەرمم دەکرد دەست بەرمە نێو سفرەکە. بە تایبەت چوونکە هەڵاڵەی کچیان هەر سەیری دەکردم. دایکی لە هەمووان بەشی دەدام و هەر دەیگوت: بخوە ڕۆڵە.

دەتگوت بە سەر و سەکوتمدا زانیوە کوڕە هەژارم. دوای نان خواردن بابی لە ژیان و بنەماڵەی منی پرسی، منیش هەروا کە چاوم لە دەستەکانم بڕیبوو، کەم تا کورت بۆم گێڕایەوە کە دایک و بابم چییان بەسەر هاتووە و من ئاگام لێیان نییە و ئامە گەورەی کردووم. کە سەرم هەڵێنا دیتم زۆر قووڵ چووەتە فکرەوە. ئاخری گوتی: زۆرمان بەسەر هات.

ڕۆژانی هەینی هەتا نیوەڕۆ کارمان دەکرد. دوایە حەمام و سەرتاشین. سیروان ئەو کارانەی لە ماڵەوە دەکرد. دوایە قابلەمەیەک نان و پێخۆری لە ماڵەوە دەهێنا و دەچووین بۆ باخەکانی ئاویەر. سیروان دەچووە باشگای جۆدۆ، دەیەویست ئێمەش فێر بکا. لە پێشدا هێندێ کەماڵ و عەلی لەسەر خاکەنەرمەکان دەخولۆپاندەوە.

- بێرە بەرەو ژیان بزانم دەرسەکانت لەبیر ماگە؟

بڕێک زەرمەزلێ و حەی و حوومان دەکرد و دەهاتینەوە بۆ گەماڵگەشتی نێو خیابان و شەقامان. ئێمە لەگەڵ باقی شاگردەکانی دوکان، ببووین بە دەستەیەک بۆ خۆمان و لە لات و لوت و چەقۆکێش و بەچەبازان نەدەترساین و ئەوانیش خۆیان لە قەرەی ئێمە نەدەدا. دواتر سیروان بوو بە پاڵەوانی ئۆستان. یەلێک بوو.

ئێوارەیەک بێتاقەت بە نێو کۆڵانە بۆگەنیوەکاندا پیاسەمان دەکرد و باسی رۆژانی منداڵی بوو.

- ئەرێ نەچین سەرێک بەین لە سەگەکان.

- با بچین لچە نانیش بوەین.

- ئێوارەس دیارنین، دابزانین لە کوێنا گورپیان کردگە.

لە هاتنەوەدا لە دوورەوە دیتمان سیروان لە دەرکەی حەوشەکەی ئێمەوە هاتە دەرەوە.

- کەماڵ ئەرێ ئەوە سیروان نییە؟

- ئەرێ ئەوە. نەتزانیگە؟ هەمیشە تێ بۆ لای ئەو ژنە نەخوەشە. تێ کۆمەک بۆ ئەو ژنە تێرێ. وابزانم قەوم و چتیان بێ. وەلێ چوونکە ژنەکە لە زیندانا بووگە گەرەکیان نییە کەس بزانێ.

گەرچی لەم بەسەرهاتانە زۆرم بیستبوو و زاری هەرکەست کردباوە چەند نموونەی بۆ دەگێڕایەوە، بەڵام ئەمەیان هەستێکی نەناسراوی بۆ من دروست کردبوو. پرسیاری جۆربەجۆر لە مێشکمدا دەهاتن و دەچوون. هەمووشی دەچووەوە سەر قسەکەی ئامە کە من دایکم لە زیندان بووە. ماوەیەکی نەدەبرد وەکوو بیرەوەرییەکی دوور تێکەڵی بیرەوەرییەکانی دیکە دەبوو، بەڵام لە بیرم نەدەچووەوە. هەر کات چاوم بە دەرکە داخراوەکەی دەکەوت پرسیارەکەم بۆ زیندوو دەبووەوە. دەمەویست بە شێوەیەک لە سیروان بپرسم بەڵام دەرفەت پێش نەدەهات. ئاخر ئەوان نایانەوێ کەس بزانێ، من بۆ خۆمی تێکەڵ بکەم. دەست و دڵم هەر یەکی نەگرت هەتا پاییز داهات و مەدرەسەی سیروان دەستی پێکرد و رۆژانی هەینی نەبێ، نەماندەدیتەوە.

هەر لەو سەروبەنددەدا، وەستاکەمان، من و کەماڵ و دوو سەرکاریگەری نارد بۆ کارێک لە دیواندەرە. نەردەی پارکمان دەوست دەکرد. مانگ و نیوێک کار بوو. پارەی زیادیشی دەداینێ، بەڵام بەشی موسافرخانەی نەدەکرد. شەوانە لەو دوکانەدا دەخەوتین کە کارمان تێیدا دەکرد و بۆ ئەو کارە بەکرێمان گرتبوو. شەوانە سەرد بوو، لە نێو دوکانەکەدا ئاگرمان

دەکردەوە. زۆری پێنەدەچوو دوکان پڕ دەبوو لە دووکەڵ. تەنیا دەرکەشی دەرابەی ئاسن بوو کە دەبووا هەڵی دەینەوە. هەموو گەرماکە بە یەکجار بەتاڵ دەبوو. دەی دیسان ئاگر بکەوە و دیسان دووکەڵ. ئاخری هەرکەسە و لێفەیەکی بە خۆوە دەپێچا و دەنووست. من دەرمانی سەرئێشەم دەخوارد و لە هەموویان زووتر دەنووستم. کە هاتینەوە هەر چوارمان پەتامان گرتبوو.

کە گەییشتینە ناو حەوشەکە دیتمان هەر دوو تای دەرکەی ژووری ژنە جیرانەکەمان کراوەیە و ماڵەکەش چۆڵە.

- دایە ئەو ژنە گۆزاگیەسەو؟

- ئەرێ کوڕم. جارێ بێن دانیشن چایک بخوەن. تازە دەمم کردگە.

- چوو بۆ کوێ؟

- چوو بۆ ئەو جێگا وا گشتمان ئەچین.

کەماڵ تێگەییشت من تێنەگەییشتم. تا ئەو کاتە نەمبیستبوو.

- کوێنە کەماڵ؟

- کورە مردگە.

کەوتمە بیر مردن ئامە و سەر زیارەتان و رۆژانی بێکەسی خۆم.

- ئەو کڵۆڵە لەم ئاخرەو ئێشی فرە بوو. شەو هاواری ئەکرد. لەتەک کاڵامرا بردمان بۆ بیمارستان. کاڵامرا گرتیە کۆڵەو. ئازمایش و چتیان کرد. دوو رۆژ خەفانیان. دوایە وتیان هیچی پێناکرگێ، سەرەتان ناو سکی خواردگە. دەزریکیان لێدا و هاتینەو.

وتم دوکتور خوا قەزات، ئەو ژنە بەسەزوانە قەرانێک لە ئاسمان و زەوی شک ناوا، پوڵی لێ مەسێنە، بیکە خەیر باوک و دایکت. وتی ئەوە موشکل من نییە. ئێوە هاوردگتانە، ئێوەش ئەشێ پوڵەکەی بەن. تکا و رجا فایەی نەو. پوڵەکەم دا و وتم قەزای ئەو کتکەت لێکەفێ وا گورپی کردگە لە بەردەمتا. ئەمەیشە وەزع دوا و دوکتورمان. خوا بکا هیچکەس رێگای لێ نەکەفێ!

ئەو ژنە بەوبەخت بوو. شەو ئاخر لەبان سەریەو دانیشتم. ئەیناڵاند و قسەی زینگی خوەی بۆم ئەگەڕانەو. ئەیوت لەتەک پێشمەرگا بووگە. وەلێ خوەی پێشمەرگە نەوگە. زەیسان بووگە. هەر ئەو رۆژە وەختێ منالەکەی هاتکە دنیا، شەڕ بووگە ئەویچیان گرتگە. نەی زانیگە مناڵەکەی چەی پێهاتگە. هەر ئەیوت: تخوا باجی پیرۆزە نەیانهێشت شیر بەم بە مناڵەکەم. نەیانهێشت لە باوشما گەورەی کەم. من

دوشمەن شەخسیم بوو. ئەو ریش بڕیاگە بوو بە بایسم. وەلێ ناوی نەبرد کێ بووگە. فرەیان دا لێم. بە شەق ئەیاندا بە ناو سکما.

دڵداریم ئەداوە. چە بکەم. ئەمزانی فرەی بە دنیاوە نەماگە. خوەرەتاو هەڵناتبوو تەسلیم بوو.

من هەستێکی خەماوی دایگرتبووم. قسەکانی ئامە و قسەکانی ئەم ژنە بە جۆرێک یەکیان دەگرتەوە. بەڵام بۆم نەدەچووە سەر یەک. ئەگەر ئەمە ئەو بووە بۆ نەهاتووەتەوە لای ئامە. یان لای ئاسیە مامان؟

- باجی پیرۆزە ئەتوانین بچینە سەر قەورەکەی.
- ئەچین جارێ ئێوە قۆزە و پژمەکەتان خاسەو کەن.

کەماڵ بچۆ چکی سوخاڵ بێرا، مەنگەڵێ ئاگر بکەرەو با ناو ماڵەکە چکێ گەرمەو بێ. هەتا من چێشت تورشێکتان بۆ لێ ئەنم.

لە سەر زیارەتەکە دانیشتین. باجی پیرۆزە فاتحایەکی خوێند، من فاتحا نازانم. دەسم دانایە سەر خاک قەورەکە. لەبەر خۆمەوە گوتم: نازانم تۆ دایکی من بووی یان وەکوو دایکی من بووی. دایکیشم بای چم پێدەکرا. باشتر کە نەتزانی.

باجی پیرۆزە نەختێکی لاواندەوە من لە کاتی منداڵیدا بە دەنگی لاواندنەوە دەگریام، ئەمجارە خەم دایگرتبووم، بەڵام فرمیسکم نەدەهات.

*

دیسان زستان هاتەوە و من چوومەوە لای نەجمە. ئەمجارە یارمەتی فرۆشتنی کتێب و رۆژنامەشم دەدا. بۆ خۆی تاقەتی نەبوو لە دوکان دانیشێ، دەچووە دوکانە جیرانان دادەنیشتن بۆ قسە و باس کردن. باجی پیرۆزە ژوورە بەتاڵەکەی ژنە زیندانییەکەی بەکرێ گرتبوو بۆ من و کەماڵ، هێندێ کەلوپەلمان کڕیبوو، ئاوەدانمان کردبووەوە. ئیتر لە دوکان نەدەخەوتم.

داوام لە نەجمە کردبوو کوردیم فێر بکا، کتێبی کوردی زۆرمان هەبوو بۆ فرۆش. تەنانەت گۆڤاری کوردیش هەبوو.

- رۆڵە کوردی زوان خوەتە. ئەیزانی. من ئەلف و بێیەکەت بۆ ئەنووسم و باقییەکەی خوەت خەریک بە. هەر کەلیمەیەکیچت نەزانی ئەوە فەرهەنگ لوغەت ها لێنا.

خۆ خلافاندنێکی تازەم پەیدا کردبوو. ملم پێیەوە نا. زۆر وشە هەبوو من نەمدەزانی و زۆر جار لە ئەو مانایەش کە لە

قاموسەکەدا نووسرابوو تێنەدەگەییشتم. دەمنووسییەوە و ڕۆژی دوایە لە نەجمەم دەپرسی. دەستێکی بە ردێنەکەیدا دەهێنا و بۆی شی دەکردمەوە. بە بۆنەی ئەو دوکانەوە ئاشنای زۆرم پەیدا کردبوو. لاوە خوێندکارەکان دەهاتن بۆ کتێب. باسی مامۆستا و خوێندن و چاک و خراپی مەدرەسەیان دەکرد. منیش بە تامەزرۆییەوە گوێم دەدان.

"چ دەبوو ئەگەر ئەو ڕۆژە نەهاتبای بۆ کرینی کتێب. چ دەبوو ئەگەر ئەو ڕۆژە من لەوێ نەبام. چ دەبوو ئەگەر ئەو چاوە شەرمێونە جوانانەت هەڵنەهێنابا و کۆشکی دڵی منت بۆ هەتاهەتایە، وێران نەکردبا. چ دەبوو ئەگەر نێوەکەت و نێوی مەدرەسەکەتم نەنووسیبا. نەناس هاتبای و ڕۆیشتبای و منت بە هێوای دوبارە دیتنەوەت سەرگەردانی کوچە و کۆڵانان نەکردبا. چ دەبوو ئەگەر ڕۆیشتی لەبەر دەرکە ئاورت نەداباوە. چ دەبوو ئەگەر ئێمەش وەکوو مرۆڤی نێو چیرۆکەکان، توانیبامان پێکەوە، دەست لە ناو دەست، چاو لە چاوی یەکتر، قسەی دڵداریمان کردبا. چ دەبوو ئەگەر خۆرەتاوی زەردەخەنە شیرینەکەت بۆ ئەو ڕۆژانەی بە تاسەوە چاوم لێت دەکرد و تۆ سەرت دادەخست، هێشتباوە. ئەم ئەگەرانە بوون تۆیان بۆ من کرد بە

ئاواتی بێ کۆتایی. گلەیی ناکەم خەتای تۆ نەبوو. خەتای ئەم دنیا بەتاڵەی من بوو.

سەفورا بووی بە نێوی پیرۆزی من. هەتا ئێستاش ئەگەر یەک بە یەک وێنەکانت لە مێشکمدا دەورە نەکەمەوە خەوم لێناکەوێ. چاو لە هەر کچێک دەکەم خۆ بە خۆ لەگەڵ تۆ بەراوردی دەکەم. تۆ هەموو دیمەنەکانی دیکە دەسڕییەوە. ئەم گوتە لای منیش بە راست گەڕا کە ئەگەر دنیا یەک کەسی تێیدابێ کە خۆشت بوێ، بەرگەی هەموو دژوارییەک دەگری. تەنیا دڵتەنگی یەک کەسیت، دەڵێی بە بێ ئەو دنیا بەتاڵە. گەرچی پڕە لە ئارەزوو، ئارەزووی دوو بە دوو دانیشتن، ئاروزوی گرتنی دەست و خورپەی دڵ، ئارەزووی بیرکردنەوە لە داهاتوو."

ئەمانەم لە کاغەزێکدا نووسیبوو و لە تۆی کتێبەکەی فروغم نابوو کە پێی بدەم، هەموو رۆژێک کاتی هاتنەوەی مەدرەسەییەکان. کتێبەکەم هەڵدەگرت و دەچووم بەڵکوو دەرفەتێک بێ پێی بدەم. نەدەکرا. لەگەڵ هاوشاگردەکانیدا بوو. ماڵەکەیان فێر بووم. هاوشاگردێکی جیرانیان بوو، هەتا چەق دەرکە لەگەڵی دەڕویشت. حەفتەیەک بەم چۆرە گوزەرا، دەڕویشتم و مێشک بەتاڵ دەگەڕامەوە. ئاخری یەک رۆژ کچە

جیرانەکەی لەگەڵ نەبوو، لە کوچەکەی ماڵ خۆیانا بەرەڕووی چووم. سێ کوچە هەڵاتبووم کە بتوانم دەور بدەمەوە بکەومە رووبەڕوویەوە.

- سەفورا خانم ئەمە ئەو کتێوەسە وا داوات کربوو. پیام کرد.

- باشە با لاتانەو بێ، ئەم حەفتەو تێم ئەیوەم.

هەوەڵ جار کە هاتبوو، پرسی بووی:

- کتێبی "فروغ"تان هەس؟

گەڕام. نەمدیتەوە.

- ناو کتێوەکە چەس؟

- ئەیژن چوار کتێویەس. هەر کامی بێ.

دیسان گەڕابووم. حەزم ئەکرد جاری نەڕوا. بەڵام نەبوو.

- دواتر سەرێک بەنەو، لە کاک نەجمە ئەپرسم.

پرسیم، گوتی هەمانە، لەبەردەستدا نییە. سبەی بۆت دێنم.

یەک حەفتە چاوەڕوان بووم نەهاتەوە. دڵم خۆش کردبوو، ئەگەر هات بڵێم ئەوە بۆ فرۆش نییە، بە قەرز بیبە. بەڵکوو بەو بۆنەوە جارێکی دیکەش بێتەوە. بەڵام نەهاتەوە. زانیم وەرنەگرتنی کتێبەکە مانای ئەوە بوو کە نایەوێ بمبینێ. ئەو کاغەزە هەموو ئەو ساڵانە لە تۆی کتێبی "عصیان"ی فروغدا

مابوو. هەر کات ئارەزووم دەکرد قسەی لەگەڵ بکەم، دەمخوێندەوە. ووشە بە ووشەیم لەبەر بوو.

خەتای کەماڵ بوو ئەو هەستە شاراوەی لە مندا ئاشکرا کرد. ئەو بوو بەرنامەی چوونە تەکیەی گۆڕی. گوتی تاوێک دادەنیشین، چای یەکەم دەخوینەوە، هەر ئەوەندە دەورێش حەمەی مجێور هات، دەچینە دەرێ بەرەو مزگەوت. من دەبوومە نگابانی سەر کوچە و کەماڵ لەپەنا کۆماجی سەربانی مزگەوت لەگەڵ مریەمی کچی دەروێش حەمە دادەنیشتە باسی دڵداری. ئەم حەز لێکردوویەی کەماڵ بوو کە دەرکەی هەستی خۆشەویستی بۆ منیش کردەوە.

نەبوو هیچ ڕێگایەک نەبوو قسەی لەگەڵ بکەم. یا ڕاست بڵێم نەمدەوێرا. دەترسام وەڵامم نەداتەوە، ئەو کات چم کردبا؟ شەوانە لەگەڵ کەماڵدا دەچووین بە بەر ماڵەکەیاندا. ئەگەر چرای ژوورێک هەڵ بوو. دەمگوت ڕەنگە ژووری ئەو بێ. بە ئاوات بووم سیبەری بکەوێتە سەر پەردەی پشت پەنجەرەکە. نەبوو، نەدەکەوت. پێش سەفەرەکەم هەموو ئەمانەم بۆ نووسی بووو و دام کە بە کەماڵ کە پێی بدا،

- هەتیم ئەمە چ دڵداریکە. وێڵ کە برا. من یەکێکو بۆ ئەدۆزمەو.

- دڵداری نادۆزگێتەو کەماڵ، بە سفارش نییە.
- ئەی ئەم گوو خواردنە خاسە.
- نازانم بە دەس خوەم نییە.

ئێوارەیەکی ئاخر بەهار لەتەک کەماڵ و سمایلدا بە بەر ماڵەکەیاندا رۆیشتین. درگای ماڵەکە کراوە بوو و خەڵک هاتووچوویان دەکرد. دانم نا بە جەرگی خۆمدا سەرێکم کێشا ناو حەوشەکە. بۆنی ئاگری هێزم دەهات. گوتم رەنگە فاتاخوەنی بێ، کەسێکیان مردبێ. منیش خۆم تێکەڵ کەم. تاوێک راوەستام کە تێبگەم و بەشکەم چاوم بە سەفورا بکەوێ. کەماڵ دەستی کێشام و گوتی وەرە با بڕوین.

بە سمایلی گوت:

- لە کوێ چۆڕێ خواردنەوە پەیا کەین. تۆ لێئەزانی.
- بێنەو یەکێک ئەناسم.

یەکەم جار بوو ودکام دەخواردەوە. ئای کە تاڵ بوو. دوو دانە خەیاریشمان کڕیبوو. دوو سێ قومم خوارد. گڕم داهاتم.

- جا با ئیسە قسەیەک خوەشت بۆ بکەم بزانی ئاشقی و پاشقی هیچ نییە.
- چەوگە کەماڵ؟
- چووگە پیا و هیچ نەوگە. سەفورا گیانت شووی کردگە.

- کوره ئەو هێشتا مناڵە.
- جا هەرتا منالە ئەیەن شوو، با باڵەوازە نەوێ.

دوو قوم تر لە ودکاکەم خواردەوە. گێژ بووم. نەمزانی گێژی خواردنەوەکەم یان گێژی هەواڵە ناکاوەکەم. لە دەستدانی ئارەزوو و خەیاڵ شتێکی نادیارە. ناتوانی نیشانی کەسی بدەی. لەو دنیایەدا، لەگەڵ ئەو هەستەدا تەنیای. خۆشت نازانی چت لەدەست چووە. دنیاکەت لە خەیاڵدا دروست کردووە و لە دنیای واقعدا بۆی دەگەڕی. هەست و خەیاڵ و ئارەزووەکە ماددی نییە هەتا شوێنی بەتاڵیان ببینی. گەرچی سەرچاوە ماددیەکەشیان رۆیشتبێ هەر دەمێننەوە و لە هەر کوێ بی هەر لەگەڵتن. ئێستاش هەر لەگەڵمن.

- جا ئیمشەو ئەوێ بە شەڕ. زەماونەکە لە زاوا تاڵ ئەکەن.
- کێ شەڕ ئەکا؟
- کوره هەرچێ جوان ئەو مەحەلەسە ئاشق سەفوراس. دانەیکیشیان ئەم کاک سمایلەی خوەمان.

ماوەیەک بێدەنگ بووین. سمایل بە دەنگە ناخۆشەکەی دەستی کرد بە پادیواری گوتن:

- ئەوە من هاتم بە بەر ماڵتانا

تۆ بێ وەفا بووی نەکردە بانا.

ئەهای کاڵێ گیان، ئامان کاڵێ گیان.

شەوانە هەتا درەنگان خەوم لێنەدەکوت، لەم شان بۆ ئەو شان دەتلامەوە. لەگەڵ دیمەنەکانی قسەم دەکرد. ئاخری دەرمانی سەرئێشەم دەخوارد و دەخەوتم.  لە خەویشدا تووشی مۆتەکە دەبووم. لەسەر بانێکەوە بەر دەبوومەوە، دادەچڵەکام. بە رۆژان بێتاقەت و قەڵس بووم. لە هەموو شتێک بێزار ببووم. دڵشکاو، خەمبار، تاقەتی کارم نەبوو، تەنانەت نەمدەتوانی لەگەڵ کەماڵدا پاسوور بکەم. گەڕان بە تەنیایی لە نێو کۆڵاناندا ببوو بە پیشەم. وەکوو شێت قسەم لەگەڵ سەفورا یان ئامەدا دەکرد. وەکوو ئەو کەسانەی لەگەڵ خۆیان تەختە دامە یان پاسور دەکەن. بە زبانی ئەوانەوە شتێکم دەگوت و بۆ خۆم وەڵامم دەدایەوە. هەوڵم دەدا خۆم قانع بکەم. قسەکەی کەماڵ لە زەینمدا دووپاتە دەبووەوە.

- برا ئێمە لێف و دۆشەکەمان نییە خۆمان تیا بخەفین تۆ قسەی ژن هاوردن ئەکەی!

- ئەگەر بیان هێشتای هەرتوکمان گەورەتر بواین ماڵێکمان ئەنیا بە یەکەو.

- دەی پێت وت. توانیت دوو قسەی تەکا بکەی. کورە ئەو خۆ هەر نازانێ ناوت چەس. ماگی لەم دنیا یا نە.  بردیان و چوون. ئیسە ها لە تەورێزا.

-تۆ چۆن ئەزانی؟

-قاڵاوە رەشەکە خەوەری هاوردگە.

ماوەیەک نەچوومە کار. وەستا لە کەماڵی پرسی بوو، ئەویش گوتبووی نەخۆشە لە ماڵ کەوتووە. نەکەوتبووم، دەچوومە ناو قەبرستانەکان دەگەڕام. شێعری سەر کیلەکانم دەخوێندەوە. شتێک لە مێشکمدا کەم بوو، نەمدەزانی چییە. پرسیارێکی بێ وەڵام: مرۆڤ چییە؟

رۆژێک رۆیشتبوومە زیارەتانی تایلە. بە دۆڵی پشت زیارەتانەکەدا هەڵکشام بۆ پای کوچکەرەش بووچک و لەوێیەوە بۆ کانی گورگەلی. ماڵە تەپیلکەکان دەور شار. لە ناو کووچەیەکدا خانووە چکۆلەیەکم دیت. چوومە نزیکەوە. ماشینە شکاوێک بوو کرابوو بە خانوو. پیاوێکی ریش سپی لە پیش خانووەکە دانیشتبوو.

- سڵامەلەیکم مامە سۆفی!

- سڵام بان چاو باوانەکەم. من نە سۆفیم و نە دەروێش. فەقیرێکی بێ لاقم.

- بوەخشە ئەپرسم. چەوگە، بۆچە وات پێهاتگە؟

- لە شەڕەکا وام پێهات. قومپارە دای لە ماڵەکەمان. من بووم بە ژێرەو.

- کام شەڕ؟

- شەڕەکەی ناوشار. شەڕ حوکومەت و پێشمەرگە. وادیارە تۆ مناڵیت لەبیرت نییە.

زانیم چاوی باش نابینێ، لە کاتی قسەکردندا سەری دەسووراند.

- نا من دوای ئەو شەڕە هاتگمە دنیا.

- خوا بیوا نەیتێرێتەو.

- تەنیا بووی؟

- مەردم گشتی چووبوونە ناو ژێرخانەکان خوەیان شاردبووەو. ژنەکەی منیش چوو. هەرچێ وتی تویش بێ، نەچووم. وتم تاقەت قیژە و هەرای مناڵگەلم نییە. ئێمە خوەمان مناڵمان نەو. ئەونەم زانی سەقفەکە روخیا بەسەرما. دوای سێ رۆژ هاتمەوە هۆش خوەم. کێ دەرمی هاورتبوو. چۆن گەیانبوومیانە بیمارستان، نازانم. ژنەکەمیش گوم بوو. هیچ کەس نازانێ کوژیا،

یا چەی بەسەرات. فرە کەس مردن و شونیان گوم بوو. شایەتیش چووگەسەو بۆ شارەکەی خوەیان. ئاخر ئەو خەڵک کورسان عێراق بوو. تەنیا و بێکەس و ئاوارە بوو. ئەو وەختە ئاوارەی ئەینە فرە هاتوون بۆ ئێرە. سەدام راویانی نیاو. کڵفەتی ماڵگەلی ئەکرد. من چەقۆ تیژکەر بووم لە بازارِا. رۆژێک سێ چەقوی هاورد تیژی کەم. قسەم تەکیا کرد. رازی بوو شووم پێ بکا. ئەیوت هیچ کەسی نییە. نازانم خوا عالمە.

لە ناو ژوورەکەدا کچێکی شەش حەفت ساڵان قژ گژیاگ دانیشتبوو، بووکە پەڕۆیەکی بە دەستەوە بوو، کایەی پێدەکرد.

- ئەی ئەو کەنیشکە منالٚ کێیە؟

- ئەوە نانئاوەری منە. باوکی هاوسامە. کرێکاری و حەماڵی ئەکا. ژنەکەی بە سەر سکەو چووگە. ئەو رۆژگەلە وا کار ئەکا کەنیشکەکەی تێرێ لای منەو دایئەنێ. خاسە دوو نان و چکێ پێخۆریش تێرێ، هەرتوکمان ئەی خوەین. خوا رسقی با...

- کەنیشکە جوانەکە ناوت چەس؟

بە دەنگی هێواش شتێکی گوت تێنەگەییشتم. مامە سۆفی گوتی مریەمی ناوە.

تاوێک بێدەنگ دانیشتین. مریەم هات پچەیەکی بە گوێ مامە سۆفیدا کرد. مامە سۆفی بە قونە خشکێ و لەپ کوتان خۆی کرد بە ژوورەکەدا.

- کەنیشکەکەم برسییە. چکێ پیازاو لە دوێکەو ماگەسەو با گەرمی کەینەو.

ویستی چرا فتیلەکە هەڵکا. زانی قوتووە شەمچەکە بەتاڵە.

- دابرۆ مریەم گیان، لە لای ئەو هاوساگەلە چەن دەنکە گۆگرد بێرا.

قوتوە بەتاڵەکەی پێیدا و کچە رۆی دەرکەی ماڵە هاوسای کوتا. منیش هەستام گوتم:

- مامە منیش ئەچم، تیمەو سەرتان لێ ئام.

رۆیشتم بڕێک نان و شیرینی و شەمچە و بووکەڵەیەکم کڕی و چوومەوە بەر ماڵ مامە سۆفی. کاسە شۆرباویان تێگووشیبوو بە دەست دەیانخوارد. کە بووکەڵەکەم پیشانیان دا،کچەکە لە خۆشیان دەیقیژاند. من پێشی فرمیسکی خۆم پێ نەگیرا.

ئەو بەسەرهاتە تەکانی دام. گەڕامەوە بۆ راستییەکانی ژیان.

*

باسی ئەو شەڕە لە مێشکی مندا گڕێ درابوو بە چارەنووسی باب و دایکمەوە. دەمەویست سەر دەربێنم. باجی پیرۆزە زۆری نەدەدرکاند، دەترسا بچین لەملا و لەولا باسی بکەین خۆمان تووشی کێشە بکەین. هەر ئەوەندە دەیگوت:

- شەڕ بوو رۆڵە. وەک گشت شەڕەکان تر. شەڕ چۆن دەس پێئەکا. من خوەشم لە تۆ نای، یا داوای چتێکۆ لێ ئەکەم نایدەی. ئەویتە شەڕمان. رسق ئەم مەردمە وەسە ئاو کانی. گشتیان لەو ئاوە هەڵئەگرن. وەک لە حەکایەتەکاندا ئەیژن. ئەژدیهایک دانیشتگە لە سەر کانییەکە بەر ئاوەکەی گرتگە و داوای باج ئەکا. ئەمانیش نیەسیان بیەن، یا گەرەکیان نییە بچنە ژێر ئەو باجە. جەم ئەونەو شەڕی تەکا ئەکەن. کێ ئەیواتەو کێ دایەنێ، دوایە مەعلوم ئەوێ. مەردم فەقیرن، نەزانن، کزن، رۆڵە کوا دەرەقەت دەوڵەت تێن.

چووم بۆ کتێبفرۆشییەکە دامنابوو لە نەجمە بپرسم.

- ئەو دەڕابە بکێشە خوارەو بێ دانیشە. دوو پەیک بخوە بۆ زیپکەکان سەروچاویشت خاسە.

نەجمە و دوو هەواڵی لە پەستووەکەی دوکاندا دانیشتبوون بۆ خواردنەوە. هێندێ مەزەو و بتڵێ ویسکی. خەسرەو خەڵکی

بووکان بوو، بە زاراوەی ئەو ناوچە قسەی دەکرد و نەجمە و ئەرسەلانیش هەوڵیان دەدا وەکوو ئەو بدوێن و منیش هەوڵم دەدا تێیان بگەم.

- ئەم کاک ژیانە ئاموزای کاک جەمیلی شەریکمە. جۆشکاری و ئاسنگەری دەکا. جار جار ئەگەر ئاشقی لێیگەڕێ یارمەتی منیش دەدا.

- ئەم ویسکییە قاچاخی ئەو دیوە. لەم بازاڕییانە نییە. بە هەزار ترس و لەرز لە بووکانەوە هێناومەتە ئێرە. برا قونگم بەرگەی شەلاخی ئەمانە ناگرێ.

بوو بە بازاڕی پێکەنین و قسەی قۆڕ. جار جاریش دەیانهێنایەوە سەر من. منیش سەرم داخستبوو و هیچم نەدەگوت. لە شتێک دەگەڕام بابەتەکە بگۆڕم. گوتم: من ماوەیەکە پرسیارێکم لێ بووەتە کێشە و کەس وەڵامم ناداتەوە. دەکرێ لە ئێوە بپرسم. ئەگەر بمەوێ قسەکان کۆبکەمەوەو زیادییەکانی لێدەرکەم ئاوایە.

نەجمە: فەرموو، ئەوە ئەو دوو برادەرە مامۆستای دەبیرستانن. منیش کورتە خوێندەوارییەکم هەیە.

- پرسیارەکەم ئەوەیە: بەر لەوە من بێمە دنیا، لەم شارا شەڕێک بووە کە فرە کەس کوژیاگە و فرەیکیش ئاوارە بووگن و ئەیژن ئەم ئازار دانەی خەڵک بە خاتر ئەو شەڕەسە.

- ئەرسەلان خۆی کشاندەوە: من ئەو کاتە لە تاران بووم. باش ئاگام لێی نییە. کاک خەسرەویش گوتی: منیش خەڵکی ئێرە نیم. ئەو شەو بە میوانی هاتووم. لە شاری ئێمە بەو شێوە شەڕ نەکرا. بەر لەوە ئەرتەش بێت، پێشمەرگە چۆڵیان کرد.

- کاک نەجمە بە پێکەنینەوە: یانێ تۆپەکەتان خستە مەیدانی منەوە. خۆتان لێی بێوەری کرد. برا زەخمی کۆن با نەکولێنینەوە. شۆڕش بوو، حوکومەتی حەمە رەزا شا روخا و خەڵک چەک و چۆڵێکی زۆری بەدەست کەوت. لە هەموو شارێکی کوردستان بازاڕی چەک دانرابوو، شتێک کە پێشتر بە خەونیش نەدەبیندرا. شار بێ خاوەن بوو. ئەی ئەگەر مرۆڤ چەکی هەبوو، دەبێ بەکاری بێنێ، دەنا بەکار چ دێ. ماوەیەک دەیانکرد بە شانیاندا و جامەدانەیەکیان دەکرد بە کڵاو و پۆزیان پێیەوە دەدا. حیزبەکانیش ئەو هەستەیان بە هەل زانی و کردیانیان بە ئەندامی خۆیان. دەوڵەتی تازەش دەیەویست خۆی جێگیر بکا. دەبوا دوژمنێک ببینێتەوە کە لەشکرەکەی خۆی پێی ساق بکاتەوە. کێ لە کورد باشتر. فەرمانی جەهادێکی دەر کرد

و ناردیانی بۆ کوردستان. یەکەمجار لێرە شەڕ نەبوو. کەس نەیزانی چەک لە شانەکان بە کوێدا هەڵاتن.

- خەسرەو هاتە نێو قسەکەی: بەڵام لە شوێنەکانی دیکەی کوردستان شەڕ کرا و لە سەردەشت هێزێکیان تەفر و تونا بوو، بۆیە هاتنە سەر کایەی ئاشتی.

- ئەرسەلان: کاک نەجمە زۆر بە سووک دەیگری. مەسەلەی ئازادی بوو. لە شارەکانی دیکەش هێرشیان کردە سەر بنکە و بارەگای حێزبەکان. لە تاران بە لات و لوت دەرکەی مەقەڕەکانیان پێداخستن.

- نەجمە: ئەریٚ بەڵام شاریان نەدایە بەر تۆپ و بومبەبارانیان نەکرد. راستە لەویٚ بەرگری نەکرا و لێرە لە شەڕی بەهاردا بە بیٚ هیچ ئامادەییەک، بە بیٚ هیچ بەرنامەیەک بەرگری کرا و ئەو تراژێدیایە لیٚ ساز بوو. ئەو هەموو کوڕە باشە بە کوشت درا. بە شەرف هەتا ساڵێک ئەو شارە چۆڵ ببوو. دەتکوت خاکی مردوویان بەسەردا پژاندووە. شانسمان هێنا بە هۆی شەڕی عێراقەوە نەختێک باری ئێمە سووک بوو. بەڵام هێشتاش خەڵکێک لە تەبعید نەگەڕاونەتەوە. هەر کەسیان پیٚ ناخۆش بوو کارێکیان دەکرد شار بە جیٚ بێڵیٚ. قسەیان بۆ ژن و کچەکەی کۆک دەکرد. کاریان پێنەدەدان و

هەزار مەینەتی دیکە. شاریشیان پڕ کرد لە تورک و فارس. ئەگەر باسی ئاوارەکانیش نەکەین کە لە دێهاتەوە هاتن و شاریان داگیر کرد. ئەمەش لە پێناو ئەوە کاکی پێشمەرگە چەکەکەی بەکار بێنێ و خۆی بە پاڵەوان بزانێ. دوایەش بۆ خۆت بڕۆی و خەڵک بە دەم گورگەوە بە جێ بێڵی. نێویشیان نابوو بەرگری لە ئازادی.

- خەسرەو: دەزانی پرسەکە پرسی نەتەوایەتییە. بۆیە کوردستان جیاواز بوو. ئەو حێزب و سازمانانە کە هاتبوون لێرە سوسیالیزمیان دویست بۆ لە شارەکانی دیکە شەڕ و بەرگرییان نەدەکرد. هەموو خزابوونە ژێر سێبەری کوردەکان. چوونکە کورد جودا لە هەر شتێک خواستی نەتەوایەتی هەبوو. بۆیە زۆربەی خەڵکەکە لەو جووڵانەوەدا بە شێوەی جۆربەجۆر بەشدارییان دەکرد. لە شارەکانی دیکە یا حوسەین، یا حوسەین بوو. لێرە تەنانەت موسڵمانەکانیش داوای مافی نەتەوەییان دەکرد. دیارە هەر کەس بە شێوەی خۆی. یەک بە خود موختاری ئیسلامی و یەک بە خودموختاری و دێمۆکراسی و یەک بە خودموختاری سوسیالیستی.

- نەجمە: دەی ئاکام؟ وەریان گرت؟

- ئەرسەلان: کاکە ئەوەی پێیان دەکرا کردیان.

- نەجمە: قوربان نابێ هەرچییەکت پێکرا بیکەی. دەبێ بزانی دروستە یان نە. دەنا دەبێتە ئەمە کە هەیە. فەرموو ئەو منداڵە چ کوناهێکی کردووە، لە باب و دایک بێوەری بێ. سوسیالیزمەکەی تۆ و ئیسلامەکەی ئەوان دەتوانێ باب و دایکی بۆ دروست بکاتەوە؟

- ئەرسەلان: ئیتر خەڵک ئازادی دەوێ و شەڕی بۆ دەکا. ئەی ئەوانەی پێیان وایە بە نەرمەبڕی دەیبەنەوە تا ئێستا چییان لەدەست هاتووە؟

- نەجمە نەختێک تووڕە ببوو: ئازادی و ئازادی. خەڵک نان و ئاو و دەرمانی دەوێ. ئازادی چێشتی کام چێشتخانەیە. ئازادی بۆ ئەو کاتەیە هەموو شتێکت دابین کرابێ. ئەو شارە بە مانگانەی ئەو کارمەند و مووچە خۆرانە دەژی. مووچەش لە دەستی دەوڵەتدایە. ئەتۆش خۆت کردووە بە حاکم یەک قەرانت لە گیرفاندا نییە. نە ئیدارەکان کاری دەکرد، نە بانکەکان. لە بازاڕدا پەپوو دەیخوێند. وەها دەڵێی خەڵک چما باسی پەیغەمبەران دەکەی. خەڵک دەیان پارچە بوو. ئەوە موسڵمانە و لایەنگری ئیمامە، ئەوی دیکە رزگارییە و لایەنگری شێخ عوسمانە، ئەمە موجاهێدە و ئەویتر دێمۆکراتە و خودموختاری دەوێ. ئەمی تر نێوی خۆی ناوە کۆمەڵە و لە

سوسیالیزم کەمتری ناوێ. فیدایی و تودە دەیانەوێ ئەمریکای بڕوخێنن. هەمووشی بە هێزی کوردە هەژارەکە. باشە پێم نالّیی کامیان ئەو ئازادییەیە کە تۆ باسی دەکەی.

- ئەرسەلان: هەموویانە. خەڵک دەبێ بتوانێ بۆ خۆی هەڵیبژێرێ.

نەجمە پەیکەکەی هەڵقۆڕاند، نێوچاوی تێکدا، کەوچکێ خەیار و ماستی لە زاری کرد و گوتی.

- دە فەرموو، هەڵیان بژاردووە. هەموویان بوونەتە دەستەبرای شێعەی دوازدە ئیمامی. ئەو هەمووە حسەینییە کێ پڕی دەکاتەوە کاکە.

- خەسرەو: بڕێک لە قسەکانت راستە کاک نەجمە لە هەموو لایەک وای لێهاتووە. بەڵام خەڵک بە دڵ لەگەڵیان نین.

- نەجمە: دڵ حیساب نییە، کردەوە حیسابە. فەرموو ئەو دوکانەی من، بەیانی هەتا ئێوارە کتێبی ئیسلامی دەفرۆشم. یەک کەس نای داوای دیوانە شێعرێکی کوردیم لێبکا.

- ئەرسەلان: دەترسن!

- نەجمە: جا مرۆڤ ئەگەر ترسەنۆک بوو، ئازادی بۆ چییە.

- ئەرسەلان: مرۆڤ دەبێ ئازاد بێ کە بشترسێ.

- نەجمە: یانێ غیرەتم هەبێ شەڕ بکەم کە بتوانم ترسەنۆک بم. های های برا. دیارە ویسکییەکەی ئەسڵە بە شەرەف.

من پەیکەکەم خواردەوە و هەستام. گوتم:

- بە ئیجازەتان من ئەشێ بڕۆم.

- بێسە لەو کوناو تەواشایکی دەرەوە بکەم، گەشت و چتی لێ نەوێ. ئەگینا دەڕابەکە هەڵدەیەوە ئەزانن لێرە جەمەو بووگین، تێنە گیانمان.

چووە سەر مێزێک و لە کونە سۆبەکەوە چاوی لە دەرەوە کرد و بە ئیشارەی دەست بە منی گوت، کە بڕۆم.

*

تازە بە کوفە کوف لە ژوانی دڵداری کەماڵ هاتبووینەوە، هێشتا چرا فتیلەکەمان هەڵنەکردبوو کە نەختێک ژوورەکە گەرم دابێ، باجی پیرۆزە هات لە دومان.

- باشە لە ژێر قورسییەکەی ئەوا چکێ خوەمان گەرم ئەکەینەو.

- بێن مەیمانم هەس.

ئەو قسە مانای ئەوە بوو کە ژیر دانیشن.

دوو پیاوی زەلامی جلی کوردی لەبەری، شەدە لەسەری، ریش نەتراشراو، شاڵی گرێ پێچیان هەتا سەر سینگ بەستبوو. لە پاچکە قورسییەکە، بە بێ ئەوە پێ بە ژێر لێفەوە بکەن، دانیشتبوون، بە لەپ گوێزیان دەشکاند.

- ئەوە کوڕەکانمن کە قسەیانم کرد.
- بەخێر بێن برا!
- بە ڕواڵەتیاندا دیارە کوڕە ئازان.

یەک دەیلێ و یەک دەستێنێتەوە. ئێمەش نازانین چ باسە. ئەمانە کێن و لای باجی پیرۆزە چ دەکەن و بۆ بە شاخ و باڵی ئێمەدا هەڵدەڵێن؟

- چۆن بووە تەشریفتان هاوردگە.
- کارێکمان بە دادە پیرۆزە هەبوو، ئەگەر ئێوە یارمەتی بدەن، بۆ هەموومان باش دەبێ، دوایە ئەو پێتان دەڵێ.

چەند تاقیتر گوێزیان شکاند و چاییان بەدویدا هەڵقوڕاند. و هەستان. کە دەیانەویست لە دەرکە بچنە دەرەوە دەبووا سەر دانەوێنن.

- دایە دەزگیرانت پەیا کردگە. کەی پڵاوەکەی ئەخوەین؟
- قوزەلقورت. من ئەگەر گەرەکم بوای شوو بکەم. نەمەهێشت ئاوا چرچ و لۆچ بم. هەتیم دانیشتم بە دیار تۆوە.

- دەی مەیکوتە بە چاوما. داستان چەس؟
- ئەوانە قاچاخچین. گەرەکیانە جنس بێرن بۆ ئێمە و ئێمە بیکەینە ئاو. یا بیەین بە موشتەریەکانیان.
- جنس وەک چە؟ نەمانکەی بە مەواد فرۆش دایە!
- نا ئەوانە خەڵک ئەو دیۆن. تەڵا تێرن.
- ئای نەمردین بووین بە تەڵا فرۆشیش.
- ئیسە زمسانە کار و کاسبی نییە. منیش لەو مەیانا لە سەرما نەخوەش ئەکەفم. ئەمە لە گشتێ خاسترە. دەی بچن بخەفن، سۆزی من و کەماڵ ئەچین بۆ سەفەر.
- وەڵا دیارە لە زووەو های لە ناو ئەم بەزما و بە ئێمە نایژی.
- کەم قسە بکە، ئەشی دەمتان قورس بێ. لای هیچ کەسەو مەیژن.

کاسبییەکە دیار بوو، زێڕەکەیان دەبرد بۆ هەمەدان و زەنجان و تاران و موشتەرییان بۆ پەیدا دەکرد. زۆرتر شمشی بچووک بوو و زێڕنگەرەکان دەیانکڕی. دەبووا بە دولار بیفرۆشن. کەماڵ دەیکوت جگە لە خەرجی ڕێگا و موسافرخانە و خواردن. یەک لە سەدی بۆ ئێمە دەبێ.

بەشی من هەر ئەوەندە بوو کە بە تەنیا کەوتبووم. شەوانە کتێبێکم لە دوکان دەهێناوە و خۆم پێی دەخڵافاند. زۆر جار سێ ڕۆژ و هێندێ جاریش هەتا حەفتەیەکیان پێ دەچوو. ماوەیەک رادەوەستان هەتا خاوەن زێڕەکان بێن و پارەکەیان ببەن و زێڕی تازەیان بۆ بێنن. لەو ماوەدا دیسان من و کەماڵ وەکوو جاران گەماڵ گەشتی نێو شارمان دەکرد. کەماڵ وەزعی گیرفانی باش ببوو، جار جار نان و کەبابێکی دەکڕی. کەماڵ دەیکوت:

- دایە ئەیژێ حەز ئەکەم ژیانیشمان تەکا بێ، وەلێ دوو کوڕ و پیرەژنێک، شکمان بۆ ئەوەن.

کەماڵ بەرە بەرە ئەخلاقی گۆڕا، لەگەڵ دڵدارەکەی تێکیدا. و ڕۆیشتنە تەکیەشی تەرک کرد. جلوبەرگ و پێڵاوی جوانی لەبەر دەکرد و سەعاتی لە دەست کردبوو و باسی ئەو شارانەی دەکرد کە سەفەریان بۆ دەکرد. بە قەوڵ سنەیی "ئەویش خوەی گرتبوو".

باجی پیرۆزەش سەماوەریکی نەفتی کڕیبوو و لەسەر مێزە چکۆلەیەک لە سووچی ژوورەکەی دانابوو. لێف سەر قورسییەکە و پەردەی پەستووەکەی گۆڕیبوو. بەر لە نەورۆز گەچکاری هێنا ژوورەکەیان سپی کردەوە. کرێ ژوورەکەی من و کەماڵ کە پێشتر بە شەریکی دەماندا، لە منی نەدەستاند.

سەرەڕای ئەمانە کاتێک لە سەفەر نەبوو دەچووەوە ناو مەیان بۆ کۆنە فرۆشی.

- دایە خۆ ماتڵی ئەو پوڵە نیت، بۆچە ئەچی بۆ ناو مەیان.
- رۆڵە با مەردم نەیژن ئەو پوڵە لە کوێ تێرێ.

لە شارەکانی دیکەوە جلوبەرگی تازەی هەرزانی دەهێنا دەیفرۆشت. بۆ خۆشی هەر وەکوو جارانی لەبەر دەکرد. دیار بوو پارەکە هێشتا ئەوەندە نەبوو کە بیری گوازتنەوەی ماڵ بۆ شوێنێکی دیکە بکاتەوە.

منیش گەییشتبوومە تەمەنێک کە دەمەویست دنیا بگۆڕم. بەڵام نەمدەزانی چۆن. تەنیا دەمزانی لە خۆم بپرسم باشە بۆ من و ئەوانەی وەکوو من ئاوا هەژار و برسین و دەستەیەک، دوور ناچم، هەر لەو شارەی خۆمان وەکوو کوڕی شا نە خێر وەکوو کوڕە مەلا دەژین. بۆ من و کەماڵ سۆمان چووە بۆ ماچی کچێک، ئەوان بە کڕینی کراسێک بۆ کچی حەماڵ و کرێکاران بە شەوخەف دەیانبەن. ئەو کچانە بۆ وایان لێهاتووە کە بۆ کراسێک دەبنە شەوخەف. سەرمایەدارە خوێڕییەکانی ئێمە لە تاران دەژین، لە پارلمان و دەزگاکانی دەوڵەت دان. دێنەوە لێرە باسی مافی خەڵکی کورد دەکەن، نەخێر قوربان هاتوونەتەوە دوور لە چاوی ژنەکانیان شەوانە کچانی بێ پشت و پەنا و

بەستەزمانی ئەم شارە بەرنە هۆتێل. باوک لە کچەکەی ناپرسێ ئەم جل و پێڵاوە گرانەت لە کوێ بوو، ئەم خرخاڵ و ئەنگوستیلە و گوارەت لە کوێ هێنا. ناپرسێ چوونکە دەزانێ. بەڵام چ بکا نییەتی بۆ خۆی بۆی بکڕێ. دەزانێ ئەویش دەیەوێ لە نێو هاوسەراندا سەر دەربێنێ. لاوە و حەزی لێیە. دەزانێ ئەگەر زۆر زەختی لێبکا، دەتۆرێ و دەڕوا و خراپتریشی بەسەر دێ. ئەمیش وزەی ئەوەی نییە بە دوویدا بگەڕێ. من دەمزانی ژن و منداڵی ئەو فەوجە بێکارەی لە خیابانەکاندا پا لە پەیین دەدەن، چۆن بە نەگبەتی دەژین و نۆکەری و کڵفەتی و ژێر دەستەیی ئەم و ئەو دەکەن. دەمبینی منداڵەکانیان چۆن بە حەسرەتەوە لە کاتی هاتنەوەی مەدرەسەییەکاندا چاویان لێدەکەن و لە رقان لاتاویان پێیدا دەدەن. کارێک کە من و کەماڵیش ماوەیەک کە هێشتا نەچووبووینە کار دەمانکرد.

لە خۆم دەپرسم دەبێ چ بکرێ. بە قەوڵ کالامرای جیرانمان "تەکلیف". ئێمە چمان لەدەست دێ. ئیتر ماوەیەکە لە خۆم و لەکەس ناپرسم کە بۆ وایە؟ وەڵامەکانم تا رادەیەک وەرگرتووەتەوە. "ئێمە بەر لەوە بمانخۆن، کە خەریکن دەمانخۆن، خۆمان یەکتر دەخۆین." کێ بەو گەوادە هاوشارییە کوردەی منی گوتووە، لە تارانەوە بچووە کوردستان خەریک ژن و کچی

خەڵک ببە. کێ بە وەستاکەی منی گوتووە شاگردەکانت بیمە مەکە، جگە لەو کارمەندە کوردە هاوشارییەی من کە بە وەرگرتنی پارەی نان و کەبابێک منی شاگرد بێ پشتیوان دەکا، کە ئەگەر دەستم چووە ژێر مشارە کارەباییەکە و سەقەت بووم، دەبێ لە سەر کۆڵان دانیشم سواڵی بکەم. بە سەدانی لەو شێوە لە سەر کۆڵانان دەبینم. پێشتر وەمدەزانی ئەگەر باب و دایکم هەبوا، ئەگەر ئامەم نەمردبا، ژیانم بە شێوەیەکی دیکە دەبوو، منداڵییە و حەزی  باوەشی گەرم. ئێستا دەزانم زۆر لە باوک و دایکداران لە من خراپتر دەژین. کێ بەر پرسە؟...بەیانی هەتا ئێوارە جنێو بە حوکومەت دەبیسی، ئەی ئەوە نییە خۆمان نۆکەری بۆ دەکەین؟ چ بکەم؟ من دەبێ چ بکەم. تەنانەت کەماڵیشم لێ بووە بە کوڕی حاجی نوعمان. بووە بە ژیگول، تەک ئێمە ماناندا ناگەڕێ، ئێواران ئەچێ بۆ خیابان بەهمەن بۆ خانم بازی.

زستانی هەژاران تێپەڕی و منیش چارم نەبوو، دەبوا پارووەیەک نان بۆ خۆم پەیدا بکەم. نەجمە پارەی پێم نەدەدا، هەر ئەوەندە بوو جار و بار نانێکمان پێکەوە دەخوارد. بەردەوام بووم لە کاری جۆشکاری. ئەمە بەر لەوە بوو مامۆستاکەمان

دوکانەکەی بفرۆشێ و شوێنەکەی بکەن بە ئەنباری ئاسنەواڵە و ئێمەش هەمووومان بێکار ببین.

ماوەیەکی پێچوو، من و سمایلی هاوکرێکارم، تاکسیبار سێچەرخەیەکی دەستی دووومان کڕی و کەوتینە حەماڵی و بار گوێستنەوەی ناو مەیان. ئیجازەی لێخوڕینیشی نەدەویست. زوو فێری بووین. من بڕێک پارەم لە باجی پیرۆزە قەرز کرد و ئەویش لە مامی کە لە مەیداندا دوکانی تەڕەکاڵی و میوەی هەبوو. سەڵاتی بەیانان هەتا لای نیوەڕۆ خەریک گواستنەوەی سەوزی و میوە بۆ دوکاندارەکانی نێو گەڕەکان بووین ، دوایە دەبووا چاوەڕوان بین ئەگەر کەسێک شتێک بە کۆ بکڕێ و ئێمە بۆی بەرینەوە. دەنا لە پشت داشقەکەدا دادەنیشتین ئای شیرین و سەوزەمان دەگوت.

رۆژێک کابرایەک بە فارسی داوای کرد بارێکی هەیە بۆی بەرینەوە. دوو فەردە پیاز و پەتاتە و نەختێک خەیار و تەماتە و میوە. هەتا بارەکە بارکەین لە خۆمم دەپرسی ئەو کابرایەم لە شوێنێک دیتووە و نەدەچوومەوە سەری، هەتا ئادرێسی ماڵەکەی پێداین. ئادرێسی ماڵی مامە جەمیل بوو. ئەی ئەوە ئەو کابرایە چەند ساڵ پێش ئێستا دیتم لە ماڵی مامە جەمیل دەهاتە دەرێ و ئاباجی حاشای لێکرد.

که له ماڵەکه نزیک بووینەوه گوتم :

- سمایل من ئەو ماڵه ئەناسم، نایمه بەرەو. تۆ بارەکەیان بۆ خاڵی بکه و دوایه بێ به شۆنما.

ئەمه دوای ئەوه بوو که ئاباجی دەرکەی له من داخست و ئیتر حەقم نەبوو بچم کچەکان ببینم.

که هاتەوه پرسیم:"

- کەنیشکەکانت دی؟"

- هیچ کەسم نەدی هەر ژنێک هات چتەکانی لێم سەند.

- ئەوه دایانی نیاگه بەر تلەویزیۆن، با بەردەسی نەگرن.

- ئەوه دایک منیش هەر وا ئەکا. مناڵ ئیسه له ناو دنیای کارتۆنا زینگی ئەکا.

هەزار خەیاڵی ناخۆشم به زەیندا دەهات. ئەو کابرا فارسه پەیوەندی بەمانەوه چییه؟ بڵێێ له مامۆستاکان بێ که یارمەتی بۆ ژن و منداڵی مامه جەمیل کۆ دەکەنەوه؟ یان...! وەڵامێکی راست و دروستم بۆ نەدەهات.

ئێواره چوومه دوکانی نەجمه. بەڵام هیچی نەدرکاند.

- ئەرێ هیچ خەوەر مامه جەمیلت هەس؟

- ئەرێ دانیشتگه له زیندانا نون پڕەکاتەو.

- یانێ چه؟

- بازە کەسێک لە بێکارییا، دائەنیشن نونی ناو کتێو پڕ ئەکەنەو. ئەویش ئەو نەخوەشینەی گرتگە.

دەستی برد قورئانێکی لە ژێر مێزەکەی دەرهێنا.

- ئەوەها ئەوەی ناردگە بۆم. نووسیگیە ئەوەم بۆ نگا بێرا. لەناو هەر نوونێکیا خاترەیکم دانیاگە.

ئەگەر چاو لێدەکەم، هەموو نوونەکانی قورئانەکە بە رەنگی سوور پڕکراوەتەوە.

شەو لەگەڵ باجی پیرۆزە کردمان بە باسی خەڵک و ناو شار، گێڕامەوە کە پیاوێکی ئاوەهام دیتوە کە شتومەکی ناردووە بۆ ماڵی مامە جەمیل.

- ئەی نەتزانیگە؟ ژنەکەی جەمیل بە حوکم قازی تەڵاقی سەند و شووی کردەوە. ئەوە ئەشێ شووە تازەکەی بێ. خوا عەمری پێنا. ئای لە ژنی ئەم زەمانە.

دەتگوت بە کوتکێک بەسەریاندا کێشام. ئای جەمیلی بەستە زمان. دەستبەجێ سەرئێشە دەستیپێکرد.

*

ساڵان رۆی و جەمیل لە زیندان ئازاد بوو. لەگەڵ کاک نەجمەدا هاتنە نێو مەیدانی تەڕەبار فرۆشان بۆ دیتنی من.

باوەشمان بە یەکدا کرد. زۆر کز و لاواز و خەفەتبار دیار بوو. بە لای راستدا نەختێک دەشەلی. لێم پرسی.

- شەلاخ برا گیان شەلاخ. ئەونەیان دا بە ژێر پاما بوو بە زەخمێک خراو و دوایە گۆشتەوزونی هاوردەو. ئیسە دایم وەسە مشتێ گۆشت لە ژێر پاما بێ. ئیتر هەزار پەت پەتی تریش.

کاکە ژیان ئەتوانم یەک دوو شەو مەیمانت بم.

- بەخەیر بی، جا ئەوە قسەس، ماڵ خوەتە مامە جەمیل.

- گەرەکم نییە لە ماڵ کاک نەجما بم. ئەو یەک دوو شەوە حاڵیم بوو، ژنەکەی رازی نییە. خوەیچی ئەیوت مەی بۆ دوکان. لە خوەی ئەترسێ. نەکا بە بۆن منەو پەروەندەی بۆ دروس کەن.

- کاکە پوڵت هەس. من چوار قەران لە بن گیفانما پەیا ئەوێ.

- نا گەرەکم نییە ژیان گیان، ئەزانم بە چ مەینەتێک چوار تمەن پەیا ئەکەی. نەجمە پیاگ خاسی کردگە گشت پوڵەکەی نەداگە بەو ژنە، چکێکیشی دانیاگە بۆ من.

شەو کەماڵم ناردە لای باجی پیرۆزە، ئێمە پێخەفمان بۆ سێ کەس نەبوو.

له هەر قسەیەکدا ئەیبردەوە سەر باسی کچەکانی و فرمیسک لە چاوی قەتیس دەبوو. دیار بوو زۆر تاسەیانی کردووە. قازی گوتبووی: تۆ جێگا و ڕێگات نییە. ناتوانی مناڵ بەخێو کەی. حەفتەی جارێک دەتوانی بیانبینی.

- باشە ئاباجی بۆ وای کرد؟

- بنیام چتێکی پیچیدەس کاکە ژیان. ئەی ئەو گشتە پیاگە بۆچە دوو ژن تێرن، یا ژنەکەیان تەڵاق ئان بۆ ئەوە بچن ژنێکتر بێرن. من گلەییم لە ئەو نییە، گلەییم لە بەخت خوەمە. ئێمە ئەزانین کەسێ کار سیاسی بکا، ئەشێ ماتڵ ئەم چتگەلیشە بێ.

ڕۆژی دووهەم پیارزگەکەی هەڵگرت و گوتی:

- ژیان من ئەچمەو بۆ دێ. تی لە تەکما سەرێک بەی. وابزانم لەم ساڵگەلا نەچووگیتەسەو.

- وەڵا حەز ئەکەم. وەلێ با بچم بە سمایل بێژم چەن ڕۆژێک ئەشێ بە تەنیا کار بکا.

ماڵەکەی ئامە خەڵکی تیا دانیشتبوو. مامە جەمیل پێڕاگەیاندن کە ئەشێ چۆڵی کەن.

- چ کار خاسێکم کرد ئەم ماڵمە نەفرۆشت. ڕاسییەکەی ئەو وەختە دڵم نەهات.

هەرکە دابەزیم کێشرام بەرەو قەبرستان. چوومە سەر خاکی ئامە. کێلەکانی شکا بوو. بەزۆر دۆزیمەوە. دیار بوو کەس سەری نەداوە. دەتگوت دوێنێ بوو من لە ژێر ئەو دار تایلەدا دانیشتبووم تەواشای بە خاک ئەسپاردنی ئامەم دەکرد. سەرگەردانی دەشت و کێوەکان وماڵی چۆڵی بێ ئامە بووم. هەمووی وەکوو خەونێکی دوور هاتنەوە بیرم.

- ئامە گیان بوەخشە بێوەفاییم کرد نەهاتم بۆ لات. ژیانی کلۆڵی یادی مردووەکانیش لەبیر دەباتەوە. چ بکەم دەست تەنگ بووم.

هەر حەزم کرد چکێ قسە بکەم، دەنا دەمزانی مردوو مردووە. لە راستیدا تۆ لەگەڵ خۆت قسە دەکەی. لەگەڵ ئەو کەسەی لە نێو خۆتدایە و ئارەزووی ئەوی هەیە و هەتا ماوی ئەو تامەزرۆییە دەمێنێ. دوو بەردی تازەم کڕی و کێلەکانم نوێ کردەوە.

لەو منداڵانە کە هاوکایە و هاومەدرەسەیی بووین کەس نەمابوو. یا چووبوونە شار بۆ دەرس خوێندن، یان وەکوو من ئاوارەی کرێکاری ببوون. کویخا و ئاسیە مامان مردبوون. حەمە شوان ببوو بە مجێوری مزگەوتێک لەو پێنج مزگەوتە تازە کە

ساز کرابوون. خەڵکی دانیشتوو لە پێش مزگەوتان زیادی کردبوو. دیاربوو بێکاری گەییشتووەتە ئێرەش.

- کاکە ژیان من گەرەکمە لێرە بمێنمەو. پارچە زەوینێک ئەسێنم و کەشاوەرزییەک ئەخەمە ڕێگە. شایەت ماڵەکەی ئامەیشم فرۆشت لەناو زەوینەکا کولانەیکم بۆ خوەم دروس کرد.

- باشە ماڵەکە فرەبەش نییە؟

- ئامە هەر زوو وەختێ زانی براکانم لەناو چووگن، گشتی کرد بەناو من.

تاقەت مانەوەی ناو دێم نەبوو، بیرەوەرییەکان ئازاریان دەدام. گۆڕانەکە زۆرتر لەوە بوو کە من بیرم لێ دەکردەوە. بیرەکەی ماڵ ئامە ئاوی نەمابوو، پڕیان کردبووەوە. باخ و مەزراکانی دەور دێ نەمابوون، هەمووی ببوو بە ماڵ. کارەبا و تلەفون و ئاوی لوولە کێشی هاتبوو. بۆنی دار و تەپاڵەی تەندوری ماڵان نەدەهات. نانەواخانە دانرابوو. گوند ئەو گوندەی منداڵییەکانی من نەبوو. هەستم بە غەریبی کرد. بە مامە جەمیلم گوت دەڕۆمەوە.

- تۆ تازە بووگی بە منالْ شار لێرا غەریبی ئەکەی. من لە زیندانا هەر لە بیر ئەما بووم، کە بێم لێرا زینگی بکەم.

ئێستا دەزانم مرۆڤ لە زینداندا چەند کەڵکەڵەی دەشت و کوێستانی هەیە و ئەگەر هاتە دەرەوە حەز دەکا ئەو خەیاڵانە بەدی بهێنێ.

- کاکە ژیان هۆشۆ بە خوەتەو بێ. هەر وابزانە هاتنە شۆنت بۆ سەروازی. مەچۆ، من لەم رۆژگەلا، تێم بۆ شار کەسێک ئەناسم، بە پوڵ وەرقەت بۆ دروس ئەکا کە کەفیلی. ئەگەر لە جێگایک داوای وەرەقەی سەروازییان کرد نیشانیان بە. خۆ تۆ گەرەکو نییە بووی بە کارمەند.

ئەمەی لە پێش مینی بووسەکە گوت، کاتێک دەمەویست سوار بم بگەڕێمەوە.

سمایلم لە ناو مەیاندا نەدیتەوە، ماوەیەک لە چایخانەکە دانیشتم، گوتم رەنگە باری بۆ شوێنێک بردبێ و بگەڕێتەوە. نەهات. چووم لە مامیم پرسی.

- برۆ بۆ ماڵیان، نەخوەشە ها لە ماڵا.

دەبینم سمایل سەر و باڵ هەڵپێچراو لە جیگە کەوتووە.

- ئای کوڕە خاسەکە ئەمە چەس؟

- دانیشە، بەوشانسی ئەگەر بێت، ئاوا تێت.

- چەوگە؟

- ماشینێکی باوەحیز دای لە ئەبو قورازەکەمان. ورد و خاشی کرد. منیش سەر و دەسم شکیا.

دایکی بەخێرهاتنی کردم و چاییەکی لە پێشم دانا.

- خوا رەحمی کردگە رۆڵە. خوا شوکور لەمە خراوتر نەو.

- شۆفێرەکەی کێ بوو. ئەیناسی؟

- ئەو هەتیمە کەچەڵەکەس وا بارییە بچووکەکەی هەس. خەتای ئەویش بوو.

- هیچت لێ سەند.

- من خۆ بردیانم بۆ بیمارستان. کوڕەکان قسەیان تەکیا کرد. باقیاریشمی کردگە.

- بە خەومەتی ئەگەیم.

کەماڵ لە سەفەر نەبوو، چیرۆکەکەم بۆی باس کرد، بەو نییەتە کە پێکەوە بچینە زک کابرا.

- لیباسە جوانەکانت بکە بەرت با کاورا حەساومان بۆ بکا.

- ئەوە تەوفێق ـە لاتە و هاولاتیشی فرەس ژیان، ئەشێ بیترسێنین. وەلێ ئەو لە من و تۆ ناترسێ. من کەماڵە سوورم، ئەم شارە گشتیان من ئەناسن. خاسترە بچین بە سیروان بێژین تەکمانا بێت.

سیروانمان تێگەیاند چ بکا و چ بڵێ. تەوفیقە کەچەڵمان لە بەر گاراژدا دیتەوە. لە پێشدا بە قسەی خۆش و ئەوە کەرەسەی رزقی ئێمەیە و پیاو بە و... نە پیاو نەبوو، خەریک بوو لێشمان بدا، سیروان بە خۆی و کەراواتییەوە هاتە پێشێ دەستی نایە سەر سینگی تەوفیقە کەچەڵ.

- ئەوانە قەوم منن، سەرمایەی منە بە دەستیانەو. بە زوان خوەش خەسارەتەکەیان پێ ئای یا بچین لە دەفتەری ئیمام مەئمور بێنین. من باوکم لەینا کار ئەکا.

هەر ناو دەفتەر ئیمام هاتە گۆڕێ تەوفیق قەڵس بوو و هاواری کرد:

- چەنێکتان ئەوێ برا؟ ها...

- با بچینە لای تەعمیر کار بزانین چەنێک خەرجییە.

سیروانیش لێی توند کرد:

- ئەشی حقوق ئەم چەن رۆژە بێکارییەی ئەمانیش بەی.

- دەی بێژە ماشینەکەمتان بۆ بفرۆشم.

- ئیتر خوەت ئەزانی. با بچین بۆ لای میکانیکەکە.

پاش ئەوەی بە جەڕە جەڕ بڕێک پارەمان لێ ئەستاند. کەماڵ هاتە دەنگ.

- له بیرت نەچێ باقییەکەی بێری. ئەگەرنا شەوێک دوو لاستیکت پەق. ئەزانم ماشینەکەت لە کوێ دائەنی.

- باوکە ڕۆ ئەمانە لە کوێنەو لیم پەیا بوون.

سێچەرخەمان چاک کردەوە و کەوتینەوە کار، بەڵام من هەر لە بیر قسەکەی مامە جەمیلدا بووم. سەربازی. سەربازیم بە خراپ نەدەزانی، لانی کەم فێری تفەنگ و کاری نیزامی دەبووم، بەڵام هێندە خراپەم سەبارەت بە سەرکوتی خەڵک و بێ بەزەیی بوونی ئەرتەش و پاسدارەوە بیستبوو و دیتبوو، دەترسام منیش وەکوو ئەوانم لێبێ. فەرمانە و دەبێ ئەنجام بدرێ. مامە جەمیل گوتبووی ئەگەر ئەو سەربازە حوکمی ئێعدام بەڕێوە دەبا، هەڵگەڕیتەو فەرماندەکەی بکوژێ، ئیتر هیچ فەرماندەیەک حوکمی ئێعدام نادا.

هاتنی مامە جەمیل بۆ شار وەڵامی دڵەڕاوکێیەکەی منی دایەوە. بەرگی کەفالەتی مزەوەری بۆ پەیدا کردبووم.

- ئەمە بۆ ئێدارە و شتە بەکار ناخوا. وەلێ بۆ پۆستی نگابانی سەر ڕێگا و مەئمورەکان گەشت ئەوێ. خاستریشە لەم شارا نەمێنی، چوونکە لێرە گشت کەسێک ئەوناسێ. دابزانە لەم شرکەتگەڵ دەرەوەی شارگەلا کار بدۆزیتەوە. تا بزانین دنیا چۆن ئەچەرخێ.

- شەو نایی بۆ لای ئێمە؟

- نە برا، ئەڕۆمەو، تاقەت چاو پێکەفتنی ئەم گشتە زیندانبانەم لەم شارا نییە. هیچێکم نییە بە دیارییەوە دانیشم.

- ئەی مناڵەکان؟

- با وا بزانن باوکیان کوژیاگە. وەک گشت ئەم مناڵە بێ باوکگەلە. وەک تۆ. چ کەردەن.

نەخێر جەمیل ئەو جەمیلەی جاران نەماوە. یەک کەلام نێوی خوا بەدمیەوە نای.

داستانەکەم بۆ کەماڵ گێڕایەوە، کە ئەویش هۆشی بە خوەیەوە بێ و بەشکەم بە یەکەوە بچین بۆ کار لە شوێنێکی دیکە. ماوەی یەک دوو ساڵ خۆمان ون کەین.

- های خوا عەفوت کا. دایکم کەفگە شۆن کارەکە، من بە راسی راسی ئەومە کەفیل دایکم. چوونکە پیرە و شوویشی نییە. ئەی نازانی بەینێکە ناچێ بۆ کۆنە فرۆشی. گەرەکیە نەزانن کار ئەکا. دابزانم منیش ئەشێ کارێک بدۆزمەو، کە بێژم بەو کارە نان پەیا ئەکەم.

- جا بێ تەک منا کار بکە. سمایل جارێ دەسی شکیاگە ناتوانێ کار بکا.

- دەی ئەگەر تۆ چووی، بەشەکەی خوەت بفرۆشە بە من.

- دابزانین. جارێ تۆ بێ چەن رۆژێک کار بکە بزانە حەوسەڵەت هەس یا نە.

بەم جۆرە من و کەماڵ ماوەیەک بوینەوە هاوکار. بەڵام بارەکان من بارم دەکرد و دامدەگرت، ئەو دەست لە گیرفان پۆزی دەدا و جگەرەی دەکێشا.

دیسان زستان و کەمی کار، بەڵام ئەوساڵە من خۆخلافاندنێکی تازەم پەیدا کردبوو. دانووم زۆر لەگەڵ کەماڵ نەدەکولا، دەچووم بۆ باشگا لای سیروان بۆ وەرزش و زۆرەبانێ جۆدۆ. چەند ئاشنای تازەشم پەیدا کردبوو. شەوانی هەینی کە سیروان بەیانییەکەی مەدرەسەی نەبوو، پاش گەشتێک بە نێو شاردا دەچووینەوە ماڵ ئەوان. لە ژوورەکەی سیروان دادەنیشتین ژوورێکی خنچلانە، تەختێک و دوو کورسی و مێزێک. وێنەیەکی گەورەی باب دیلان و یەکێکی بچووکتری تەختی بە دیوارەوە بوو. کاتی شام دایکی بانگی دەکردین، بچینە ژووری دانیشتنەکە نان بخۆین. باب و دایک لەمسەر و ئەوسەر دادەنیشتن من لە لایک و سیروان و هەلالەی خۆشکی لە لایەکیتر. من دەکەوتمە بەرانبەر هەلالە. دایمە سەرم دادەخست، چوونکە هەستم دەکرد لە ژێر نیگای هەلالە دام.

زۆرتر بابی قسەی دەکرد و بابەتەکەش هەموو کاتێک ڕووداوەکانی ناوشار و هەواڵەکانی تلەڤیزیۆن بوون. ئەوانیتر برێک خۆیان تێکەڵ دەکرد، بەڵام من هیچم نەدەگوت، ئەگەر پرسیارێک لە من نەکرابا. شەوێک هەلاڵە گوتی:

- کاکە ژیان لە دنیای کاریگەرانەوە چ خەوەر؟

هەتا ئەوکات بە وردی چاوم لێنەکردبوو. قژی رەشی هەتا پشت کەمەر بەردابووە سەر چاکەتە سوورەکەی، پەنجەی بە نینۆکی سوورەوە کردبووە کۆڵەکەی روومەتە گرد و سپییەکەی. چاوی لە چاوم دەکرد و ماتڵی وەڵام بوو. شەوقێک لە چاوە خورماییەکانیدا بوو، نەمدەتوانی خۆمی لێی بدزمەوە. هەلاڵە سێ ساڵ لە من و دوو ساڵ لە سیروان چووکتر بوو. دەڵێن کچ لە کوڕ زووتر پێدەگا، راستە.

- هیچ، تاوسان حەماڵی، زمسان بێکاری.

- وا مەیژە ئەم مەردمە گشتی ماتڵ ئێوەس کە ئازادیان بکەن. نازانم ئەو چتگەلە من ئەیخوێنمەو، زیاتر باوکم ئەیا پێم، هەر قسەی تەبەقەی کاریگەرە و هەرچێ چتە ئەوان ئەشێ بێن دروسی بکەن. حوکومەت بکەن و مساوات دامەرزنن.

سیروان کردیە شۆخی و پێکەنین:

- ئەوە ئیمام زەمانە، هەلاڵە ئیشتبا حاڵی بووگی.

- نەخەیر ئەسپەنجیرە!
- ئەسپەنجیر ئیتر چەس؟

بە کورتی باسی چیرۆکەکەم بۆ کردن و دوایە گوتم:

- با لە ئەفسانە بینە دەرەو، منیش بازێک لەو نووسینگەلمە خوەندگەسەو. من نازانم ئەو تەبەقە ها لە کوێنا، وەلێ ئەزانم ئێمە بە زۆر سک خوەمان تێر ئەکەین. بازێکمان هەمیشە برسین. چەمان پێ ئەکرگێ؟

باوکی کەوتە نێوان و گوتی:

- هەتا ئەو تەبەقە ئاگاهی تەبەقاتی پەیا نەکا و حێزبی خوەی نەوێ، بە هیچ کوێ ناگەی.

- بابا، ئەی ئەم گشتە سازمان و حێزب گەلە وا خوەیان بە نمایەندەی کاریگەرەکان ئەزانن چەس.

- ئەوە لە کاک ژیان بپرسە.

- ئەوانە با بێن چوار رۆژ تەک ئێمەگەلا کار کەن با ئاگاهی کرێکاری پەیا کەن، جا ئەو چتگەلە بنووسن و ماتڵ ئاگاهی تەبەقاتی ئێمە بن. ئێمە هێشتا لەم کورسانا دوو کارخانەمان نییە، کام تەبەقە؟ نیمەی ئەم شارە تاوێک هان لە دێهاتەکەیانا و خەریک کەشاوەرزین و تاوێک تێنەو بۆ شار بۆ

دەسفرۆشی. من وازانم چتەکە فرە قوولٚترە لەمانە وا ئەوان ئەیژن. وەلیٚ منیش جواو سوئالەکان خوەم نازانم.

دایک کاسە و کەوچکەکانی لەسەر یەک دانا و گوتی.

- ئەم هەویرە ئاو فرەی گەرەکە بە ئیمشەو حەل ناویٚ. هەلٚسن رۆلٚە سفرەکە جەمەو کەن!

دوو بە دوو لە ژوورەکەی سیروان دانیشتبووین. سیروان قاپێک شەرابی دانابوو.

- ئەمە ئاشنایک لە مالٚ خوەیا دروستی ئەکا. چتێکی مەخسوسە.

دوو پەرداخی تێکرد و کەمیٚ نوقلٚی بیرمشکی دانا و تازە لێومان لێی تەڕ کردبوو. دوو تەقەی هێواش لە دەرکەی ژوورەکە درا. دەمزانی باب و دایکی دەزانن دەخواتەوە و هیچ کێشە نییە.

- فەرموو!

هەلاٚلٚە هاتە ژووریٚ. کتێبێکی بە دەستەوە بوو بە پێکەنینەوە:

- خاس خوەشتانە!

- بێرەو تویش خوەشۆ بیٚ. بچۆ سەنگەلٚیکەی خوەت بێرا!

کتێبەکەی لەسەر مێزەکە دانا و رۆیشت و بە کورسییێکەوە هاتەوە. دەرکەی ژوورەکەی ئەو بەرانبەر دەرکەی ژوورەکەی سیروان بوو. دیتم چرایەکی سوور لە ژوورەکەیدا دایسێ.

نێوی کتێبەکەم خوێندەوە "جنبش ملی کرد" (جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد) دەمزانی نووسینی کریس کۆچەرایە و ئیبراهیم یۆنسی وەریگێڕاوەتەوە.

- ئابرا سیروان، تۆ ئەم کتێوەت خوەنگە؟

سیروان هەڵی گرت چاوێکی لێیکرد.

- نا، لە کوێنەت بووگە؟

- بابا دای پێم.

- من خوەندگمە.

- فرە خاسە، من تازە تواوم کردگە. گەرەکم بوو تەک یەکێکا قسە بکەم. بابا وەختی نییە.

- بەر لەوە بیکەیتە بەزم خوەت. لەم شەراوە ئەخوەی یا نە.

- چکێکم بۆ داکە.

هەموو جارێک کە رووی دەکردە من زمانم دەکەوتە تورە تور. هەستێکی نائاشنا رووی تێم کردبوو.

- ئەم کاک ژیانە وا مەوینە، کتێوخانەیکە بۆ خۆی. لە کتێوفرۆشیا کاری کردگە و هەر کتێوی خوەندگەسەو.

- چەنێ خاس. من زیاتر کتێو فەلسەفە ئەخوێنمەو، گەرەکمە دوایە لە دانشگا رشتەی فەلسەفە بخوێنم. وەلێ ئەم مەسەلەی کورد و کورسان و ئەم گشتە شەڕ و نائومێدییە بۆم بووگە سوئال. گەرەکمە لەبار فەلسەفییەو تواشای بکەم.

لە کاتی قسەکردندا هەر چاوی لە من بوو. شەوقێک لە چاوانیدا بوو کە هەتا ناخمی گڕدابوو. شەرابم بە سەردا دەکرد، دایمرکێنێ، زیاتر بڵێسەی دەستاند. یەکەم جار بوو کچێک بەم شێوە بەرانبەرم دانیشێ. بە خۆمم دەگوت: نەدیو بەدیوی بۆیە، بەستەزمان.

- من کتێو فەلسەفەم نەخوێندگە. ئەکرگێ چکی رۆشنی بکەیتەو؟

- من وازانم کورد یا هەر مللەتێکتر چتێک وەهمییە. کەلیمەس و تەنیا ها لە زێهنا. زینگی گشتکەسی مەعنای نییە. هەر کەس بۆ خوەی مەعنایەک بۆ زینگی خوەی ئەدۆزێتەو. شناسنامەیکی بۆ دروست ئەکا. چوونکە شەرایەت بۆ هەر کەسێک جۆرێکە. هەر لەبەر ئەوەسە ئەو چتە گشتیگەلە سەر ناگرێ.

سیروان هاته ناو قسەکەی.

- ئەگەر هەر کەس بۆ خوەی بێ ئەی جامعە چەس؟ ئەشی ئەم گشتە قانوون و مەزهەب و سونەتگەلە وا مەردم گرێ ئات بە یەکەو چۆن تەفسیر کەی؟

- ئەمەیش مەردم خوەیان گەرەکیان بووگە، ئەڵبەت هەر ئەو چتگەلە بووگە زەنجیر لە دەس و پایانا.

من دەمەویست خۆم لە بەندی ئەو تیشکە کە دایگیرساند بووم رزگار بکەم، سەرم داخستبوو قسەم دەکرد.

- بزانە. ئێمە، تو و من و سیروان خوەمان ئینتخابمان نەکردگە لە کورسانا بینە دنیا و کوردی قسە بکەین و هەزار چت تریش. ئەمە تەک ئێما هاتگە دنیا و زینگیمان تەکیا کردگە. بووگە بە شناسنامەی ئێمە. گەرەکمان بێ یا نە فەرق ناکا. ها لە تەکمانا. ئەمە مەعنا گشتییەکەس یا تۆ ئیشارەی پێ ئەکەی.

قسەکەی پێ بڕیم گوتی:

- بوەخشە سەرت بەرزەوکە، نازانم لە ژێر لچەو ئەیژی چە!

- بان چاو. ئیسە ئەمانە وا شناسنامەکەیان یەکێکە، گەرەکیانە وەک تۆ ئەیژی خوەیان تەسمیم بۆ زینگی خوەیان

بگرن. حەساو کە گشتیان بە یەک کەس. وەلێ کەسێک تێ ئەیژێ ئێوە حەق ئینتخابتان نییە. گەرەکییە شناسنامەکەیان باتڵەو کا. لە تورکیە پێیان ئەیژن تورکە کیفیلە، لە سوریە سجیلیان پێنان. لێرە ئەرتەش و پاسدار تێرنە سەریان و حەقیان نییە کورد بن و بە کوردی بخوێنن. ئەمانیش مقاومەت ئەکەن و ئەوێ بە شەڕ. گشت ئەم کتێوە داستان ئەم شەڕ و شکستگەلەسە.

- ئەی خواستی فەردی ئەوێ بە چە؟

- ئەمە ئەو سوئالە فەلسەفییەس کە من جوابی نازانم. وەلێ ئەزانم من تەنیا ئەتوانم لە بەین دوکانی جوشکاری و سێچەرخەکەما یەکێکیان ئینتخاب کەم. ئەو هەر کەس بۆ خوەیە حاڵی ناوم.

- فرە کەس لە خوارەوەی جامعەوە هاتگن و جێگای فرە بەرزیان پەیا کردگە.

- ئێمە قسەی گشت جامعە ئەکەین. ئەوانە کە تۆ ئەیژی چەن دەرسەد ئەم جامعەن.

سیروان هەڵسا بچێتە دەستبەئاو بە دەم ڕێگاوە بۆڵەیەکی کرد.

- برا شەوکەتان کرد بە کلاس دەرس.

هەڵاڵە پەرداخەکەی هەڵگرت دای لە پەرداخەکەی من کە لە سەر مێزەکە بوو. منیش هەڵم گرت. کە دەیخواردەوە، چاوی لە چاو من بڕیبوو. دوایە دەستی لەسەر دەستم دانا و هەروا تەواشای دەکردم. من وەکوو نیچیرێک لە دوای نێجیرەوان کەوتبێ و سڕ بووبێ نەمدەتوانی چاو بتروکێنم. گەرمایەکی خۆش بە لەشمدا دەگەڕا. قەت ئەمەم لە ژیانمدا بەتاقی نەکردبووەوە. هیچ کچێک دەستی نەگرتبووم. تەقەی پێ سیروان هات. نینۆکی بە توندی چەقاند بە پشت دەستمدا و دەستی هەڵگرت.

- ئەمەش ئینتخابێکە. من دەڕۆم شەوتان خوەش.

کە رۆی دەتکوت چراکان کوژانەوە. تاریکییەک منی داگرت. سیروان باسی پێشبرکێ و کوڕەکانی دەکرد. من وەکوو ئەوە لە پشت دیوارێکەوە قسەم بۆ بکەن دەمزانی قسە دەکا، بەڵام تێنەدەگەییشتم.

- ساکت بووی چەوگە؟

- وەبزانم سەرئێشەکەم خەریکە دەس پێ ئەکا. گوێچکەم کەفتگە گڤە گڤ. ئەگەر ئەکرگێ چرا خەوەکە رۆشن کە، ئەمە بکوژنەوە.

وا نەبوو، ئەمەم کردە بەهانە. سەرئێشە دوایە هات. و نەیهێشت بیر لە هیچ شتێک بکەمەوە، جگە لە شەوقی چرای ژوورەکەی هەڵاڵە کە کەوتبووە سەر دیواری هەوشەکە و جار جار سێبەرێک پێیدا تێدەپەڕی. وا دیار بوو، ئەویش وەکوو من خەوی لێی ناکەوێ.

تەواو حەفتەکە هەرایەک لە مێشکمدا ساز ببوو. ئارەزوویەک هەیە، دەستت پێناگا و ئارەزوویەک لەبەردەستە و دەستی بۆ نابەی. قیبلە بوو بە دوان. نوێژکەر سەرگەردان.

لانی کەم دەمتوانی باسی سەفورا بۆ برادەرەکانم بکەم و نەختێک دڵم سوکنایی بێ بەڵام ئەمە نەدەکرا باسی بۆ خۆشت بکەی. "دەچییە ماڵ رەفێقت بە تەمای خۆشکەکەی؟" نازانم بۆ ئەمە لە کۆمەڵی ئێمەدا بە مانای کارەساتە. ئەگەر سیروان بزانێ چم پێدەڵێ؟ کە چاو لە سێچەرخە قوڕازەکەم دەکەم قسەکەی کەماڵ جارێکی دیکە لە مێشکمدا دەنگ دەداتەوە: تۆ چە و ئەم گوو خواردنگەلە چە؟ ئەمە من نەبووم هەڵمبژاردبوو، ئەو منی هەڵبژاردبوو و ئاگرەکەی هەڵکردبوو. خۆمم دابووە دەست لافاوی چارەنووسەوە.

ئاخری حەفتە هاتەوە. حەفتەیەک کە بە ساڵێک لە من گوزەرا بوو.

- بێرەو ئیمشەو شەراومان نییە، بە تەختەکردن ئەیگوزەرنین. حەزیشت کرد تینە دەرەو گەماڵگەشتێک ئەکەین.
- دەی با هەر نەچینەو.
- ناوێ قەوڵم داگە بە دایکم. چێشتی دروست کردگە.

هەڵاڵە بە چاو پێدەگوتم، بۆ ئەو حەفتە دیار نەبووی. بۆ نەهاتی. لە کاتی کۆ کردنەوەی سفرەکەدا من گەییشتمە نێوان دەرگای ئاشپەزخانەکە. هەر دوو دەست پڕلە قاپ. هەڵاڵە لەولاوە دەگەڕایەوە لە نێو دەرکەکەدا ماچی کردم و تێپەڕی. نازانم چۆن شتەکانم لە دەست بەر نەبووەوە، بەڵام هەستم کرد دەبێ وەکوو چەوەندەر سوور بووبێتمەوە. ئەژنۆم دەلەرزی. خۆمم بە شوشتنی قاپەکانەوە خەریک کرد کە بەو حاڵە نەمبینن. هەڵاڵەش نەهاتەوە. دایکی هات و ئەمری کرد قاپان نەشۆم.

- کاک سیروان نەڕۆین؟
- با لەبەر کەم دەڕوین.
- چای بخۆن دوایە بڕۆن!
- ببوورە دایکە چاییەکە دەبەینە قاوەخانە.

هەتا سیروان بێت من لە بەرهەیوانەکەدا وەستا بووم. هەڵاڵە هات کتێبێکی بۆ هێنام. "تەهەوع"ی سارتر بوو.

- ئەوە بخوێنە دوایە قساکەین. چتێکی ها تیا بۆ تۆ، داینەخەی.

پارچە کاغەزێکی تێیدا بوو. هەڵم نەگرت. بە کتێبەکەوە لە بەخەڵم نا.

- مەمنون.

بە زمانی گلەییەوە گوتی:

- بۆچە دانەنیشتن؟

نامەکە یەک دێڕ زیاتر نەبوو، بە فارسی نووسرابوو: "وەرە با بە خۆشەویستییەوە، داهاتوویەکی هاوبەشی جوان هەڵبژێرین."

حەفتەیەک لە گێژاوی بیرکردنەوەدا بووم. چ وەڵامێک بدەمەوە. چ بنووسم، چۆنی بنووسم. خۆ من فارسییەکەشم تەواو نییە. ڕەوایە من کەسێک بخەمە نێو دنیایەک کە بوونی نییە؟ ڕەوایە کەسێک کە داهاتوویەکی ڕوونی هەیە بە تەمای من بێ؟ ئایا ئەمە گڕوتینی لاوەتی نییە؟ کچانیش وەکوو ئێمە لە ئێمەش خراپتر، لێرە دەرەتانی دڵدارییان نییە. کوڕان وەکوو بوونەوەرێک لە کۆڵان و شەقاماندا دەبینن، پێکەوە دێن و دەچن. بێ ئەوە هەست بە بیر و هزریان بکەن. هەروا کە کچان بۆ ئێمە بەو شێوەن. نزیک بوونەوە قەدەغەیە، بۆیە ئەگەر توانییان، توانیمان یەکێک لە نیوە خەڵوەتێدا ببینین زوو گرفتار دەبین. چ

ئەزموونێکی پێشووترمان هەیە؟ ئاخۆ ئەو هەڵبژاردنە ئەو باسی دەکا بوونی هەیە؟

نووسیم: هەڵاڵە گوڵی بیابانە دووردەستەکان. خۆشەویستی خەیاڵەکانی من! پێش ئەوەی هەڵبژێرین با توانایی هەڵبژاردن پەیدا بکەین. من بڕیارم داوە بڕۆم، بەڵکوو بتوانم ببم بەو کەسە کە بە گوتەی تۆ بگەیتە جێگایەکی بەرز. ئەگەر دەست پڕ هاتمەوە و تۆیش هەر لەسەر ئەم بڕیارەت بووی ئەوە بە شایەتی ئەستێرەکان دنیایەک بۆ خۆشەویستی ساز دەکەین.

بەڕاستی بڕیارمدا ئەم شارە بە جێ بێڵم. هەستم دەکرد لە نێو دووبەرەکییەکدا گیرم کردووە. دووبەرەکی ژیانی رۆژانەی زوێر و بێ بەزەیی و بیری دنیای مەخمەڵی خۆشەویستی. دووبەرەکی هەژاری و بیری گۆڕان. شتێک کە لەم شارەدا بەدیم نەدەکرد. هەوای لاوەتی و ئارەزووە دوورەکان هەڵیگرتم.

نامەکەم لە نێو کتێبەکەدا داناوە و پێم دایەوە.

- چەند لاپەڕەیکم لێی خوەند. سەختە، حاڵی ناوم.

لوتی هەڵقرچاند و رۆی. دەمزانی پەلەیەتی نامەکە بخوێنێتەوە. بە جێم هێشت کە وەڵامم نەداتەوە، نەکا پەشیمانم بکاتەوە.

*

سمایل قاپێ عارەقی هێنابوو. سیروان سەنگەکی و کەبابی هێنابوو، عەلی خەیار و تەماتەی لە دایکی ئەستاندبوو. کەماڵ پارەی عارەقەکەی دابوو. منیش نۆکم کۆڵاندبوو و گوڵە بەڕۆژەم کڕیبوو. لە ژوورەکەی ئێمە کۆ ببووینەوە. چەند رۆژ بوو کارەباشمان هەبوو. باجی پیرۆزە و کالامرا بە شەریکی کڕیبوویان.

- ئەمە شیرینی بەرقەکەس کەماڵ؟

- نەخێر قوربان ئاشی پشتە پای ژیانە، ئەیژێ سۆزی ئەچی.

- بۆ کوێ ژیان، تازە دنیا خوەش بووگە.

- ئەچم بۆ ناوچەی هەوشار، کارم پەیا کردگە.

- دەس ئێمەیچ بگرە.

- ریوی ناچوو بە کونا، گزگیشی بەستوو بە جووجکەیەو.

بە شۆخی و ئەختەڵات قاپە عارەقمان نیوە کردبوو و نیوە سەرخۆش بووین. کەماڵ هەستا چووە دەرەوە و هاتەوە دەستێکی هێشتا بە دەرکەکەوە بوو گوتی.

- ژیان خەوەرێ خوەشم هەس بۆت. ئەگەر بێژم پەشیمان ئەویتەو. ناچی بۆ هیچ کوێ.

- هەمیسان چەت دۆزیگەسەو؟
- نا شۆخی ناکەم. سەفورام دی هاتگەسەو، لە دوکان خەڕازی فرۆشەکەی ناو بازاڕا دیم. منالێکیشی بە باوشەو بوو. قسەم تەکیا کرد. وا بزانم تەلاقی سەنگە.
- چۆن ئەزانی.
- تەک دوکاندارەکا قسەیان ئەکرد وەک چتێ ئاشنای بوو.
- دەی با بخوینەو بە سڵامەتی سەفورا چاوجوان.

کۆڵان بە کۆڵان هەتا ئەو سەر شار، هەتا بەرماڵ سیروان رویشتین. لە شوێنە نیوە تاریک و چۆڵەکان سمایل و کەماڵ گۆرانییان لە زاری یەکتر دەسەندەوە. بەڵام من دیسانەکە کەوتبوومەوە گێژاوی خەیاڵی سەفورا. وێنەکانی هەڵاڵە کاڵ دەبووەو سەفورا دەهاتەوە پێشێ. جۆرە گێژاوێک کە هیچ بیرێکت بۆ تەواو ناکرێ. دیمەنێک دێ و بە پەلە شوێنی خۆی دەدا بە دیمەنێکی دیکە. ووشەیەک، قسەیەک بە بیرتدا دێ و ناگاتە سەر زارت لێی پەشیمان دەبییەوە. دەتەوێ بڕیارێک بدەی بەڵام دەزانی پێت لەسەر زەوی نییە. نە شێعر و نە گۆرانی ناتبا. هەرچێک هەیە لە تاریکی دەروونتدا دەسووڕێتەوە و جار جار بە ئاخێکەوە دێتە دەرەوە.

- فره بیری لێ مەکەرەو. سۆزی ئەچین ئەیوینین.
- ها؟
- هەر ها لە ماڵ باوکیا. وەک جاران ئەچین دوو سێ خول ئەخەوەین بە دەور ماڵەکەیانا، شایەت هاتە بەر درگا. من قسەی تەکا ئەکەم تۆ کارو نەوێ.

ئەو ڕۆژە نەچووم بۆ سەفەرەکە. بە ناو بازاڕدا دەگەڕام و چاوێکم ببوو بە دە چاو بەڵکوو لە ناو حەشاماتەکەدا ببینم. لای ئێوارە بوو من و کەماڵ هاتینەوە کۆڵانەکەیان. مناڵ لە باوەش لە بەر درکە وەستا بوو، لەگەڵ ژنە جیرانێک قسەی دەکرد.

دڵم دا خورپا، لە وێنەی خەونەکانم جوانتر و نەختێک روو کراوەتر بوو. کەماڵ چووە پێشێ نازانم چی پرسی و چی گوت. مرۆڤ ئەگەر شتێکی لە دڵدا نەبوو، وەکوو من لە قسە کردن ناپرنگێتەوە. من لە دوورەوە راوەستام. ئەژنۆم دەلەرزی. کەماڵ ئیشارەی بە منیش کرد. من دەستێکم بەرز کردەوە.

- هیچ، چەم وت. وتم داخۆا ئەو ماڵەی هاوساتان فرۆشیاگە. ئەوە جاران ماڵ ئێمە بوو. سەفورا خانم، مناڵیەکانمان خوەشتر بوو لەم کووچەگەلا. خوەشحاڵم چاوم پێتان ئەکەفێتەو. هاتگن بۆ سەردان یا؟ وتی جارێ هام لێرا. وتم بە خەیر بیتەو... ئا برا خۆ قسە نییە بە کۆڵ شێرەو. خۆ بنیام ناخوەن.

بەڵام بۆ من بە کوڵ شێرەو بوو. ئاخر من نەمدەتوانی ئەوەی لە دڵمدا بوو بیڵێم و ئەوەش پێشی بە قسەی دیکە دەگرت. بە خۆم دەگوت: باشە ژیانی قوڕ بەسەر. تۆی بێ باب و دایک و بێ خانە و لانە چی پێیدەڵێی. ئەو ئێستا لە ژیانێک دەگەڕێ کە لە ماڵ باوک و تانە و تەشەری ئەم و ئەو رزگاری بکا و لە ژیانی مێردەکەی پێشووی خۆشتر بێ. پێم ناڵێی ئەتۆ چت هەیە پێشکەشی بکەی. گیرەم قسەشت کرد و رازی بوو، وەڵامی هەڵاڵە چۆن دەدەیەوە. چۆن بەرگەی گلەیی چاوەکانی دەگری؟

دوو رۆژی دیکەش بەم دەردەوە تلامەوە. باشتر هەر ئەوەیە بڕۆم و نەگەڕێمەوە. خەیاڵ لە راستییەکان خۆشترە. با بە ئارەزوییەوە بژیم، ئەوە یانێ شتێکم بۆ ژیان هەیە. هەتا راستییەکان ئاوێنەی ئارزووە خەیاڵییەکانیان لیڵ نەکردووە، با بڕۆم. نامە کۆنەکەی نێو کتێبەکەم دا بە کەماڵ کە هەرچۆنێک بووە، پێی بدا. نەک بە تەمای شتێک بم، تەنیا دەمەویست بزانێ لەو دنیا کەسێک هەیە خۆشی دەوێ. بڕیارم دا لەبیر خۆمی بەرمەوە. نا من نەبووم بڕیارم دابوو، هەڵاڵە بوو ئەمری دەکرد.

*

دەبووا لە سێرێیانی تیکاپ دابەزم، خەوم لێکەوتبوو، گەییشتینە سەقز و هەموو دابەزین. لە گاراژ پرسیم: لێرە ماشین هەیە بچێ بۆ هەوشار؟ نەخێر بڕۆ بۆ بوکان یان بگەڕێیەوە بۆ سێرێیانەکەی تیکاپ.

نەختێک بەناو شاردا گەڕام ئێرەش سنە چکۆلەیەکە. بڕێک زاراوەکەیان و سەرپێچەکەیان جیاوازی هەیە. خەڵکی ئێرە زیاتر لە سنە جلی کوردییان لەبەردایە. ژن بە دەگمەن لە شەقام و بازاڕەکاندا دەبیندرێن. لێرەش هەژار، هەژارە و دەوڵەمەند، دەوڵەمەندە و خاوەن ماشین و تەلار.

سوار ماشینی بوکان بووم. منی سەفەر نەکردوو، ئەوە لە یەکەم رۆژدا دوو شارم دیت. بوکان بۆ من بە ناوی حەسەن زیرەکەوە دەناسرا. حەزم دەکرد بچم سەری گڵکۆکەی بدەم، نەکرا. دەبوو خێراکەم سواری ماشینی تیکاپ بم.

لە تیکاپەوە بۆ سەدی سارۆخ ماشین نییە و دەڵێن هەژدە کیلومێترە. ئێوارەیە و بۆ ئەوە نابێ بە پێیان لەو جادە نائاشنایە بدەم. لەوێش بە شەودا بچمە کوێ. لە میوانخانە چڵکنەیەکدا کە پێم وابوو دەبێ هەرزان بێ، لامدا. شناسنامە بدە و لە کوێیەوە هاتووی و بۆ کوێ دەچی؟ بە فارسی وەڵام بدەوە و

پارەکەشت لە پێشدا بدە و هەر چاوی لە تورەکە چکۆلەکەی دەستم بوو.

- چی تێیدایە؟
- تەڕەتۆڵەکە.

نەیزانی دەڵێم چی، لێی گەڕا. کا برایمی لوولەکێش کە باسی ئەم کارەی بۆ کردبووم و ئادرێسی پێدابووم. تەنیا گوتبووی دەچیتە تیکاپ و لەوێوە بۆ کارگەی سارۆخ. نەیگوتبوو، خەڵکی ئێرە کوردی تێدەگەن بەڵام چاوی دیتنی کوردیان نییە. دواتر زانیم نیوەی ئەم شارە کوردە، بەڵام ئەو شەوە من تووشی تورکەکە هاتبووم.

ملی ڕێگام گرتبوو دەڕویشتم. نە ئاو دیار بوو نە ئاوەدانی. کەم کەم خۆر گەرمی دەکرد و دەنگی جوڕە پێدەگوتی کە زۆر گەرم دەبێ. ئەم بەر و ئەوبەری جادە مەزرای گەنم و جۆی دەیمەکاری بوو.

خواوڕاسان کومپرێسییەک پەیدا بوو، دەستم هەڵێنا. رایگرت. کاتێکی پێچوو کە تۆزەکەی بڕوا و کابرای شۆفێرببینم. بە تورکی پرسی بۆ کوێ دەچم. یان من پێم وابوو ئەوەی پرسیوە. بە فارسی گوتم دەچم بۆ سەدی ساروخ.

- بیا بالا (وەرە سەرێ)

نێو ماشینەکە پڕ بوو لە دووکەڵی جگەرە. شۆفێرەکە کابرایەکی لەڕی رەش داگەڕاوی کەپۆ داچۆڕاو، دیار بوو تریاک زۆر دەکێشێ. یەک بە دوی یەکدا دەندەی دەگۆڕی و هەوڵی دەدا ماشینەکە لە قووڵکەکان لا بدا. جگەرە کوژاوەکەشی هەر بە لێویەوە بوو.

- بۆ کارگە دەچی؟
- بەڵێ.
- لەوێ کار دەکەی یان لە کار دەگەڕی؟
- لە کار دەگەڕم.
- دەبێ راست بچیتە لای موهەندێس. من دەفتەرەکەیت پیشان دەدەم.

ئەم قسانەشمان هەموو بە فارسی بوو. دوایە دەستی پێکرد. خەڵکی کوێی و بابت چکارەیە و چ دەزانی و... تابلۆی پرۆژەی جەهاد سازندگی "پایاب سد ساروق" مان لێدەرکەوت.

موهەندێس لە هەموو شتێک دەچوو موهەندێس نەبێ. کابرایەکی باڵا کورتەڵەی ریش ڕشکنی، کەپۆ پەتاتە. کڵاو کاسکێکی سپی لە سەر نابوو، لە کیسەڵێک دەچوو کڵاوت لەسەر نابێ. دەنگی نەرم و ئارام بوو. بە زاراوەیدا دیار بوو فارسە. دوو کەس لە پشتییەوە راوەستابوون.

- چ دەزانی؟
- جۆشکاری.
- کاری ئارماتۆر دەزانی؟
- دەزانم.
- وەرە بۆ دەفتەر.

لە دووی کەوتم. ئەو دوو کەسەکەش بە دوومدا هاتن. وەمدەزانی ئەوانیش بۆ کار هاتوون. دوایە زانیم ئەوانە موحافێز و بەردەستی جەنابی موهەندێسن. کاری وەرگێڕیشی بۆ دەکەن. چوونکە بەشێک لە کرێکارەکان فارسی نازانن.

پرسیارنامەیەکی لە پێشم دانا. قەڵەمەکەم هەڵگرت بنووسم.

- خوێندەواریت چەندە؟
- شەش کلاس
- بیدە من بینووسم.

شناسنامە و بەرگی سەربازی لێوەرگرتم. لە رووی شناسنامەکە بۆ خۆی نێوی باوک و شوێنی دانیشتن و نازانم چی دیکەی نووسی. دوایە پێیدامەوە ئیمزای بکەم. نەشم پرسی مانگانەم چەند دەبێ.

- باشە ئەتۆ کەفیلی، ئەی کێ ئاگای لە دایکت دەبێ.
- خۆشکێکی چکۆلەم هەیە.

- دەبێ بزانی بەم زووانە پارەت پێ نادرێ. یەک حەفتەش تاقی کردنەوەیە. شناسنامەکەت هەتا کۆتایی ئەو یەک حەفتە لای من دەبێ.

بانگی یەکێک لە بەردەستەکانی کرد.

- غەزەنفەر! ئەمە بدە تەحویلی شەوزەب.

شەوزەب سەرکرێکاری بەشی ئارماتۆر بوو. کابرایەکی بە قەڵافەت و ناوچاوگرژ بوو. بە تورکی و توندی ئەمری بە کرێکارەکان دەکرد. یا خۆ دەیەویست پشیلەی من لەبەر دەرکە بکوژێ. یەکەم کار بارێکی قورسی بە کۆڵمدا دا کە بیگوێزمەوە. ئاسنەکان زۆر داخ ببوون، دیتم کەس دەستەوانەی لە دەست نییە. منیش قۆڵی کراسەکەمم هێنایە بەردەستم و شیشە ئاسنەکانم هەڵگرت.

هەتا ئێوارە بە قەت سێ کرێکار کاری لێکێشامەوە. نیوەڕۆ لە دووی کرێکارەکانی دیکە کەوتم. چووینە هۆڕێک بۆ نان خواردن. دوو ریز مێز وکورسی دانرابوو. لە بن ساڵۆنەکەوە ئاشپەزخانە بوو کە سێ کەس، دوو پیاو وژنێکی سەر و مل داپێچراوم دیت کە لەوێ کاریان دەکرد. خواردن برنج و پەتاتە. بۆ شوێنێکی بەتاڵ دەگەڕام، یەکێک بانگی کردم و بە کوردی گوتی: وەرە لێرە دانیشە. دەتگوت دڵم ئاوپژێن کرا، لە

بەیانییەوە یەک ووشەی کوردیم نەبیستبوو. سپاسم کرد و لە تەنشتی دانیشتم. هەموو دەور وبەرەکە چاویان لێدەکردم. بۆ من ئاسایی بوو. تازەهاتوو و کورد و خوڵکی ئەو برادەرە سەرنجیانی راکێشا بوو.

- من نێوم فایقە، ئەی ئەتۆ؟
- ژیان
- خەڵکی کوردستانی خوارووی. بە لەهجەتدا دیارە.

فایق پیاوێکی چل چلوپێنج ساڵان دەهاتە بەرچاو. سەر و مل ئەستوور و دەمووچاوی گرد و نەختێک رەشداگەڕاو. دەست و مەچەک ئەستور و هەر دووک گوێ وەکوو زۆرانگیرەکان شکا بوو.

- بەخێر بی. لە کام بەشدای.
- ئیمڕۆ لە بەشی ئارماتۆرا بووم، وەلێ من جۆشکارم.
- ئەی بۆ نەیانناردیە بەشی جۆشکاری؟
- ووتیان حەفتەیەک ئازمایشییە.
- ئای لەو سەگبابە.
- هێندێ لە خواردنەکەت هەڵگرە بۆ شەو، شام هیچ نادەن.

من هیچم نەبوو برنجی تێکەم. تورەکەکەشم لە بن بەردێک دانابوو هەتا بزانم شەو لە کوێ دەخەوم.

کارگە لە چەم و دۆڵی بەر سەدەکەدا بوو. لە تەختاییەکدا کە دەیڕوانی بە سەر دۆڵەکەدا چەند خانووی گەورە و بچووکی بە تەختە کراو بە دەور مەیدانێکی خۆڵەپۆتدا قوت کرابوونەوە. یەیکیان وەکوو ئەنبارێکی گەورە بوو. ئەوە ئەو شوێنە بوو نانمان لێی خوارد. یەیکیشیان سپی بوو، ئەوە دەفتەری موهەندێس بوو. لە شاندەستییەوە ژووری دوو بەردەستەکەی بوو. لە پشتەوە بە مەودای دوو سەد مێتر لە تەنشت بێشە چنارێکدا، خانوویەکی گەورەتر هەبوو کە گوتیان چایچی و بنەماڵەکەی لەوێ دەژین. ژنەکەی ئەوە بوو کە لە ئاشپەزخانە کاری دەکرد، کچێکی سێزدە چواردە ساڵان و کوڕێکی چکۆلەشی هەبوو. ئەم خانووە پێشتر خانووی موهەندێسی پێشوو بووە. لە ریزی دووهەمدا ژووری نوێژکردن بوو کە شێرەیەک ئاویشی لە پێش بوو. کەمێک لەولاترەوە پێنج توالێت ساز کرابوو کە بۆنی دانیشتوانی ریزی پێشەوەی هەراسان کردبوو. هەرچی مێشی ئەو بیابانەش بوو لەوێ ویزەیان دەهات. بۆیە زۆربەی کرێکارەکان بۆ خۆ بەتاڵ کردن دەچوونە بن داران.

ئێوارە غەزەنفەر پێی گوتم بڕۆ خانووی ژمارە ٩.

ژماره ۹ شوێنی پێنج کەس بوو. پێشتر چوار کەسی لێبوو. پێنج قەرەوێڵەی نیوە شکاوی فەنەری تێیدا دانرابوو هەر تەختەش دوو پەتووی لە سەر بوو. دواتر زانیم ئەگەر لێفە و دۆشەکەت دەوێ دەبێ خۆت بهێنی. کا جەمیل گوتبووی لە زیندان هەر دوو پەتوویان بە زیندانی دەدا و قەرەوێڵەکانیش دوو قات و سێ قات بوون.

سڵاو و چاک و خۆشی و لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا راوەستاوم بزانم جێگاکەی من کامە. یەکیان گوتی: ئەوەی بەردەرکە بەتاڵە. تورەکەی جلەکانم لەسەری دانا و چوومە دەرەوە بزانم دوکانێک یان چایخانەیەک پەیدا دەکەم چاری برسییەتی بکەم. نەبوو، هەموو خزابوونە ژوورەکانیانەوە، فایق نەبێ هێشتا لودێرەکەی دەخولاندەوە و خاک و بەردی هەڵدەگرت و دەیخستە شوێنێکی دیکەوە. بەناو پۆلەداری تەنیشت سەدەکەدا چوومە سەر ئاوی گۆلەکە و سەر و چاوێکم شوشت. نەختێک بە دەوربەردا خولامەوە بەڵکوو پنگ یان کوزەڵە بدۆزمەوە، نەبوو.

هاتمەوە ژوورەکە دیتم چوار هەواڵەکەم دانیشتوون بە دەور چراگازێکدا تریاک دەکێشن و ژوورەکەیان پڕ کردووە لە دووکەڵ. خولکی منیشیان کرد. سپاسم کردن. بە تورکی پێکەوە

دەدوین نەمدەزانی چ دەڵێن. دووکەڵ کردن تەواو بوو. سفرەیان داخست و برنج و پەتاتەیان هێنایە پێشێ. نان و تەماتەشیان هەبوو. کە گوتیان فەرموو! چوومە پێشێ یەک دوو پاروم لەگەڵیان خوارد. زکی برسی شەرم ناناسێ.

ئەوەندە بە ماندوویی نووستبووم نەمزانی کەی رۆژ بووەوە. هەوالان بە خەبەریان هێنام. چوومە دەرێ لە ئاودەس دەگەڕام فایق بەرەوڕووم هات.

- دوێنەشەو لە کوێ بووی، بە دواتدا گەڕام. بە برسیەتی نووستی؟

- نا ئەو هاومەنزڵگەلمە بەشمیان دا.

- وەرە من نان و چایم هەیە. با بڕۆینە لای من. ئاو دەستەکە لە پشت مالانەوەیە. بەلام دەبێ ئەفتاوەی خۆت هەبێ، وەرە من هەمە.

بە دەم قسەکردنەوە بە پەلەپەل نان و چای شیرینمان خوارد و دابەزین بۆ ناو کارگە.

- ئەگەر پارەت هەیە. ئەو چایچییە هەموو رۆژێک دەچێتە شار بۆ شت کڕین. پارەی پێ بدە نەختێک نان و پێخۆرت بۆ بێنێ.

- حەق رێگای گەرەک نییە؟

- ئەوە مووچە دەستێنێ کە ئەو ئیشە بکا، بەڵام ئەوەش بزانە بڕێک لە پارەکەت هەر دەخوا. بەڵام چار نییە. ئەگەر پارەشت نییە من بەشی دوو سێ ڕۆژمانم هەیە. جلەکانیشت بێنە لە لای من دایبنێ. ژوورەکەی من جێ هەردووکمان دەبێتەوە. ئێوارە دەچین جێ خەوەکەشت دێنین.

- ئەکرگێ جێگاکەم بگۆڕم؟ ئیراد ناگرن؟

- ئەوە لە ئەستۆی من. سەگ لە من ناوەڕێ.

ژوورەکەی فایق خورەتاوگیر و بچووک بوو، کە دەرکەت دەکردەوە گەرما وەکوو دوژمنێک چاوەڕوانت بوو. دەبوا دەرکە و پەنجەرە چووکەکە بکەیەوە و دەسەسرێکی تەر بە سەروچاوتدا بدەی هەتا بتوانی وچانێک بدەی.

- ڕۆژی هەینی دەڕوین بۆ شار هێندێ دۆشەک و شتە دەکڕین. تا ئەوکات بەو دوو پەتوە قەناعەت بکە.

ڕۆژی دووهەم تازە دەستبەکار ببووین. مەهەندس و دوو دۆڵکەکەی پەیدا بوون. بە ئیشارەی دەست منی بانگ کرد.

- برۆ بەردەستی مێعمار بزانە کاری چییە.

مێعمار کامڵە پیاوێکی سەرتاسی لاواز بوو کە بە فارسییەکی باش دەدوی. یەک دوو کاری پێدام، ئاگام لێیبوو چاوەدێریم دەکا. لوولە جۆشکردن بوو. گەرچی پێشتر ئەو شێوە کارەم

نەکردبوو، بەڵام باش لەئاو دەرهات. دوایە کاری یەک رۆژی بۆ دیاری کردم و بە جێ هێشتم.

- سبەی دەچیتە کارگەی ئەو بەر بۆ جۆشکاری.

چایچی بە نێو کرێکاراندا دەگەڕا و سفارشی وەردەگرت منیش پارەی هێندێ نان و قەند و چا و پەنیرم پێیدا. نیوەڕۆ دیسان برنج و پەتاتە بوو.

- کاک فایق وادیارە لێرا گۆشت حەرامە.

- دەڵێن موهەندس سەوزی خۆرە بۆیە لە ئێمەشی حەرام کردووە.

بە گوێمیەوە پچاند.

- لە لیستەدا هەیە، پارەکەی دەدزن. لە باتی سێ ژەم یەک ژەم دەدەن. ئەویش رۆژانی هەینی کە زۆربەی ئەم جەماعەتە لێرە نین.

- دەچنە کوێ؟

- ئەمانە خەڵکی ئەم دێهاتەی دەوروبەرن، دەڕۆنەوە ماڵی خۆیان. هێندێکیشیان ماڵیان نزیکە هەموو شەوێک دەڕۆنەوە. گوندەکانی دەوروبەری ئەم چۆمە کە ئێمە کاری تێیدا دەکەین، لەوبەر زۆربە تورکن و ئەم بەر زۆربە کوردن.

- ئەگەر وابێ ئێرە مەرزی تەبێعی کورسانە.

- دەبێ وا بێ. جارێ لەم کارگە کە کەوتووەتە ئەم بەرە کە تۆ دەڵێی کوردستان، کرێکارەکان جگە لە من و تۆ هەموو تورکن.

- بۆچە، کرێکار کوردیان گەرەک نییە یا چە؟

- کرێکاری کوردی ئەم ناوچە هەموو پێمەڕە بە دەستن. کاری سەنعەتی نازانن. کاری پێمەڕەش نەماوە. لودێرەکەی من لە یەک سەعاتدا کاری پەنجا کرێکار دەکا.

پێم وایە شەوی دووهەم بوو، پێی گوتم:

- ئەتۆ کرێکارێکی باش و لێزانی، بەڵام لە کارگەی وەکوو ئێرە کارت نەکردووە. دەبێ زۆر چاو کراوە بی. سەگ و گورگ زۆرن. ئێرە جیاوازی لەگەڵ کارگەی ناوشار زۆرە. زیاتر لە سەد کەس لێرە کار دەکەن. بەشی هەرە زۆریان کرێکاری وەرزین و بەس چاویان لە پارەیە و بۆ پارە هەموو شتێک دەکەن. بە وردی سەرنجی ئاکار و گوتاریان بدە. تێدەگەی کێ بە کێیە.

- جاسوس ها لە ناویانا؟

- هەم هی موهەندێس و هەم هی لەو سەرەوەتر. هەر کەس لەخۆڕا باسی حوکومەتی کرد، مەیدوێنە. یان خۆت بدە لە گێلی. ئەو چایچییە دەبینی دوای نیوەڕوان دێ چای دەفرۆشێ و بە دیار ئەم و ئەوەوە رادەوەستێ، ئەوە سیخۆڕی بۆ

موهەندێس دەکا. ئەمانە سەگن، ئەگەر شکیان لە کەسێک بێ، تەنیا بە دەرکردن ڕەزایەت نادەن، دەینێرنە ئیتلاعات. بۆ ئەوە پارەکەی نەدەن و بۆی بخۆن.

- موهەندێس بەراسی موهەندێسە؟
- دوایە پێت دەڵێم.

ئەم شرکەتە، زۆر دەوام ناهێنی. پرۆژەیەکی زەلامە و شەریکەکە بچووکە. ئەگەر پارەیان هەبێ هەتا زستان دەوام بێنن، باشە. تا ئێستا دوو جار لەبەر کەمی بودجە دەستیان لێکێشاوەتەوە. ئەمە جاری سێهەمە.

فایق دەنگی خۆش بوو، جار جار لەبەر خۆیەوە مۆرەمۆرێکی دەکرد. بلوێرێکیشی هەبوو لە نێوان گۆرانییەکاندا فووی پێدا دەکرد. منیش ئەگەر ئەو گۆرانییەم زانیبا، لەگەڵم دەگوتەوە. بەمانە شەومان تێدەپەڕاند. دەیگوت:

- هیچ شتێک وەکوو موسیقا سەرنجی مرۆڤ ڕاناکێشێ. دەڵێن لەبەر ئەوەیە کە لاسایی دەنگەکانی سروشتە کە مرۆڤ بە ملیۆن ساڵ گوێ لێی بووە. مەولەویش دەڵی لە بەهەشتدا گوێمان لێی بووە، ئەو هەموو فەیلەسوف و نووسەر و شاعێر و ڕەسام و... هەیە هیچیان بە ئەندازەی گۆرانیبێژێکی دەنگ ناخۆش خەڵکیان لێ کۆ نابێتەوە. لە هەموو شوێنێکی دنیا هەر

وایە. دەزانی بۆ وایە؟ من پێم وایە مرۆڤ لانی کەم مرۆڤی ئەمرۆیی، بە گشتی تەنبەڵە. تاقەتی بیرکردنەوەی نییە. ئەو هونەر و فەلسەفانە بۆ تێگەییشتن بیرکردنەوەیان دەوێ. بەڵام موسیقا بە هەست تێدەگەی. نە زانستی دەوێ، نە سەواد.

دە پازدە دانە هەڵماتی هەبوو، قوتوویەکی بە بزمار بە دیوارەکەی بەرانبەریدا کوتابوو. رادەکشا و هەڵماتەکانی فڕێدەدا بۆ ناو قوتووەکە. هەر کامی تێ نەکوتبا دەیگوت "ئای لەو سەگبابە"

کاتێک ژیان فشارت بۆ دێنێ پەنا دەبەییە بیرەوەری منداڵی و دەورانی بێ خەیاڵی لاوەتی، زیاتر ئەو شتانە باس دەکەی کە خۆش بوون. من و فایقیش هێندێ بەسەرهاتی تاڵ و شیرینمان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. ئەو بە ئەسڵ خەڵکی برادۆستە.ماڵیان هاتووەتە تەورێز و لە زانکۆی تەورێز خوێندکار بووە و دوو ساڵ پێش رووخانی رژیمی پێشوو بە تاوانی پەیوەندی لەگەڵ چریکە فیداییەکان گیراوە و دە ساڵ زیندانی بۆ دەرچووە و لە کاتی شۆڕشدا زیندانەکان کراونەتەوە و ئەویش ئازاد بووە. دیسان ساڵێک دواتر لە لایەن ئەم رژیمەوە گیراوە و پاش ساڵێک بەردراوە و لەوکاتەوە خۆی شون ون کردووە.

- خزمێکی خوێڕی خۆم کە ببوو بە کومیتەچی راپۆرتی لێدابووم. ئێستا بووەتە سەرهەنگی سپا. دەزانم هەتا ئەو سەگبابە مابێ من رووی خۆش نابینم. قینەکەشی ئەوە بوو کە تەماعی لە کچێک بوو کە من دەمەویست بیخوازم. دەیەویست ئەویش بە گرتن بدا و لەو رێگاوە دەستی پێی بگا. ئاخریشی نە بە نەسیبی ئەو بوو نە من. کچە چوو بۆ ئۆروپا.

- بۆ نەچووی بە شۆنیا.

- ئێستاش نازانم لە کوێیە. پەیگیر نەبووم. ئەویش رۆی و ئاوری لە دوا نەداوە. منیش خۆمم تێکەڵی ئاوارەکانی شەڕی ئێران و عێراق کرد و بەم پێناسەوە بووم بە کرێکار. هەر ساڵە و لە کارگەیەکی ئەم وڵاتەدا بەسەر دەبەم. پێم وایە تۆش خۆتت تووشی ئەم ئاوارەییە دەکەی، کە نەیکەی باشترە.

- چە بکەین بەش ئێمە هەر ئەمە نییە؟ ئێمە لە هیچ کوێ هەر هیچێکمان نییە بگەڕێنەوە بۆ لای، یا خۆ دڵمان نەی بە جێ بێڵین.

- دەبێ ئەو شتە بۆ خۆت پێکی بێنی. ئەگەریش ئاوارەیی هەڵدەبژێری لازمە بزانی بۆ چییە، بەرهەمەکەی چ دەبێ، ئەگەر هەر نان و جل و پێڵاوە ئەوە سواڵکەرێکیش هەیەتی. ئەتۆ کرێکاری، خەڵک بە بەرهەمی تۆ نان دەخۆن. دیارە ئەگەر

ئەو زانیارییەت هەبێ. دەنا وەکوو زۆربەی ئەم کرێکارانە دەبی، کە لێرە دەیانبینی. ئەمانە بۆ خۆشیان کرێکاری بە شتێکی نزم دەزانن. کاتێک دەڵێن من کرێکارم وەکوو ئەوەیە بڵێ من بێچارەم. زانیاری لەسەر هێزی خۆی نییە. ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوەیە کە کولتورەکەی گوندییە. خەڵکێک کە کشتوکاڵ دەکەن خۆیان بە مالک دەزانن، مالکی زەوی. ئێستا کە زەویەکەی نەماوە، یان ماوە بەشی ناکا و بووەتە کرێکار هەر بیری لای ئەوەیە پارەیەک پەیدا بکا و بچێتەوە سەر زەوینەکەی. بۆیە کولتورەکەشی رادەگرێ.

- من هەرتا کلاس شەش لە ئاواییەک زینگیم کردگە. ئەزانم بە خاتر مامرێک سەر یەکتر ئەشکنن.

- دەزانم باست کردووە، بەڵام پێم وا نییە لەو کارگەی جۆشکاریەدا کە کارت کردووە، شاگردەکان ئاوەها بووبێتن.

- نا ئێمە پولیشمان بۆ یەکتر خەرج ئەکرد.

- شوێن و بابەتی کار بۆچوون و چۆنیەتی پەیوەندییەکانمان و بیر و باوەڕمان دیاری دەکەن.

- خۆ لێرەیش گشتیان کرێکارن، من ناوینم رەفاقەتێک لە بەینیانا بێ.

- هەیە تۆ نایبینی. ئەو سێ گەماڵە، موهەنێس و دوڵکەکانی (وەکوو تۆ نێوت لێناون) هەر ئەوەندە ببینن دوو سێ کەس سەریان پێکەوە ناوە، یان دەریان دەکەن، یان هەر کامیان دەنێرنە شوێنێکی دیکە.

- وەلێ ئێوە شۆفێرەکان فرەوەخت جەم ئەونەوە و کاریشیان پێتانەو نییە.

- ئەوان دەزانن ئێمە بۆ خواردنەوە کۆ دەبینەوە. لەگەڵ ئەوە کێشەیان نییە. لە نێو ئێمەشدا هەیانە کەسێک راپۆرتیان بۆ ببا. دەیناسین. هەر کە ئەو هات قسە دەگۆڕین.

شۆفێرەکان یارمەتی یەکتریان دەدا. ماوەیەک شۆفێری جەرسەقیلەکە نەخۆش بوو، فایق لە باتی ئەو کاری دەکرد. ئەگەر یەکیان ویستبای بچێ بۆ شار بۆ کاری خۆی، شۆفێری مینی بوسەکە دەیبرد و دەیهێنایەوە.

سەر مانگ کە پارەمان وەرگرت فایق بە شۆفیری مینیبوسەکەی گوت:

- جمعە دوای نیوەڕۆ سویچەکە دانێ ئەچم دەورێک دەدەمەوە.

- نەختێک نانی تەنووری بۆ منیش بێنە!

هەتا جمعە خەوم بە نانت تەنوورییەوە دەبینی.

- دەچین بۆ ئەو گوندانە نەختێک کەرە و پەنیر دەکڕین و شاتە و کولێرەیەک دەخوین.

- گوندی کوردانە؟

- ئەم گوندە نێوی قەرە باوایە. "قەرە"کەی تورکییە و "باوا"کەی کوردییە. کورد و تورک تێکەڵن. ئێمە دەچینە ماڵە کوردێک.

مینی بوسەکەمان لە بەر دێ ڕاگرت. منداڵی ڕەش و ڕووت دەوریان داین. فایق بیری ئەمەی کردبوو. هەر یەکەو شوکلاتێکی لە دەست نان. ڕوومان کردە ماڵێک کە دیار بوو فایق دەیانناسێ. باوک و دایکی ماڵەکە زۆر بە ڕوو خۆشی پێشوازییان کردین.

- شەوکەت خان ئەمە دەستەبرای منە، نێوی ژیانە. کوڕی چاکە. هاتووە شاتە و کولێرە بخوا.

- بە چاوان. ئێستا چایەکەش پێدەگا. دا هەستە کچێ سەماوەرەکە هەڵکە.

سێ کچ لەبەر تەون دانیشتبوون. نەمزانی مەبەستی کامیانە، یەیکیان هەستا. دایە بۆ خۆی قۆڵی لێی هەڵماڵی و کەوتە هەویر کردن.

- ئەوە کچی خۆمە، ئەو دووەکەی دیکە دێن بۆ یارمەتی.

- کرێکارتن.
- بەڵێ.

کچەکە قژکاڵ و روومەت سپی بوو، بە بیر سەفورا کەوتمەوە. لۆی سەرپۆشەکەی بە بەردەمیدا گرتبوو. دوو سێ کچ و کوڕی چڵکنە دەهاتن لەبەر دەرکەوە چاوێکیان لە ئێمە دەکرد و بە پێکەنینەوە بە دوی یەکدا هەڵدەهاتن.

- تەونەکە هی خۆتە یان ئیجارەیە.
- ئیجارەیە قوربان کوا ئێمە پێمان دەکرێ بۆ خۆمان فەرشی ئاوەها بکەین.

من پرسیم ئیجارەیی چۆنە؟

- ماڵی تاجرە. ئێمە ئەگەر خۆمان بیکەین، کەلوپەلەکەی زۆر گران دەردێ، دوایەش کە دەیفرۆشین، مایەکاری دەردەچێ. بە باشی لە ئێمەی ناکڕن. دەیانەوێ ئیش بۆ ئەوان بکەین. ئەوان دێن هەر لەم گوندانە خوری بە تۆن دەکڕن. دەیبەنە شار کارخانەیان هەیە، دەیڕێسن و رەنگی دەکەن. دوایە بەن و دەزووەکە دێنن بەشی دەکەنەوە بە ماڵاندا. ئێستا دەست زۆر بووە، نرخی کارەکەش دابەزیوە. لە شاریش کارگەی گەورەیان هەیە. بە هەرزان منداڵ کاریان بۆ دەکەن، بۆیە نرخی ئێمەشیان شکاندووە. ئەگەر ئەو پارچە زەویە و ئەو دوو

مەڕ و ماڵاتە نەبێ ئیدارە ناکەین. دوایەش خۆیان دەستیان هەیە دەیفرۆشن بە خارج.

- بۆچە تاجرەکەتان ناگۆڕن؟ من بووم پرسیارم کرد.

- ئێمە ئەوان هەڵنابژێرین. ئەوان ئێمە هەڵدەبژێرن.

تاجرەکان هەموویان دەستیان لە نێو دەستی یەکترە.

- جا ئێوەیش دەست بکەنە یەک و بێژن بەو نرخە نایکەین!

- ئێمە پێویستیمان بە ئەوانە نەک ئەوان بە ئێمە. ساڵێک بازاڕ خراپ بوو، تاجر نەهات. بە هەموومانەوە چووینە بەر حوجرەکەیان تکامان کرد کارمان پێ بدەن. گوتیان ساڵێکی دیکە. نەکرا.

ئێستا باشترە. ئەمەیان تا مانگێکی دیکە دەبڕین، سفارشێکی دیکەشمان هەیە.

نان و کولێرە و کەرەی خۆماڵی، هێندەم خوارد کە فایق گوتی:

- خۆت مەخنکێنە، دەیبەینەوە، لە دەستت دەرناچێ.

- کاک شەوکەت دە نانم بە جیا بۆ دانێ، بۆ شۆفێری مینی بووسەکەم دەوێ.

له هاتنەوەدا، شەوکەت هەتا پێش ماشینەکە لەگەڵمان هات. فایق برێ پارە کە نەمزانی چەندە لە گیرفانی شەوکەتی نا.

- خواماڵت ئاوەدان کا، سەرمان بدەنەوە.

تاریکی کردبوو و ڕێگای خوار و خێچ و خۆڵەپۆتی ئەو ناوچە بۆ ئەوە نەدەبوو توند بڕۆی.

- ئەو چرای ماڵگەلە لەم تاریکییا فرە قەشەنگن. وەسە هەسارەی سەر زەوی.

- کاتی خۆی ئەم ڕێگا بە دەستی پێشمەرگەوە بوو. هەموو ئەم ناوچە. بۆ پێشمەرگە چرا لە دوورەوە یانێ شوێنی گەرم، یانێ چای و نان و جێگای نەرم بۆ خەو. بەڵام ئەگەر بەدەست دوژمنەوە بێ ئەوە یانێ شەڕ و نەگبەتی و بریندار بوون و مردن. ئەمەیە جیاوازی داگیرکراوی و نەکراوی.

- ئیسە پێشمەرگەکان هان لە کوێنا؟

- دەبێ لە دەوروبەری سنوور بن. یان لەو دیوی سنوور. باش نازانم.

- پێشمەرگەیت کردگە؟

- ماوەیەک لەگەڵ کەوتم. عەشیرەتی ئێمە زۆربەیان لەگەڵ بوون.

- بۆچە جێت هێشتن؟

- کردیان بە شەڕی ناوخۆی خۆیان. هێندەیان لە یەکتر کوشت کە دەوڵەت بە دە ساڵیش نەیدەتوانی نیوەی ئەوەیان لێ بکوژێ.

- لەسەر چە؟

- دەسەڵات کاکە، دەسەڵات. هەموو شەڕێک هەر وایە. حوکومەتیش هەر بۆ دەسەڵاتی خۆی شەڕ دەکا. بەڵام هەموو لایەکیان لە ژێر دروشمی دیکەدا دەیشارنەوە. یەک دەڵێ ئەوی دیکە دیکتاتۆرە و ئەوی دیکەش دەڵێ ئەمان ئاژاوەچین و لە ئەساسیشدا لەسەر دەسەڵاتە بەسەر ناوچەدا. دەوڵەتیش ناخوونەکڕێیان بۆ دەکا. رادەوەستێ خۆیان یەکتر داپاچن و بێ هێز ببن و ئەو کات کاری ئەو بۆ لەنێوبردنیان هاسان دەبێتەوە. حێزبەکانی ئێمەش وەکوو حوکومەت لە باتی بیروباوەڕ بیری قازانجی خۆیانیان هەیە. ئایدۆلۆژییەکان رووکارن. ئەمان چەندە پابەندی ئیسلامەکەیانن، ئەوانیش هەر ئەوەندە کۆمۆنیست و دێمۆکراتن. هەموویان بەس باوەڕیان بە خۆیانە. تا ئەو ئەندازە کە من مێژووم خوێندووە، کورد هەر وا بووە. هەر شەڕی یەکتریان کردووە.

- گەرەکمە پوڵ جەمەوکەم بچم بۆ لای پێشمەرگەکان، بگەڕم بە شۆن باوکما.

- دەزانی نێوی چییە؟ ببوورە بە پێ قسەکانی خۆت دەڵێم.

- نە، نازانم. ئامەش نەیەزانی.

- ئەی چۆن لە کەسێک دەگەڕی کە هیج نیشانەت لێی نییە، تەنانەت ناویشی نازانی. چوزانی ماوە، نەماوە. بە سەدان کەس کوژراون.

- ئامە ئەیوت دایکیشم بە شۆنیا گەڕیاگە. باوکم چووە بۆ جێگایتر و ئەمیش گەرەکی بووگە بیدۆزێتەو، وەلێ چوونکە سکی بە من پڕ بووگە و زمسان بووگە، بەلای ئامەو ماگەسەو، هەرتا منی هاوردگە دنیا. دوایەش کە ووتم گرتگیانە و ئامەیش نەیەزانی چەی پێهاتگە.

- بە سەدانی وەک تۆ ئەم چارەنووسەیان هەبووە.

ئەگەر ئامە داپیرە و باپیرەتی ناسیبا، کارەکە ئاسانتر دەبوو. ئەگەر لە من دەپرسی، باشتر ئەوەیە بە دوی شتێکدا کە نازانی چییە نەگەڕی. خۆت سەرلێشێواو دەکەی. ئای فەڵەک! بەرەی یەکەم فەوتا و بەرەی دووهەمیش هەتیمە.

- دەچم خوەم ئەوم بە پێشمەرگە. هەر نەوێ لەم کرێکارییە خاسترە.

- پێشمەرگایەتی نەماوە هەتا تۆش لەگەڵ کەوی. لە مێژە هیچ هەواڵێکم لێیان نەبیستووە.

دەزانی کرێکاری و کار کردن بۆ خۆی خەباتێکە. ئەگەر بتەوێ بیکەی بە سیاسی یەکەم هەنگاو ئەوەیە مل نەدەی بەو شتانە کە پێت زۆرەملییە. دیارە ئەوان دەستت لێ هەڵناگرن، بە هەر شێوەیەک بووە دەیانەوێ بتشکێنن. دوایە بیر دەکەیەوە چۆن بەرەنگار بییەوە، لە ڕێگا و شێوەیەک دەگەڕی کە بتوانی سەربەخۆیی خۆت ڕاگری. دەبینی نابێ، ئاسان نییە. کە زانیاریت پەیدا کرد دەبینی ئەوە یەک کەس و دوان نییە. بە دڵت چاک بێ نییە. ئەوە سیستەمێکە کە ئیش دەکا. یەک دێ و یەک دەڕوا، بەڵام دۆخەکە هەر ئەوەیە کە هەیە، ناگۆڕدرێ. ئەتۆش بە تەنێ دەرەقەت نای. دەبێ خەباتی بۆ بکرێ، خەباتیش بە تەنێ ناکرێ. دەبێ هەواڵ بدۆزییەوە. پێکەوە ڕێگا و شێوەی خەبات دابنێن. ئەوەیە کە حیزب و کۆمەڵە و هێزی نیزامی و شتی لەم بابەتە ساز دەبێ. شەڕە و دەبێ بکرێ. هەتا مرۆڤ هەبووە و هەیە ئەم چیرۆکە هەر بەم ڕەوتەدا دەچێ. سیستەمێک لە سەر بنەمای زوڵم و چەوسانەوەیە و خەڵکێک کە دەیانەوێ بیشکێنن. ئەمە ماتۆری بەرەوپێشبردنی مێژووە. لەم

شەڕەشدا جار وایە سەر دەکەون و جار وایە بە هۆی نەزانین، یان هەڵە کردن، یان باش لێکنەدانەوەی هەلومەرج، یان ئامادە نەبوونیان، دەدۆڕێن. بەڵام ئاورێک لە ژێر خۆڵە مێشەکەدا دەمێنێتەوە بۆ دەرفەتێکی دیکە. ئەمەش هەر لوژیکی مێژووە.

شەو درەنگ گەییشتینەوە. ئۆردوگا کش و مات و تاریک و نووکەت بوو چرای ماڵی چایچی نەبێ.

- چایچی مەیمانی هەس هەرتا ئێسە نەخەفتگە؟

- ئەوە بۆ خۆی لە ماڵ نییە، ژنەکەی لە ترسان چراکان ناکوژێنێتەوە.

- لە کوێیە ناخێر گیانی.

- رۆژانی هەینی موهەندێس و دوو سەگە پاسەوانەکەی دەبا بۆ شار. دەڵاڵیان بۆ دەکا، سێغەیان بۆ پەیدا دەکا. بەیانی دێنەوە.

نان و کەرە تەواو نەببوو مانگی رەمەزان دەستی پێکرد. رۆژانی درێژی هاوین و گەرما و برسیەتی و کاری قورس یەکانگیر ببوون. کرێکارەکان دوای نیوەڕۆان لاکەیان دەهات. دوو مێرمنداڵیش کە رۆژانی دیکە ئاویان دەگێڕا بەسەر کرێکارەکاندا بێکار کرابوون. ئاشپەزخانە لای ئێوارە دەکرایەوە.

لەباتی نانی نیوەڕۆ نانی شەویان دەدا. دەتتوانی بەشی پارشێویش هەڵگری. تریاکییەکان و جگەرەکێشەکان حاڵیان لە هەموو شڕتر بوو. ئێوارە کە کار تەواو دەبوو، هەتا دەرکەی چێشتخانە بکرێتەوە و بەربانگ بکەنەوە، پاڵیان بە دیواری ماڵەکانەوە دەدا و گلەییان لە خودا و پێغەمبەر دەکرد. هێندێکیشیان بە دەنکە تەسبیح ئەژماردن دەیانبردە سەر. من و فایق وەکوو برێ کەسی دیکە نیوەڕوان خۆمان دەخزاندە ژوورەکەمان و دەرکەمان دادەخست و پاروە نانێکمان دەخوارد. هێندێ لە تریاکییەکانیش هەر بەو شێوە دووکەڵێکیان دەکرد. گەزمەکانی موهەندێس کە ئەرکی چاوەدێری ڕۆژووگرتنیان بە ئەستۆ بوو، دەیانزانی و دەنگیان نەدەکرد. چوونکە بۆ خۆشیان بە ڕۆژوو نەبوون.

مێعماریش بە ڕۆژوو نەدەبوو. جار و بار دەهاتە لای ئێمە بۆ نان بە دزییەوە خواردن. فایق دەیگوت:

- مێعمار لە پێشدا موهەندێس بووە، کۆنە توودەییە، خۆی دەڵێ لەو کاتەوە ڕێبەرەکان هاتنە تلەڤیزیۆن و گووخواردنیان کرد لەگەڵیان نەماوە. ئەمیش پەروەندەی هەیە و کاری موهەندێسی پێی نادەن. پیاوێکی زانا و دڵسۆزە. نێوانی لەگەڵ من باشە. من پێم گوت ئەتۆ بەرێتە لای خۆی. دەنا موهەنێس

هێندەی ئازار دەدای کە لێرە هەڵێی. بەڵام نێوەکەت لە لیستەدا دەمایەوە و مانگانەکەتی لە گیرفانی خۆی دەنا. بە دەیان کەسی ئاوا لێکردووە.

رۆژانی زەربەت خواردن و مردنی عەلی پشوو بوو، شەوەکانیشی شلەزەردیان دەدا و دەبوو بە سینەکوتان. کەس نەیزانی مەلایەک لە کوێیەوە پەیدا بوو. رەوزەی بۆ دەگوتن و دەیگریاندن. وا دیاربوو جگە لە من و فایق کەسی دیکە سونی یان بڵێین بێ باوەڕ نەبوو. ئێمەش خۆمان تێکەڵ نەدەکرد. سەیر ئەوە بوو مێعمار بەشداری دەکرد و سینەشی دەکوتا.

- ئای لەو فێڵەزانە.

- فێڵەزان نییە، ئەمانە هەر ئەوەن. بە سەد ئاوی کۆمونیستی بیان شۆرەوە، پاک نابنەوە. ئەو رۆژانە ئاگات لە خۆت بێ، بەردێکت بەسەردا نەدەن تۆڵەی کوشتنی عەلیت لێ بکەنەوە.

- نە بابە، لە برسیەتییا لاکەیان تێ.

ئەو مانگە مووچە نەدرا، گوتیان پێش جێژنی رەمەزان دەیدەن کە دەکەوتە دە و یازدەی مانگی دیکە. ئاخر هەینی مانگی رەمەزانیش رۆژی قودس بوو. رۆژی پێشتری هەمووومانیان کۆ کردەوە و موهەندێس هێندێ شڕ و پڕی

سەبارەت بە ئیسرائیل و فەلەستین گوت و قسەی ئاخری ئەوە بوو کە سبەی بەیانی هەموو دەبێ لێرە ئامادە بن. رووی لەوانە بوو کە شەوانە یان بۆ رۆژانی هەینی دەچوونەوە ماڵی خۆیان.

- چ خەوەرە؟
- سبەی دەمانبەن بۆ رێپێوان.
- بە سک برسی؟
- بڕی نان لە گیرفانت باخنێ. نمایشە. ناونووسیش دەکەن، ئەوەی نەهاتبێ جەریمە دەکرێ.

دوو پاسیان هێنابوو. مینی بووسەکەی خۆشمان پڕ بوو. سەرکارگەرەکان لیستە بە دەست، نێوەکانیان دەخوێندەوە و ئیشارەتیان لە پێش ناوەکە دەدا.

- کەس لە شار خۆی ون نەکا، لەوێش ئاگادارتانین.

لە دەرەوەی شار پاسەکان رایانگرت. ریزیان کردین و بە دروشم دان بۆ ناوشار. لە سەر کۆڵانێک، فایق دەستی گرت بە دەرپێیەکەیەوە و خۆی کرد بە ناو کۆڵانەکەدا و هەتا گەڕانەوە نەمدیتەوە. من پێم خۆش بوو، بڕۆم بزانم چ دەبێ.

لە مەیدانی شار راوەستاین. خەڵکیان لە شوێنەکانی دیکەشەوە هێنابوو. تاقمێک بە سەر و بەچکیاندا دیار بوو سەربازن. دوکان و بازاڕ هەموو داخرابوو.

فەرماندار و مەلایەک قسەیانکرد و خەڵکیش وەڵامی دروشمەکانیان دەدایەوە. گەرما زۆری هێنابوو. کەسانێک دەفرە ئاو بەدەست بە نێو خەڵکەکەدا دەگەڕان و بە پەڕوە کۆنەیەک سەری خەڵکیان تەڕ دەکرد. دوایە ماشینی ئاوپاشیان هێنا. بۆنی جلی تەڕ دەتیخنکاند. کابرای مەلاش دەیکوت با بزانن حوسەین لە دەشتی کەربەلا چی کێشاوە. ئێستا فەلەستینییەکان وەکوو ئەو بە دەستی ئیسرائیلی شمر و ئەمریکای یەزیدەوە گیریان خواردووە. قسەی قۆڕ زۆر بوو، هەر ئەوانەم لەبیر ماوە.

ڕۆژی جەژن، پڵاو و گۆشت زۆر بوو، چوونکە بەشی زۆری جەماعەت لەوێ نەبوون. من و فایق چووینە جەژن موبارەکی ماڵی چایچی. دوو دۆڵکەکەی موهەندێس لەوێ بوون. کچەکەی چایچی زۆر بە روو کراوەیی وەکوو منداڵە شارییەکان، لەگەڵ میوانان دانیشتبوو. غەزەنفەر زۆر بە چاوحیزی تەواشای کچەکەی دەکرد. فایق یەک دوو لاتاوی پێیدا دا، بەڵام بەخۆی نەگرت. زوو بە جێمان هێشتن. شۆفێری مینی بووسەکە هات لە دووی من و فایق بردمانی بۆ گوندێک، ماڵی ئاشنایەکی لەوێ بوو. لەگەڵ ئەوانیش نانی جەژنمان خوارد. و بڕێک نانی تەنووریمان هێنایەوە.

حەفتەیەک بەسەر جەژندا تێپەڕی و پارە هەر نەهات. بۆڵەبۆڵ و خۆ لەکار دزینەوە دەستی پێکرد.

- ئەرێ مێعمار کەی مووچە دەدەن؟

- منیش بە قەت تۆی لێدەزانم کوڕم.

کرێکارەکان پارەیان لە یەکتر قەرز دەکرد. زۆربەیان هەر بەو یەکژەمە نانەی کارگە دەژیان. ئەوانە کە ماڵیان لە دێهات بوو، تا رادەیەک باشتر بوون. ئەوانیش ئیتر دیاری میوە و سەوزەیان بۆ مەهەندێس نەدەهێنا.

- موهەندێس وەزعی شڕە خوەی ناخاتە بەرچاو.

- ئەوە دەبێ پارەکەی لە حسابی خۆی دانابێ، بەهرەکەی دەخوا. پرسیارێکت لێ کردم سەبارەت بە موهەندێس گوتم دوایی وەڵامت دەدەمەوە. دەبووا لە پێشدا بزانم چەن مەردە هەلاجی، دوایە بۆت بڵێم.

بە قسەی مێعمار ئەم کابرا کە نێوی موهەندێسی لە خۆی ناوە. ئەشکەنجەچی دەزگای ئیڵاعات بووە. یەک دوو کەس لە ژێردەستیدا مردوون. ئەگەر کەسێک بە ئەشکەنجە کەسێکی دیکەی کوشت، تووشی جۆرێک لە خۆبایی بوون دەبێ. هەستێکی درۆزنی تێیدا پەیدا دەبێ کە خۆی زۆر بە هێز دەبینێ. هەستی قودرەت تا ئەو ئەندازە

کە گیان دەستێنێ. ئەو دەم وەڵامی بەرپرسەکانی خۆیشی ناداتەوە. بۆیە کارەکەیان لێ ئەستاندووەتەوە و ناردوویانە ئەم شرکەتە کە لێرە بخوا. نابینی ژمێریاری نییە. حساب و کتاب هەموو لە ژێر دەستی خۆیدایە. هەموو کارەکانی پرۆژەکە مێعمار دەیکا. موهەندێس نازانێ قونی کەر لە کوێ قشلاخ دەگرێ. ئێستاش با بزانین ئەمجارە چ پیلانێکی بە دەستەوەیە. دەبێ نەختێک کرێکارەکان هان بدەین.

رۆژی شەممە کەس نەچووە نێو کارگە. هەموو لە پێش دەفتەرەکەی موهەندێسدا کۆبوونەوە. حەفتەی رابردوو، ئەم بە ئەو و ئەو بە ئەم، قسەی لەسەر کرابوو. موهەندێسیش لە رێگای گوێ قوڵاخەکانیەوە، دەیزانی چ باسە. دوو پاسەوانەکەی لەبەر دەرکە راوەستابوون، خۆی نەدەهاتە دەرەوە. بە دەنگی بەرز ئەلو ئەلو بە تلەفوون قسەی دەکرد. راست یان درۆ، دیار نەبوو. بەشێک لە کرێکارەکان دانیشتن و هێندێک بە سەر پێیەوە. بڕیار وابوو شەوزەب قسە بکا. پاش نزیک سەعاتێک موهەندێس هات دەرکەی کردەوە و بەر لە هەر کەس خۆی قسەی کرد.

- دەزانم بۆ مووچە هاتوون، بەڵام ئەم ئیمامزادەیە مۆجزەی نییە. بە دەست من نییە. بەرپرسانی شێرکەت قەوڵیان داوە، بەڵام کەی پارە دێ منیش نازانم.

- ئاغەی موهەندێس، ئێمە بۆ تۆ کار دەکەین. کەسی دیکە ناناسین. ئەم خەڵکە، ژن و منداڵی برسییە. ئێوە گوتتان دوای جەژن. ئەمەش دوای جەژن.

- دەزانم، بە لێرە دانیشتن کار جێبەجێ نابێ. ئەگەر کارگە بخەوێ پاسدارتان بۆ دەنێرن. من دیسان هەوڵی خۆم دەدەم. ئەگەر هەتا پێجشەمە پارە نەهات، منیش لەگەڵتان دێم بچین بۆ پێش فەرمانداری خۆپیشاندان بکەین.

- ئینشاڵلا. ئینشاڵلا.

کرێکارەکان بەم قسانە سەرد بوونەوە و هەستان هەر کەسە بەرەو کاری خۆی رۆیشت. فایق ددانی پێکدا دەسواند.

- ئای لەو سەگبابە.

شەو بە دەم کایەی هەڵماتەکانییەوە، گوتی:

- بەم زوانە پارە نادەن. ئەمە شەریکەی دەوڵەتی نییە. پارەکە لە دەوڵەت وەردەگرن. دەیبەن لە بازاڕ و ئەم لا و ئەو لا دەیکەن بە سەرمایە و قازانجی لێی دەکەن. دوایە لە رێگای خۆپیشاندانی ئێمەوە قەرز لە بانک وەردەگرن بە نرخێکی زۆر

کەمتر. بەشێکی خۆیان دەیخۆن و بەشێکیشی دەدەن بە کرێکارەکان. من لە کارخانەش کارم کردووە، ڕاست هەمان بەزمە. کاتێک بەجێم هێشتن دوو مانگم پێ قەرزدار بوون.

دەمزانی فایقیش وەکوو من گیرفانی بەتاڵ بووە و لە فکردایە.

- کاک فایق لێرەو چۆن ئەتوانین تلەفوون بکەین؟
- تلەفوون تەنیا لە ژووری موهەندێس هەیە. بۆ چتە؟
- گەرەکمە تلەفوونێک بۆ دۆستێکم بکەم.
- ڕۆژی پێنجشەم دەچین بۆ شار لەوێ تلەفوون بکە.

ڕۆژی پێنجشەممە هەموو سواری ماشینە کۆمپرێسییەکان کراین و لە پێش فەرمانداری دابەزین. شەوزەب و مێعمار و فایق بە نوێنەرایەتی، چوونە ژوورەوە کە لەگەڵ فەرماندار قسە بکەن. باقییەکەشمان لە دەرەوە بە ریز ڕاوەستاین. لە سەر پارچەش نووسیبوومان "دوو مانگ پارەمان وەرنەگرتووە. کریکارانی سارۆخ" ئەو لافیتەشمان لە پێش خۆمانەوە ڕاگرتبوو. هێشتا نوێنەرەکانمان نەهاتبوونەوە پۆلیسی سوار و پیادە دەوری گرتین. فایق هاتە دەرەوە.

- دەڵێن فەرماندار لە سەفەرە. هەر لێرە دانیشن هەتا دێتەوە!

مقۆ مقۆ کەوتە نێو کرێکاران، بەڵام هەموو دانیشتن.

چارەکێکی پێ نەچوو ماشینی ئاگر کوژێنەوە هات و لە پشت سەرمان راوەستا. زانیمان دەیانەوێ ئاو بکەنە ژێرمان. نازانم نوینەرەکانمان چییان کرد کە معاونی فەرماندار هات قسەی بۆ کردین. نوێنەرانیشمان لەگەڵی راوەستابوون.

- ئێمە هەوڵ دەدەین کێشەکە لەگەڵ بانک چارەسەر بکەین، بەڵام لە پێشدا دەبێ بەرپرسانی پرۆژەکە لە دەوڵەتدا ئاگادار بکرێن. ئێوە نیگەران مەبن، مووچەی ئێوە دەدرێ، بەس دێر و زووی هەیە. بە خۆ پیشاندان و هەرا و هوریا چارەسەر نابێ. ئەگەر ئێوە کارنەکەن و کارگە بخەوێ، بانکیش پارە نادا. کەوابوو بەردەوام بن لە کارەکەتان. قەول دەدەین زۆر بە جیددی لە دووی کارەکە بکەوین و ئینشاڵلا هەتا ئاخر ئەم مانگە بە مافی خۆتان دەگەن.

هاوکات دەستی بۆ لای پۆلیسەکان درێژە دەکردەوە، یانێ. دەنا سەروکارتان بە پۆلیس دەبێ. مێعمار گوتی:

- ئێمە هەر ئەوەندەمان پێکرا، ئێتر خۆتان دەزانن.

خەڵکێکی تەواشاکەری شار لێمان کۆ ببوونەوە، پۆلیس نەیدەهێشت تێکەڵمان بن.

قسەی میعمار کاری خۆی کرد و کریکاران بەرەو ماشینەکان رۆیشتن.

فایق دەستی منی کیشا، وەرە با برۆین تلەفوونەکەت بکە. دوایە بە مینی بووسەکە دەرۆینەوە. گوتوومە لە سەرمان راوەستێ.

تلەفوونم بۆ ماڵی سیروان کرد. بە هیوا بووم هەڵاڵە وەڵام بداتەوە. دایکی وەڵامی دایەوە. چاک و چۆنی و سیروان لە ماڵ نییە، شەو دیتەوە.

نەمدەتوانی هەتا شەو راوەستم.

- کاک فایق داخۆ ئەتوانین بەش کراها ماشین هەرتا کورسان لە کەسێ قەرز کەین؟ قەرزیکم ها بەلای کەسیکەو بچم بەشکەم لێ بسینمەوە.

- فکریکت بۆ دەکەم. تەنیا کەسیک پارەی هەبێ، چایچییە.

خەجاڵەتم لە خۆم کیشا درۆم لەگەڵ فایق کردووە. من کوا پارەم بە لای کەسەوە هەبوو. هیوام ئەوە بوو، برۆم پارەیەک لە کەماڵ قەرز بکەم. لە خۆم زیاتر بۆ فایق دڵم دەسووتا کە پارەی پێ نەمابوو.

شەو نەختیک درەنگ هاتەوە.

- له میوانی ماڵی چایچیدا بووم. ئەوەش پارە.

هەر لە بەیانییەوە بە دەور مینی بووسەکەدا راوێچکەم دەکرد، ئاخۆ کەی شۆفێرەکە پەیدای بێ. بمبا بۆ شار. لەم رۆژانەدا ئەویش نەدەچوو، چوونکە چایچی نەدەچوو بۆ شت کڕین. کەس پارەی نەبوو. حەفتەی یەکجار دەچوو شتومەکی بۆ ماڵی خۆی و موهەندێس دەکڕی. شۆفێرەکە گوتبووی ئەوڕۆ دەچێتە شار. هەتا لەوێ پاسی دیواندەرە پەیدا کەم و لەوێشەوە بۆ سنە، دەکەومە شەو.

لە نیوەڕۆ لایدابوو گەیشتمە گاراژی تیکاپ. گوتیان سەعاتێکی دیکە پاسی دیواندەرە دەڕوا. نەختێک بە ناو شاردا خولامەوە لە بەیانییەوە هیچم نەخواردبوو. نەمدەویست دەست لە پارە قەرزییەکە بدەم. و پاروە نانێک بکڕم. کەس چوزانێ چم دێتە رێی. بە خۆم دەگوت بریا نانی نیوەڕی ئۆردوگام خواردبا دوایە هاتبام،

بە دەم رێیەوە یەک بە یەک کوڕەکانم دەهێنایە پێش چاوی خۆم و بزەیەک دەیگرتم. باجی پیرۆزە و قوربان و ساقە گوتنەکەی. لە هەموو زیاتر سەفورا. بڵێی بۆم هەڵکەوێ بیبینم. هەڵاڵەم دەدیت بە پێشوازمەوە دێ.

له گاراژەوە یەکسەر بۆ بان تەپ. جلە تەنکەکانم پێشی بەرگەی کزەبای ئێوارەی پاییزی نەدەگرت، بە هیوای چاکەتێک بووم کە لە کەماڵ بستێنم.

پاڵم بە دەرکە کۆنەکەی ماڵ کەماڵەوە نا. وەکوو جاران دانەخرابوو. دوو منداڵی چکۆلە لە نێو حەوشەکەدا کایەیان دەکرد. دەرکەی ئەو ژوورە کە من و کەماڵی تێیدا دەبووین ئاواڵە بوو. لەنێو ماڵەکەدا ژنێکم بەدی کرد کە دانیشتبوو. رەنگە کەماڵ جووبێتەوە لای دایکی و ژوورەکەیان بە کرێ دابێ. چووم بەرەو دەرکەی ژوورەکەی باجی پیرۆزە. دوو هەنگاوی مابوو دیتم کە قفڵ دراوە. گەڕامەوە. ژنەکە هاتە بەر دەرکە و بە زاراوەیەکی بان لەیلاخی پرسی لە چی دەگەڕم. مناڵەکان لەبەر لاقمدا راوەستابوون و سەریان خستبووە دواوە، وەکوو چاو لە ئاسمان بکەن، چاویان لە چاوی من بڕیبوو.

- من قەوم کەماڵ و باجی پیرۆزەم. هاتم سەریان لێبەم.
- نەماگن لێرا.
- نازانی چووگن بۆ کوێ.
- ئێمە تازە هاتگین. ئەوان زووتر چووگن.
- ئەی کالآمرا و باجی حەمیە؟
- ئەوان هان لێرا، وەلێ ئیسە نین لە مالا.

خەفەتێکی قورس رووی تێکردم. خاترەی زۆرم لەوماڵەدا هەبوو. بە هەوای منداڵی چوومە پشت ماڵان بزانم سەگەکان ماون یا نە. هیچم نەدیت. فیتوم بۆ لێدان دیسان هیچ نەبوو.

خۆمم گەیاندە ناوشار و چووم بۆ باشگاکەی سیروان. هەوای هەڵاڵە هەڵیگرتبووم. سیروان هێشتا جلە سپیەکانی جۆدۆی لەبەردا بوو.

- حەریفت گەرەک نییە؟

- ئای ژیانە شێت ئەوە کەی هاتگیتەسەو؟

باوەشمان بە یەکدا کرد.

- بێسە ئیسە خوەم گورج ئەکەمەو تێم.

- کورە خۆ مردم لە برسیا. بموە بۆ جێگایک نانێک بخوەین.

- نەچین بۆ ماڵ ئێمە؟ نا بێرەو ئەچین بۆ کەواو خواردن.

- چۆن بووگە هاتگیتەسەو؟

داستان کار و کارگە و نەدانی مووچەم باس کرد.

- وتم بەشکەم پولێک لە کەماڵ قەرز کەم، ئەویش نەو لە ماڵا.

- دەی، کار نییە خوا خراوی نەکا.

سیروان باسی هەموو کوڕەکان و کلاسی جۆدۆ و خوێندن و چاک و خراپی ناوشاری بۆ دەکردم بەڵام باسی کەماڵی نەدەکرد. ئاخری پرسیم. گوتی:

- کەماڵ نەماگە لە کورسانا. چوو. هیچکامیشمان نازانین چووگە بۆ کوێ. لە باجی پیرۆزەم پرسی ئەیوت: دڵم نای دۆعای بکەم. زەرەرێک فرەی لێم داگە. تەڵام پێدابوو بیفرۆشی، هین خوەم نەو، هین موشتەری بوو. پوڵەکەی هەڵگرت و چوو. چە بکەم، قەی ناکا، وازانم خەرج زەماونم بۆی کردگە.

- زەماون؟ بۆچە کەماڵ ژنی هاوردگە؟

- راسییەکەی گەرەکم نەو بێژم پێت. سەفورای هەڵگرت و چوو.

- کەماڵ؟ سەفورا؟... چۆن بووگە؟

- کەماڵ ئەیوت سەفورا لە ماڵ باوکیا فرە عەزیەتی ئەکەن. گەرەکیانە بیەنە شوو بە کاورایک تریاکی.

- خاس دەی ئەو چۆن ئەمانەی ئەزانی؟

- نازانم چۆن لەتەک سەفورا بووە دۆست. وەمەزانی وەک هەمیشە چاخان ئەکا. هەتا رۆژێک هاتە شۆنم وتی لە تەکما بێ بوە بە شایەت مارەبڕینەکەم. لە مەحزەرێکا من و عەلی بووینە

شایەت و ماشینێکی دەربەسی گرت و چوو. بە ئێمەیشی نەوت بۆ کوێ ئەچێ.

- ئەی باجی پیرۆزە؟ چووم درگاکەی قوڵف بوو.

- ئەویش نەماگە، نازانم شایەت چووگە بە شۆن کەماڵا. خۆ جارێ ناچیتەو. ئیمشەو لە ماڵ ئێما بخەفە. ئەوە تلەفون ئەکەم بۆ دایکم.

- تێم وەلێ تۆ برۆ من دوایە خوەم تێم. چکێ کارم هەس لە ناو شارا.

پێویستیم بە تەنیایی بوو.بۆم شی نەدەکرایەوە. لە لایەک رقم لە کەماڵ دەبووەوە، لە لایەک دەمگوت بە تۆ چی. بەشی تۆ نەبوو کە ئەو بردبێتی. "ئەگەر نەڕویشتبام رەنگە من بوایەم کە سەفورام رزگار کردبا" نا تۆ بۆیە هەڵاتی چوونکە دەتزانی ناتوانی. دەتزانی ماڵ و حاڵت نییە. تۆ دۆڕاوی، بیری لێ مەکەوە.

گەڕام بۆ دوکانێک کاپشێنێک بکڕم، هەموویان داخرابوون. باوەشم بە خۆمدا کرد هەتا گەییشتمە ماڵی سیروان.

وەکوو جاران پێشوازی گەرمی باب و دایکی و چاوە گەشەکانی هەڵاڵە گەرمی کردمەوە. بە زۆری دایکی حەمامم کرد و جلی ژێری تازەی بۆ هێنام. ئاگام لێبوو جلەکانی خۆمی فڕێدایە نێو سەتڵی زبڵەکەوە.

که دانیشتین بۆ چای خواردنەوە. هەڵاڵە دەستی لە ژێر چەنەی دابوو و چاوی لە من دەکرد. من سەرم داخستبوو، نەکا ئەوانیتر هەست بە شتێک بکەن. دەیەویست سەر هەڵێنم.

- دەی کاک ژیان باسی سەفەرەکەتمان بۆ بکە.

به کورتی هێندێ باسی ناوچەی سارۆخ و لادێ و کرێکارەکانم بۆ کردن و بردمە سەر باسی مافورەی هەوشار و سەگی هەوشار و تورک و کوردم کرد. کاتێک کە من قسەم دەکرد و هەوڵم دەدا خۆم لە نیگای هەڵاڵە بدزمەوە. دەمدیت باوکی جۆرێک سەیرمان دەکا وەکوو هەستی بە شتێک کردبێ، لە کاتێکدا بۆ سیروان و دایکی زۆر ئاسایی بوو.

باوکی قسەی لەمن ئەستاند و بە شێنەیی چوە ناو ئەو باسانەوە. زۆر شتی گوت کە من پێشتر نەمدەزانی.

بەیانی من و سیروان بڕیارماندا پێکەوە بڕۆین سەری کوڕەکان بدەین. سیروان چاکەت و کاپشێنێکی بۆ هێنام.

- ئەوانە بکە بەرت بزانە ئەنازەتە.

- ئەی خوەت؟

- من هەسم، فرەم هەس.

کاپشێنم لەبەر کرد کەمێک گەورە بوو، بەڵام گوتم باشە. ئەگەر دەست دەکەم بە گیرفانی بەخەڵەکەیدا چەپکەیەک پارەی تێدایە.

- سیروان ئەمەت لەبیر چووگە. لە بەخەڵەکەیا بوو.

- ئێمە بە گیفانەکانیەوە ئەیفرۆشین. هەڵیگرە. با بیتەو لێت ئەسێنمەو.

غەریبی وادەکات مرۆڤ بیری ناخۆشترین بۆن و وێرانەترین کوچە و خرابترین کەسی شاری خۆی بکات. بە تامەزرۆییەوە چاوم لە کوچە و کۆڵان و خیابانەکان دەکرد. لە کوڕەکان عەلی نەبێ، کەسم نەدۆزییەوە. کاپشنێکم بۆ فایق کڕی. بە ئەندازەی بەری خۆم. ئەوەی سیروان بۆ فایق. ئەو لە من بە قەڵافەتترە.

شەو لە ژوورەکەی عەلی بەزمی ئارەق خواردنمان دانا. ئەوە ئاخرین ئارەق خواردنی من بوو. هەستێکی سەیرم هەبوو. دەتگوت دەزانم ئەوە ئاخر جارە دەیانبیم.

ئاخر شەو، من گوتم لای عەلی دەمێنمەوە. سیروان گوتی من هەر دەبێ بڕۆمەوە. لەبەر دەرکە گوتی:

- تا لەبیرم نەچووگە، باوکم ئەیوت سۆزی کاریا پێت. هەروەخت لە خەو هەڵسای بچۆ بۆ ماڵ ئێمە. من لە ماڵ نیم، دەرسم هەس.

زۆر پێم سەیر بوو. شکی لە من و هەڵاڵە کردبێ. یا خۆ هەڵاڵە قسەیکی کردبێ، ئەو ئەیوت: باوکم تەک منا ڕەفێقە. من هیچێکی لێ ناشارمەو. بەڵام بڵێی ئەوەندە مناڵ بێ. یا خۆ کارێکی بۆم پەیدا کردووە. ئەوەش بوو بە مایەی سەرئێشەی ئەو شەوەم. دەرمانیشم تەواو ببوو.

کاک سیامەند بە تەنێ لە ماڵ بوو.

- کاکە ژیان با بچین دەورێک بەینەو.

سوار ماشینەکەی بووین و لێخوڕی بەرەو دەرەوەی شار بۆ جادەی هەسەنئاوا و کەڕەسی.

- ئەم کیفگەلە ئەوینی، گشتی لە پێشمەرگایەتییا جێگەی ئێمە بوو. ئێرەگەلە پڕیە لە خاترە بۆ من. ئەڵبەتە من فرە نەمامەو. گشتمان دوای شەڕەکەی شار هاتینە دەرەو. ئەترسیاین. فرەکەس مانەو، فرەیچ گەڕیانەو. منیچ بە سفارش باوکم گەڕیامەو. وتی نەگەڕیاگن بە شۆن توا. بێرەو. چوومەو، زوو ژنیان بۆم هاورد، بەشکەم هەوای کار سیاسی و ئەم چتگەلە نەکەمەو.

ماوەیەک بێدەنگ بوو. هیشتا نەمدەزانی مەبەستی چییە، دەمزانی منی بۆ گێڕانەوەی ئەم قسەگەلە نەهێناوە. ئیشارەی بە

سەر تەپكێک كرد، ئەوە مەقەڕی ئێمەی تیا بوو. دوایە بە ئارامی قسەكەی گۆڕی.

- ئەزانی بنیام لە جوانیا كارگەلێک ئیشتبا ئەكا لەودوا هەر لە زەینیا ئەیگەڕنێتەو بۆ خوەی. گەرەكیە لەبیریان بواتەو، پاكیان بكاتەو، وەلێ هەر هەن، هان لە تەكیا. تێنەو ناو زینگیت. لە كۆڵت ناونەو.

من لە زەمان پێشمەرگایەتیا تەک ژنێكا ئاشنا بووم. دڵبەریمان كرد. من ژنم نەو وەلێ ئەو شوی بوو، ئەڵبەتە بەناو شوی بوو، بۆ ئەوە ژنەكە ناو كەسێكی بە سەرەوە بێ. ئەو ژنە لە بەرا هاوكاری پێشمەرگەی ئەكرد بۆ گرتن جاشەكان. لە عەمەلیاتێكا ناچار بوو لە شار بێتە دەرەو. ئەم جامعەی ئێمە ئیسە چۆنە، ئەو وەختە خراوتر بوو. ئەو پیاگە هیچوەخت لێنا نەو. دوای مودەتێک من وەک وتم چوومەو بۆ شار. من تەماسم تەک ئەو كەسگەلا بوو یا لە دێیەوە ئەهاتن بۆ شار بۆ چت سەندن. ئەوان وتیان لەم مەنتەقا نەماگە. سكی پڕ بووگە، چووگە بە شۆن شووەكەیا. تەنیا من و ئەو ئەمانزانی كە ئەو مناڵە هین شوەكەی نییە و هین منە. ئیتر خەوەرم لێ نەو. وەمەزانی گەیگە بە شوەكەی.

له قاوەخانەی تەختە رایگرت و چووین لە بەر هەیوانەکە دانیشتین.

- شەویک لە ناکاو هاتنە شۆنم، بردمیان. یەکێکیان گرتبوو، ئیعترافی لەسەر منیش کردبوو، کە من پێشمەرگە بووگم. منیش ئەم وت راسە من لە شەڕەکا چووگمە دەرەو وەلێ پێشمەرگە نەوگم. ئاخری لەتەک ئەو کەسا رووبەڕوویان کردم. کوڕەکە چاوی بە من کەفت وەک بێژی خەجاڵەتی کێشا، وتی نا ئەمە ئەو نییە. من ئیشتبام کردگە. ئەم بێرا و بیوە و ئیتر هەرچێ رۆژە س، ج. ئاخری ساڵیک زیندان و بە کەفالەت باوکم و دانیانی قەواڵەی ماڵ ئازاد کریام.

لە زیندانا زانیم ئەو ژنەیش گیریاگە. وتیان نەخوەش بووگە نەیتوانیگە دەرچێ، گرتگیانە.

مەعلومە خوەمم نەکردە ساحێوی. دوایەش هیچ کەسێکی ئەوم ناناسی کە خەورێکی لێ بزانم. هەتا زانیم دوای پانزە ساڵ ئازادیان کردگە.

هەتا ئێرە من هەر لەم فکرەدام کە بۆ ئەم چیرۆکە بۆ من دەگێڕێتەوە.

- ئەرێ کاکە ژیان پانزە ساڵ تەنیا خاترەیک دوور بوو، یەکهەو بوو بە راس راسی. چەم پێ ئەکریا. من خوەم پەروەندە

دارم، دایمە هام لە ژێر کونترۆڵا. خەفەت خواردن دەردێک دەوا ناکا. خوەم نیشانی نەدا وەلێ لە دوورەو کەس نەزانێ، بە وەسیلەی سیروان کۆمەکم ئەکرد. ئەلبەتە ئەم داستانە سیروان و ژن و کەنیشکەکەم نازانن. تویش برای خاس بە بەلایانەو مەیژە.

- ئەو ژنە نەو لە بان تەپ شێخ سەلامەو زینگی ئەکرد و هەمیشە ناخوەش بوو.

- تۆ چۆن ئەزانی؟

- هاوسای ئێمە بوو، سیروانم دیبوو، ئەهات بۆ لای. مرد بەسەزوان.

- ئەو وەختە کە تۆ داستان زینگی خوەتو گەڕانەو شکم بۆ پەیا بوو کە نەکا تۆ ئەو مناڵە بی کە ئەو ژنە بە دنیای هاوردگە. هەرچەن ئەزانم مناڵ ئاوا فرەس. پیان ئەیژن ماناڵگەل دوای شەڕ. ئیسەش نازانم. وەلێ ئەم شک کردنەیچ هیچ چتێک ناگۆڕێ. تەنیا شتێکی فرە، فرە موهێمە و بە خاتر ئەوە تۆم هاوردگە قسەت بۆ بکەم.

هەورەکانی فکر و خەیاڵ و پرسیارەکانی من خەریک بوو ئەڕەوینەوە. ئاسمانی ساف دەیگوت ئەمە باوکمە و ... بەڵام بەر لەوە هیچ بڵێم لێی زیاد کرد.

- دوێشەو هەڵاڵە هەتا نیمەشەو ئەگیریا . چووم بزانم بۆچە ئەگیرێ. گەرەکی نەو بێژێ. وەلێ من نامەکەی تۆم لەسەر مێزەکەی دی. ئیتر هیچم پێ نەوت.

ژیان گیان ئەگەر گومانەکەی من یەک لە سەدیش راست بێ، تۆ ئەشێ خوەت دوور بگری لە هەڵاڵە. ئەو ئەوێتە خوەیشکت.

- یەک دەر سەد نییە و هەشتا دەرسەدە. ئەوە لە پای من. لەمەودوا وەک خوەیشک خوەشیمگەرەکە. وەلێ تۆ باوک من نیت. من تۆ بە باوک نازانم، باوک کەسێکە کە باوکی ئەکا. باخەوان ئەوە نییە تۆمێک دائەنێ و بە جێ تێلێ. ئەو کەسە کە بەخێوی ئەکا باخەوانە.

- هیجم لەدەست نەدەهات. ئەمە رازێکی سەر بە مۆر بوو. ئیشتبایەک کە هەر جۆرێک دەسۆ بۆی ببردای خراوتر ئەو. فرەیک لە پێشمەرگەکان لەم دێهاتگەلا ژنیان هاورد. بەینێ بە یەکەو بوون لەودوا دوشمەن جێگای پێیان چۆڵ ئەکرد. ژن و مناڵیان بە جێ ئەهێشت، ئەچوون و ناهاتنەو. یا ئەکوژیان یا دەربەدەر ئەون. ئیسەش خواهشت لێ ئەکەم کارێک نەکەی هەڵاڵە بزانێ. ئەم رازە هەتا ئاخر با لای من و تۆەو بمێنێتەو.

- ئەوە من حەلی ئەکەم. وەلێ ئەزانم ئەم قسەگەلە بێ مەسئولیەت بوون ئێوە و پێشمەرگە و ئیتر نازانم چ کەس گەلێکتر، ئەگەینێ. لە سەرەو هەرتا خوارەو گشتان زوڵمتان کردگە و خستنە پای حوکومەتیش نایشۆرێتەو.

دەمەویست زۆر زیاتری پێی بڵێم، بەڵام بیرم دەکردەوە، باوکی سیروانە و سیروان زۆر بەلای منەوە خۆشەویست بوو. دەبووا ریزی بگرم. هەستام و بە قەڵسییەوە گوتم.

- من ئەشێ بچم بۆ دوکتور. ئەکرگێ بڕوینەو.
- نەخوەشینەکەت چەس.
- میگرن.
- ئەوە منیش هەسم. هەر وەختێک عەسەبانی بم سەرم تێتە ئێش. منیش دەوا ئەخوەم.

تەواو رێاگی هاتنەوە، هەردوکمان بێدەنگ بووین. من لە پەژارەدا بووم و ئەویش رەنگە بیری لەوە دەکردەوە چ دەتوانێ بە من بڵێ یا بۆ من بکا. بۆیە کە گەییشتینە بەر مەتەب دوکتور و منی دابەزاند گوتی:

- کاکە ژیان هەر کۆمەکێک لە دەست من بێ دریغ ناکەم. پوڵت گەرەک نییە؟

- نا لە سیروانم سەندگە. شەو کتێوێک تێرم بۆ هەڵاڵە بیەم پێ. سۆزی ئەچمەو.

چووم بۆ لای نەجمە. تاریک و روونی هێمنم لێ ئەستاند. پوڵی وەرنەگرت. گوتی:

- جەمیل خەریک قوڕەکارییە. زەوینی سەندگە و خەریکەماڵی تێیا ئەکاتەو، بووگە بە دێهاتیکی تواو.

ئێوارە چوومە سەر خاک دایکم. ئەوجار ئەو هەموو شکست و زوخاو و غەیزە بوو بە گریان. گریام بە کوڵ، بۆ خۆم و بۆ دایکم.

دایە گیان من و تۆ هەردوکمان قوربانی ئەو بەسەرهاتەین کە ناوی پێشمەرگایەتی بووە. بۆ هێشتت بێمە دنیا. بۆ هەر لە سکتا نەتکوشتم. تۆ دەتزانی رۆژگاری من ئەمە دەبێ. ئەگەر ئامە نەبوای چم بەسەر ئەهات. بەڵام دەزانم دەڵێی هەمیشە ئامەیەک پەیدا دەبێ. دەزانم دەڵێی لە من خراپتریش زۆرە. دەزانم دەڵێی دڵم نەدەهات. ساڵێک هاوسێ بووین و نەمانزانی دایک و فرزەنین. دایە گیان تو نەمای، نەفرەت کردنەکەت لەگەڵ خۆت برد. لەمەودوا من لەباتی تۆ نەفرەت لەم دنیا دەکەم.

هەر لەوێ دانیشتم یەک دێڕم بە فارسی بۆ هەڵاڵە نووسی.

" دەزانم زۆر پێت گران دەبێ، نامەوێ دڵت بشکێنم، نامەوێ درۆم لەگەڵت کردبێ، دەمەوێ راستییەکەت پێ بڵێم. من ئاشقی کەسێکیترم. لەبیرم کە! بە بێ هیچ خەفەت. ئەمەش هەڵبژاردنێکە. بە هیوای ئەوە ئاشقێکی خەستەگیانت بۆ پەیدا ببێ."

شەو چوومەوە لای عەلی. ئەو بە گۆرانی و من بە بێدەنگی نەرم نەرم دەمانخواردەوە. رۆیشتن هەموو کاتێک بۆنی ئارەقی دەدا.

چ دەبوو توانیبام خۆشکێکی ئاوا جوان و بە هەستم هەبا. ئەوەشتان لێم ئەستاند.

سەرەڕای هەموو ئەم بەسەرهاتانە هەستم بە سووکبوونێک دەکرد. گرێیەکان کرا بوونەوە. ئازاد ببووم.

بەیانی هەتا خۆم سازکەم برۆم بۆ ماڵ سیروان و کتێبەکە بدەم بە بابی کە بیدا بە هەڵاڵە و پاس بگرم بۆ دیواندەرە و لەوێوە بۆ تیکاپ، کەوتمە ئێوارە. چارم نەبوو، دەبووا بە پێیان ئەو هەژدە کیلومێترە ببڕم. لە رێگاش لام نەدەدا، نەکا ماشینێک تێپەڕی و لەدەستی بدەم.

نە، ئیتر چرای دوورەدەستی دێهاتەکان ئەو جوانییەیان بۆ من نەبوو. شتێک لە دڵمدا شکا بوو. خەم و خۆشی لێئەستاندبووم. نە بە شتێک دادەچڵەکام، نە بە هیچ شتێک دڵخۆش دەبووم. هەنگاوەکانم دەژمارد و دەڕویشتم.

نیوەشەو گەییشتمەوە. فایق بە خەبەر بوو.

*

کاتێک پارەت هەیە جۆرێک کار دەکەی، کاتێک نیتە جۆرێکی دیکە. کرێکارەکان بە خشکە دەچوونە نێو کارگە. بە بێوازی دەستیان بۆ کار ئەبرد. ئێوارە ئامرازەکانیان کۆ نەدەکردەوە.

- دەپرسی بۆ هەڵیناگرییەوە؟ دەڵێ خۆ ماڵ باوکم نییە. جاران پارچە تەختەیەک کە یەک کەس بەرزی دەکردەوە، ئێستا بە دوو کەس هەڵیدەگرن. کارێکی نیو سەعاتە بە سەعاتێک تەواو دەکەن. کە دەچن بۆ دەستبەئاو سەعاتێکیان پێ دەچێ. قسەش بکەی دەڵێن پارەکەت زۆرە دەنگت دلێرە؟ حەق بەوانە منیش هیچم پێناکرێ. لەم لا کرێکار و لەو لا موهەندێس بە سەر مندا قۆڕ لێی دەدەن.

مێعمار بوو بۆڵەی دەهات.

لە چوار مانگ یەک مانگ مووچە درابوو. باسی مانگرتنێکی دیکە لە سەر زاران بوو، بەڵام کەس نەبوو بیکا بە کردەوە. لە پڕ قەوما.

دوای نیوەڕۆ بوو، هەر کەست دەدیت، کەرەسەکەی فڕێدەدا و کار بە جێ دێڵی و بەرەو داربەستی پێش تونێل هەڵدێن. منیش ماتۆرجۆشەکەم کوژاندەوە و ڕۆیشتم.

شاگردێکی بەشی نەجاری لە داربەست کەوتبووە خوارەوە و دەستبەجێ گیانی دەرچوو بوو. مێعمار چوو بوو تلەفوون بۆ ئامبوڵانس بکا.

لەسەر دارەتەرمێکیان دانا و بردیانە بەر دەرکەی دەفتەر. منیش وەکوو زۆربەی خەڵکەکە تاسا بووم. هێندێک فرمیسک لەچاو بوون و فاتحەیان دەخوێند، کەسانێکیش لە ژێر لێوەوە جنێویان دەدا. فایق لە پێش منەوە، لەسەر سەری دانیشتبوو بە دەنگێکی کز دەیلاواندەوە. دەتگوت کوڕی خۆیە و ئامۆژگاری دەکا.

غەزەنفەر کاغەزێکی لە دەست بوو، لەگەڵ ئامبولانسەکە ڕۆیشت.

- ئای لەو سەگبابە، ئاوا بە خێرایی راپۆرتەکەی نووسی جەنابی موهەندێس. خوێنی ون دەکەن.

کەس نەچووەوە سەر کار. هەر لەوێ لەسەر زەوییە خۆڵەپۆتەکە دانیشتن، چایچی چای گێڕا و پاش ماوەیەک کۆمپرێسییەکان خەڵکەکەیان بردەوە و ئێمەش چووینە ژوورەکەمان، دەمەوڕوو خەوتین.

سبەی مەئموری بیمە و ئیدارەی کار هاتن و شوێنی رووداوەکەیان دیت و هێندێ پرسیاریان لە مێعمار کرد و رویشتن.

- چ بوو مێعمار چییان گوت؟

- هیچ. دەڵێن کەمکاری لە ئیمەنیدا کراوە، بیمە نایگرێتەوە. شێرکەت تاوانبارە. ئێمە راپۆرتی خۆمان دەنووسین.

دوو رۆژ دواتر دیتم ژنێک و چوار منداڵی ورد لەبەر دەرکی دەفتەر دانیشتوون. ژنەکە دەگری و زووڕەی دێ. نیوە تورکی و نیوە فارسی: " کێ ئەو هەتیمانە بەخێو دەکا، نان ئیشکیش نییە بخۆن." ئاغەی موهەندێس دەبێ بیرێکمان لێ بکەیتەوە."

دۆڵکەکەی موهەندێس بە پێکەنینەوە دەڵێ:

- جا چ بوو، شوویەک پەیدا بکە.

- گوو بخۆ. کێ بە چوار منداڵەوە منی دەوێ؟

- ئەی خۆ من نەمردووم.
- گاڵتە بە دایکت بکە.

ئاخری بردیانە ژووری دەفتەر و من بەجێم هێشتن.

رۆژی هەینی هەر ئەو حەفتەیە، فایق و من و دوو کرێکاری هاوگوندی کرێکارە کوژراوەکە لەگەڵ شۆفێری مینی بووسەکە چووین بۆ گوندەکەیان. پێشتر هێندێ پارەمان لە نێو کرێکارەکاندا کۆکردبووەوە و بۆ خۆشمان رۆن و برنج و ئاردمان کڕی بوو.

حەوشێکی بچووک، لە لای چەپەوە سەرتەنوورێکی بێ دەرکە. سەرم کێشا نێوی، بە تەندور و کوانووەکەیدا دیار بوو لە مێژە ئاگری تێیدا نەکراوەتەوە. هێندێ قاپ و قابلەمەی فافۆنی ڕەشەوە بوو لەسەر یەک دانرابوون. لە لای راستەوە ژوورێکی بچووک بە پەنجەرەیەکەوە کە لە باتی شیشە بە پلاستیک داپۆشرابوو. سێ بەڕەی کۆن نێوماڵە بە کاگڵ سواخ دراوەکەی فەرش کردبوو. لە سووچێک دوو منداڵ، کوڕێک و کچێک، لە پاڵ سەندوقێکدا کزکۆڵەیان کردبوو و بە ترسەوە چاویان لە ئێمە دەکرد. یەکێکیش لە لانکەدابوو. لە سووچێکی دیکەشدا دەستە نوێنێک دانرابوو. لە نێو تاقەکاندا قۆری و ئیستکان دانرابوو. دایکیان دوای بەخێر هاتن داوای لێبوردنی کرد کە

قەند و چایی شک نابا کە بۆمان دەم کا. سەرەخۆشی و فرمیسک رژانی ژنەکە تەواو بوو. فایق پرسی:

- موهەندێس چی گوت، هیجی پێ نەدای؟

- قەولی دا مووچەی ئەو دوو مانگەی کە نەدراوە پێمان بدا، بەڵام تا ئێستا هیچمان نەدیوە. بە ئەندازەی چوار پێنج کیلو برنجی پێداین. گوتم مەگەر لە کۆڵ پشیلەی بنێم بۆم بباتەوە.

منداڵەکان کە دیتیان ئێمە بە مێهرەبانی قسە دەکەین، هاتن لە پاڵ دەستمان دانیشتن. فایق دەستی بەسەریان دا دەهێنا و فرمیسکی بە لەپ پاک دەکردەوە. ژنەکە گوتی:

- دوو تیکە فەرشمان هەبوو، جەعفەر بردی، فرۆشتی. ئەو مانگانە کە پارەیان نەدەدا بەوە ژیاین.

کچە گەورەکەم چووەتە کرێکاری بەرتەون. هەشت ساڵیە. پاروە نانێک دێنێتەوە بۆ برا و خۆشکەکانی. خۆشم جار و بار ئەگەر جیرانەکان منداڵەکانم بۆ راگرن دەچمە بەر تەون، بەڵام هەر دڵم لای منداڵەکانە، وردن نەکا شتێکیان بەسەر بێ.

- باشە ناتوانی نان بکەی، بیفرۆشی؟

- دار و تەپاڵە پەیدا نابێ. ئەگەریش هەبێ لە نانەکە گرانترە.

له هاتنەوەدا فایق بە کرێکارانەکانی گوت کە ئاگایان لەو ژن و منداڵانە بێ، هەست بە نەبوونی و هەتیوی نەکەن.

*

- ژیان! کاتی ئەوە هاتووە باسی سەندیکا بە جێددی دەست پێبکەین. خەڵکەکە زۆر تووڕە و خەمبارە. ئەتۆ لە بەشی خۆت و نێو تونێلدا قسەیان بۆ بکە، بە چەند کەسێکی دیکەش دەسپێرم.

باسی سەندیکا دانان دەماودەم رۆیشت و رۆژی شەممە دوای نیوەڕۆ کۆبووینەوە. جگە لە موهەندێس هەموو هاتبوون.

- برایان، هاوڕێیان، سەندیکا شتێکی یاساییە، مافی خۆمانە و یاسا بۆی دیاریکردووین. ئەوە سێ مانگ مووچەیان پێنەداوین. خۆ ناکرێ هەموو رۆژێک بچینە پێش فەرمانداری. دەبێ نوێنەر دیاری بکەین ئەوان بچن. بە رەسمی قسە بکەن. ئەمە پێی دەگوترێ سەندیکا، شتێکی سەیر و سەمەرە نییە. داوخوازەکانمان دەنووسین دەیدەینە دەستیانەوە کە بچن لەباتی هەموومان لەگەڵ بەرپرسان قسە بکەن.

دوای فایق کە بە فارسی قسەی کرد، شەوزەب و مێعماریش بە تورکی هێندێ شتیان گوت کە من تێنەگەییشتم، بەڵام

بەسەر راشەکاندنی فایقدا زانیم کە ئەوانیش تاییدی ئەویان کردووە.

- ئەمە فایدەی چییە؟ جوابمان نادەنەوە.

- بۆ شەورای ئیسلامی دانەنێن؟

- لە پێشدا سەندیکا، دوایە دەتوانین شەوراش دامەزرێنین.

- زۆر باشە ئەمەش تاقی دەکەینەوە. گرنگ مووچەکەمان دەستەبەر بکەین.

هەر بەم شێوە نیو سەعاتێک قسە هات و چوو.

- با نوێنەران هەڵبژێرین. کێ ئامادەیە با دەست هەڵبڕێ.

فایق دەستی بەرز نەکردەوە.

دوازدە کەس دەستیان هەڵێنا. نێوەکانیان نووسرا.

- بە پێ ژمارەمان پێم وایە حەوت کەس پێویستە. من نێوەکان یەک بە یەک دەخوێنمەوە هەر کەس دەیەوێ دەنگ بدا بەو کەسە دەست هەڵێنی. حەوت کەسی یەکەم دەبنە نوێنەر. دوایە بۆ خۆیان بەرنامەی کارەکەیان دادەنێن و بە ئێمەش رادەگەینن.

پێشتر داوخوازییەکان ئامادە کرابوو. درایە دەست شەوزەب کە یەکەم دەنگی هێنابووەوە.

- داوخوازییەکانی ئێمە ئەمانەن.

ئێمە ئەندامانی سەندیکای سەدی سارۆخ مەئمووریەت دەدەین بە نوێنەرانمان کە بۆ دابینکردنی ئەم داوخوازیانە تێبکۆشن و لەگەڵ بەرپرسان وتوویژ بکەن هەتا دەستەبەر دەبن.

* مووچە دواکەوتووەکان هەرچی زووترە بدرێ. لەمەو بەدواش سەرمانگ بە سەرمانگ بدرێ.

* ئەمنیەتی شوێنی کار چاک بکرێ.

* جلوبەرگ وپێڵاو و کڵاو و دەستەوانە بۆ هەموومان دابین بکرێ.

* کەس بە بێ ئاگاداری سەندیکا دەرنەکرێ.

* بۆ قەرەبووی بنەماڵەی ئەو کوڕە کە گیانی لەسەر کار لەدەستدا، پارە بە بنەماڵەکەی بدرێ.

* ئەم داوخوازییانە دەدرێ بە دەفتەری موهەندێس و دەفتەری سەرەوەی شێرکەت لە شار و فەرمانداری. پاش یەک حەفتە ئەگەر هیچ وەڵامێک نەبوو، بەرنامەی سێ رۆژ مانگرتنمان دەبێ.

- ئەوەی دەنگ دەدا خۆبەخۆ ئەندامی سەندیکایە. فەرموو دەست هەڵێنن.

دوو پاسەوانەکەی موهەندێس و چایچییەکە دەستیان بەرز نەکردەوە. ئەوانەی دیکە کە دەمانزانی سیخۆری موهەندێسن. بۆ ئەوە کە ئاشکرا نەبن، دەستیان هەڵێنا.

دڵی رازی و دڵی نارازی کۆبوونەوە دوایی هات.

- کاک فایق بۆچە خوەت نەوکرد؟

- تاقەتی خۆ بەگرتندانم نییە. ئەوانە بیانگرن زوو بەریاندەدەن. من بمگرن باسی سەرە. هیوادارم وا نەبێ، بەڵام...

- ئەی ئەگەر ئەزانی واسە، بۆچە ئەم گشتە هەوڵتە بۆی دا.

- ئەمە ئەزموونە کوڕم. دەبێ بیکەن با هەست بە هێزی خۆیان بکەن.

هەڵماتەکانی لە پاڵ یەک دانا.

- بڕوانە ئەمانە بە رواڵەت بەیەکەوەن. بەڵام...

یەک هەڵماتی لە مشتدا راگرتبوو. بەوە لەوانی دیکەی دا. هەموو بڵاو بوونەوە. دوایە جامۆڵەیەکی هەڵگرت کردنیە ناو جامۆڵەکە و بەو دانە لێیدان. هیچیان لێ نەهات.

- بە یەک زەربەت تێکدەچن. ئەگەر لە ناو زەرفێکدا نەبن. ئەمە تەنیا بۆ ئەم کرێکارە بێ ئەزموونانە نییە. وا دایبنێ هەر کام لەم هەڵماتانە حێزبێکە و ئەم جامۆڵەش جەبهەیە.

دیاره ئەگەر خەڵکیان لەگەڵ نەبێ و خەڵکەکە سازمان نەدرابن. جامۆڵەکەش دەشکێ.

حەفتەیەک دواتر بە نووسراوە مانگرتنی رۆژی سێشەممە راگەیەندرا. لەو ماوەیەدا موهەندیس بە هەموو شێوەیەک توورەیی خۆی نیشان دەدا. کەسی نەدەدواند. سەگەکانی بەردابووە گیان کرێکارەکان بەجنێو و لاتاو و دانانی کاری قورس ئازاری دەدان. خواردن ببوو بە برنجی رووت.
کرێکاریش بە سفارشی بەرپرسانی سەندیکا کە گوتبوویان بیانوو مەدەنە دەستیانەوە، دانیان بەخۆدا دەنا و توورەیی خۆیان بەسەر کارەکەیاندا دەشکاندەوە. چایچی بازاڕی گەرم بوو. فایق پێی گوتبوو، چای بە خۆڕایی بدە بە کرێکارەکان، دوایە وەرە پارەکەی لە من بستێنە. بەڵام بە کەس مەڵێ. بیدرکێنی ملت دەشکێنم.

رۆژی سێشەم خۆر بە تەواوی هەڵنەهاتبوو، ئەمن چوومە دەرێ دەمووچاو بشۆم، دیتم یەک مینی بووس پڕ لە پاسدار لە نێو مەیدانەکە راوەستاوە. خۆم تێنەگەیاند. گەڕامەوە بە فایقم گوت.

- ئای لەو سەگبابانە. دەستیان پێش خستووە. بڕۆ بە شەوزەب بڵێ کرێکارەکان با لە مەیدان کۆ نەبنەوە. بڕۆن لە شۆنی کارەکەیان دانیشن و کار نەکەن.

موهەندێس دیاری نەبوو. هێشتا نەهاتبوو. کریکارەکان سەر خۆیان داخست چوونە شوێنی کارەکانیان. پاسدارەکان وەیانزانی مانگرتن نەکرا. سوار بوون، رۆیشتن. نیوەڕۆ خواردن نەدرا. چەند کەس لەگەڵ مینی بووسەکە رۆیشتن لە دێهات نان و ماستیان کۆ کردەوە، دابەشیان کرد.

ئەو رۆژە موهەندێس نەهات. رۆژی دووهەم و سێهەمیش بە هەمان شێوە مانگرتن بەردەوام بوو و ئاشپەزخانەش بە دەستووری موهەندێس داخرابوو.

دوای سێ رۆژەکە، کار بەرێکەوتەوە و موهەندێسیش پەیدای بووەوە و دەستی کرد بە گوڕاندن بە سەر مێعماردا کە بۆ کارەکە نەچووەتە پێش. وەکوو بڵێی ئەو ئاگای لە مانگرتن نەبووە. رۆژی دواتر بانگی چوار ئەندامی بەرێوەبەری سەندیکای کرد کە کرێکاری سادە بوون لە بەشە جیاوازەکاندا. هەر چوارکەسیانی دەرکرد.

- هەتا پارەی ئەو چەند مانگەمان نەدەی ناڕوین.

- دەبووا بە ئاگاداری سەندیکا بێ.

- دەستی پێکرد ئەو سەگبابە.

کرێکارە دەرکراوەکان کاریان بە جێ نەهێشت. سەندیکا نامەیەکی بە دژی بڕیاری موهەندێس نووسی و ناردی بۆ ئێدارەی کار و شێرکەت و دووپاتی کردەوە کە حەفتەی داهاتوو مانگرتن بەردەوام دەبێ.

ڕۆژی شەممە بەر لە نیوەڕۆ ماشینێکی پاسدار هات. سێ ئەندامەکەی بەڕێوەبەری سەندیکا کە سەرکاریگەر بوون و دەرنەکرابوون، بانگ کران بۆ دەفتەر. پاش چارەکە سەعاتێک هەر سێیان کەلەبچە کراو سوارکران و بران.

داوایان لێکردبوون مانگرتنەکە وەرگرنەوە، قەبووڵیان نەکردبوو. ئێوارە فایق سەرکاریگەرەکان و شۆفێرەکانی بانگ کرد بۆ چای خواردن.

- مریشک سەری ببڕی پەلە قاژەیەک هەر دەکا.

مانگرتن دەبەینە پێش فەرمانداری.

ڕۆژێک بۆ ڕازیکردنی کرێکاران و دووشەممە لە پێش فەرمانداری بووین. بارانێکی بە لێزمە دەباری. کۆت و چاکەتمان دەرهێنابوو بە سەرماندا دابوو. پێشتر هێزی تایبەت لەوێ ئامادە بوون و چاوەڕوانی دەستوور. بەردانی زیندانییەکان

و بردنەوە سەرکاری کرێکارە دەرکراوەکان لە لیستەی داوخوازییەکان زیاد کرابوو.

چوار ئەندامە دەرکراوەکەی سەندیکا و مێعمار چوونە نێو فەرمانداری. نزیک بە دوو سەعات باران دەیکوتاین و چاومان لەو دەرکە بوو کە ئەوانی پێدا چووبوونە ژوورەوە.

هاتنەوە. مێعمار لەسەر پلیکانەکە راوەستا و ئاکامی وتووێژی لەگەڵ فەرماندار راگەیاند.

- ئەم پرۆژەیە بۆ دەوڵەت زۆر گرینگە و ئێمە بایەخمان بە کێشەکە داوە و تەنانەت وەزیر ئاگادارە.

سەری مانگ مووچەی دوو مانگ دەدرێ و مانگی داهاتووش هەموو مووچە دواکەوتووەکان سەروبەر دەکرێ. ئەم چوار کەسە دەچنەوە سەرکار، بەڵام ئەو سێ کەسەکە نەختێکی پێدەچێ.

بۆ جلوبەرگ و ئەمانەش لەگەڵ ئیدارەی کار و شرکەت قسە کراوە و هیواداریین بەم زووانە جێبەجێ بێ.

ئێوەش دەبێ کۆتایی بە مانگرتن بێنن. سەندیکاکەشتان هێشتا لای ئێمە بە رەسمی نەناسراوە.

هەر لە خاڵی یەکەمدا، کرێکاران دەستیان کرد بە بڵاو بوونەوە، دیار بوو تەنیا شتێک کە بۆیان گرینگ بوو، پارەکە بوو.

لە هاتنەوەدا مێعمار بە فایقی گوتبوو: فەرماندار دەیگوت بەرپرسی گشتی شێرکەت لابراوە.

- ناردوویانە شوێنێکی چەورتر.

- بۆ موهەندێسیان لا نەبردگە کە ئەمانە گشتی ها لەژێرسەر ئەوا؟

- موهەندێس بە سەرۆک کۆماریش لا نابرێ. ئەو نوێنەری سوپایە.

سەری مانگ مووچەی دوو مانگ درا. سێ زیندانییەکەش هاتنەوە. بەڵام هەموو ئەوانە کە خەڵکی خۆجێیێ بوون و شەوانە دەرۆشتنەوە ماڵی خۆیان کە بە مێعمار و ئەندامانی بەرێوەبەری سەندیکاوە دەبوونە شەست و سێ کەس، هەموو پارەکەیان درا و بێکار کران.

چ بکەین چ نەکەین، مێعمار گوتی: بە پێی قانوون ئەوان مافی دانان و دەرکردنیان هەیە. هیچ ناکرێ. ئەو شەوە ئێمە میوانی مێعمار بووین بە خواردنەوە و مریشکی برژاو و بەیانی هێشتا ئەو نەرۆیشتبوو، دوو پاس گەییشتنە کارگە. پەنجا کرێکار و مێعمارێک لێێ دابەزین. دواتر زانیمان هەموو خەڵکی لای قەزوێن و هەمەدان و بیجارن.

- پیلانەکە دەبینی کاکە ژیان. نۆبەی ئێمەش دەگا. بەڵام مانگێک یان زۆر بخایەنێ مانگونیوێکی دیکە زستانە و هەمووی دادەخرێ. ئەوە کە موهەندێس تۆی ناردووەتە بەردەستی من فێری کار بە جەرەسەقیلەکە ببی، بۆ لە کۆڵکردنەوەی منە.

- جا منیش ئەیژم نایکەم.

- جارێ وەرە فێری ببە، لە شوێنی دیکە بەکارت دێ.

ڕۆژێک دواتر مشاورێکیش بۆ یارمەتی موهەندێس ناردرا. ئەمەیان بەڕاستی ئەندازیار بوو. دەیزانی چی بە چییە و لەگەڵ مێعمارە تازەکەدا فشارێکی توندیان خستبووە سەر کرێکارەکان و هەر ئەوەندە بوو وەبەر قامچییان نەدەدان.

کرێکارە تازەکان دابەش کرابوون بە سەر خانووەکاندا، خانووەکانی ئۆردوگا بۆ ئەو هەمووە کرێکارە ساز نەکرابوو. پێشتر نیوەی زیاتری کرێکارە خۆجێیەکان دەچوونەوە ماڵ خۆیان. ئێستا ژوورێکی چوار کەسی حەوت، هەشت کەسی تێی خزابوو. یەکیکیشیان دابوو بە ژووری ئێمە. دانەی لەگەڵ ئێمە نەدەکولا. شەوان دەچوو بۆ لای هاوشارییەکانی بۆ تریاک کێشان. درەنگانێک دەهاتەوە و هەتا بەیانی خۆی دەخوراند.

خۆرەتاوی زەردی لای ئێوارەی پاییز خەریک بوو لە قەلەپۆپەی چنارەکان دەکشایەوە. بۆنی گەڵاخەزان بێشەکەی پڕ

کردبوو. گەڵاکان لە ژێر پێی من و فایقدا خشەیان دەهات. فایق باسی هەلومەرجی ڕۆژانی دووری دەکرد.

- حیزبەکانی ئێمەش ئەوکات هەر وەکوو ئەم کرێکارانە بێ ئەزموون و نەکردەکار بوون. خەڵکیان نەدەناسی، لەگەڵ خەڵک نەژیابوون. ڕێبەرەکانیان، یان لە زیندانەوە هاتبوون یان لە زانکۆوە یان لە دەرەوە هاتبوونەوە.

لەپڕ قیژەی کچێک هات، بەرەو دەنگەکە هەڵاتین. لە دوورەوە موزەفەرم دیت. ئەویش هەر ئێمەی بەدیکرد، فیکەیەکی لێدا و هەڵات. چووینە پێشترەوە. غەزەنفەر لەگەڵ کچی چایچییەکە چنگەپرچێ بوو. وەک بیەوێ زۆر بگیری بکا. کراسی کچە دادڕا بوو و دەیقیژاند. فایق نەڕاندی.

- ئەوە چ دەکەی سەگی سەگباب.

غەزەنفەر هەڵات و فایق بە دویدا. منیش چوومە لای کچەکە کە یارمەتی بدەم کراسەکەی کۆ کاتەوە. بە دەست یەخە دادڕاوەکەی گرت و بە گریانەوە هەڵات بۆ ماڵەوە.

فایقم دیتەوە بەڵام ئەو دووانە خۆیان بزر کردبوو.

- وەرە لە هەرکوێ بن دێنەوە.

هاتینەوە نێو خانووەکان دەبینین هەردووکیان لە سەر دوو کورسی کە هەموو کاتێک لە پێش دەرکەی ماڵەکەی خۆیان

دایاندەنا، دانیشتوون. چووینە پێشێ. غەزەنفەر هەستا. فایق چەکێکی وەهای لێیدا کوترایەوە بەسەر کورسییەکەدا. راپێچی کرد و لە ژێر پێنا. موزەفەر چەقۆی دەرێنا، من بە فەنی جۆدۆ قفڵم کرد. سپاس بۆ سیروان کە ئەوەی فێکردین. چەقۆ لەدەستی بەر بووەوە. سێ چوار مشتەکۆڵەم لە سەروچاوی دا خاو بووەوە. بەرمدا، هەڵات. فایق ئەوی دیکەی وا لێ کردبوو نەیدەتوانی راست بێتەوە. بە جێمان هێشتن.

- ئەوەتان لەبیر بێ، جاری دیکە ملتان دەشکێ.

چایچی و ژنەکەی بەڕووی خۆیان نەهێنا. یان لەبەر ئابڕوو چوون، یان لە ترسی دەرکردن. بەیانی بەر لەوە بچینە نێو کارگە، چایچی هات، گوتی موهەندێس بانگتان دەکا. هەموو شەوەکە فایق نەنووست و یەک ووشەشی بە زاردا نەهات.

موهەندێس و مشاورەکەی ناوچاو گرژ دانیشتبوون. پاش نەختێک تۆپ و تەشەر.

- دەزانن ئێرە شوێنی شەرارەت نییە. هەر ئێستا تلەفوون بۆ پۆلیس دەکەم.

- لە پۆلیس مەمان ترسێنە. ئێمەش باسی ئەوە دەکەین کە ئەو خوێڕییانە چییان کردووە. باسی شەوانی هەینیش دەکەین.

مشاور بە پرسیارەوە تەواشای دەکردین. بەڵام موهەندێس شل بووەوە. نەیویست قسەکە درێژەی پێی بدرێ و مشاورەکەی تێیبگا.

- باشە ئەمە ئاخر جار بێ. دەنا...

- بەو خوێڕییانەش بڵێ ئاخر جاریان بێ، دەنا خراپتر دەبینن.

ناوچاوگرژی و بێدەنگی فایق سێ ڕۆژ بەردەوام بوو. بۆ نیوەڕوانیش نەدەهاتە سالۆنی نان خواردن. یەک ڕۆژی چوو بۆ شار و دوای نیوەڕۆ هاتەوە. هیچی نەگوت کە بۆ چووە و چی کردووە. منیش نەمپرسی. لە کابینی جەرەسەقیلەکەش هەر بە ئیشارە هێندێ شتی بە من نیشان دەدا.

ڕۆژی سێهەم سەعاتێک مابوو بە دەستکێشان لە کار. هەموو ڕۆژێک ئەو کاتە موهەندێس و دۆڵکەکانی بۆ سەرکێشی نێو کارگە دەهاتن.

تەختە بتۆنێکی دوو تۆنییان لە جەرەسەقیل بەستبوو، هەڵیهێنا، گوڕاندی!

- بڕۆ خوارێ.

دەرکەم کردەوە و یەک دوو پلە زیاتر نەهاتبووم دیتم نەقالەی جەڕەسەقیلەکە بە توندی سووڕا و لەپڕ تەسمەکەی بە

تەواوی ئازاد کرد. بتۆن بە هەموو هروژمییەوە کەوتە زەوی و هاوار بەرز بووەوە. من مات ببووم. پاڵی پێیەوە نام. نەم گوت برۆ، خێراکە.

گەییشتمە سەر رووداوەکە. لە هەموو لایەکەوە خەڵک بە رفان دەهاتن.

- یەکێک بچێ تلەفوون بکا بۆ ئامبولانس! مشاور بوو هاواری دەکرد.

- فایق لە کابین نییە. یەکێک بچێ ئەو بتوونەی هەڵێنێ. چایچی زەرد هەڵگەڕا بوو، باوکەڕۆی دەکرد.

- کێ بووەتە ژێرەوە؟ مێعمار پرسی.

- موهەندێس و برادەرەکانی.

گڤە گڤی گوێم دەستی پێکرد، زانیم هاکا سەرێشە گەییشت. چووم بەرەو خانووەکەمان.

بلوێرەکەی فایق بە دیوارەوە نەمابوو، هەڵماتەکان پژابوون بە نێو ژوورەکەدا. لە باتی یەک، دوو قورسم خوارد و راکشام. نەمدەزانی بیر لە چ بکەمەوە. بۆ فایق، بۆ... خەو و بەیار گوێم لە فیقە فیقی ئامبولانس بوو.

نازانم چەندە نووستبووم، دەرکە بە هرووژم کرایەوە. وەمزانی هاومەنزڵەکەمانە. پۆلیس بوو.

- فایق لە کوێیە.

نێو لەپم نیشاندا بێ ئەوە کە هیچ بڵێم. کەلەبچەیان کردم. سێ ڕۆژ لێدان و کوتان و ئەشکەنجە. یەک پرسیار زیاتریشیان نەبوو. "فایق لە کوێیە." دیارە هێندێ پرسیاری دیکەش کە هەمووی هەر دەگەڕایەوە سەر ئەوە کە لە فایق دەگەڕن.

ئاخری گوتم:

- باشە پێم ناڵێن فایقتان بۆ چییە؟
- چۆن بۆ چیمانە،؟ سێ نەفەری کوشتووە.
- ئەو نەیکوشتووە، من کوشتوومە. من لەسەر جەرسەقیلەکە بووم. من تازەکارم لە دەستم دەرچوو. هیچ قەستم نەبوو.
- ئەی ئەگەر ئەو نەبووە، بۆ هەڵاتووە.
- ڕەنگە بەو شێوە بەسەر خۆیدا هێنابێ کە کارەتان بە من نەبێ.
- عەزیزی مسری یان برای باوکتە. ئەم درۆیانە بە گوێ ئێمەدا ناچێ. تۆش دەتەوێ بەگەردەن بگری کە ئەو رزگار کەی.
- ئەوە نییە من خۆم دەڵێم من بووم. هەموو دەزانن من بەردەستی فایق لەسەر جەرەسەقیلەکە کارم دەکرد.

پێم وایە بەو ئاکامە گەییشتن کە هەرنەبێ قاتڵێکیان لەبەر دەستە و ئەم پەروەندە لە کۆڵ خۆیان دەکەنەوە. دوایە تەحویلی سپای پاسدارانیان دام. ئەوان لە ئەنگیزەی سیاسی دەگەڕان. منیش نیشانم دا تەقەی سەرم تێ و منالە هەتیوێکی بێ کەس و کارم و فایقیش هیچکات باسی هیچی بۆ نەکردووم.

دوای سێ مانگ ناردمیانە دادگا. چارەکێکی نەخایاند. ئێعدام و حەفتاوپێنج زەربەت قامچی لە سێ نۆبەدا. پێم وایە فایقیان هەر نەدیتەوە.

دوای لێدانی قامچییەکان. دوو ساڵ لەمەوبەر هێنامیانە ئێرە.

*

ئەو شەویش هەمان خەونی گۆرین دووپات بووەوە.

زریانێک بەسەر شاردا هەڵیکردبوو، خەڵکی خزاندبووە نێو ماڵان و کوچە و کۆڵانی گزک دەدا. لە دەور مەیدان کردبوویە گەردەلوول و بە دەور پەیکەرەکەدا دەخولایەوە. کچێکی کراس دادڕاو لە نێو گەرەلوولەکەدا دەیقیژاند.

دوو کەس باڵیان گرتبووم. روویانم نەدەدیت. لە ریزە پلێکانێکەوە کە کۆتاییەکەی لە نێو مژدا ون ببوو، سەر دەکەوتین. هەر دەڕویشتین و کۆتایی نەدەهات. لەپڕ گەیشتینە

مەیدانێک. پڕبوو لە خەڵک، بە نێو خەڵکەکەدا بردمیان. مژ بەسەر مەیدانەکەدا کشابوو. چاوخانەکانی خەڵکەکە بەتاڵ بوو، گلێنەی تێیدا نەبوو. وەکوو دوو چاڵی رەش. هەرا بوو، دەنگی قیژە و گریانی منداڵ تێکەڵی دەنگی گۆرانی حەسەن زیرەک ببوو. چاوانی منداڵەکان ساق بوون. تەنافێک بە دارێکەوە هەڵاوەسرابوو. دارەکە وەکوو بە ئاسمانەوە بەسترابێتەوە، پایەکەی لە نێو مژەکەدا دیار نەبوو. منیش دەڵێی بەسەر هەوراندا دەڕۆیشتم، هەستم بە زەوی ژێر پێم نەدەکرد. ترپەی دڵی خۆمم دەبیست.

سێ پلێکان و چوومە سەر کورسییەک. چاوم بە دیتنی ئەو هەموو خەڵکە کە هاتوون بۆ دیتنی من، روون بووەوە. من ئەوەندە خۆشەویست بووم و نەمزانی بوو، یان هاتبوون بۆ دیتنی مەرگ. ئەمانە دایمە لەگەڵ مەرگ دەژین.

لە دوورەوە لە ناو مژەکەدا ئەسپەنجیر سمی دەکوتا و سەری رادەوەشاند. فایق جڵەوەکەی گرتبوو.

چاویان بەستم، بەڵام من هەر دەمدیت. دیتم ئامە لە سووچێک راوەستابوو، راست وەکوو راوەستانەکەی ئێوارانی لە بەر دەرکە، کاتێک چاوەڕوانی هاتنەوەی من دەبوو. باڵی کردەوە لە باوەشم گرێ، حیلەی ئەسپەنجیرم بیست. ژێر پێم بەتاڵ بوو،

ئەو شەو هەورەکانی خەونەکەم سوور بوون، نگابانە درێژە ناشیرینەکە دەرکە دەکاتەوە و روو بە من سەر دادەتەکێنێ. لەگەڵی دەڕۆم. ئەفسەر نگابانەکە کاغەز و قەڵەمم لە پێش دادەنێ. وەسییەت. تاوێک مات دەبم، بۆ کێ بنووسم؟ من کەسم نییە.

*

شەقەی کرانەوەی دەرکە هات. سەرم هەڵێنا، لە پەنجەرەچکۆلەی بن میچەکەوە بۆڵێڵەی بەیانیم بەدیکرد. دوو سەرباز و نگابانە ناشیرینەکە لەبەر دەرکە بوون. ژیان هەستا، بێ کە هیچ بڵێ باوەشی پێدا کردم و لەگەڵیان رۆیی. لای نەکردەوە بۆ جاری ئاخر چاوە جوانە پڕ لە شەوقەکانی ببینم.

ئای ژیان خەونەکەت نەهاتە دی. کەس لە حەوشی زیندان نەهاتبوو بۆ تواشای کوشتنی ئەسپەنجیر.

نگابانەکە کاغەزێکی هێنا گوتی: وەسییەتی کرد ئەوە بدەین بە تۆ. وەسییەتنامەکەیەتی.

لە یەک دێڕدا نووسیبووی:

"کەماڵ گیان ئاگات لە سەفورا بێ".

هەر ئەو رۆژە لاوێکی تێکشاویان لە باتی ژیان هێنایە ژوورەکەوە. بە سەر ئەژنۆ دەڕۆیشت.

- من نێوم هیوایە، ئەتۆ نێوت چییە؟
- ئاوات.
- لەسەر چی گیراوی؟
- پێشمەرگە بووم.

***

تەیفوور پاییزی ٢٠١٨

بڵاوکراوەکانی ئەم قەڵەمە

کوردی:

- گەلاوێژ: (چیرۆک، سەناریۆ بۆ فیلم)
- ژیان بەدەم زریانەوە: (چیرۆک)
- مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا: (توێژینەوە)
- رۆژنە/ فیلمگرتن (راهێنانی فیلم)
- رۆژنامەگەری تەلەڤزیۆن (راهێنانی تلەڤزیۆن)
- کوێستانی بێ هەڵۆ (سەناریۆ)
- ژیان وەکوو خۆی
- سەد ساڵ گەشەی کۆمەڵایەتی لە سوئد / لێکۆڵینەوە

وەرگێڕان بۆ کوردی

- باخەنەمامە/ حسێن دەوڵەت ئابادی (چیرۆک. لە فارسییەوە)
- تۆماری شێخ شەرزین/ بەهرام بەیزایی (شانۆ. لە فارسییەوە)
- ئەوەی گوتی ئەرێ، ئەوەی گوتی نە/ بێرتۆلێت برێشت (شانۆ. لە فارسییەوە)

- نووسینی سەناریۆ بۆ فیلم/ شێل سونستێد (راهێنانی درامایی. لە سوئدییەوە)

فارسی

ـ آقای چوخ بخت یوخ (تەنز)
ـ از آنچه بر ما گذشت (چوار رەوایەت)
ـ زندگی در باد (داستان)
- سفر خیال /از کرسان تا کردستان. (بیرەوەری و لێکدانەوە)
- زندگی همچون خودش

وەرگێڕان لە سوئدییەوە بۆ فارسی:
ـ دارا و نەدار لە دنیادا. / ستفان روسیلیوس (اقتصاد، آموزشی)

بۆ خوێندنەوەی ئەم بەرهەمانە سەری ماڵپەڕی تەیفور بدەن:
http://taifor.nu/start.htm